



سيد قطب

السلام العالمي والإسلام

ئاشتی جیهانی و ئیسلام

بەشە لابراوەکەی زیاد کراوە

وەرگێڕانی
جەمال محمد صدیق کاکە

پێداچوونەوەی
فەرهاد محمد سعید

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com


منتدى إقراء الثقافي

۳۰۰۰ ر



آشتی جهانی و اسلام

مەبەست لە زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری رابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بەم سەرچاوانە ، ئازادکردنیانە لە گشت کۆت و بەندو بۆچوونێکی تەسکی حزبایەتی وتاکرەوی و رەوتگەرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەرتاکێکی موسڵمانی کورد ، ئاتوانای ئەنجامدانی ئەو گۆرانکاریانەی هەبێ ، کە خوای پەروەردگارپێی سپاردوە .

دەگەڵ ریزو تەقدیرمان بۆ بیرورای نوسەرانی ئەم زنجیرەیە ، مەرجیش نییە ئێمە پابەندی هەموبیرو بۆچونەکانیان بین .

با دەستورێشمان لەوەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت :

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿١٨﴾ سورة الزمر

التفسير

ئاشتی جیهانی و ئیسلام

نووسینی

سید قطب

وەرگێڕانی

جمعه صدیق کاکه

پێداچوونەوەی

نەوا محمد سعید



١٤٢٧ك – ٢٠٠٦ز

ناوی پەرتوک بە عەرەبی: السلام العالمي والإسلام
نـــاوی نـــوســـەر: ســـەید قــوتب
نـــاوی پەرتوک بەکوردی: ئاشتی جیهانی و ئیسلام
وەرگێـــڕانی : جومعە صدیق کاکە
پێداچونەوەی: نەوا محمد سعید
بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
تـــایتلی بەرگ: نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ: یـەکـەم ١٤٢٧ك – ٢٠٠٦ز
تیـــراژ: ٢٠٠٠ دانـــە
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر/ هەولێر
(٣٤٢)ی ساڵی ٢٠٠٥

تەفسیر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

بیرو باوەڕ و ژیان

تەمــەنی هــەر تاکــێك بەرفــەنا و سـنورداره، رۆژەكانیشــی لەســەر زەویــدا ژمـێردراوە، ئـەو -لەچاو ئـەو گەردوونـە مەزنەی كە لەسەری دەژێت- گەردێكی سـەرگەردانە، نـە ئارامگـا و نـە نـرخی هەیـە، تەمەنەكەشـی لەچاو ئەو مەودا بێشـومارەی كـە لـە بێسـەرەتاوە، تـا هەتاهەتایـە تروسـكایی بروسكەیەك، یان چاوتروكانێكە..

بـەڵام ئـەم تاكـە فانـیە، ئەو گەردە وێڵ و سەرگەردانە، ئەم دۆزراوە ون بووە، توانـای ئـەوەی هەیە لە یەك چركەساتدا پەیوەندی بەهێزی بێسەرەتای هەتاهەتاوە بكـات، بە پانی و درێژی ئەم گەردونە فراوانەدا درێژ بێتەوە، لە قوڵاییەكانی ناخی و لە پەیوەندیەكانیدا پەیوەندییەكی توندوتۆڵی خزمانەیی لەگەڵیدا پەیدا بكات. وا هەسـت بكات كە لەو هێزە یەكجار مەزنەوە هاتوە و بۆ ئەویش دەگەڕێتەوە.. ئەو دەتوانـێ گـەلێ شـت بێنێتە ئاراوە، روداوی مەزن ئەنجام بدات، كار و كاردانەوەی لەگەڵ گشت شتێكا هەبێ.

دەتوانـێ لـە رابـردوودا هەسـت بـەبوون، لـە ئێسـتادا هەسـت بە ئارامی، لە داهاتووشـدا هەسـت بـە بەردەوامێتی بكات.. دەتوانێت هێزەكەی لەو هێزە هەرە مەزنـەوە وەربگرێت، كە چك ناكات و سنوردار ناكرێت و لاواز نابێت.. كەواتە ئەو دەتوانـێ روبـەڕووی ژیـان و روداوەكـان و شـتەكان بـە هـەمان هێز و بەهێزتریش ببێـتەوە، كەواتـە ئـەو لـە كاتـێكدا پشـت بـە هـێزی بێسەرەتای هەتاهەتایی و پەیوەندیـەكانی نـێوان خـۆی و ئـەو دەبەستێت، لەو كاتەدا دۆزراوەیەكی ون بوو و تاكێكی دەستەوسان نیە.

ئەمەیـە ئـەركی بیروبـاوەڕی ئاییـنی، ئەمەشـە ئاسەوارەكەی لەسەر دەروون و ژیـان، ئەمەیـە ڕاز(سـرّ)ی هـێزی بیروبـاوەڕ لـە دەروون و، ڕازی هێزی دەروون بە بیروبـاوەڕەوە. رازی ئـەو دەرئاسـایانە(خوارق)ی كە بیروباوەڕ لەسەر زەوی دروستی كـردوە و تـا ئەمڕۆش بەردەوام دروستی دەكات. ئەو دەرئاسایانەی، كە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڕاستەی ژیان دەگۆڕن و، هانی تاك و كۆمەڵ دەدەن بۆ قوربانی دان بە تەمەنێكی

لەناوچــووی سنوردار، لەپێناو ژیانێکی مەزنی لەناونەچوو، وا لە تاکی کەمی لاواز دەکـات لـە بەرامبەر هێزەکانی دەسەڵات و، هێزەکانی پارەوپول و، هێزەکانی ئاگر و ئاسن بوەستێتەوە.. ئەمانە هەموویان لە ئاست بیروباوەڕی هەڵنەر لە گیانی تاکی بڕواداردا خۆڕاناگرن و دەشکێن. ئەو تاکە لەناوچووە سنورداره نیە، کە شکستی بە هــەموو ئــەو هــێزانە هێــنا، بەڵکو ئەو هێزە گەورە لەبن نەهاتوەیە، کە ئەو ڕۆحە سەرچــاوەی لێ هەڵبەســتووە، ئــەو کانیاوە هەڵقوڵاوەیە، کە چلك ناکات و سنوردار ناکرێت و لاواز نابێت.

هــیچ بیروبــاوەڕێکی دیکــە-بــێجگە لــە بیروباوەڕی ئایینی- توانای ئەوەی نیە شتێکی لەناوچوو ببەستێتەوە بەهێزی بێسەرەتا و هەتاهەتایی و، ئەو پشتیوانی و یارمەتــیە بــە تــاکی لاواز ببەخشــێت و، هــێزەکانی پشــت و پارەوپول و، پایە و دەســەڵات و، ئاگر و ئاسنی لەبەرچاو بچووك بکاتەوە و، ئارامی پێ بگرێت لەسەر نــەبوونی و ئازار و، تواناداری بکات لەسەر ئارام و تێکۆشان و، هەڵی بنێت بۆ ئەو مەرگــەی ژیــان وەدی دێــنێ و، ئــەو لەناوچــوونەی نەمــری دەبەخشــێت و، ئــەو قوربانیەی سەرکەوتنی لێ دەکەوێتەوە.

هــەروەها بــەها مەزنەکــەی ئەم بیروباوەڕە هەم لەژیانی تاکەکان و، هەمیش لە ژیانی کۆمەڵاندا وەك یەکە.

هــەروا ئەو سوربوون و مکوڕیەی، کە پێداگیری دەکەین لەسەر ڕوبەڕووبوونەوەی گرفــتە کۆمەڵایــەتی و مــرۆڤایەتی و جیهانــیەکانمان، بــەو چارەســازیانەی، کە لە بیروباوەڕە ئایینیەکەمانەوە هەڵ دەقوڵێت.

ئــەم بیروبــاوەڕە کــە لەبــەر دەســتماندایە هــێزێکی یەکجار مەزنە و، هێزێکی قووڵیشــە لــەناخماندا. هــێزێکی ئەوتۆیــە، کــە هــیچ بــڕواداری لــەکاتی زۆری ململانێکاندا ناتوانێ دەسبەرداری بێ، مەگەر گەمژە بێ یا عەقڵ سوك بێ.

ئــێمە لــە دەوروبــەری خۆمــاندا ڕوبــەڕووی ململانێــیەکی زەبــەلاح دەبیــنەوە. ڕوبــەڕووی چــەندین هــێزی گــەورەی گــرمۆڵە دەبیــنەوە، کە لە وزەی ڕوتی خۆمان گەورەترە. جا ئەگەر بیروباوەڕەکەمان لەو ململانێ مەزنەدا بەهێزێکی ڕاستەقینەی

کاریگـەر و، بـە چارەسـەری کـرداری راسـتەقینە بـە فـریامان بگات.. کەواتە چ ویژدانـێك لەدەسـتی دێ کـە ئـەو هـێزانە بـەفیڕۆ بدات و، دەست لەو چارەسەرانە هەڵگرێت، تەنها لەبەر ئەوەی لەو بیروباوەڕە هەڵقوڵاون؟!

لەوانەیـە هەندێك لە سیستەمەکانی دیکە، هەندێك جار چارەسەری هەندێك لە گیروگرفـتەکانمان پێشـکەش بکـەن.. بـەڵام بـەهای ئەو بیروباوەڕەی بانگەوازی بۆ دەکـەین، تـەنها ئـەوە نـیە چارەسـەری کاتی پێشکەش بە گیروگرفتەکانمان بکەن. بـەڵکو بەهاکـەی لەوەدایـە؛ لەگەڵ ئەو چارەسەرانەی پێشکەشی دەکات، هێزێکی دابیـنکەریش پێشـکەش دەکـات بۆ بەجێهێنان و پارێزگاریکردنی. هێزی پاڵنەری (فـیطری) قووڵـی بیروباوەڕی ئایینی ئەو هەڵنەرەیە، کە نە بیرۆکەی فەلسەفی و نە ڕێچـکەی کۆمەڵایەتی و نە بیردۆزەی ئابووری، ناتوانن بۆشاییەکەی لە دەرووندا پڕ بکەنـەوە. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە لە دەروونی مرۆڤایەتیدا لە ئاستی هزر و بیر و ڕێچکە و بیردۆزەکان قووڵترە.

ئەمـە برسـیەتیەکی (فـیطری)یـە، تەنها بڕوا(ایمان) تێری دەکات، برسیەتیەکە هەروەکو برسیەتی لاشە بۆ خواردن و خواردنەوە و هەموو پێویستیەکانی دیکەیە..

چـەند هەڵـە دەکـەن ئەوانـەی خـامۆش بـون، یـان دیارنەبوونی ئەو پاڵنەرە بۆ ماوەیەك، هەڵیان دەخەڵەتێنێت و وادەزانن مردووە، وا دەزانن دەتوانن بە بۆچوونی فەلسەفی، یان بیردۆزی ئابووی، یان بیرۆکەی کۆمەڵایەتی بۆشاییەکەی لە دەروونی تاك و کۆمەڵاندا پڕ دەکەنەوە.

هـەر زوو هەڵەکـەیان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك بیروباوەڕە خامۆشەکە لەلایەکەوە جـۆش دەدات کـە هیچ حیسابێکیان بۆ نەکردووە، جا شتی دەرئاسا لەژیانی تاك و ژیـانی کۆمـەڵ دێنێـتە کایـەوە.. ئـەو بیروبـاوەڕەی کـە پێش کەمێك خامۆش و بێجووڵـە بـوو، هـیچ هـیوایەکی پـێوە دیار نەبوو، هیچ ئومێدێکی نەدەبەخشی. خامۆشـبونەکە تـەنها ماوەیـەکی مـتبوونە کە نەفامەکان وا دەزانن مردنە، بەڵام تێگەیشـتووەکان هەسـت دەکەن، کە ئەمە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی دەروونی، کە پڕە لە جۆرەها دەروازە و ڕێڕەو، تولەڕێ و گەورە ڕێی مرۆڤایەتیە!

ئـەو دەرئاسـایانەی کە بیروباوەڕی ئایینی لە ژیانی تاك و کۆمەڵاندا دەیهێنێتە دی؛ لەسـەر بیروبـاوەڕی پوچـی لـێڵ بنـیات نانرێـت و، پشـت بـە خەیاڵ و خەون نابەسـتێت. بـەڵکو لەسـەر هۆکـاری زانین و پەی پێبراو(مدرك) و بنەمای چەسپاو بنیات دەنرێت.

بیروبـاوەڕی ئاییـنی تێڕوانینـێکی هـەموەکی(کلي) گشـتگیرە، کە ئادەمیزاد بەهـێزە ئاشـکرا و شـاراوەکانی گـەردوون دەبەسـتێتەوە و، گیانەکەشـی لەسـەر باوەڕبەخۆبوون و ئاسودەیی چەسپاو دەکات و، توانای ڕوبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە لەناوچـوو و ڕەوشـە ناهەقـیەکانی پـێ دەبەخشـێت، بـەهۆی هـێزی دڵنیابوون لە سەرکەوتن و هێزی باوەڕ بەخوا بوون..

ئـەم بیروباوەڕە پەیوەندیەکانی تاك بە خەڵك و ڕوداوەکان و شتەکانی دەوروبەری ڕاڤـە دەکـات و ئامـانج و ئاڕاسـتە و ڕێگاکـەی ڕوون دەکاتەوە و، هەموو توانا و هـێزەکانی کۆدەکاتـەوە و، بـەرەو ئاڕاسـتەیەك هەڵیان دەنێ. هەروا هێزەکەی ئەم بیروبـاوەڕەش لێرەوەیە، هێزی کۆکردنەوەی هێز و تواناکان بە دەوری یەك تەوەرەدا و، ئاڕاستەکردنی بـە یەك ئاڕاستەدا، بەهێز و بە متمانەیی و بە دڵنیاییەوە بەرەو ئامانجە ڕونەکە دەڕوات.

کەسـایەتی ئادەمـیزادی ڕێك و تەواو یەکەیەکی یەکگرتووە، بۆیە پێویستی بە بیروبـاوەڕێکی یەکگرتوو هەیە، کە بەرەو هەموو لایەك تیشك پەخش بکات و، لە هەسـت و ڕەفتاردا ڕەنگ بداتەوە و، ڕێنوێنی بکات بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی گەردوون و ژیان و، لە هەموو گەورە و بچوکێکدا بۆی بگەڕێتەوە.

فـەزڵی ئـەم بیروبـاوەڕە لە ژیانی هەموو ئادەمیزادێکدا، ئەوەیە کە خاڵی چەق بێـت، کـە هـەموو سـەرەداوەکانی ژیـان و چالاکیەکانی تیادا کۆببێتەوە، بەجۆرە کەسـایەتیەکەی پارچەپارچـە و پەرتـەوازە نابێـت و، دوودڵـی و سەرسـامی و پەشـۆکاوی ڕووی تێـناکات، جا هەرچەند ئەو خاڵە بەهێزتر بێت و پەیوەندییەکانی بە سەرەداوە پەرت و بڵاوەکانی ژیانی تاك و چالاکیەکانی لێرەو لەوێ توندتر بێت؛ ئـەوا کەسایەتیەکەشی بەهـێزتر دەبێـت، چونکە زیاتر کۆدەبنەوە و هەنگاوەکانی

رونتر دەبێت، چونکە ڕێگاکەی یەکگرتووترە..

بیروباوەڕێك جێگای گشت چالاکیە جۆراوجۆرەکانی مرۆیی تیا ببێتەوە، چاکترین بیروباوەڕە و لەو بیروباوەڕە تەواوترە، کە هەندێ جۆرە چالاکی ڕێك دەخات و لە هەندێکیان کەمتەرخەمی دەکات.

تاك ئەگەر لە هەموو چالاکیەکانیدا بۆ یەك بیروباوەڕ بگەڕێتەوە، ئەوا بۆی چاکتر و ئاسانترە لەوەی لە چالاکیە هەمەجۆرەکاندا بۆ چەند بیروباوەڕێکی جیاواز بگەڕێتەوە، لەو کاتەشدا یەکیەتی بیروباوەڕ و یەکیەتی کەسایەتی بەدەست دەهێنێت، بێ ئەوەی ستەم لە جۆرەکانی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی بکات و بواری چالاکی تەسك بکاتەوە یان سنورداری بکات و بۆ چەندین پارچەی جۆراوجۆر پارچەپارچەی بکات و شپرزەیی و پەشۆکاوی یەکجاری بخاتە نێوانیانەوە.

ئەو بیروباوەڕە ڕۆحیەی کە لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە ئابووریەکان و سیستەمە جیهانیەکاندا هیچ ڕایەکی نیە.. هەروەکو ئەو بیردۆزە کۆمەڵایەتیە وایە، کە لە بیروباوەڕی ڕۆحی و ڕەوشت و ڕەفتاردا هیچ ڕایەکی نیە.. وەکو بیرۆچکەیەکی هونەری وایە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەفتار و بیروباوەڕ و سیستەمەوە نیە.. هەموو ئەمانە هەوڵی ناکامن، ناتوانن ژیانی ئادەمیزاد بەتەواوی ڕێك بخەن و، یەکگرتوویی و تەواومەندی بە کەسایەتی ئادەمیزاد ببەخشن.

تاکیش هەروەك کۆمەڵ پێویستیەکی زۆری بە بیروباوەڕێك هەیە، کە جێگای هەموو جۆرەکانی چالاکیی زیندووی تێدا ببێتەوە و بەسەر هەموو لایەنەکانی زاڵ بێت، تاکو هەموویان بە ئاراستەی بنیاتنان و دروست کردن و گەش ونما کردن ئاراستە بکات. ئەو ماوانەش کە تاك یان کۆمەڵ بەو بیروباوەڕە دەگەیەنن و بەتەواوی بەدەمیەوە دەچن و لە واقیعی ژیاندا جێبەجێیان دەکەن.. ئەو ماوانەیە کە مرۆڤایەتی شتی وایان وەدیهێناوە کە وەك پەرجو(معجزە) وابا و بە زەحمەت شرۆڤە(تفسیر) بکرێن، مەگەر لەژێر تیشکی ئەو یەکێتییەی کە تواناکان کۆدەکاتەوە و لە پەرتەوازەیی و لێك دابڕان دەیانپارێزێت و، وەکو شەپۆلێکی

بەهێز و لافاوێکی مەزن، بەرەو هەموو ئاراستەکان هەڵیان دەنێ.

بیروباوەڕی ئیسلامی تاکە نمونەیە لەم بوارەدا، کە مرۆڤایەتی لە مێژووە دووروودرێژەکەیدا ناسیبێتی. بیروباوەڕێکی فراوانە و هەموو چالاکیەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتە خۆی و، ئەرکەکەی لە بوارێك بۆ بوارەکانی دیکە، یان ئاراستەیەك بۆ ئاراستەکانی دیکە کورت هەڵنەهاتوە.

ئەم بیروباوەڕە ڕێ نادا بەوەی، کە دەڵێ ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوەی هی خوایە بۆ خوا، چونکە ئەوەی هی قەیسەرە و قەیسەر خۆیشی، لە بیروباوڕی ئیسلامی‌دا هەموو هی خوان و، قەیسەر هیچ مافێکی زیاتری بەسەر خەڵکییەوە نیە!

ئەم بیروباوەڕە گیانی تاك ناگرێتە خۆی و ژیری و لاشەی فەرامۆش بکات، یان دروشمەکان ناگرێتە خۆی و دەستور و یاساکان فەرامۆش بکات، یان ویژدانی بگرێتە خۆی و ڕەفتاری فەرامۆش بکات.. هەروەها بەتاك نایگرێتە خۆی و بە کۆمەڵ فەرامۆشی بکات و، ژیانە تایبەتیەکەی ناگرێتە خۆی و سیستەمی فەرمانڕەوایەکەی، یان پەیوەندیەکانی دەوڵەت و کۆمەڵەکەی لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتان و کۆمەڵانی دیکەی فەرامۆش بکات.

ئەمە بیرۆکەیەکی تەواوی گشتگیرە و هێڵەکانی لە ژیانی ئادەمیزاددا، وەکو خوێنبەرەکانی لاشەی زیندوو و دەمارەکان درێژ دەبێتەوە.

ئێمەش لەم ولاتەی خۆمان-و لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا- ڕووبەڕووی جۆرەها گیروگرفت و کۆسپ و تەگەرە دەبینەوە. لەناوەوە بەشێوە گیروگرفتی کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕەوشتی و، لە دەرەوەش بەشێوەی گیروگرفتی نێودەوڵەتی جیهانی ڕوبەڕووی دەبینەوە، بەلام ئێمە لەکاتێکدا ڕوبەڕووی دەبینەوە کە خۆمان نەبینیوەتەوە و، بڕی توانای خۆمان نازانین و، ئامانج و ڕێگای خۆمان نازانین. ڕوبەڕووی دەبینەوە و ئەوپەڕی پێویستیمان بە تاکە بیروباوەڕێکە، کە هێزەکانمان کۆبکاتەوە، پێویستیمان بە تاکە ئالایەکە لە سێبەرەکەیدا یەکریز بوەستین، پێویستیمان بە تاکە بیرۆکەیەکە بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ژیان و گیروگرفتەکان، هەروا

ڕووبەڕووی ئەو هێزە دەرەکی و ناوەکیانەی پێ ببینەوە، کە دژایەتیمان دەکەن.

ئێمە تاوانمان بەرامبەر بیروباوەڕە مەزنەکەمان ئەنجام دەدا، جا بە نەفامی بووبێ، یان بە مەبەست، وامان دەزانی بە چارەسەری کرداریی دیاریکراو فریامان ناکەوێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی هاوچەرخ و گیروگرفتەکانی، بە تایبەتی لە بواری کۆمەلایەتی و لە بواری نێودەوڵەتی.

بەلاّم بواری کۆمەلاّیەتی چەندان دانراوی لەبارەوە دەرچووە، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئیسلام چارەسەری کرداری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان و، زۆربەی ڕەخنەکانی خوازیارانی دادوەری کۆمەلاّیەتی پوکاندەوە، دیتیان کە ئیسلام دەتوانێت دادوەریەك بەدەست بهێنێت، گشتگیرتر و تەواوتر لە هەموو ئەوانەی بۆچوونە کۆمەلاّیەتییەکانی دیکە بەدەستی دێنن.

بەلاّم لە بواری نێودەوڵەتی، لەوانەیە کار لەم بوارە کەم بێت و، هێشتا ئەم لایەنە وەك پێویست ڕاڤە نەکرابێت.. ئێستاش گیروگرفتی ئاشتی جیهانیمان لەبەردەمدایە، کە هەموو مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و، ئێمەش لەگەلّ ئەوان. جا ئایا ئیسلام لەوەدا هیچ ڕایەکی هەیە؟ و چارەسەری بۆی چیە؟

ئەم کتێبە هەمووی وەلاّمێکی دوورودرێژی ئەم پرسیارەیە..

سروشتی ئاشتی له ئیسلامدا

بیرۆکەی ئاشتی لە ئیسلامدا بیرۆکەیەکی ڕەسەنی قووڵە، پەیوەندییەکی بەتینی بە سروشتەکەی و، بیرۆکە گشتییەکەی دەربارەی گەردوون و ژیان و ئادەمیزاد هەیە. ئەو بیرۆکەیەی سەرچاوەی هەموو سیستەمەکانیەتی و، خاڵی هاوبەشی هەموو دەستور و ڕێنمونیەکانیەتی و، شەریعەت و دروشمەکانی لێیدا کۆدەبنەوە، بەشێوەیەك کە بە خەیاڵی توێژەرەوە لێکۆڵەرەوەکانی ئەم ئایینە خۆشیاندا نایەت.. مەگەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بگاتە ڕەگە ڕۆچووە دوورەکانی و، بە وریایی و ئارام و شارەزاییەوە بە شوێن درێژبوونەوە و لق لێبوونەوەکانی بکەوێت.

بۆچوونی گشتیی ئیسلام دەربارەی گەردوون و ژیان و ئادەمیزاد بابەتی توێژینەوەی ئەمڕۆم نیە لەم کتێبەدا،[1] هەروەك بابەتی توێژینەوەکەم لە کتێبی (العدالة الإجتماعية في الإسلام)یش نەبوو؛ بەڵام توێژینەوە لە هەر بوارێك لە بوارەکانی ئیسلام پێویستی بە شارەزابوون هەیە لەو بۆچوونە گشتییە گەورە و گشتگیرە، لەبەر بەهێزیی پەیوەستی و هاوڕێکیی نێوان بەش و لایەنەکانی و، توندوتۆڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو بۆچوونێکی بچووکی، یان لقێك لە لقەکانی.. ئەم ئایینە گیروگرفتەکانی ئادەمیزاد بەش بەش و پارچەپارچە چارەسەر ناکات و، هەر یەکێکیان لەسەر بنەمایەك بنیات نانێت، کە پەیوەندی بە بنەماکانی دیکەوە نەبێت، بەڵکو هەموویان دەگەڕێنێتەوە سەر یەك خاڵی چەق و، بە دەوری یەك تەوەرە دەیانسوڕێنێتەوە و، هێڵی ئاشکرای پان یان باریك بەو تەوەرەیەیان دەبەستێتەوە. هەرچۆنێك بێت پەیوەندییەك هەیە، لە بابەت و مەسەلەکانی ئەم ئایینە، کە یەکەیەکی گشتی کۆکەرەوە پێك دەهێنن، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونە گشتییەکەی دەربارەی گەردوون و ژیان و ئادەمیزاد.

---

[1] ئەو بۆچوونە گشتییە گشتگیرە کتێبی (خصائص التصور الإسلامي ومقوماته) لە ئەستۆی گرتووە.

سروشتی ئاشتی لە ئیسلامدا لە ڕووە تایبەتییەکەی، پێویستی بە شارەزابوون لەو بۆچوونە گشتییەی ئیسلام هەیە، ڕاستەوخۆ لێیەوە هەڵدەقوڵێ و، ڕاستەوخۆش بۆی دەگەڕێتەوە. با پێش دوان لەسەر (سروشتی ئاشتی لە ئیسلامدا) لە چەند دێڕێکی کەمدا شارەزای ئەو بۆچوونە ببین، هەروەك لەکاتی دوان لەسەر (سروشتی دادوەری کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا) هەندێك شارەزای بووین.

ئیسلام لەم گەردوونە مەزنەدا ئایینی یەکبونێکی گەورەیە.. یەکێتی نێوان هەموو پارچە بچووکەکانی؛ هەر لە تاکە گەردێکەوە تا پایەدارترین چینە ئاوێتەکانی ژیان، یەکێتی نێوان هەموو تاکەکانی، هەر لە بێگیانێکی بێجووڵە، تا ڕووەکی گەشەسەندوو، تا ئاژەڵی جووڵاوە، تا ئادەمیزادی قسەکەر.. یەکێتی نێوان هەموو چالاکییەکانی؛ هەر لە خولی هەسارە و ئەستێرەکانەوە، تا هات وچوونی بیر(فکر) و گیانەکان.. یەکێتی نێوان هەموو لایەنەکانی؛ هەر لە بەدەنگەوەچوونی ئەستێرەکان بۆ یاسا، تا بە دەنگەوەچوونی گیانەکان بۆ زانین و ڕێنموونی.. هەروەها یەکێتی نێوان هەموو وزەکانی؛ هەر لە برسیەتی لاشە بۆ پێویستییەکانی، تا هاواری حەزەکانی گیان.. هەروەها یەکێتی نێوان هەموو زیندەوەرەکانی و، نێوان هەموو ڕەگەزەکانی و، نێوان هەموو نەوەکانی تیایدان و، نێوان دەست پێکردن و کۆتاییەکەی و، نێوان زەوی و ئاسمانەکەی و، نێوان دواڕۆژ و دونیاکەی..

هەنگاوی یەکەم بە بەتاك زانینی خوا دەست پێ دەکات، ئەو زاتەی ژیان لێیەوە دەردەچێت و، ئاراستەکان تەنها بۆ لای ئەوە: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، اللَّهُ الصَّمَدُ، لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ: بلێ: ئەو خودایە تاکە، خودایەکی بێنیاز و جێنیازە، کەس لەو نەبوە و ئەویش لە کەس نەبوە، هەرگیز هاوتای ئەو نەبوە.﴾الإخلاص.

بەمە هەموو هۆیەکانی جیاوازی و ناکۆکی لە سەرچاوەی یەکەمی گەردوون بنبڕ دەبێت و کۆتایی پێ دێت، هۆیەکانی خراپەکانی و پێکدادان لە ناخی یاسادا هەڵدەگیرێت، چونکە تاکیەتی خوای بەدیهێنەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە

فرەنەخشەدانان و فرەیاسای گەردوون هەبێت، لەبەر ئەم هۆیانە بوونی دژایەتی و پێکدادان ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش بەڕاست خەری ئەو فەرمایشتەی خودای بەرزە، کە لە قورئاندا دەفەرمویێت: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلاَّ اللَّهُ لَفَسَدَتَا: ئەگەر بێجگە لە -الله- خودایەکی دیکەی تێدابوایە، ئەوا زەوی و ئاسمان تێك دەچوون. ﴾الأنبياء/ ٢٢. بە ڕاست خەری ئەو فەرمایشتەیە کە دەفەرمویێت: ﴿مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلاَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ: زاتی (الله) هەرگیز کوڕی بۆ خۆی دانەناوە و هیچ خوایەکیشی لەگەڵدا نەبوە، ئەگەر وابوایە هەر خوایەك دروست کراوی خۆی بۆ خۆی دەبرد و، هێندێك بەسەر هێندێکیاندا زاڵ دەبوون. ﴾المؤمنون/٩١.

بەپێی ویستی ئەو خودا تاکە، گەردوون بە یەك ڕێگا دەردەچێت؛ ﴿إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ: فەرمانی ئەو ئاوایە، ئەگەر شتێکی ویست، پێی بڵێ: ببە، دەبێ.﴾ يس/٨٢. بەبێ هیچ پێناوێك لەنێوان ویستی بەدیهێنەر و گەردوونی بەدیهێنراودا.

هەروا چەندایەتی لە شێوازی پەیدابوونی ئەم گەردوونەدا نیە، هەمووی لە تاکە بەدیهێنەرێکەوەیە، ئەوە تەنها ئەو ویستەیە، کە قورئان بە وشەی (کن) گوزارشتی لێ دەکات و، ئاڕاستەبوونی ئەم ویستە بە تەنها بەسە بۆ پەیدابوونی گەردوون لێرەوە؛ (کن فیکون)، بەمەش هەموو پێناو(وساطة)یەك، یان دوانەییەك، یان چەندایەتییەك لە پەیدابوونی گەردوون ڕەت دەکاتەوە، هەر لە چرکەی یەکەمەوە هەموو پێکدادان و ئاستەنگ، یان نارێکیەك، بە شێوەیەکی ئاسان و ڕێك لە ڕێگەی بووندا بڕیاری هاورێکیی گەردوون دەدات، ئەو هاورێکییەی لە رووکاردا تێبینی دەکرێت و، لە سیستەمی گەردوون و هەموو ژیان و زیندەوەرانیشدا شاراوەتەوە: ﴿الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَانِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ، ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ: ئەو زاتەی حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین بەدی هێناوە، لە دروستکراوی ئەو خودا میهرەبانەدا هیچ نارێکییەك نابینیت، جارێکی دیکە

تەماشاکە، ئایا هیچ قەڵشێك دەبینی.. دووبارە چاوی پێدا بگێڕەوە، سۆمای چاوت بە داماوی بەرەو خۆت دەگەڕێتەوە.﴾تبارك/٣-٤.

هەر خوای تاقانەیە هەموو شتێکی بەدەستە و، هەموو گەردوون، بە کۆمەڵ و بە تاك تاك، لە دونیا و لە ڕۆژی دواییدا، لە کارکردن و لە نوێژکردندا، لە ژیان و مردندا، ڕووی تێدەکەن، هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە، هەروەك لەلای ئەوەوە هاتبوون: ﴿تَبَارَكَ الَّذي بيَده الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَديرٌ، الَّذي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ ليَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزيزُ الْغَفُورُ: مەزنی و پیرۆزی بۆ ئەو زاتەی هەموو شتێکی بەدەستە و بەسەر هەموو شتێکدا تەوانایە.. ئەو زاتەی کە مردن و ژیانی داهێناوە، تا تاقیتان بکاتەوە کامتان کرداری چاکترە.﴾تبارك/١-٢.

﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَنْ فيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بحَمْده وَلَكِنْ لاَ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ: حەوت ئاسمانەکە و زەوی و هەرچی لەناویاندایە پاکیگاری خوا دەکەن، هیچ شتێك نیە پاکیگاریی سوپاسگوزاری ئەو نەکات، بەڵام ئێوە لە پاکیگاری ئەوان تێ ناگەن.﴾الإسراء/٤٤.

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ، مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ: جنۆکە و ئادەمیزادم دروست نەکردووە، تەنها بۆ ئەوەی بمپەرستن.. هیچ ڕۆزیم لەوان ناوێت و نامەوێت خۆراکم بدەنێ.﴾الذاريات/٥٦.

بەمەش بیرۆکەی گومڕایی مەبەست، یان پێکهەڵچون(تصادم)ی ئامانج لە گەردوون و ژیان و زیندەوەران ڕەت دەکاتەوە و، لەسەر بەرنامەیەکی یەکگرتوو و ئاشکرا و هاوڕێك بنیاتی دەنێت و، لە تاکە ڕێگایەك دەیخاتە ڕێ کە دەیگەیەنێتە مەبەست، مەبەستی هەموان و ڕووگەی هەموان.

ئەم گەردوونە بەش بەش و جۆراوجۆر و قەبارە جیاوازە.. بۆ یەك بنچینە و یەك سروشت دەگەڕێنەوە. بنچینەکەشی یەك کۆمەڵ بوو، پاشان پارچەپارچەکانی پەرش و بڵاو کرایەوە و دووریەکانی پێك هات: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا: ئاخۆ بێبڕواکان نابینن کە ئاسمانەکان و زەوی یەك پارچە بوون و لێکمان هەڵوەشاندن؟﴾الأنبياء/٣٠. هەمووشی ملکەچی یەك یاسایە، کە جووڵانەوەکانی ڕێك دەخات و، لە پێکدادان و ڕوخان دەیپارێزێت و،

بەسەر ئەستێرە و هەسارەکاندا زاڵ دەبێت و، ڕۆیشتن و ڕێڕەوەکانیان ڕێك دەخات: ﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ، وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ، لاَ الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلاَ اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ: خۆریش بەرەو بنەی خۆی لە گەڕاندایە، کە لە خاوەنی دەسەڵاتی زانـاوە ئـەو فەرمانـەی پـێدراوە، مانگیش ئێمە بۆمان داناوە بە چەند قۆناغـێکدا تێپەڕێـت، تـا وای لیَدێت وەکو پەلی کەونی وشکهەڵاتووی دارخورما دێـتە بەرچـاو.. نـە خۆر توانای ئەوەی هەیە بگات بە مانگ، نە شەو وەپێش ڕۆژ دەکەوێت، هەر هەموویان لە ئاسمانێکدا مەلە دەکەن..﴾یس/٣٨-٤٠.

ئەمـەش ئـەوە ڕەت دەکاتـەوە کـە پارچە جۆراوجۆرەکانی گەردوون یەکدیبڕ و پـەرش و بـڵاو بن، بەڵکە دەیسەلمێنێت، کە لە سروشتی پێکهاتن و، لە ناخی یاسا و، لە سیستەمی جووڵانەوە یەکگرتوو و هاوڕێکن..

ژیانـیش لـەم گەردوونـە مەبەسـتدارە، نـەك ڕێکەوتـێکی بەسەرچـوو، لـە نەخشەدانانی گەردوون و یاساکەیدا ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە ڕێ بە پەیدابوونی ژیان بدات و، پێویستیەکانی و پێویستی هەموو زیندەوەران دابین بکات و، لە تێکشکان و لەناوچوون و ڕووخان بیپارێزێت.

جـا ئـەم زەوییە؛ ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا: کـەژ و کـێوی لـە زەمـین دانـا و، پیـت و فـەڕی تیَخسـت و بڕی بژێویی تیادا بۆ دیارکردن.﴾ فصلت/١٠.

﴿وَأَلْقَـى فِـي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ: لـەم زەویەدا کێوەکانی داناوە تا نەتانلەرزێنیَ.﴾النحل/١٥.

﴿وَالأَرْضَ وَضَـعَهَا لِلأَنَـامِ، فِـيهَا فَاكِهَةٌ وَالنَّخْلُ ذَاتُ الأَكْمَامِ، وَالْحَبُّ ذُو الْعَصْـفِ وَالـرَّيْحَانُ: زەویشـی بـۆ مرۆڤ داناوە، میوە و دارخورمای خونچەداری تێدایە، لەگەڵ دانەوێڵەی گەڵادار و بۆن خۆش.﴾الرحمن/١٠-١٢.

﴿هُـوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُم الأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ: ئەوە کـە زەویـی بـۆ دەسـتەمۆ کـردوون، جـا بـە هـەموو پەناوپێچـەکانیدا بگەڕێن و لەبژێوەکەی بخۆن..﴾ تبارك/١٥.

ئـەم ئاسمانـەش لـە نەخشـەدانانیدا ڕەچاوی پێویستیەکانی ژیان کراوە؛ ﴿وَزَيَّنَّا السَّـــمَاءَ الدُّنْـــيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا: ئاسمانی دونیامان بە چەندین چرا ڕازاندۆتەوە و پاراستمان.﴾ فصلت/١٢.

﴿وَيُمْسِـــكُ السَّـــمَاءَ أَنْ تَقَـــعَ عَلَى الأَرْضِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ: ئاسمانیش ڕادەگرێت کە بکەوێتە سەر زەوی، مەگەر بە ئیزنی خۆی.﴾الحج/٦٥.

ئەم بایەش لەنێوان ئاسمان و زەویدا لە خزمەتی ژیان و زیندەوەراندایە:

﴿اللَّـــهُ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ وَيَجْعَلُهُ كِسَـــفًا فَـــتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلالِهِ فَإِذَا أَصَابَ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ: هـەر خودایە ئەو بایانە بەڕێ دەکات، ئەوانیش هەور دەبزوێنن، ئەوسا هەرچـۆنی بوێـت لـە ئاسمانـێ ئەو هەوایە پەرش و بڵاو دەکاتەوە و پارچەپارچەیان دەکات. دەبینی لەوانەوە دڵۆپەباران دێنە خوارێ، ئەگەر مەیلی لێبێت بۆ هەر کام لە بەندەکانی خۆی بنێرێت، ئەوان دڵخۆش دەبن.﴾الروم/٤٨.

بەمـەش بـڕیاری هاریکـاری و هاوڕێکـیی نێوان سروشتی گەردوون و سروشتی ژیـان بەگشـتی دەدات و، بیرۆکـەی پـێکدادان و نـاکۆکی ڕەت دەکاتەوە. هەروەك بڕیاری مەبدەئی سیستەمی مەبەستدار لە بنیات نانی گەردوون دەدات و، بیرۆکەی ڕێکەوتی کوێر ڕەت دەکاتەوە کە لەسەر سیستەمێك دانەمەزراوە.

ژیـانی جوڵـەدار لـەم زەویـیەدا لـە یـەك بنچـینەوە دەرچووە، هەموویان یەك ڕەگەزیان تێدایە، ڕەگەزی ئاو کە بنچینەی زیندەوەرانە:

﴿وَجَعَلْـــنَا مِـــنَ الْمَـــاءِ كُـــلَّ شَـــيْءٍ حَيٍّ: لەئاو هەموو شتێکی زیندوومان پێکهێناوە.﴾الأنبياء/٣٠.

هـەموو زیندەوەرانـیش -بەڵکو هەموو شتەکان- لە تایبەتمەندییەکدا هاوبەشن، ئەویش تایبەتمەندیی جووتیە:

﴿سُـــبْحَانَ الَّـــذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنْبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لاَ يَعْلَمُـــونَ: پـاکی و بێگـەردی بـۆ ئـەو خودایـەی هەموو جووتەکانی وەدی هێنا، لەوانەی لە زەوی دەڕوێت، یان لەخۆیان، یان لەوانەی نایزانن.﴾ یس/٣٦.

﴿فَاطِـرُ السَّـمَاوَاتِ وَالأَرْضِ جَعَـلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا: وەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەمین، هەر لە خۆتان جووتەی بۆ داناون.﴾الشوری/١١.

هەمووشیان لە تاکە ڕێکخستنێکی بە کۆمەڵدا هاوبەشن:

﴿وَمَـا مِـنْ دَابَّـةٍ فِـي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ:هەر زیـندەوەرێك بەسـەر زەویدا دەڕوات، یان هەر باڵندەیەك کە دەفڕێت، کۆمەڵانێکن وەك ئێوە.﴾الانعام/٣٨.

بەمـەش ڕەچـەڵەکی نـێوان هـەموو زیـندەوەرانی زەوی دادەمەزرێـت، هەموو زیندەوەرانـیش دەبـنە یـەك خێزان، کە لەسەر یەك بنچینە ڕواون، خزمایەتی نێوان هەموو زیندەوەران و شتەکان لەم زەوییەدا دادەمەزرێت.

ئادەمـیزاد باڵاتـرین نمونەکانی ژیانە، قەوارەکەی لە ماددەی یەکەمی گەردوون داڕێژراوە. ڕەچەڵەکی بۆ ماددەی ئەم گەردوونە؛ ڕەسەنە: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِنْ سُلاَلَةٍ مِنْ طِينٍ: ئادەمیزادمان لە زنجیرەیەك لە قوڕ دروست کردووە.﴾المؤمنون/١٢.

دوای ئـەوە تاکـەکانی ئـەم ئادەمـیزادەش یەکێتـیی بنەچـەیان هەیـە، لـە ڕەچەڵەکیشدا یەکسانن:

((أَنْـتُمْ بَـنُو آدَمَ وَآدَمُ مِـنْ تُـرَابٍ: ئـێوە نـەوەی ئـادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە..))مسلم وأبوداود.

هـەموو تاکـەکانی ئـەم ڕەگـەزە لـە تاکـە کەسێکەوە دروست کراون، هەر لەو تاکەکەسـەوە هاوسـەرەکەی دروسـت کـراوە، لە هەردوکیشیانەوە هەموو تاکەکان دەرچوون:

﴿يَاأَيُّهَـا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُم الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَـثَّ مِـنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً: ئـەی خەڵکینە، لە پەروەردگاری خۆتان پارێز بکـەن، ئـەو پـەروەردگارەی ئـێوەی لـە یەك کەسەوە خستۆتەوە و هاوسەرەکەشی لەوەوە دروست کردووە، لەو دوانەشەوە پیاو و ژنێکی زۆری خستۆتەوە.﴾النساء/١

هـەموویان دروسـتکراون تـا یـەکدی بناسن و هۆگری یەکدی بن، نەك دژایەتی یەکدی بکەن و پیلان بۆ یەکدی داڕێژن:

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا: ئـەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەکەوە دروست کردووە و کردوومانن بە چەندین گەل و هۆز، تا یەکدی بناسن.﴾الحجرات/١٣.

بـەم شـێوەیە هـەمو هۆیـەکانی ناکۆکـیی ڕەگەزایـەتی لادەبات، بە بڕیاردانی یەکێتی مرۆڤایەتی لە سروشت و بنەچە و دروستبوونیدا، بە بڕیاردانی مەبەست لە بـەش بـەش بوونـی ڕەگـەز و هۆزەکـان، هەروا بە بڕیاردانی دەق، ئەوەی کە ئەمە یەکترناسین و هۆگربوونە، نەك دژایەتی و پیلانگێڕی.

خـودای تـاك یـەك پەیامی بۆ ئەم مرۆڤایەتییە ناردووە، کە بەهۆیەوە بڕواداران یەك ئوممەتن:

﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ: پەروەردگارتان ئەو دەستور و بەرنامەیـەی بۆتان دانا، کە ئامۆژگاریی نوحی پێکردبوو، ئەو سروشەی بـە تۆمـان گـەیاند، هـەمان ئەوەیە، کە ئامۆژگاری ئیبراهیم و موسا و عیسامان پێکردبوو، کە ئایین بەرپا بکەن و تیایدا ناکۆك مەبن..﴾الشوری/١٣.

﴿قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ: بڵێن: بڕوامان هێنا بە خودا و ئەوەی بۆمان هاتۆتـە خـوارەوە، هـەروا ئەوەی بە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و یوسـف و بـراکانی درا و ئـەوەش، کـە بـە موسـا و عیسا دراوە و ئەوەی لەلایەن پەروەردگاریانـەوە بـە پێغەمـبەران دراوە، جـیاوازی لەنـێوان هیچـیاندا ناکەین و خۆمان سپاردەی خودا دەکەین.﴾البقرة/١٣٦.

﴿يَاأَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ، وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ: ئەی کۆمەڵی پێغەمبەران! لە بژێوی پـاکژ بخـۆن و ئاکـار چـاك بـن، مـن لە کردارەکانتان ئاگادارم.. ئەم ئایینەی ئێوە یەکپارچەیە و من پەروەردگارتانم، جا پارێز لەمن بکەن..﴾المؤمنون/٥١-٥٢.

بەمەش هەموو هۆیەکانی ناکۆکیی ئایینی نێوان بڕواداران لە ئایینی راستی خوادا لادەبات، کاتێك بڕیار دەدات کە ئایین هەمووی لەلایەن خواوەیە و، هەر یەك ئایینە و بانگەشەی ملکەچیی خوای تاك بەبێ هاوبەشی و، فەرمانبەریی تەواو بۆی دەکات، جا چ لە کاروباری دونیا بێت، یان لە کاروباری رۆژی دوایی، بەبێ جیاوازی.

پاشان ئیسلام چەند قۆناغێك لە بڕیاردانی بیرۆکەی یەکیەتی گەورە تێدەپەڕێت و، دەیئاخنێتە ناو شاراوەکانی دەروون و خواستەکانی لاشە و داخوازیەکانی گیان و، دەیگەیەنێتە هەموو گۆشەیەکی ژیانی ئادەمیزاد و، هەموو ڕوێك لە ڕوەکانی ژیان.. بەڵام لێرەدا پێویست ناکات درێژە بەم توێژینەوانە بدەین، ئەم برە ڕێخۆشکردنەمان بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی (سروشتی ئاشتی لە ئیسلامدا).

لەم هاوڕێکییەی سروشتی گەردوون و، لە یاسای ژیان و، بنچینەی ئادەمیزاد.. سروشتی ئاشتی لە ئیسلامدا هەڵدەهێنجرێت، بە پشت بەستن بە بنچینەیەکی ڕەسەنی قووڵ، ئاشتی دەبێتە یاسایەکی بەردەوام و، جەنگیش ئەو هەڵاوێرد(استثناء)ە دەبێت، کە دەرچوون لەو هاوڕێکییە پێویستی دەکات، کە خۆی لە ئایینی خودای تاکدا دەنوێنێت، دەرچوونەکەش بە زیادەڕۆیی و ستەم، یان بە خراپەکاری و تێکدان دەبێت.. لە هەموو ستەمێك ستەم تریش هاوبەش دانانە بۆ خودا.. خراپترین خراپەکاریش پەرستشی بەندەکانە بۆ غەیری خودا، ئەمانەش لەرێگای جەنگێکی کات دیاریکراو دەگەڕێنرێتەوە بۆ هاوڕێکیی بەردەوام و چاکیی پێویست؛ ﴿حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ: هەتا هاوبەش پەرستی ڕونەدات و فەرمان هەمووی بۆ خودا بێت.﴾الأنفال/٣٩.

کەواتە ئیسلام هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە زۆربەی ئەو هۆیانە ڕەت دەکاتەوە، کە جەنگ لە زەویدا دەوروژێنن و، ئەو جۆرە جەنگانە بەدوور دەخات، کە بڕیاری لەسەر هەڵگیرسێنەر و ئامانجەکانی نەداوە.

کاتێك بڕیاردەدات کە هەموو خەڵك لە یەك بنچینەن، هەموویان لە یەك کەسەوە دروست کراون و، کراون بە چەندین گەل و هۆز تا یەکدی بناسن، بۆیە ئەو

جەنگانـە بەدوور دەخات کە نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی دەیورووژێنێت، کەواتە جێگای نەتەوەیی ڕەگەزپەرستیی تێدا نابێتەوە.

هـەروا ئـەو جەنگانـەش ڕەت دەکاتـەوە کـە چاوتێبڕین و دەستکەوت و قازانج دەیورووژێنێـت: جـەنگی داگیرکـاری و چەوسـاندنەوە و، گـەڕان بـەدوای بـازاڕ و کەرەسـتەخاوەکان و، کۆیلەکـردنی شـوێن و کەسـەکان. ئەوانـە هیچیان جێیان لە ئیسـلامدا نابێـتەوە. ئەمـە لـە کاتێکدا هەموو مرۆڤایەتی بە یەکەیەکی هاوکار دادەنێـت، بەڵکو هەموو ژیان بە خێزانێکی ڕەچەڵەك نزیك دادەنێت، بەڵکو هەموو گـەردوون بـە یەکەیـەك دادەنێـت، کە ئامانجەکانیان لەگەڵ یەك ناکۆك نین.. ئەمە لەکاتێکدا فەرمان بە هاوکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی دەکات، نەك لەسەر خراپە و دوژمنکاری، بۆیە ڕاووڕووت و تاڵان و داگیرکردن حەرام دەکات..

ئـەو هـەموو مـرۆڤایەتی بـە دادوەریـیەکی ڕەهـا دادەنێـت، کـەوا لـە ڕووی سـودمەندبونی تـەواو، لـە ژێـر سـێبەری شەریعەتی خوادا و لەو سیستەمەی، کە خـودا بـڕیاری لەسـەر داوە، جـیاوازی لەنـێوان هـیچ ڕەگـەزێك، یان ڕەنگێك یان بیروباوەڕێك دا نیە.

هـەروا ئەو جەنگانەش بەدوور دەخات، کە خۆشەویستی ناووناوبانگی درۆینەی پاشاو پاڵەوانان، یان خۆشەویستی دەستکەوتی تایبەتی و تاڵان ، دەیورووژێنێت..

((پـیاوێك هاتـە خـزمەت پێغەمـبەرﷺ و وتـی: پـیاوێك دەجەنگێـت بـۆ دەستکەوت، پـیاوێك دەجەنگێـت بـۆ ناوبـانگ، پـیاوێك دەجەنگێـت بۆ سەرنج ڕاکێشـانی خـەڵك.. کـێ لەمانە لە پێناوی خودایە؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: مَـنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ: ئەو کەسەی بجەنگێت تا تەنها قسەی خودا بەرز بێت، ئەوە لەپێناوی خودایە))[1]

ئـا لـێرەدا ئـەو تاکـە جەنگەی ڕێپێدراوە بەدیار دەکەوێت، کە ئیسلام بڕیاری لەسـەر دەدات: ((ئـەو کەسـەی بجەنگێـت تـا تـەنها وتـەی خودا بەرز بێت، ئەوە لەپێـناوی خودایـە)). جا ئەو (قسەی خودا)یە چییە، کە ئەو کەسەی لەو پێناوەدا

---

[1] اخرجه خمسة.

بجەنگێت ئەوە لە پێناوی خودایە؟

(قسـەی خـودا) دەربڕیـنی ویستەکەیەتی، ویستە ئاشکراکەشی بۆ ئێمەی مرۆڤ ئەوەیـە، کـە خـودای پاك و بێگەرد بڕیاری لەسەر دەدات و بەو فەرمایشتە دیاری دەکـات کـە دەفەرموێـت: ﴿حَـتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّه: هەتا هاوبەش پەرستی ڕونەدات و فەرمان هەمووی بۆ خودا بێت.﴾الأنفال/٣٩.

ئـایین و بەرنامـەش تـەنها بـۆ خـوا نابێـت، مەگـەر لە کاتێکدا پەرستراوێتی (الوهـية) و پەروەردگاریـەتی(ربوبية) و عیبادەت و گوێڕایەڵی و ملکەچی تەنها بۆ خـوا بێـت.. جا خەڵك تەنها یەك خوا دەپەرستن و، لە سیستەمی ژیان و بژێوییاندا تەنها ملکەچی شەرعی خوا و ڕێپێدراوەکانی ئەو خودا تاکە دەبن و، بەرنامەکانی ژیـانی دونـیایان-هەروەك ژیانی دواییان- تەنها لە پەیڕەو(منهج)ە ڕاستەکەی خوا هەڵدەهێنجن.. تەنها بەمە ئایین هەمووی تەنها بۆ خوا دەبێت-بە مانای ملکەچی تـەنها بـۆ خـوا لە هەموو کاروبارێکی ژیاندا-، بەم شێوەیە تەنها یەك پەروەردگار لەم زەمینەدا دەبێت، نەك چەندین پەروەردگار، کە هەریەکەیان خۆی بە خاوەن مافی یاسـا دانـان بـۆ خـەڵك بزانێت، بەڵکو وای دەردەخات-ئەگەریش بە ئاشکرا دەری نەبڕێـت- کـە ئـەو لـە زەویـدا خوایەکـە لەگـەڵ زاتی (الله) -یان لەو نزمتر-، جا ئەوکاتە خوای تاك بوونی نابێت و، ئایین هەمووی بۆ خوا نابێت.

ئـا ئەمەیـە ئـەو جەنگـەی، کـە ئیسـلام بـڕیاری لەسـەر داوە، بـۆ بڕیاردانی پەرسـتراویی (الله) لـە سـەر زەوی و ڕەتکـردنەوە خودا هەڵبەستراوەکانی دیکە و، لابـردنی ئەوانـەی -بەکـردار یان بە گوفتار- خۆیان بە خودا دەزانن و، چەسپاندنی دەسـەڵاتی خـوا لـە زەویدا. تاکو ئایین هەمووی بۆ خوا بێت، هەتا خەڵك هەندێك هەندێکی دیکەیان بە پەروەرگار نەگرن بێجگە لە زاتی (الله).!

بـێگومان ئیسـلام بـۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، جا لە هاتنەدی فەرمایشتی خودایـە، کـە ئـەو خەیـرەی ئیسـلام هێـناویەتی بگاتـە هـەموو خـەڵك و، هـیچ بەربەسـتێك لەنـێوان ئـەوان و ئـەم ئیسـلامەدا نەبێـت. هەر کەس لە ڕێگای ئەم خەیـرەدا بوەسـتێت و نەهێڵێـت بگاتـە تـێکڕای خـەڵك و، بەزۆری زۆرداری ببێتە بەربەست لە بەردەمیان، ئەوا ئەو کەسە دەستدرێژی کردۆتە سەر فەرمایشتی خوا،

کەواتــە لابردنیشی لە ڕێگای بانگەواز، بەدیهێنانی فەرمایشتی خوایە، نەك بەزۆر سەپاندنی ئیسلام بەسەر خەڵکدا بێت، بەڵکو تا سەربەستیی ناسین و هەڵبژاردنی ڕێنوێنییان پێ ببەخشرێت.. ئیسلام زۆر لەکەس ناکات بۆ لەخۆگرتنی؛ ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الغَيِّ: لەم ئایینەدا بەزۆر سەپاندن نیە، شارەزایی لە گومڕایی هاوێرکرا.﴾البقرة/٢٥٦.

بەڵام ئەوانە ناچار دەکات کە بە هێز لە ڕێگای ئەم ئایینە دەوەستن و خەڵکی لێ دەرەوێننەوە، یان لە ڕێگای دەسەڵات بەسەردا شکانەوە ڕێگرییان لێ دەکەن و، بواری هاوێرکردنی شارەزایی لە گومڕاییان پێنادەن و، لە مافی هەڵبژاردن بێبەشیان دەکەن.. ئەمەیە ئەو جەنگەی ئیسلام بڕیاری لەسەر دەدات و هانی دەدات، هەروا بانگی پێغەمبەرەکەی دەکات، کە بڕواداران بۆ هان بدات، ئەوانەشی خۆش دەوێت کە ئەنجامی دەدەن و، بەڵێنی بەرزترین پلەکانی ڕەزامەندییان پێدەدات:

﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَ يَفْقَهُونَ: ئێستا خودا کە دەزانێ ورەو تواناتان کەم بوە، کاری بۆ هاسان تر کردن. بەگەر ئێوە سەد کەس بن و خۆڕاگر بن، دەرەقەتی دووسەتان دێن. خۆ ئەگەر ئێوە هەزاری خۆڕاگر بن-بەئیزنی خوا- دەرۆستی دوو هەزاریان دێن. خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.﴾الانفال/٦٥.

﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ: وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بەخودا و ڕۆژی سەلا بێباوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بەناڕەوایان زانیوە، ئەمان بەڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەوکاتەی بەزەلیلی و بەدەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن﴾التوبة/٢٩.

﴿إِنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُمْ بُنْيَانٌ مَرْصُوصٌ: خودا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە بە ریزێکی پتەو لەپێناویدا دەجەنگن، هەروەکو دیواری پتەو وان. ﴾الصف/٤.

ئیسلام هاتووە تا دادوەری لەسەرتاپای زەوی بەدی بهێنێت و، یەکسانی لەنێوان تێکرای مرۆڤەکان بەرپابکات، دادوەری بە هەموو جۆرەکانیەوە، دادوەری کۆمەڵایەتی، دادوەریی یاسایی، دادوەریی نێودەوڵەتی، جا هەر کەس دەستدرێژی و زۆرداری بکات و خۆی لە دادوەری لابدات، ئەوا پێچەوانەی قسەی خوای کردووە، لەسەر مسوڵمانان پێویستە بجەنگن بۆبەرزڕاگرتنی قسەی خودا و، ئەوانە بگەڕێنێتەوە لای خۆی، کە لێی پەرتەوازە بوون، ئەگەریش شمشێریان لەڕووی مسوڵمانە یاخییەکان بەرز بکەنەوە، کەواتە دادوەری ڕەها و، بەرپەرچ دانەوەی دەستدرێژی و دوژمنکاری، ئەو ئەو فەرمایشتەی خوایە کە پێویستە لە هەموو بار و شوێنێکدا بەرز بێتەوە:

﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ: هەرکاتێ دوو کۆمەڵ لە بڕواداران بەشەڕ هاتن، ئێوە ئاشتیان بکەنەوە؛ ئەگەر لایەکیان دەستدرێژی کردە سەر ئەوی دیکە، ئێوە دژی دەستدرێژکارەکە بجەنگن، تا بۆ فەرمانی خوا مل کەچ دەکات.. ئەگەر ملکەچ بوو ئەوا بە دادگەری پێکیان بێنن و خوا دادگەرانی خۆش دەوێت. ﴾الحجرات/٩.

ئەگەر ئیسلام بانگی مسوڵمانان بکات، تا دژی مسوڵمانە دەستدرێژکارەکان بجەنگن بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەستدرێژی و وەدیهێنانی دادوەری، کەواتە بانگیان دەکات بۆ لادانی هەموو ستەمێك. لادانی ستەم لە خۆیان و، لە هەموو ستەم لێکراوێك کە ناتوانێت لەخۆی لابدات، بەو مەرجەی لە کاتی پەرچ دانەوەی دوژمنکاریدا زیادەڕۆیی و دەستدرێژی نەکەن:

﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ: لەپێناوی خوا لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگن کە شەڕتان پێ دەفرۆشن و، دەستدرێژی مەکەن، خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت.﴾البقرة/١٩٠.

﴿وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا: چیتانە بۆ ناجەنگن لە پێناوی خودا و، ئەو پیاو و ئافرەت و منداڵە بێدەسەڵاتانەی دەڵێن: پەروەردگارا! ڕزگارمان کە لەم شارە کە خەڵکەکەی ستەمکارن و، لەلای خۆتەوە دۆست و پشتیوانێکمان بۆ دابین بکە.﴾النساء/٧٥.

تەنها بۆ ئەم مەبەستە بەرزانە ئیسلام شمشێر هەڵدەگرێت و، جیهاد بە مەزن دەگرێت و، وادەی بەرزترین پلەکانی شەهیدی و پاداشت بە موجاهیدان دەدات:

﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ: خودا، گیان و سامانی بڕوادارانی کڕیوە و لە باتیاندا بەهەشتیان پێدەبەخشێت، باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا دەجەنگن، جا دەکوژن و دەشیانکوژن، پەیمانێکە و لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا لەسەر خۆی داناوە.﴾التوبة/١١١.

﴿وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ، فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِمْ مِنْ خَلْفِهِمْ أَلاَّ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ، يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ: ئەوانەی لەڕێی خودا کوژراون، هەرگیز بە مردوویان حیساب مەکەن، بەڵکو زیندون و پەروەردگاریان بژێویان دەداتێ، دڵیان خۆشە بەو چاکەیەی خودا دەربارەی کردون، شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتونە ئەمان و بەجێ ماون، هیچ ترسێکیان لەسەر نابێ و هیچ خەمێکیان لەبەر نابێ، دڵیان خۆشە بە نیعمەتی خودا و زیادەبەشانەی ئەو، بەوەش کە خودا پاداشی باوەڕدارەکان بە زایە نادا.﴾آل عمران/١٦٩-١٧١.

تــەنها لەبەر ئەم مەبەستە بەرزانە داوایان لێ دەكات خۆیان بۆ ساز بكەن و هێز ئامادە بكەن و، سست نەبن، كە داوای ئاشتیی هەرزان فرۆش بكەن:

﴿وَأَعِــدُّوا لَهُــمْ مَــا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُــمْ: تــا بۆتان دەكرێ چەك و جبەخانەی شەڕ و ئەسپ سواری پەیدا بكەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن، كە دوژمنانی خوداشن.﴾الأنفال/٦٠.

﴿فَــلاَ تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ: سســت مــەبن و داوای ئاشــتی بكــەن، لەكاتــێكدا ئــێوە زاڵن بەسەریاندا و خواش لەگەڵتانە، كردارەكانیشتان نەبڕاوەیە.﴾محمد/٣٥.

خـۆ ئامادەكـردن و دابین كردنی هێز، هەر بۆ خۆی مەبەستە و، پێویستیەكە لە پێویســتیە گـرنگەكانی بـزاڤی ئیسلامی.. هەڵبەت ئیسلام دوا پەیامی خودایە بۆ مـرۆڤ و، كۆكـەرەوەی ئـەو عەقـیدەیە، كە خوای گەورە بۆ خەڵكی دەوێت و، ئەو (ئـایین)ەیـە كە هەر یەك لە پێغەمبەران بنەما سەرەكیەكانیان هێناوە. ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ: ئـایین و بەرنامە لای خودا هەر ئیسلامە.﴾آل عمـران/١٩. ﴿وَمَنْ يَبْــتَغِ غَــيْرَ الإِسْــلاَمِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ: هــەر كەس بێجگە لە ئیسلام بە ئایین و بەرنامەی خۆی بخوازێت، لێی وەرناگیرێت.﴾آل عمران/٨٥.

هاتــنی هەر پێغەمبەرێك بۆ ئەوە بووە فەرمان بە خەڵك بكات، كە تەنها زاتی (الله) بەبێ هاوبەش بپەرستن و، بەبێ دوودڵی ملكەچی خوای تاك بن: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِــنْ قَــبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ: بـەر لەتۆش هیچ پێغەمبەرێكمان نەناردووە، مەگەر سروشمان بۆ كردبێت كە هیچ خودایە نیە بێجگە لە من-زاتی الله-، جا بمپەرستن.﴾الأنبیاء/٢٥.

پاشـان (محمـد) ئـەم ئاییـنەی هێنا؛ ﴿مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَــيْهِ: وەك سەلماندنی كتێبەكانی بەردەستی ئەوان و، چاودێر بەسەریاندا.﴾المائدة/ ٤٨.

كەواتــە ئەمــە دوایــەمین پەیامــە، ئامۆژگـاری و راسپاردەیە بۆ گیانی هەموو مــرۆڤایەتی و تــێكڕای ژیــانی، ئامۆژگاریكـاریش پێویســتی بــە هــێزێك هەیە بۆ

بـڕیاردانی ئامۆژگاریـەکانی، نـەك لـەڕێگای زۆرکاری و تۆقاندن، بەڵکو لەڕێگای ڕێزلێنان و شکۆمەندیەوە.

خەڵکـیش هـەر ئـەو خەڵکەیـە، ئەگەر بەرپەرچێکی بەهێز نەبێت بۆ پاراستن و چـاودێری سنورەکان، ئەوا لاڕێ دەبن.. کەواتە پێویستە هێزێك هەبێت حیسابی بۆ بکـەن، ئەگـەریش دەسـتی پـێ نەگەیشـتبێت.. ڕێـی ڕاست بەبێ چەك فەرامۆش دەکرێت و چاکەی بێدەسەڵاتیش پشتگوێ خراوو فرێدراوە.

جـا سـازکردنی هـێز واجـبە، واجبە تاوەکو لەم زەویەدا دەسەڵاتێکی هەرەبەرز پـەیدا ببێـت، ئەوانـە بگێڕێـتەوە کـە لە حەق هەڵدێن و، بەرپەرچی دەستدرێژی و دوژمـنکاری زۆرداران بداتـەوە و، ئاسـایش و سـەلامەتی ئەوانـە بپارێزێت کە لە دڵنیایـیدا دەژیـن و، فەرمایشـتی خوا لە سوکایەتی و بە کەم گرتن، بەرز و بەڕێز بگرێـت و، بـڕیاری دەسـەڵاتی خـوا لەسەر زەوی بدات و، بەهۆی دەسەڵاتەوە خوا بەیەك بگرێ.

بـەڵام کاتـێك سەربەسـتی قەدەغەکـراو وەدی دێت و، کەس بەزۆری ڕێی وتەی خـودای لێ ناگیرێت و، لەو ئایینەی خودا لانادرێن، کە ڕەزامەندی لەسەرە بیکەنە سیسـتەمێکی گشـتگیر(شـامل)ی ژیـان، ئـەو کاتـەی دەسـەڵاتێك لەسـەر زەوی هەڵناسـێتەوە خـەڵکی سـەر زەوی بکاتـە بـەندە و کۆیلـەی کەسانێکی بێجگە لە خودا.. ئەو کاتەی دادوەری تەواو وەدی دێت، کەس دەستدرێژی ناکاتە سەر کەس، کـەس سـواری مـلی کەسـی دیکـە نابێـت، کاتـێك هێمـنی و دڵنـیایی بـۆ ئـەو بێدەسـەڵاتانە دابـین دەکرێـت، کـە نـاتوانن بەرگـری لـەخۆیان بکـەن، کاتـێك دەسـتدرێژکار واز لـە دەسـتدرێژی دەهێـنێ و ئاشتی و ئارامی قبوڵ دەکات.. ئەو کاتـە ئیسـلامی خـاوەن هـێز و ئامادە بۆ هەر ناکاوییەك، شمشێر بەلاوە دەنێت و یەکسەر داوای ئاشتی دەکات:

﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ: ئەگەر داوای ئاشتییان کرد، قبوڵی بکە و پشت بەخوا ببەستە.﴾الانفال/٦١.

﴿وَقَــاتِلُوهُمْ حَــتَّى لاَ تَكُــونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّه: لەگەڵیان بجەنگن هەتا هاوبەش پەرستی ڕونەدات و فەرمان هەمووی بۆ خودا بێت.﴾الأنفال/٣٩.

ئەمــە پوخــتەی بیرۆکــەی ئاشــتیە لــە ئیســلامدا: ئاشتی بناغەیە و جەنگیش پێویســتییە، پێویســتییە بــۆ بــڕیاردانی دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی، تا خەڵك لە بەندایــەتی غەیــری خــوا ڕزگاریان بێت. پێویستییە بۆ بەرپەرچی دەستدرێژکاران و وەدیهێــنانی وتــەی خــودا و دادوەریــی خودا.. پێویستییە بۆ وەدیهێنانی چاکترین مــرۆڤایەتی، نــەك چــاکترین کۆمــەڵ، یــان چــاکترین ڕەگــەز، یــان چــاکترین تاك. پێویســتییە بــۆ وەدیهێــنانی نمونــەی بــەرزی مــرۆڤایەتی، کە خودا کردوویەتی بە مەبەســتی ژیانی دونیا.. پێویستییە بۆ دڵنیاکردنی خەڵك لە فشار و ترس و ستەم و زیــان لــێدان.. پێویســتییە بۆ وەدیهێنانی دادوەریی ڕەها لە زەویدا، جا ئەوکاتە قسەی خودا بەتەنها بەرز و بڵند دەبێت.

واقــیعی مــێژوویی ئیســلام ئــەو ڕێبیر(مبدأ)ە بیردۆزەییانە دەسەلمێنن، (محمد) هــات و فــەرمانی پێکــرابوو، کــە پەیامەکــە بە تێکڕای خەڵك ڕابگەیەنێت: ﴿وَمَا أَرْسَــلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّــةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا: ئــێمە تۆمان هەر بۆیە نارد تا بۆ گشت خەڵکی سەر زەمین موژدەدەر و ترسێنەر بیت.﴾سبأ/٢٨.

هــەروا بانگــەوازی خــودا بەبێگــەردی ڕابگەیەنێــت بەبی ئەوەی منەت بەسەر کەســدا بکات یان کرێ وەربگرێت: ﴿يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ، قُمْ فَأَنذِرْ، وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ، وَثِيَابَكَ فَطَهِّــرْ، وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ، وَلاَ تَمْنُنْ تَسْتَكْثِرُ، وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ: ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشــیوە! ڕابــە، خــەڵك ئاگــادار بکــەوە، پــەروەردگارت بەگــەورە بگــرە، جل و بەرگیشــت خاوێن ڕاگرە، لە هەموو پیسییەك بەدوور کەوە، بەو نیازە مەبەخشە تا زیاترت پێ بدرێتەوە، بۆ خاتری پەروەردگارت خۆڕاگر بە.﴾المدثر/١-٧.

هەروا بانگەوازەکەی بەرێگای گفتوگۆ بە چاکترین شێوە و، قەناعەت پێهێنانی بــە بەڵگــەدا بــبات، بــەبێ دڵــڕەقی و توندوتیژی: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَــةِ الْحَسَــنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ: بە دانایی و ئامۆژگاری پەسند،

خـەڵك بـەرەو ڕێگـەی پـەروەردگارت بـانگ بكـە و بـە چـاكترین شێوە لەگەڵیان بدوێ.﴾النحل/١٢٥.

﴿وَمَـا أَنْـتَ عَلَيْهِمْ بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ: تۆ زۆردارێك نیت لەسـەریان، هەركەسێكی لە هەڕەشە ترسی هەیە، بەم قورئانە وەبیری بخەرەوە.﴾ق/ ٤٥.

بانگەوازەكـە لەسـەر ئـەم بـناغەیە ڕێگـەی گـرتەبەر، (محمد) هیچی لە خەڵك نەدەخواسـت تەنها ئەوە نەبێت، كە گوێی بۆ ڕاگرن، جا ئەگەر دڵەكانیان بەرەو بڕوا هـاتن بـا بـڕوا بێـنن، ئەگـەریش دڵەكانیان ڕەق بوو و گومڕایی دایپۆشیبوو، ئەوا حیسـابیان لەسـەر خوایە.. هەر كاتێك لە دەسەڵاتی زۆرداران ڕزگاربوون و توانیان بـە سەربەسـتی لـە هەڵـبژاردندا ڕوبـەڕووی ئیسـلام ببنەوە، بەبێ هیچ فشارێكی دەسـەڵاتداری زۆردار كـە لـە ڕێـنموونی خـودا لایـان بـدات و بەهـێز ڕێگـەی وەلاْمدانەوەی ڕێنمونكارانیان لێ بگرێت.

بەڵام نەفامەكان بە ئاشتی لەگەڵ (محمد) ڕەفتاریان نەكرد، لێنەگەڕان بانگەوازی ئاشـتیانە ڕێگـەی خۆی بگرێ، هەروا سەربەستییان لەوانە گرت، كە بە سەربەستی خۆیـان هاتونەتە ناوی، ئەوەبوو ئازاریان دان و لە وڵات و ناو ماڵ و منداڵی خۆیان دەریـان كردن و، لە هەر كوێیەك بیاندیتبان لەگەڵیان دەجەنگان، بە هێزی ماددیی دوور لە قەناعەت پێهێنان، ڕێگر بوون لەنێوان بانگەوازیی و گوێچكەكان.

ئـا لەو كاتەدا ئیسلام شمشێری هەڵگرت، تا بەرگری لە یەكێك لە ڕێبیر(مبدأ)ە بنچـینەییەكانی بكـات؛ ڕێـبیری ئـازادیی بانگەواز و ئازادی عەقیدە: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلاَّ أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيـزٌ: مۆڵـەت درا بەوانـەی دەجەنگن، لەبەر ئەوەی ستەمیان لێكراوە، خوداش دەتوانێ بەسەریان بخات.. ئەوانەی بە ناڕەوا لە زێدی خۆیان دەركرد، گوناهیان هەر ئـەوەبوو كە دەیانوت: خودا پەروەرگارمانە.. ئەگەر خودا هەندێكی بە هەندێك ڕاو

نـەنابا، ئـەوا دێـر و كلێسـا و كەنشـت و ئـەو مزگەوتانەی زۆر یادی خودای تێدا دەكرێت وێران دەكران.. خوداش ئەوانە بەسەر دەخات كە ئەو بەسەر دەخەن، خوای گەورە بەهێز و دەسەلاتە.﴾الحج/٣٩-٤٠.

پێغەمـبەرﷺ لـە سـەرەتای هاتنی بۆ مەدینە ئاشتی لەگەڵ هەموو كەسێكدا دەكـرد، كـە داوای ئاشـتی كـردبا، یـان پەیمانی لێ وەرگرتبا، جا جەنگی لەگەڵدا نەدەكـردن، مەگـەر ئەوانـەی پەیمانەكانـیان شكاند و، لەگەڵ كافران پیلانیان دژی مسوڵمانان دارشت. هەر لەبەر ئەمە بوو جەنگی (بەنی قریظة) ڕویدا، دوای ئەوەی پشـتیوانی كۆمـەلانی كوفـریان كـرد لـە دژی مسـوڵمانان لە غەزای (خەندەق)دا، هـەروەك پێشتریش غەزای (بەنی نەضیر) و غەزای (بەنی قینوقاع) ڕوویدا، كاتێك پەیمانەكانـیان لەگـەڵ پێغەمـبەردا بەسـوك گـرت، كـە ئەمـەش جێبەجێكـردنی فەرمانی خودا بوو لەبارەی پەیمان شكێنەكان:

﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُـونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ، فَإِمَّا تَثْقَفَنَّهُمْ فِي الْحَرْبِ فَشَرِّدْ بِهِم مَـنْ خَلْفَهُـمْ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ: خراپترینی زیندەوەران لەلای خودا ئەو كەسانەن كە خودایـان نەناسـیوە و ئیتریش بڕوا ناهێنن.. ئەو كەسانەی پەیمانت دەگەڵ بەستن و، لـە پاشـانا هـەموو جـاران پەیمانـیان هەڵدەوەشـێنن و هـیچ ترسی خودایان نیە.. ئەوانـەت لەشـەڕدا بەگیرهێـنان، وێڕای ئەوانەش كە هاتون پشتیان بگرن، بڕەتێنە، بەشكو تەمێ گرتو بن.﴾الأنفال/٥٥-٥٧.

پێغەمـبەرﷺ لەگـەڵ قوڕەیـش جـەنگا؛ ئـەو قوڕەیشـەی پێشـتر بـە هاوبەشپەرسـتیەكەیان دەسـتدرێژییان كـردە سـەر دەسـەلاتی خـودا. پاشـان دەسـتدرێژییان كـردە سـەر ئەو مسوڵمانانەی، كە گرێی هاوبەشپەرستیان لەخۆیان دامـاڵی. جەنگەكەش بەرگری بوو لە پەروەردگارێتی خودا و، پاشان بەرگری بوو لە بەندەكانی..

مەرجی چوارەمی پەیمانی حودەیبیە، کە پێغەمبەرﷺ لەگەڵ قورەیش بەستی، ئەوەبوو: ((هەرکەس چووە ناو هاوپەیمانیەتی قورەیش، ئەوا لە پەیمانەکەدایە، هەرکەس چووە ناو هاوپەیمانیەتی محمد، ئەویش لە پەیمانەکەدایە)).

لەسەر ئەم رێکەوتنە (بەنویەکر) بوونە هاوپەیمانی قورەیش و، (خوزاعە)ش بوونە هاوپەیمانی (محمد). هۆزی خوزاعە لە نەفامیشدا هاوپەیمانی (عبدالمطلب)ی باپیری (محمد)ﷺ بوو، بۆیە ویستی پەیمانەکەیان لەگەڵدا نوێ بکاتەوە، پەیمانەکەیان لەگەڵ (عبدالمطلب) ئەم بڕگەیەی لەخۆ گرتبوو: ((عبدالمطلب و کوڕەکەی و، پیاوانی خوزاعە پشتیوان و هاوکاری یەکدین، لەسەر عبدالمطلب پێویستە پشتیوانییان بکات، خوزاعەش پێویستە لەسەریان عبدالمطلب و کوڕەکەی بەسەر بخەن بەسەر هەموو عەرەبدا لە رۆژهەلاَت و رۆژئاوا و، لە خۆشی و ناخۆشیدا)).

پێغەمبەرﷺ بڕیاری لەسەر ئەو پەیماننامەیە دا، بەلاَم دوو مەرجی بۆ زیادکرد، کە تیایدا دیاریی دەکات هاوکاری و سەرخستن لەچیدا دەبێت، تا لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی ئیسلامدا بگونجێت. ئەو دوو مەرجەش ئەوەبوو کە: ((پشتیوانی خوزاعە ناکات ئەگەر ستەمکار بوون)) و ((خوزاعە بەسەر دەخات ئەگەر ستەمیان لێکرا)).

خوزاعە تا ئەو کاتەش ئیسلام نەبووبوون، بەلاَم (محمد) بەناوی ئیسلامەوە پەیمانیدا، کە لەدەست ستەم بەسەریان بخات، چونکە ئیسلام قینی لە هەموو جۆر و شێوەکانی ستەمە، بۆیە هەوڵی لادانی دەدات، جا چ لەسەر مسوڵمانان بێت، یان لەسەر هەڵگرانی ئایینێکی دیکە بێت.

پێغەمبەرﷺ دەربارەی پەیمانی (فضول) کە لە نەفامیدا بەسترابوو، فەرمووی: ((لەماڵی عبداللە کوڕی جدعان ئامادەی پەیمانێك بووم، حەزناکەم لەجیاتی ئەوە خاوەنی کۆمەڵێك حوشتری سور بم، ئەگەر لە ئیسلامیشدا بۆ ئەوە بانگم بکەن وەلاَم دەدەمەوە)).[1]

[1] رواه ابن هشام في السيرة من حديث ابن اسحاق.

دەبێ ئەو پەیمانە چی تێدابووبێت، کە وا (محمد) -ئەزناکات کۆمەڵێك حوشتری چاك و جوانی هەبێت و بیشکێنێت؟ ئەوە ئەو پەیمانەیە کە بەنی هاشم و مطلب و، (أسدی کوڕی عبدالعزی) و، (زوهرەی کوڕی کیلاب) و، (تیم کوڕی موڕە) لەسەری کۆبوونەوە و، تیایدا پەیمانیان دا لەسەر بەرپەرچ دانەوەی ستەم و سەندنەوەی مافی ستەملێکراو لە ستەمکار. پێغەمبەریشﷺ لەو کاتەدا تەمەنی (٢٥) ساڵ بوو، پێش پێغەمبەرایەتی.

هیچ رۆژێك مەبەستی جەنگ لە ئیسلامدا بۆ بەزۆر ئیسلام کردنی خەڵك نەبووە، نە لە بنەما تیۆریەکانی و نە لە واقیعە مێژووییەکەی. مەگەر چەند لادانێکی لابەلا نەبێت، کە لەوانە ڕوویداوە کە لە هەقیقەتی بانگەوازی ئیسلامی تێنەگەیشتوون، ئەوانەش لەسەر ئایینەکە حسێب ناکرێن، چونکە لە ئایینەکەدا نیە، ئیسلامیش بە شمشێر بڵاو نەبۆتەوە، هەروەك نەفامەکان و دوژمنەکانی بۆیان هەڵبەستووە. جەنگیش تیایدا هەرگیز بۆ بەزۆر مسوڵمان کردنی خەڵك نەبووە، بەڵکو بۆ لابردنی ئەو زۆردارانە بووە، کە دەبنە بەربەست لەنێوان خەڵك و بیستنی بانگەوازەکە، یان ئەوانە لە دینەکەیان لادەدەن، کە بە قەناعەتەوە هەڵی دەبژێرن، هەروا بۆ لابردنی ئەو زۆردارانە بووە، کە بانگەشەی مافی خوایەتییان کردووە و خاسیەتەکانییان داگیر کردووە و خەڵکیان کردوەتە بەندەی خۆیان، خوداش دەیەوێت خەڵك تەنها یەك پەرستراویان هەبێت و، ئایین و بەرنامەش تەنها بۆ (الله) بێت.

(سیرت و. ئارنۆڵد) لە کتێبەکەیدا (الدعوة الى الاسلام) کە (حسن ابراهیم حسن) و هاوڕێکەی بۆ عەرەبی وەریانگێڕاوە، لە لاپەڕە (٥١)دا دەڵێ:

"لەو نمونانەی پێشکەشمان کردن دەربارەی ئەو لێبوردەییەی مسوڵمانە سەرکەوتوەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا بەسەر عەرەبە مەسیحیەکاندا بڵاویان کردەوە و، بۆ چەندین نەوەی دوابەدوای یەکیش بەردەوام بوو، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو هۆزە مەسیحیانەی بوونە ئیسلام، بە هەڵبژاردنی خۆ و ویستی

ئـازاد بـووە، ئەو عەرەبە مەسیحیانەی لەم کاتەدا لەنێوان کۆمەڵە مسوڵمانەکاندا دەژین گەواهی ئەم لێبوردەییە دەدەن."

هەروا لە لاپەڕە (٤٨)دا دەڵێت:

"دەتوانـین لەو پەیوەندییە دۆستانەیەی نێوان مەسیحی و مسوڵمانە عەرەبەکان پـەیدا بـوو، بـڕیاری ئـەوە بدەیـن، کـە هێز هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نەبووە لە بە ئیسـلام کـردنی خـەڵك، ئـەوەتا (محمـد) خۆی هاوپەیمانی لەگەڵ هەندێك لە هۆزە مەسـیحیەکان بەسـتووە و، پاراسـتن و ئـازادیی ئـەنجامدانی دروشمە ئاینیەکانیانی گـرتوەتە ئەسـتۆ، هـەروا بواری بە پیاوانی کەنیسە داوە، ماف و دەسەڵاتی خۆیان پـیادە بکـەن. هاوپەیمانـیەکی وەك ئەمـەش لەنـێوان شـوێنکەوتوانی پێغەمبەر و هاوڵاتیەکانیاندا هەبووە کە لەسەر دینی کۆنی خۆیان و بتپەرستی مابوونەوە".[1]

ئەمـە و هاوشـێوەکانی ئەو بانگەشەیە دەڕەوێننەوە و، ئەوەش دەچەسپێنن، کە جەنگـەکانی ئیسلام بۆ زۆرلێ‌کردنی خەڵك نەبووە تا بێنە ناو ئەم ئایینە، هەروا بۆ داگیرکـردن و چەوسـاندنەوە و سەرشـۆڕکردن نەبووە. بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی وتەی (الله) لەسـەر زەوی، کـە دەسـەڵاتی بـەرز تیایدا بەوانە دەدات، کە بە تەنها زاتی (الله) بەخوا دەزانن.

هــەروا گـەیاندنی ئەو خەیرەی، کە ئیسلام بۆ هەموو خەڵکی هێناوە بە ڕێگای ڕەزامــەندی و قەناعەتــەوە بـووە. هــەروا بــە بەجێهێـنانی دادوەری و ئاسـایش و ئاشـتی، لـە سـایەی دەسـەڵاتی خوای تاکدا بووە.. لە سایەی ئەو دەسەڵاتەدا، کە بـڕیاری بەرنامـەی ژیـانی خەڵك دەدات، ئەو خەڵکە تیایدا ئازادن، کە هەر تاکێك بیروباوەڕی خۆی بەبێ فشار و زۆرلێ‌کردن هەڵدەبژێرێت..

[1] لێرەدا پێویسـتە ئاگـاداری ئـەوە بـین کـە ئـەو هاوپەیمانـیە لـە قۆناغـێك لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا بووە، ئەو دەربڕینەی ڕۆژهەڵاتناس (ت.و.ئارنۆڵد) نیازێکی شاراوەی لە پشـتە و پێویسـتە ئاگـاداری بین! بۆ زیاتر زانینی ئەو هەقیقەتە بگەڕێوە بۆ کتێبی (معـالم في الطریق) بەشی (الجهاد في سبیل الله).

لـێدوان دەربـارەی سروشـتی ئاشتی لە ئیسلامدا تەواو نابێت، هەتا ئاماژە بەو بـوارە نـەدەین، کـە ئیسلام کاری تیا دەکات. ئیسلام لە سروشتە گشتییەکەیدا لە تێڕوانیـنی بـۆ ژیـان، ئاشـتی بەش بەش ناکات و، داواش ناکات لە تاکە بوارێکی ژیـان دابنرێ. بەڵکو هەموو ئاشتی بە یەك پارچە تەماشا دەکات و، هەوڵ دەدات لە هەموو بوارەکاندا بەجێی بهێنێت و، پەیوەستی بکات بە تێڕوانینە گشتییەکەی بـۆ گـەردوون و ژیـان و ئادەمـیزاد.. بەمەش ئەو وشەی (ئاشتی)یەی، کە ئیسلام مەبەستیەتی دەبێتە خاوەن مانایەکی قوڵتر و گشتگیرتر لەو مانایەی وڵاتەکان لەم سـەردەمەدا ئاشـنای دەبـن.. ئـا ئەمە ئەو ئاشتییەیە، کە وتەی خوا لەسەر زەوی بـەجێ دەهێنێـت، لـە سەربەسـتی و دادوەری و ئاسایشـی هـەموو خـەڵك، نـەك وازهێنان لە جەنگ بە هەر نرخێك بێت، هەرچەندە ستەم و خراپەکاری لەسەر زەوی رووبـدات! هەرچـەندە زۆرداری و دەستدرێژی کردنە سەر دەسەڵات و خوایەتی زاتی (اللّه) ڕووبدات!

ئـەو کاتـەی ئیسـلام هـەوڵ دەدات بـڕیاری ئاشتی گشتگیر بدات بەپێی بنەما هـەرە بەرزەکانی لە بەجێهێنانی وتەی خوا، لەبواری ئاشتی دەوڵەتانەوە دەست پێ ناکـات، چـونکە ئـەوە کۆتـایی قۆناغـەکەیـە نەك سەرەتاکەی. ئاشتیی دەوڵەتان، تەنها ئەڵقەی کۆتاییە، کە پێش ئەو چەند ئەڵقەی دیکە هەن.

ئیسلام یەکەمجار لە ویژدانی تاکەوە هەوڵی ئاشتی دەدات، پاشان لە چوارچێوەی خـێزان، ئـنجا لە نێوەندی کۆمەڵدا. لە کۆتاییدا لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی لە نێوان کۆمەڵ و گەلان هەوڵی بۆ دەدات.

ئیسلام داوای ئاشتی دەکات لە پەیوەندی تاك بە پەروەردگاریەوە، لە پەیوەندی تـاك بـە خۆیـەوە، لـە پـەیوەندی تاك بە کۆمەڵەوە. ئنجا لە پەیوەندی هۆزێك بە هۆزێکـی دیکـەوە، لـە پـەیوەندی تـاك بـە حکومەتەکانـەوە، پاشـان دوای ئـەو هەنگاوانە، داوای ئاشتی دەکات لە پەیوەندی دەوڵەتێك بە دەوڵەتانەوە.

جـا بـۆ بەجێهێـنانی ئـەو ئامانجەی دوایی، بە ڕێگایەکی دووروودرێژدا دەڕوات، تـیایدا لـە ئاشـتیی ویژدانەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاشتی ناو ماڵ، بۆ ئاشتی کۆمەڵگە، لە کۆتاییدا بۆ ئاشتی جیهان.

با لە پێناوی ئاشتیدا سەرنج بدەینە هەنگاوەکانی ئیسلام...

ئاشتیی ویژدان

ئاشتیی جیهان هەرگیز بەرقەرار نابێت، هەتا ویژدانی تاك لە ئاشتیدا نەبێت.. ئەمەش تێڕوانینی ئیسلامە.. ئەگەر بیەوێت ئاشتی جیهانی لەسەر بناغەیەکی جێگیر و چەسپاو دابمەزرێنێت، ئەوا لە ناخی ویژدانەوە دەست پێدەکات.

لە سیستەمی ئیسلامیدا تاك بەهایەکی بنەڕەتی هەیە، کە یەکەمین خشتە لە دروستکردنی کۆمەڵدا، لە ویژدانیشدا یەکەمین تۆوی بیروباوڕ دەڕوێت، لە ڕەفتارەکانیدا بیروباوەڕە شاراوەکەی بە ئاشکرا دیار دەکەوێت، بەڵکو خۆیشی دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی زیندووی ئەو بیروباوەڕە.

ئیسلام تۆوی ئاشتی لە ویژدانی تاکدا دەڕوێنێت، ئاشتیەکی ئیجابی کە ژیان بەرز و باڵادەکات، نەك ئاشتیەکی سلبی، کە بە هەموو شتێك ڕازی بێت، لێ بگەڕێت لە پێناوی ساغ و سەلامەتیدا بنەما بەرزەکانی ژێر پێ بکەوێت.

ئاشتییەکی هەڵقوڵاو لە هاوڕێکی و پێکەوە گونجان، کە لە ئاشکرایی و بێچەند و چوون و ڕێك و پێکی پێکهاتووە! لە بەربەرەڵاکردنی هێز و وزە چاکە بنیاتنەرەکان، هەروا لە پاکخوییکردنی حەز و ئارەزووەکان دروست بووە، نەك لە خەفەکردن و خەواندن و خاوەخاوی.

ئاشتییەك کە دان بە بون و حەز و سۆزی تاکەکان دا دەنێت و، لە هەمان کاتدا دان بە کۆمەڵ و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیدا دەنێت، هەروا بە مرۆڤایەتی و پێویستی و هەست و سۆزەکانی و، بە ئایین و وەدیهێنراوەکان و نموونە.. هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی گونجاو و هاوڕێك لەگەڵ یەکدیدا.

ژیربیژی و بیروباوەڕ

ئیسلام هەر لە یەکەم هەنگاوەوە، ئاشتی لەنێوان ژیربێژیی مرۆڤایەتی و بیروباوەڕی ئایینی گرێدەدات. ئیسلام بیروباوەڕێکی ساکار و ڕوونە، هیچ ئاڵۆزی و تەم ومژی تێدا نیە.

زاتـی (الله).. هیچ هاوشێوەیەکی نیە. وەدیهێنەری هەموو شتێکە. (محمد)یش مرۆڤـێکە وەك هـەموو مرۆڤـێکی دیکە، خوا سروشی بۆ کرد، کە ڕێنمونی خەڵك بکـات بـۆ پەرستنی خودای تاك و تەنیاو بێهاوبەش، لە هەموو کاروبارێکی دونیا و دوارۆژدا ئـایین و بەرنامـە تەنها بۆ خوا بێت بەبێ هاوشان. خودا یەك لە سیان و سـیان لە یەك نیە، نە باوکە و نە لەدایك بووە.. (محمد) مرۆڤو خوا نیە، لە زەویدا پێغەمبەر و لە ئاسماندا پەروەردگار نیە!

لـە ئیسـلامدا مەتەڵ و سەر لیٚتێکدان نیە، کە لە روناکی ڕابکات و، ژیربێژی مـرۆڤ لـە سەرسـامیدا بـەجێ بهێڵێـت و، ویژدانـی تـاك بخاتە دودڵییەوە. چونکە ئەوکاتـە یـان بـڕوا دەهێـنێ و ژیربێژییـەکەی پشـت گـوێ دەخات، یان دەست بە ژیربێژییـەوە دەگرێت و بەرەو کوفر و خوانەناسیی دەبات، یان لەنێوان هەردوکیاندا لـە مۆلەقـە[1] دەبێـت و، بـیری پارچەپارچە و شێواو دەبێت و لەسەر بڕیارێك ئۆقرە ناگرێت.

لە ئیسلامدا هیچ ئەستەم نیە، کە مرۆڤێك بێنیتە پێش چاو پەیوەندی بە هێزی هـەرە مەزنـەوە هەبێـت، چـونکە لـە گـیانی ئادەمـیزاددا ئـەو وزەیـە هەیە، کە بیگەیەنێـت بـەو هـێزە، تاکـە ئاسـاییەکانیش لـە ئەزمونەکانـیاندا هەسـت بـەو پەیوەندیـیە دەکـەن، بـەڵام گیانەکانـیان لەسـەر ئـەو پەیوەندیـیە جـێگیر نابێت، چەندچـرکەیەکی کـەم نەبێت. بەڵام گیانانێکی وەك گیانەکانی (محمد) و (موسا) و (عیسـا) و (نـوح) و (ئیـبراهیم)، -سـەلامی خوایـان لیٚبێت- هیچ گران نیە ئەوە بێنینە پێش چاو، کە چۆن یارمەتی لەو هێزە وەردەگرن و پێی دەگەن.

ئەگـەر مەسـەلەی چـۆنیەتی سـروش بـەم شـێوازە بـەپێی مەسەلەی چۆنیەتی لاهوتـی و ناسـوتی لـە (اقنوم) و، بوونی سیان لە یەکدا و، دابەزینی خوداوەند بۆ سـەر زەوی لـە شـێوەی کوڕەکـەی، تا ئازار بچێژێت بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە تاوانەکەی ئادەم و، هەموو ئەو خەیاڵاتانەی کەنیسە و کۆمەڵەکان خستویانەتە ناو

[1] چاوزەق وەستان

نەصـرانیەتەوە، ئەگـەر ئەو مەسەلەیە بەپێی ئەم مەسەلانە پێوانە بکرێن، زۆر زۆر بچووك دێنە بەرچاو!

ئـەم ئەفسـانانە کەوتـنە نـاو نەصـرانیەتەوە، کـە نەصـرانیەت لـێی بەریـە. نەصـرانیەت لـە سەرچاوە یەکەمەکانیەوە وێنەیەکی ئەو ئایینەیە، کە خودا هەمو پێغەمـبەرەکانی پـێ‌ی نـاردووە.. ئاییـنی یەکخواپەرسـتی، کـە هاوبـەش بۆ خوا دانەنێـت، کـە مـرۆڤ لە بەندایەتی هاوبەشێك ئازاد دەکات. بەڵام ئەو ڕۆمانیانەی چوونە ناو مەسیحیەتەوە، خواوەندە جۆراوجۆرەکانیان هەر لەگەڵدا بوو، نەیانتوانی نـاخی خۆیـان بـۆ ئـەو یەکخواپەرسـتییەی نەصـرانیەت یەکلا بکەنەوە، ئنجا ئەو ئەفسـانانە دەسـتیان پێکرد. جا وردەوردە ئەو ئەفسانان خۆیان بوونە نەصرانیەت، ئـەو نەصـرانیەتەی کەنیسـە دەیناسـێنێت، واتـە ئـەو نەصـرانیەتە ڕەسمیـیەی، هەرکەسێك نەیگرێتە خۆی دەربەدەری دەکات و لە هەموو شتێك بێبەشی دەکات!

بـەڵام گـۆڕان و بەئـەنجام گەیشـتنی نەصـرانیەت بـۆ ئـەم بـارە، ڕۆشـنبیرە نەصـرانیەکانی دوچاری دوودڵی و شڵەژاوی هزریی بەردەوام کرد. دەبوو یان بە دەم ژیربـێژیی خۆیانـەوە بچـووبان، کـە لـە ڕیـزی بـڕواداران دەری دەکـردن بـۆ ڕیـزی بێـباوەڕان؛ یانـیش دەبـوو عـەقڵی خۆیـان فـەرامۆش بکـەن، تـا پارێـزگاری لـە بیروبـاوەڕی ئـەو ئەفسـانانە بکـەن، کـە کەنیسـە دەیپارێزێـت، یـان خۆیان بخەنە دوودڵـیەکی گیانیی بەردەوام لەنێوان پێویستییان بە بیروباوەڕێك و، ژیربێژییان، کە ئەو ئەفسانانە ڕەت دەکاتەوە!

زۆری نـەمابوو هـەمان ئـەوەی لـە نەصرانیەت ڕوویدا لە ئیسلامیشدا ڕووبدا، حـەزی مرۆڤ بۆ ئەفسانەکان لە هەوڵداندا بوو بۆ داپۆشینی ڕونی و سادەیی ئایینی ئیسـلام، بـەردەوام بوو لە دارشتنی شتی ناڕاست بە دەوری (محمدی کوڕی عبدالله) و، ئالوبەیـتە هەڵـبژاردەکانی، بـە تایـبەتی حوسـەین-خوای لێ‌ڕازی بێت-، شتی ناڕاسـتی وای هەڵدەبەسـت، کـە سروشـتی ئیسـلام نەیدەویست و قبوڵی نەدەکرد، کەچـی لـەلای خـەڵکی ڕەشـۆکی بەشێوەیەکی زیاتر لە ڕاستیە سادە وساکارەکانی ئیسلام وەردەگیرا!

بەڵام خودی بینایەی ئیسلام بە دروستی مایەوە و، بنەماکانی بە پارێزراوی مانەوە، سروشتەکەی ئەوەندە ڕون و سادە وساکار بوو، کە ئەو ئەفسانە پڕوپوچانە لە پەراوێزیدا دەپوکانەوە و، نەدەچوونە ناو بناغەکەیەوە.

لە نەصرانیەتدا کەنیسە خۆی پێشڕەوی ئەم ئەفسانانەی دەکرد و دەیگرتە خۆی، چونکە دەبوە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتەکەی بەسەر دەروونی جەماوەردا، جا ئاڵۆزکردنی بیروباوەڕ و دەورەدانی بە شتی تەم ومژاویی بە مەبەست بووە، تا کەنیسە ڕۆڵی لە ژیانی خەڵکدا هەبێت. ئەگەر بیروباوەڕی مەسیحیەت وەکو خۆی بە ساکاری و روون و ئاشکرایی بمایەتەوە، ئەی پیاوانی ئاین چی بکەن؟ ئەگەر خەڵك خۆیان توانیان لە ئاینەکەیان تێبگەن و دروشمەکانیان ئەنجام بدەن و، راستەوخۆ بە پەروەردگاریان بگەن، چ پێویستییەکیان بەوان دەبێت؟! کەواتە پێویستە تەم و مژ هەر هەبێت. پێویستە ئەو خەون و خەیاڵ و ئەفسانانە هەر هەبن، تا خەڵك بەردەوام بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی بیروباوەڕ پەنا بۆ کەنیسە بەرن، تا نهێنیەکانیان بەرامبەر بە شتێك بۆ ئاشکرا بکات. ئا بەم شێوەیە دەسەڵاتی کەنیسە بەکاملی دەمێنێتەوە، کەس بۆی نیە یەك هەنگاو لە ژیانی ئاینیدا، یان لە ژیانی ڕۆحیدا بنێت بەبێ بوونی قەشەیەك!

بەڵام لە ئیسلامدا کەنیسە نیە. دەستەیەك نیە بەناوی (ئیکلیرۆس) کە بەبێ ئەو هیچ دروشمێکی ئایینی ئەنجام نەدرێت و، تەنها لە ڕێگەی ئەوەوە تاك بە خوای وەدیهێنەری بگات.

ئیسلام ڕزگارکەری بیری مرۆڤە، نەك تەنها لە ئەفسانە و شتی خەیاڵاوی، بەڵکو هەروەها لە فشاری ماددیەتی بەدەر لە یاسای گەردوونیی ناسراو ڕزگاری دەکات.

ئیسلام نەیویستووە بەکاری ماددیەتی بەدەر لەیاسا، بیری مرۆڤ ناچاری ملکەچ کردن بکات. بەڵکو هۆکاری سادەیی و ڕونی و ڕاستیەکانی بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە هەستی مرۆڤ.

کاتێك هاوکات لە ڕۆژی مردنی (ئیبراهیم)ی کوڕی (محمد)ی پێغەمبەری خوادا ڕۆژ گیرا، خەڵك بە ڕوداوەکە هاواریان لێ هەستا و گوتیان: بەهۆی مردنی ئیبراهیم ڕۆژ گیرا.. (محمد)ﷺ دەسبەجێ ئەم گومانەی ڕەواندەوە، تا روونی و بێگەردیی بیروباوەڕ دانەپۆشێت، ڕایگەیاند کە ڕۆژ نیشانەیەکی خودایە و بۆ مردنی مرۆڤ ناگیرێت.. بەم توندوتۆڵی و ڕاستگۆییە بێگەردە نەیهێشت خۆ بدەنە دەست حەزە شاراوەکانی دەرونیان و، لەگەڵی نەڕۆیشت و بەکاری نەهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینە نوێیەکەی، چونکە ئەوانە لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەی سروشتی ئایینە نوێیەکەیە.

ئیسلام بەم روونی و بێگەردیەوە، ئاشتی لەنێوان ژیربێژی تاك و بیروباوەڕەکەی گرێ دەدات، ئەو دوودڵیەش ناوروژێنێت، کە نەصرانیەتی دەسکاریکراوی کەنیسە دەیوروژێنێت، هەروا ئەو بیروباوەڕانەش کە راستی و ئەفسانە تێکەڵ دەکەن. جا هەق و ناهەقی تیێدا تێکەڵ دەبن و، لەرووناکی و ڕوونی خۆی دەشارێتەوە، بۆیە ژیانی هەموی لە کەشێکی دوکەڵاوی و دوعا خوێندنی بەدەنگدا دەبێت، چونکە لە رووناکی ڕادەکات و دەترسێت پێی بگات.

بەڵێ، رەوەی مرۆڤ کاتێك ڕوبەڕووی گەردوونی فراوان و سروشتی مەزن بویەوە، پێویستییەکی بێشوماری بەوە هەبوو، کە هەست بکات خواوەندەکەی لێی نزیکە و گرنگی بە ئازار و ئاواتەکانی دەدات، ئەوەبوو زۆر لە ئەفسانەکانی نەصرانیەتی کەنیسە هات بۆ تێرکردنی ئەو حەزە قووڵە، جا خودایان لەو بەرزییە هێنایە خوارەوە، تا بەرگەی ئازار بگرێت بۆ سڕینەوەی تاوانەکەی ئادەم، یان وایلێکرد کە کوڕە تاقانەکەی بەرگەی بگرێت وەکو میهرەبانیەك بۆ مرۆڤ.. هەتا دواییینی ئەو شتە شاراوانەی ژیربێژی سەرسام دەکات و ویژدان شپرزە دەکات و دەیشێوێنێ.

بەڵام ئیسلام ئەو پێویستیە دابین دەکات، بەڵام بەشێوەیەك کە لەگەڵ خواوەندێتی و تاکێتی خوادا بگونجێت. پێویستیەکە دابین دەکات بەوەی، کە وا لە ئادەمیزاد دەکات هەست بکات، کە خوا لێی نزیکە و وەڵامی دەداتەوە و، لەچاودێریکردنی بێئاگا نابێت و لەیادی ناکات: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي

قَرِيــبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِي فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ: ئەگــەر بــەندەكانم دەربــارەی من پرسیاریان لیّ کردیت؛ من نزیکم، هەرکەس بانگم بکـات وەلاّمــی دەدەمــەوە، بـا بەدەنگمەوە بێن و بڕوام پی بهێنن، بەڵکو ڕێنمون دەبن.﴾ البقره/١٨٦.

﴿وَقَالَ رَبُّكُمْ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ: پــەروەردگارتان فەرموویەتی: بانگم بکەن، بە دەنگتانەوە دێم.﴾ غافر/٦٠.

﴿مَــا يَكُــونُ مِنْ نَجْوَى ثَلاَثَة إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلاَ خَمْسَة إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ وَلاَ أَدْنَــى مِنْ ذَلِكَ وَلاَ أَكْثَرَ إِلاَّ هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا: هــەر سێ کەسێك پێکەوە بە چــپە قسە بکەن خودا چوارەمیانە، پێنج بن ئەو شەشەمیانە، کەمتر بن و زیاتر بن و لە هەر کوێ بن ئەو هەمیشە لەگەڵیانە.﴾ المجادلة/٧.

﴿وَنَحْــنُ أَقْــرَبُ إِلَــيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ: ئــێمە لە شادەماری لاملی نزیکترین لێی.﴾ق/١٦.

﴿إِنَّ رَبِّــي قَرِيــبٌ مُجِيبٌ: بێگومان پەروەردگارم نزیکە و بەدەنگەوە دێت.﴾ هود/٦١.

﴿وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ: ئەو لێبوردە و ڕوخۆشە.﴾البروج/١٤.

بــەم شــێوەیە ئادەمــیزاد دەبینێــت، کــە پەیوەندییەکەی بەخوداوە چەند پتەوە، هەســت بــە میهرەبانــیی و چـاودێریی و وەلاّمدانــەوەکانی دەکـات، بــەبێ ئــەوەی پێویستی بە ئەفسانەی سەرسوڕهێنەر هەبێت.

حەزەکان و پێویستیەکان (الأشواق والضرورات)

هــەروا ئیســلام ئاشــتی دەخاتــە نــێوان ئەوشتانەی بۆ تاك زۆر پێویستن و، ئەو حــەزە گیانیــیانەی ناتوانێــت دەســبەرداری بێــت. بەلاّم نەك لەسەر حیسابی حەزە پێویستییەکانی و، نەك لەسەر حیسابی حەزە گیانیەکانی.

ئەو بیرۆکە(فکـرة)ی هەیەتی دەربارەی یەکیەتی تێکڕایی، لە تێڕوانینی بۆ تاکی ئـادەمی و، هەڵــنەرەکانی ئەو ژیانەی تیایدایە، ڕەنگی داوەتەوە. پێویستییەکان و حەزەکان هەردووکیان بە هاوڕێکی یەك دەگرن، هیچ لە وزە و هەڵنەرەکانیان بەفیڕۆ

ناچێت، مەگەر ئەوەی لەگەڵ ئەو هاوڕێکییە نەگونجێت، یان ببێتە کۆسپ لەبەردەم گەشەی تەواوی ژیان.

ئیسلام هەر لە سەرەتاوە دان بە پێویستیە رەسەنە شاراوەکانی سروشتی مرۆڤ دادەنێت، وا نابینێت کە نەگونجێت لەگەڵ حەزی بەرەو بەرزی چوون، کە ئەمەش حەزێکی رەسەن و شاراوەی سروشتی مرۆڤە، بەو مەرجەی لەباری هاوسەنگیەکی رێکوپێکدا بێت.

کاتێك ئیسلام بانگەشەی پاکبونەوەی گیان و، دەرچوون لە کۆتی ئارەزووەکان دەکات، مەبەستی خەفەکردنی هەڵنەرە زیندووەکان و، لەناوبردنی وزە زیندووەکان نیە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئادەمیزاد سەرکردەی دەروونی خۆی بێت و نەبێتە بەندەیەکی بێدەسەلاتی ئارەزووەکانی، یان وەك ئاژەڵ ئارەزووەکانی هەڵنەری بن.. ویستیش دوریانی نێوان ئادەمیزاد و ئاژەڵە لە ڕابواردندا: ﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الأَنْعَامُ: ئەوانەی خوانەناسن وەکو ئاژەڵ ڕادەبوێرن و دەخۆن.﴾محمد/١٢.

بەڵام ئەگەر مرۆڤبەسەر کاروباری خۆی زاڵ بوو، پێویستە بزانێ کە لاشەکەی مافی هەیە، پێویستە لەسەری دەروونی خۆی لە خۆشییەکانی ژیان بێبەری نەکات، ئەوانە حەرام نەکات کە خوا حەڵاڵی کردووە.. ئەوەش کە خودا حەڵاڵی کردووە هەموو ئەو چێژ و خۆشییانە دەگرێتەوە کە دەرونی ڕاست و ڕێك داوای دەکات.

لە ئیسلامدا هەڵنەرە سروشتییەکانی ژیان هەموویان بێزراو نین، حەز کردن بە درێژەپێدان شکستێك نیە خۆپاککەرەوەکان خۆیان لێی بەرز بگرن. چونکە ئارەزووی درێژەپێدانی ژیان لەگەڵ ویستی خوادا لە بەدیهێنانی ژیان، رێکە، بەڵکو خودا دەیەوێت ژیان بەرز ڕابگیرێت نەك تەنها درێژەی پێ بدرێ.. ئەو درێژەپێدانەش هۆکاری پەرەسندن و بەرزبوونەوەیە، نەك دژی بیرۆکەی بەرزبوونەوە بێت. هەروەها ئیسلام هەڵنەرە زیندووەکانی بنیاتی مرۆڤلەگەڵ حەز و ئارەزوە گیانیە قوڵەکان لە سروشتیدا هاوڕێك دەکات، لە هەردوکیاندا یەکیەتیەك

دادەڕێژێت، کە نە زیادەڕۆیی و نە بەزایەدانی تێدا بێت، نە ململانێ و نە پێکدادانی تێدا بێت.

لە ئیسلامدا بانگەشە بۆ خۆش ڕابواردن، هاوشان لەگەڵ بانگەشە بۆ بەرزبوونەوە دەڕوات، جا لەنێوانیاندا وێنەیەکی هاوسەنگی دروست دەبێت، دوور لە خراپەکاری و دوور لە بێبەش بوون:

﴿يَابَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِد وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ تُسْرِفُوا إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ، قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّه الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَاده وَالطَّيِّبَات مِن الرِّزْق قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاة الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَة كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَات لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ، قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّه مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِه سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّه مَا لاَ تَعْلَمُونَ: ئەی نەوەی ئادەم! لە هەر مزگەوتێکدا بوون خۆتان بڕازێننەوە، بخۆن و بخۆنەوە و زیادەڕۆیی مەکەن، خوا زیادەڕۆیانی خۆش ناوێت.. بڵێ: کێ ئەو کەل وپەلی ڕازاندنەوە و بژێوییە پاکژەی حەرام کردووە، کە خوا بۆ بەندەکانی داناوە؟! بڵێ: ئەوە لە ژیانی دونیادا بۆ بڕوادارانە و لە ڕۆژی قیامەتیشدا تایبەتە بەو.. ئێمە ئاوا نیشانەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ ئەوانەی دەزانن.. بڵێ: بەڵکو پەروەردگارم خراپەکاری ئاشکرا و نهێنی و گوناه و سنور بەزاندنی ناڕەوا و هاوبەش دانان بۆ خودا بێهیچ بەڵگەیەك و قسەکردن دەربارەی خودا بەبێ زانینی حەرام کردووە.﴾ الاعراف/٣١-٣٣.

(الفواحش) لە (الفحش)ەوە هاتووە، کە بریتییە لە لادان لە هاوسەنگی و مامناوەندی، ئەمیش هەروەکو زیادەڕۆیی بە ناهەق و هاوبەش دانان بۆ خودا وایە.. هەموان تێکدەری سروشتی مرۆڤن، دژی دادوەرین، پێچەوانەی یاسای ژیانی هاوڕێکن.

بەم جۆرە وزە مرۆییە چون یەکەکان بواری خۆیان دەست دەکەوێت بۆ بنیاتنان و بەرز ڕاگرتنی ژیان، تاکیش بە بەش بەشی لەنێوان واقیعی ژیانە پێویستەکەی بۆ

مانــەوەی خۆی و ژیانەکەی و، ئەو حەز و ئارەزووە بەرزانەی بە گوێیدا دەچرپێت و بانگی دەکات، نامێنێتەوە.

هــەروەها هاوڕێکیــیەك لەنــێوان پاراستنی ژیان و بەرزڕاگرتنی دادەنرێت.. ئەم هاوڕێکیــیە لە وژدانی تاکدا بەپێی بیروباوەڕەکەی دەبێت، هەروەکو لە چوارچێوەی کۆمەڵێکیشــدا بەپــێی رەفــتارەکان دەبێت، جا تاك خۆی لە ئاشتی ناوەکی لەگەڵ ویژدانەکەی و، ئاشتی دەرەکی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەبینێتەوە.

هــەروەها ئیســلام هۆیــەکانی (گــرێ دەروونــیەکان) چارەسەر دەکات، ئەو گرێ دەروونــیانەی، کــە فــرۆید و شوێنکەوتەکانی ڕێڕەوەکەی خۆیان لەسەر بنیات ناوە، کــە پێیان وایە بەڵایەکە و کەس لێی دەرباز نابێت، نەفرەتێکە و کۆمەڵ بە کۆت و پــێوەند و ڕیکــار(تعالــیم)ەکــانی لەســەر تاکی دەسەپێنێت، هەروا بە خەفەکردنی ئارەزووەکــان، کــە ویژدانــی مــرۆڤ یــان خــودی بــەرز(الذات العلیا) جێگای کۆمەڵ دەگرێتەوە لە سەپاندنی چاودێربی بەسەریدا.

هۆکارەکــانی ئەو گرێ دەرونیانە، لە ڕەوش(جو)ی بیروباوەڕی ئیسلامیدا بونیان نیە، کــە هــەر لــە هــەنگاوی یەکەمــەوە دان بــە ئارەزوو و پێویستییەکانی تاکدا دەنێــت، بە پیس و داڕوخانی نازانێت و، ڕێگاکانی بەتاڵکردنی بە شێوەیەکی دڵنیا بــۆ ئاســان دەکات، کە دان بە شەرعی بوون و ڕاستگۆیی و پاك وخاوێنیدا بنرێت، هــەر ئەمــەش گرنگە، مادام لە سنورێکی ڕاست و دڵنیادا بێت، کە نەبێتە مایەی لاوازی کەسایەتی تــاك و، لــە چوارچێوەی کۆمەڵگەشدا دوچاری گەڕانەوە بۆ باری ئاژەڵیی نەبێت.

ئیســلام بــە وردی سەرنجی ئەم ئارەزوە سروشتییە بێگەردانە دەدات، داینــاوە کە هــەندێك جــار ئافــرەت ئــارەزووی خۆشی و جوانکاری لەپیاو زیاترە، بۆیە هەندێك لەوانــەی بــۆ پیاو حەرامە بۆ ئافرەت حەڵاڵی دەکات، ئەمەش وەك ڕەچاوکردنێکی سروشــتە مێیینــەکەی، کــە ڕازاندنــەوە و جوانکاریــیە. بــۆ ئافرەتی حەڵاڵ کردووە ئەنگوســتیلەی زێــڕ و بــەرگی ئاوریشــم بپۆشــێت، لەکاتێکدا پیاو لەم شتە نەرم و شــلانە قەدەغــە دەکــات و بــە خۆشــگوزەرانیەکی زیــانداری دادەنێت، هەرچی لەو

بوارەدا بۆ ئافرەت حەرامە، تەنها خۆدەرخستنە بەجوانکاری و ڕازاوەیی بۆ بێگانە، چونکە لێرەدا مەسەلەکە لە ڕۆڵی خۆشی(متاع)ی بێگەردەوە دەردەچێت بەرەو ئارەزو بزواندنی ئاژەڵانە، ئەمەش دوریانی ڕێگاکەیە!

بەم شێوەیە هۆیەکانی توشبوون بە (گرێ دەرونیەکان) لە ڕەوشی بیروباوەڕی ئیسلامیدا لە چەند بارێکی ریزپەڕی نەخۆشیدا سنوردار دەبێت و کورت هەڵدێ، بەڵام سروشتە رێکەکان، هاوسەنگی و هاوڕێکییان تێدا دێتە ئەنجام و، هۆکارەکانی دوودڵی نامێنێت، بەمەش تاکی مسوڵمان لە دەرونی خۆیدا لە ئاشتی و ئاسایشدا دەژێت.

گوناه و تەوبە

ئیسلام تەنها لە سنوری داننان بە پێویستیەکانی تاك و هاوڕێك کردنی لەگەڵ حەز و ئارەزوەکانیدا ناوەستێت.. بەڵکو دوای ئەوە هەنگاوێکی دیکەی واقیعی و بەرچاوڕونانە دەنێت.. ئەو دان دەنێت بە هەڵنەرەکانی هەڵە و گوناه. بۆ هەڵە و لەبیرکردن و ئەوانەی بەزۆر پێیان دەکرێت، ئەوا ئەوانە لێیان ناگیرێ و بۆیان بە گوناه دانانرێ: ((ئوممەتەکەی من، لە هەڵە و لە بیرکردن و ئەوەی بەزۆر پێیان کراوە، لەسەریان هەڵگیراوە-واتا بۆیان بەگوناه نانوسرێ)).

بەڵام تاوان و گوناه، هەموو کاتێك دەرگای تەوبە لێیان کراوەیە، هەرکەسێك حەز بکات روی تێدەکات بۆ داولی لێخۆش بوون و پاکبوونەوە، کەس بۆی نیە لە بەزەیی خودا دەری بکات و، دەرگای خودای لێ داناخرێت و، هیچ نێوەنێکیان لەنێواندا نیە.

ئەگەر تاك خزایە ناو گوناهەوە، رێگاکانی تەوبەی لێ ناپچرێت، نابێتە گوم بووی دەرکراوی نەفرەت لێکراو و، تاریکیی بێبڕوایی نایچەوسێنێتەوە.. ئا لەوێدا روناکیی هەیە، رێگا هەیە، دەستی بەسۆز و میهرەبان هەیە.. دەستی تەوبەی پەشیمانی، پاکبوونەوە و سەلامەتی پێ دەبەخشێت، بە رۆح و تاریکی دایدەپۆشێت: ﴿قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لاَ تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ: بێژە: ئەی بەندەکانی من! ئەی

ئەوانەی بە لادان لە ئەندازە، ناهەقیو لەخۆ کردوە! نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا ناهومێد بن، چونکە لە هەمو گوناهێك چاو دەپۆشێ، ئەو لێبوردەو دلۆڤانە.﴾الزمر/٥٣.

لە ئیسلامدا خواوەند بۆ هەتاهەتا گوناهبار ڕاونانێت، کە مۆڵەتی پێنەدات و تەوبەی لێ وەرنەگرێت، مەگەر خۆی بکوژێت، یان جەستەی خۆی ئازار بدات، یان گیانی بۆ چەندین سەردەم و نەوە لەلاشەی پیس و بۆگەندا جێگیر بێت. سڕینەوەی گوناهیش پێویست بەوە ناکات، کە خودا لە بەرزیەکەی خۆی بێتە خوارەوە، تا لەخاچ بدرێت و ئازارەکان بچێژێت وەك کەفارەتێك بۆ گوناهی مرۆڤ، لە کاتێکدا ئەو خۆی دروستکەری ئەو مرۆڤانەیە، دەتوانێت پاکیان بکاتەوە بەبێ ئەوەی خۆی لە خاچ بدرێت و سزا بدرێت.. هەروەها سڕینەوەی گوناهەکان پێویستی بە کاهین و کورسی دانپیانان نیە، یان بە هەڵواسراوی بەسەر سەری کەسێکەوە بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی رزگاربوون یان ڕاکردنی بۆ هەبێت..!

هەموو ئادەمیزادێك دەتوانێت ڕاستەوخۆ بە پەشیمانی و تەوبەوە ڕوو بکاتە پەروەردگاری، بەبێ ئەوەی سوربێ لەسەر گوناهەکەی و بەردەوام بێت، جا خودا دەرگای خۆی لێدەکاتەوە و، بۆ نێو بەندەکانی وەری دەگرێت و، میهرەبانی و لێبوردەیی خۆی پێ دەبەخشێت. دەرگای میهرەبانیش هەموو کاتێك کراوەیە، لەبەزەیی خوادا بێئومێدی و هیوابڕاوی نیە، هەرکەسێك دەیەوێت با لە دەرگای بدات و داوای مۆڵەت بکات، بەڵکو با بەبێ مۆڵەت ڕووی تێ بکات:

﴿وَلاَ تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الكَافِرُونَ: ناهومێد مەبن لە بەزەیی خودا، هەر ئەوانەی خوانەناسان، لە بەزەیی خوا ناهومێدن.﴾ یوسف/٨٧.

ئیسلام لەم ڕێڕەوەدا دوور دەڕوات، هەتا ئەگەر مرۆڤ بەخێرایی سەرنجی لێبدات، وادەزانێ کە ئیسلام گوناه بۆ خەڵك دەڕازێنێتەوە، تا لە گوناهەکە تەوبە بکەن..!

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((هەموو ئادەمیزادێك گوناهكارە، چاكترین گوناهكاریش تەوبەكارانن)).[1] هەروەها دەفەرموێت: ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر گوناه نەكەن، ئەوا خودا ئێوە لادەبات و كۆمەڵانێك دەهێنێت، كە گوناه بكەن و داوای لێخۆشبوون بكەن، ئەویش لێیان خۆش بێت)).[2]

ئیسلام لێرەدا گوناه ناڕازێنێتەوە، بەڵكو تەوبە ئاسان دەكات، دەروونی گوناهكاران بە هیوا پڕ دەكات، ڕێگا بۆ گیانەكانیان روناك دەكاتەوە، ئەو گیانە ماندووە ترساوانە دەخاتە ناو پشودان و ئاسودەییەوە. هەتاهەتایە بە دودڵی و سەرسامی و پارچەپارچەیی و ئۆقرەنەگری نامێنێتەوە.

ئەمە لە كاتێكدایە كە لەسەر ویژدانی تاك پێویست دەكات بەردەوام هۆشیار بێت، داوای لێدەكات چاودێری دەرونی خۆی بكات و، ئاگاداری دەكاتەوە لە هەڵخەڵەتاندنی ئارەزوە حەرامەكان و، فیتنەی ئافرەت و ماڵ و منداڵ، دەیهێنێتە پێش چاوی- كە چۆن شەیتانی دوژمنی سورە لەسەر هەڵخەڵەتاندنی، بەردەوام دڵەڕاوكێی بۆ دروست دەكات و بۆی لە سەنگەردایە..

﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ، قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ، الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ، الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ: خۆشەویستی ئارەزوەكان بۆ خەڵك ڕازێنراوەتەوە، ئارەزووی ئافرەت و منداڵ و كۆكردنەوەی سەروەت و سامانی زۆر لە زێڕ و زیو و ئەسپی نیشانەدار و مەڕ وماڵات و كێڵگە.. ئەمانە مایەی خۆشی ژیانی دونیان.. بەڵام خودا چاكترین سەرەنجامی لایە.. بڵێ: ئایا هەواڵی لەوە باشترتان بێ بڵێم؟ ئەوانەی پارێزكارن لەلای پەروەردگاریان بەهەشتانێكیان بۆ هەیە

[1] اخرجه الترمذي.
[2] رواه مسلم

ڕوباریـان بەژێـردا دەڕوات، بـە هەمیشـەیی لەوێ دەمێننەوە، لەگەڵ ژنانێ پاك و بێگـەرد، ئەمانـە و ڕەزامەندی خوداش.. خودا ئاگاداری بەندەکانیەتی.. ئەوانەی کـە دەڵێن: پەروەرگارا! ئێمە بڕوامان هێنا، تۆش لە گوناهەکانمان ببورە و لە سزای ئاگـر بمانـپارێزە.. ئەوانەی ئارامگر و ڕاستگۆن و بەردەوامن لەسەر خواپەرستی و، ماڵ دەبەخشن و بەرەبەیانان داوای لێخۆشبوون دەکەن.﴾آل عمران/١٤-١٧.

﴿وَيَـاآدَمُ اسْـكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّـجَرَةَ فَتَكُونَا مِن الظَّالِمِينَ، فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُرِيَ عَنْهُمَا مِـنْ سَـوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ، وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِن النَّاصِحِينَ، فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّـجَرَةَ بَـدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُبِينٌ، قَالاَ رَبَّـنَا ظَلَمْـنَا أَنفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ، قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُـكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ: ئـەی ئادەم! تۆش وێـڕای ژنـت لە بەهەشت بحاوێنەوە، لە هەر کوێدا هەرچی دەخۆن بەئارەزوی خۆتان بکەن، هەر تخونی ئەو داری هانا مەکەون، دەنا ئێوە لە ناهەقیکاران دەبن. شەیتان کەوتـە کلێشـەیان تا ئەو ئەندامەیان-کە داپۆشرابو-بێنێـە بەرچاویان. گوتی خودا کـە نەیدەهێشـت لـەو دارە نزیك ببنەوە، هەر بۆیە بو کە ئێوە نەبنە فریشتە، یان هەمیشە هەر لەبەهەشتا بمێنن. جا سوێندی بۆ هەردووکانیش خوارد کە: من بەدڵ ئامۆژگاریـتان بـۆ دەکـەم.بەفریوان، ئەوانی خستە تەماوە. لەدوای ئەوەی لە بەری دارەکـەیان چەشـت، عەیـب و عاریـان کەوتـە دەشـت و کۆششـیان کـرد بەگەڵای بەهەشـت داپپۆشـن. پەروەردگار گازی کردن: ئاخر من بەئێوەم نەگوت توختی ئەم دارە مەکەون؟ پێشم ڕانەگەیاندبون بەئاشکرا شەیتان دوژمنی ئێوەیە؟ گوتیان: ئەی پـەروەردگارمان! ناهەقـیمان لـەخۆمان کـرد، ئەگـەر تـۆ لێمان نەبوری و بەزەییت پێماندا نەیە، بێشك لەزیانبارانین. گوتی: داگەڕێنە خوارێ، ئێوە دوژمنی یەکدین. تا ماوەیەك جێگا و مایەی ژیانتان لەزەوی دەبێ.﴾الاعراف/١٩-٢٤.

ئیسلام کە ململانێی نێوان ئادەمیزاد و شەیتان بەم شێوەیە دەهێنێتە بەر نیگا، بۆ ئەوە نیە خەڵك بخاتە ناو شڵەژانی دەروونیی بەردەوام، کە کەسایەتییان پارچەپارچە بکات و هێزەکانیان پەرتەوازە بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە تا بانگەشەیان بکات بۆ هۆشیاربون لە هەڵنەرەکانی خراپە و گوناه، تا لە کۆتاییدا نەوەکانی ئادەم و حەوا ئاگادار بکاتەوە لە خۆدانە دەست هەڵخەڵەتاندن و فریودانەوە.

﴿يَابَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُم الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّة يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ: ئەی فرزەندەکانی ئادەم! شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەروەك باوك و دایکتانی لە بەهەشت بەدەرکردن داو جل و بەرگی لێ دارنین تا شەرمی خۆیانیان پێیان نیشان بدا. شەیتان و دەستەو بەستەکەی لەلایەکەوە دەتانبینن، کە ئێوە ئەوان نابینن. ئێمە شەیتانەکانمان کردۆتە دۆستی ئەوانەی بروایان بەخودا نیە.﴾الاعراف/٢٧.

لە هەمان کاتدا بڕیاری ئەوە دەدات، کە گوناهەکەی ئادەم وەکو شمشێرێکی بڕەری هەڵکێشراو بەدیار سەری نەوەی ئادەمەوە نەبوە و، داوای کەفارەتێکی سەرسوڕهێنەر نەکراوە، کە خوای گەورە لەسەر شێوەی کوڕی خوا پێی هەڵسێت.. کارەکە لەهەموو ئەمانە سوك و ئاسانترە: ﴿فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ: ئادەم لە پەروەردگاریەوە چەند وتەیەکی پێگەیشتن، ئەوسا تەوبەکەی قبوڵ کرد، هەر خۆی تەوبە وەرگر و میهرەبانە.﴾البقرة/٣٧.

جا ئەم هەموو ئاسانیە کەس بازنادات، مەگەر ئەوەی لەسەر گوناه سور بێت، ئەم هەموو دەرگا کراوانە داناخرێن، تەنها لەروی ئەوانەی لە گوناهدا بەردەوام و مکوڕن.

﴿بَلَى مَنْ كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ: دیارە هەرکەس خۆی توشی خراپە بکا و خراپەکەی دەوری دابێ، ئەوانە یاری ئاگرن و تاهەتا هەر تێدا دەبن.﴾البقرة/٨١.

ئەمــە لەبەر ئەوەی بەردەوام بون لە گوناهدا دڵ دادەخات و ویژدان تەرت و تونا دەکات، ئنجا دەرگاکان دادەخات و سزا دەسەپێنێت.

کــەس ئــەم هــەموو هەلــە رەخســاوانە لەدەســت نادات، مەگەر ئەوەی شایانی بــەزەیی نەبێــت و خــۆی نەیەوێــت. بــەڵام زۆر لــە گوناهکارانی تەوبەکار، ئیسلام ئاشــتی بــە ویژدانیان دەبەخشێت و، ئاسودەیی بە گیانەکانیان دەدات، تەنها داوای هۆشــیاریی و هەوڵدانــیان لێ دەکــات، هۆشــیاریی و هەوڵدانــیش کەســایەتی پارچەپارچــە ناکــەن و دودڵــیی لێ ناکەوێــتەوە.. ئیسلام لە واقیعە مێژووییەکەیدا پیاوانــێکی ناســیوە، کە بە ڕادەیەك ویژدانیان هۆشیار بووە، کە گەیشتوەتە رادەی ناســکی، بــەڵام گیانــیان لــە لوتکــەی ئاسودەییدا بووە، لە هەمان کاتدا ئەوان لە واقیعــیە کــرداری و بنیاتــنەرانە بون، هەروەك مەزنترین پیاوە واقیعییە کردارییی و بنیاتنەرەکان لە ژیاندا.

لــە سەروی هەموو ئەمانەوە (ابوبکر) و (عمر)، کە دوای پێغەمبەری خوا، دوو بنیاتــنەر و سەرپەرشــتیاری ئیســلام بــوون. ئەوان دوو نمونەی تەواون بۆ هۆشیاریی ویــژدان، تــا ڕادەی ناسکی و، ئاسودەیی دڵنیاله هەست و، گردبونەوەی کەسایەتی و، یەکیەتی ئاڕاستە لە واقیعی ژیاندا.

ئەرك بەسەردادان و توانا

ئیســلام بــە شــێوەیەکی گشتی تێبینی ئەوە دەکات، کە ئەرکی زیاد لە توانای خــۆی بەســەر تــاکدا نەدات، لە یاساکانی یان لە دروشمەکانی، چونکە ئەرك دان لە سەروی تواناداو، بە کردن یان نەکردن، تەنها ئەم سێ ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە:

١/یــان ماندووکــردن و زەحمــەتی و، بێبــەش بون و خەفەکردن و، تێکشکاندنی خودی مرۆڤ لەژێر باری خەفەکردن یان ماندووکردندا و، کۆسپ خستنە بەر گەشەی خێرای ژیان و، پەرەسەندنی هاوسەنگ.

٢/یــان دوورکەوتــنەوە و یاخیــبون و دەرچــوون لــە فــەرمان و نەهیــیەکان و، دژایەتــیەکی سەرشــێت، کــە خاوەنەکەی بەرەو زیادەڕۆیی لە رێپێدان دەبات، وەك کاردانەوەیەکی خەفەکردن، یان شەکەت کردنە.

٣/ یانیش دڵەڕاوكێی دەروونی بەردەوام و، هەستكردنی بەردەوام بە گوناه، یان كەمتەرخەمی، لە شتانێك، كە نە گوناهە و نە كەمتەرخەمییە، ئەوەش سزایەكی بەردەوامە، كە بەرگەی ناگیرێت.

بۆیە ئیسلام سوورە لەسەر ئەوەی هەموو ئەركەكانی لە سنوری تواناداا بێت، كە لەكاتی دانانی یاساییدا بە واجب بون و حەرام بونیەوە، ڕەچاوی سروشتی ئادەمی بە هەموو تواناكانیەوە بكات، پاشان لێی دەگەڕێت لەخۆیەوە زیاد لە ئەركە فەرزەكان ئەنجام بدات، ئەگەر توانی، بەبێ تەنگەتاوی و زەحمەتی و سەختی. ئا بەمە لە تێكشكان دەیپارێزێت، لە یاخیبون دەیپارێزێت، دەیپارێزێت لەو دڵەڕاوكێیەی، كە حەسانەوەی بۆ نیە.

لەمەدا خوای گەورە لە قورئانەكەیدا دەفەرموێت: ﴿لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا: خودا ئەركی لەتوانا بەدەر بەسەر كەسدا ناسەپێنێ.﴾البقرة/٢٨٦. ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ: لە ئاین و خواپەرستیدا شتی لەسەر زەحمەت نەكردوون.﴾الحج/٧٨.

پێغەمبەری مەزنیشﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ هَـذَا الدِّينَ يُسْرٌ لاَ عُسر، وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلاَّ غَلَبَهُ: ئەم ئایینە ئاسانە و گرانی تێدا نیە، هەركەس گرانی بكا، ئەوا بەهیلاك دەچێت)).[1]

پێغەمبەرﷺ ڕێگری دەكات لە گرانكردن و توند كردن لە لێكدانەوەی ئاین و هەستان بە ئەركەكانی، كە دەفەرموێت: ((لا تُشَدِّدُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ فَيُشَدَّدَ عَلَيْكُمْ: لەسەرخۆتانی توند مەكەن، با لەسەرتان توند نەكرێت.))[2] یان دەفەرموێت: ((إِنَّ هَذَا الدِّينَ مَتِينٌ فَأَوْغِل فِيهِ بِرِفْقٍ: ئەم ئایینە توندوتۆڵە، جا بە نەرمی بچۆرە ناوی))[3]. ئەو كەسەی لەسەر خۆی توند دەكات و خۆی ماندوو دەكات، بەو

---

[1] رواه البخاري ومسلم
[2] رواه ابوداود
[3] البخاري

ڕێـبواره دەچـوێنێت، كه وڵاخەكەی ماندوو دەكات و ناگاته مەبەستی خۆی: ((إن المنبتّ لا أرضاً قطع ولا ظهراً ابقى))[1].

ئەوانـەی رابـورد نمونـه بـون لەسـەر ئەم مەبەست و میانڕەوییه و ڕەچاوكردنی توانایـه، بـه تایبەتـیش لـه هاوڕێككـردنی نـێوان پێویسـتیەكان و، ئـارەزووه دەرونـیەكان، هـەروا لـه دانـنان بـه هەڵنەرەكانی هەڵە و گوناه، هیچی تێدا نیه، ئەگەر لەلایەكی دیكەشەوه بۆی بچین.

هەڵچـــوونەكانی تورەبـــوون و ڕق لێـــبوونەوەی ویـــژدان، هەڵچـــوون و ڕق لێـبوونەوەیەكه، ناكـرێ لەبـەر چـەندین هـۆ له دەرونی مرۆڤ بسڕێتەوه یان لەناو بـبرێت. هەندێكـیان له هەست بەخود كردنەوه سەرچاوه دەگرێت، هەندێكیشیان له پـێكدادانی بەرژەوەندییەكانەوه دروست دەبێت، هەندێكیش له جیاوازی هەست و ڕێـڕەوەكانەوه دێـت.. ئیسلامیش بانگەشەی لێبوردەیی و نەرم و نیانی و ڕوخۆشی دەكـات، بـەڵام لـەلای خۆیەوه ئەوه ڕەت ناكاتەوه، كه هەستەكانی تورەبوون و ڕق لێـبوونەوه هەستی سروشتین، داوا له خەڵك ناكات بەتەواوی له دەروندا بیسڕنەوه، هـەروا لـه خـودی خۆشـیدا بـه گونـاه و تـاوانی دانانێـت، بەڵكو بانگەشەی ڕك خواردنـەوه و بەندوبەسـتی دەكـات، بـۆ ئـەوه نا كه بەهیچ جۆرێك ڕق و كینه له دڵـەكان نەهێڵێت، بەڵكو ئەو بەندوبەسته ڕێیەك بێت بۆبەرزبوونەوه و گەشەپێدان. جـا لـەم ڕێیەدا بـه هـاندان دەروونـی مـرۆڤ رادەكێشێت نەك به فەرمان و ئەرك بەسەردادان:

﴿وَلَمَـــنْ صَـــبَرَ وَغَفَـــرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الأُمُورِ: بۆ كەسانێك ئارام دەگرن و لەخـەڵك دەبـورن، ئەمـه لـەو كـاره پەسـندانەیه، كـه پێویسته لەسەری بەردەوام بن.﴾الشورى/٤٣.

﴿وَالْكَـــاظِمِينَ الْغَـــيْظَ وَالْعَـــافِينَ عَنْ النَّاسِ: ئەوانـەی رقی خۆیان دەخۆنەوه و چاوپۆشـی لـه خـەڵك دەكـەن.﴾آل عمـران/١٣٤. بـەم جـۆره ئـارام گـرتن لەگـەڵ لێخۆشبوون هاوتا دەكات و، له دوای ڕق خواردنەوه باسی لێبوردن دەكات، چونكه

---

[1] البخاري

ئارام گرتن و رق خواردنەوە ئەگەر بەرەو لێخۆشبوون و لێبوردن نەچێت، ئەوا دەبنە هـۆی رق و کیـنە، ئیسـلامیش رقـی لـە رق و کیـنە دەبێـتەوە و لێـیان دوور دەکەوێـتەوە، بۆیـە رێـنمونی و هـاندان بـۆ لێـبوردن و لێخۆشـبوون دەکـات، تـا دەرونـەکان لە رق و تورەبون پاك بکاتەوە، پێش ئەوەی ببێتە رق و قینە. جا دوعا خۆشەویستەکەی بڕواداران بەم شێوەیە دادەنێت:

﴿وَلاَ تَجْعَـــلْ فِي قُلُوبِنَا غِلاً لِلَّذِينَ آمَنُوا: رق و دوژمنایەتی باوەڕداران لە دڵمان مەهێڵە.﴾الحشر/١٠.

باسی خەڵکی بەهەشت دەکات، کە بەرز و بڵندن و دەفەرموێت: ﴿وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍ: رق و کینەمان لە سینەیان داماڵی.﴾الاعراف/٤٣.

کە باسی (بەندەکانی خوا) دەکات دەفەرموێت: ﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَانِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَـى الأَرْضِ هَوْنًـا وَإِذَا خَاطَبَهُم الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاَمًا: بەندە ڕاستەکانی خوای مـیهرەبان ئـەو کەسـانەن، کە بە نەرمی و بێفیزی بەسەر زەویدا دەڕۆن و، کاتێك نەزانەکان بە ناڕێکی بیاندوێنن، بە نەرمی وەڵامیان دەدەنەوە.﴾الفرقان/٦٣.

واتـە لـە بەرامـبەر دواندنـی وشـك و بێئەدەبانـەی نەزانـەکان، بـە جوانـی و لێبوردەیی وەڵامیان دەدەنەوە.

ئیسـلام پێی ناخۆشە دژایەتی بکەوێتە نێوان مسوڵمان و مسوڵمانەوە و، لەیەك دابـڕێن، بـەڵام حیسابی ئەوەش دەکات، کە هەستی تورەیی ناسڕێتەوە و، رودانی بـە گونـاه دانانێـت، وەك نەصرانیەتی کەنیسـە نالێت: (ئەو کەسەی بە ناڕەوا لە بـراکەی تـورە بێـت دەبـێ داوەری بکرێـت)، ئەگـەر داوای ئاشتبوونەوە و پێکەوە گونجـانی کـرد، ئـەوا ماوەیـەك بـواری پـێدەدات بۆ هێمن بونەوە و دامرکانەوەی دەروون و، گەڕانـەوەی دەروون بـۆ هێمـنی و لەسەرخۆیی، هەر یەك لەو دوو کەسە ناکۆکـە سـێ رۆژ لەیـەك دادەبـڕێن، تورەیـیان تێـیدا دەڕەوێـتەوە، دەرونیان ئارام دەبێتەوە، دوای ئەوە لەسەریان پێویست دەکات ئاشت ببنەوە.

((لا يَحِـلُّ لِمسـلمٍ أَنْ يَهْجُـرَ أَخَـاهُ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ، يَلْتَقِيَانِ فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْرِضُ هَـذَا، وَخَـيْرُهُمَا الَّـذِي يَـبْدَأُ بِالسَّـلامِ: بۆ هیچ مسوڵمانێك دروست نیە زیاد لە سێ

شەو پەیوەندی لەگەڵ براکەی بېڕێت، کە بەیەك دەگەن پشت لە یەك دەکەن، چاکترینیان ئەوەیانە، کە سەرەتا سەلام دەکات))[1].

ئیسلام رقی لەو بێئارامییەیە، کە دەرونان شڕ دەکات و بڕوا بەخوا کەم دەکاتەوە و لەوانەیە دوچاری بارێکی خراپ بێت، لەبەر ئەوەی ئارام و خۆگرتن پێوەری هێز و پێوەری بڕوایە، پێغەمبەری سەروەر دەفەرموێت: ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ وَشَقَّ الْجُيُوبَ وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ: ئەو کەسە لە ئێمە نیە کە لەرووی خۆی دەدات و یەخەی خۆی دادەڕێ و، بەشێوەیەکی نەفامانە بەشان و باڵی مردووەکەدا هەڵبڵێت))[2].

بەڵام ئیسلام خەمباری و فرمێسك بە تاوان دانانێت و، زۆر لە دەروون ناکات بە تەواوی ئارام و وشك و ڕەق بێت، چونکە ئەمە لە سەروی تواناوەیە و، لەوانەیە بەرەو توندوتیژی و دڵڕەقیی بىبات. ئا ئەوەتا (محمد) پێغەمبەری خوا خۆی بۆ (ئیبراهیم)ی کوڕی فرمێسکی بە چاواندا دێتە خوارەوە و، دەفەرموێ: ((يَا إِبْرَاهِيمُ، إِنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ وَلا نَقُولُ إِلاَّ مَا يَرْضَى رَبُّنَا، وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ: ئیبراهیم! چاو فرمێسك دەڕێژێت و، دڵ خەمبار دەبێت، تەنها ئەوە دەڵێین کە خوا پێی ڕازییە، ئیبراهیم! ئێمە بە دابڕانی تۆ خەمبارین))[3].

ئەو ئارامەی ئیسلام داوای دەکات، ئارامگرتنی دڵدانەوە و خۆڕازاندنەوە و یادکردنەوەی خوا و گێڕانەوەی بەڵاکەیە بۆ لای خوا: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الأَمْوَالِ وَالأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ: بە هێندێك ترس و برسی بون و کەم بونەوەی ماڵ و، کەس وکار و بەروبوم تاقیتان دەکەینەوە، مزگێنی بدە بە ئارامگران.. ئەوانەی ئەگەر تووشی بەڵایەك بوون گوتیان: ئێمە هەر ئی خواین و هەر بۆ لای ئەو

---

[1] رواه البخاري
[2] رواه الخمسة الا اباداود
[3] رواه الأربعة

دەگەڕێینەوە، ئەوانە خێر و بێر و بەزەیی پەروەردگاریان بەسەردا دەبارێت و ئەوانەن، کە ڕێنوێن بوون. ﴾البقرة/١٥٥-١٥٧.

ئا بەمشێوەیە و... بەمشێوەیە... ئیسلام ئەرکی لەتوانا بەدەر بەسەر کەسدا نادات، بە ئەرکەکانەوە کۆتبەند نابیت و لەژێریدا بارگران نابیت و، بەڕاڕایی و پەرتەوازەیی لەنێوان ئەرکەکان و تواناادا نامێنێتەوە، بەڵکو بە بەدەنگەوەچوون خۆشحاڵ دەبێت و بە گوێڕایەڵی ئاسودە دەبیت و، دڵت ئۆقرە دەگرێت و دەحەسێیتەوە.

ئاسودەبون بە خوا

ئیسلام لەڕێی مەیل دانە لای خودا و، دڵنیابوون لە نزیکیی و، متمانە بە بەزەیی و چاودێری و پاراستنی ئەو، ئۆقرەگرتن و ئاسایش و ئاشتی دەڕێژێتە دەرونەوە، ئیسلام بەوە جودا دەکرێتەوە، کە تیایدا پەیوەندی نێوان پەروەردگار و بەندە ڕاستەوخۆیە، قەشەو فاڵگرەوە ناچنە ناویەوەو، لە زەوی یان لە ئاسماندا بە ویستی هیچ دروستکراوێکەوە پەیوەست نیە.

تاك لەسایەی ئەم پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەدا هەست دەکات، کە پاڵی داوەتە هێزێکەوە، کە هیچ هێزێك لەسەرویەوە نیە و، هیچ هێزێك بەرامبەری ناگرێت. ئەو هێزە هەموو کات ئامادەیە و لەبەر دەستیەتی کە پەنای بۆ ببات و داوای یارمەتی لێ بکات، بەو مەرجەی خۆی بۆی دڵسۆز بێت و، لە هەستیا هیچ هێزێك نەکاتە هاویەشی و، لە ویژدانیدا حیساب بۆ هیچ هێزێکی دیکە نەکات: ﴿وَقَالَ رَبُّكُم ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ: پەروەردگارتان فەرموویەتی: بانگم بکەن، بە دەنگتانەوە دێم.﴾ غافر/٦٠.

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِي فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ: ئەگەر بەندەکانم دەربارەی من پرسیاریان لێ کردیت؛ من نزیکم، هەرکەس بانگم بکات وەڵامی دەدەمەوە، با بەدەنگمەوە بێن و بڕوام پێ بهێنن، بەڵکو ڕێنمون دەبن.﴾ البقره/١٨٦.

لە سایەی ئەو هێزەدا هەر هەموو هێزەکانی زەوی بچوك دەبنەوە، پەردە درۆینەکانی مەزنێتی و دەسەڵاتە ساختەکان بەردەبنەوە و، بەهێز و دەوڵەمەند و خاوەن پایە و دەسەڵات و پادشاکان هەرهەموویان بە بچوك و لاواز و کەم دێنە بەرچاو، کە نە سود بە ئادەمیزاد دەگەیەنن نە زیان.

﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا: بڵێ تووشی هیچ نابین، مەگەر ئەوەی خوا بۆی نوسیوین، ئەو سەروەرمانە.﴾التوبة/٥١.

هەر هەموو هێزەی‌کانی سەر ڕووی زەوی تواناییان بەسەر مێشێکدا نیە: ﴿وَإِنْ يَسْلُبْهُم الذُّبَابُ شَيْئًا لاَ يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ: ئەگەر مێشێك شتێکیان لێ بڕفێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوە، داواکار و داواکراو هەردووك لاوازن.﴾ الحج/٧٣.

لەژێر سایەی ئەم هێزەدا تاك لە ڕۆزی و پایەی خۆی دڵنیا دەبێت، هەروەك چۆن لە ژیان و سەلامەتی خۆی دڵنیایە، هیچ هێزێك نیە و کەس ناتوانێ زیان لە ڕۆزیی یان پایەی یان کاروبارێك لە کاروبارەکانی دونیا و ڕۆژی دوایی بدات، ئەو بەهێزێکی تۆکمەیە، کە هاوتای هەموو هێزێکە کە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، چونکە پشتیوانی لەم هێزە مەزنە وەردەگرێت، کە بڕانەوەی بۆ نیە، کە هەموو گەردوون بەڕێوە دەبات، دەسەڵاتدار و توانادارەکان بەڕێوە دەبات: ﴿قُلْ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ وَتُعِزُّ مَنْ تَشَاءُ وَتُذِلُّ مَنْ تَشَاءُ بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ: بڵێ: خوایە! ئەی خاوەنی هێز و دەسەڵات! هەرکەس بۆ خۆت مەیلت لێبێ دەسەڵاتی پێ دەدەی، کێش تۆ حەزکەی دەسەڵاتی لێ دەستێنی، هەر کەس مەیلت لێبێ بەرێز و پایەبەرزی دەکەی، هەرکەس مەیلت لێبێ سەرشۆڕ و زەبوونی دەکەی، هەموو چاکەیەك بە دەستی تۆیە، تۆ توانات بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.﴾آل عمران/٢٦.

﴿إِنْ يَنْصُرْكُم اللَّهُ فَلاَ غَالِبَ لَكُمْ وَإِنْ يَخْذُلْكُمْ فَمَنْ ذَا الَّذِي يَنْصُرُكُمْ مِنْ بَعْدِهِ: ئەگەر خوا سەرتان بخات، کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێت، ئەگەریش پشتتان بەر بدات، کێ لەدوای ئەو یارمەتیتان دەدات.﴾آل عمران/١٦٠.

﴿مَــنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّه الْعِزَّةُ جَمِيعًا: کەسێ ڕێز و قەدری دەوێ، ڕێز و قەدر گشتی لەدەست خودادایە﴾فاطر/١٠.

﴿وَلِلَّــه الْعِزَّةُ وَلِرَسُوله وَلِلْمُؤْمِنِينَ: دەستەلاّت هەر بۆ خودا و، بۆ پێغەمبەری و ئاپۆرەی مسولّمانانە﴾المنافقون/٨.

﴿يَاأَيُّهَــا الــنَّاسُ اذْكُــرُوا نِعْمَةَ اللَّه عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّه يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّــمَاءِ وَالأَرْضِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ: خەلّکینە! لەبیرتان بێت خوا چەندی چاکە لەسەر ئێوە هەیە؛ ئاخۆ بێجگە لە خوا، هیچ وەدیهێنێك هەیە، کە لە ئاسمان و زەویــدا بژێــوی ئــێوە دابــین بکــات، بــێجگە لەو هیچ خواوەندێك نیە شایستەی پەرستن بێت، چۆن ڕووی لێ وەردەگێڕن.﴾فاطر/٣.

ئەگــەر هــەموو هــێزەکانی زەوی دەســت لەناودەســت بن بۆ زیان پێگەیاندنی، نــاتوانن مەگــەر خــوا ویســتی لەســەر بێــت، جــا ئەگەر خوا ویستی ئازارێکی پێ بگــات، ئــەوە حیکمەتــێکی بــەرزی خــوای تــێدایە، چــاکەیەکی بەرزتر لە چاکەی ســنورداری تــاکی تــێدایە، بــەڵکو چــاکەیەکی بۆ ئەو تاکە تێدایە، کە لەو کاتەدا نایزانێــت، بــەلاّم خــوای وەدیهێنەری گەورە ئاگاداری تەواوی بونەوەرە و دەیزانێت: ﴿وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَــمُ وَأَنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ: لەوانەیە شتێك حەزی پێناکەن بەلاّم بۆتان بەخێر بگەڕێ، لەوانەشــە شتێك حەزتان لێی بێت و ئاکامەکەی خراپ بێت بۆتان.. خوا دەیزانێ و ئێوە نایزانن.﴾البقرة/٢١٦.

تــاك هــەر ئــەوەندەی لەســەرە خۆی بداتە دەست خوا و، ڕەزامەندی خوا بکاتە ئامــانجی خــۆی و، جــیهاد و تێکۆشــان بکــات بــۆ بەرزکــردنەوەی وتــەی خــوا و، بەدیهێــنانی ویســتی خــوا لــە زەویدا و، هیچ ڕۆژێك خۆی نەداتە دەستەوە و خۆی ســوك نــەکات، لــەو ڕێگایەشــدا خەمبار و دلّتەنگ نەبێت بەوەی لەدەستی چووە، چــونکە هەر شتێکی لەو ڕێگایەدا پێشکەشی کردووە لای پەروەردگاری پارێزراوە و ون نابێــت: ﴿وَلاَ تَحْسَــبَنَّ الَّذِيــنَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّه أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُــرْزَقُونَ: ئەوانــەی لــەڕێی خــودا کوژراون، هەرگیز بە مردوویان حیساب مەکەن،

بەڵکو زیندون و پەروەردگاریان بژێویان دەداتێ.﴾آل عمران/١٦٩-١٧١. ﴿وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ: خواش لەگەڵتانە، کردارەکانیشتان نەبڕاوەیە.﴾محمد/ ٣٥.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوا ئاگای لێیەتی و بەرێزی دەکات: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً: ئێمە رێزی نەوەی ئادەممان گرت و لە وشکانی و زەریادا هەڵمانگرتن، رۆزیی پاکژمان پێداون، لەچاو زۆر لەوانەی وەدیمان هێناون پتر قەدرمان گرتون.﴾الإسراء/٧٠.

ئەو خودایە میهرەبان و بەسۆزە بۆی، ئەگەر تەوبەی تەواو بکات لێی وەردەگیرێت و دەیبورێت، یان یەك یەك لە خراپەکانی دەپرسێتەوە، ئەگەر رێی ون کرد و گومڕا بوو رێنمونی دەکات، ئەگەر چاکەی کرد پاداشتی چەند جارە دەداتەوە، سزا توندەکەشی تەنها بۆ ئەوانە جێبەجێ دەکرێت، کە لە خراپەکاری رۆدەچن: ﴿غَافِرِ الذَّنْبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ: لەگوناهان دەبورێت و تەوبە و پەشیمانی قەبوڵ دەکات و سزای توندوتیژە و دەستی چاکە و بەخشینی لەسەر بەندەکانی درێژە.﴾غافر/٣.

﴿مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ: هەرکەس چاکەیەك بکات، دە ئەوەندەی چاکە لەگەڵ دەکرێتەوە. کەسێکیش خراپەیەك بکا، بە ئەندازەی خراپەکەی سزا دەدرێ و کەس ستەمی لێ ناکرێ.﴾الأنعام/١٦٠.

بە هەموو ئەمانە دەروون ئاسودە و ئارام و متمانە بەهێز دەبێت، کە رِوداوەکان نایلەرزێنن و، کارەساتەکان رامالّی ناکەن و، لەهیچ شتێك داناچڵەکێ و ناترسێ: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ: ئەو کەسانەی کە بڕوایان بەخوا هەیە و بە یادی خوا دڵیان ئارام دەبێت، هەر بەیادی خوا دڵ ئارام و ئۆقرە دەگرێت.﴾الرعد/٢٨.

دابینکارەکان و دڵنیاییەکان(الضمانات والتامینات)

ئیسـلام بەپـێی تێڕوانیـنە گشتییەکەی بۆ ژیان و هەڵنەرەکانی و هۆیەکانی و، پێویستییەکانی و ئارەزووەکانی و، ماددیەتیەکانی و رۆحانیەتیەکانی.. تاك ناداتە دەسـت بیروبـاوەڕە گیانـیەکەی، کـە لـە ویژدانـیدایە، بـەڵکو یارمەتی دەدات بە بەدیهێـنانی هۆیـەکانی لـە جـیهانی واقـیعدا، چونکە جیهانی واقیع لە ئیسلامدا پاچڤانێکی کرداریی جیهانی ویژدانە.

پاشـان تـەنها لـەو سـنورە ناوەسـتێت، کە تاك لە خوا دڵنیا بکات، بەڵکو لە ژیانی واقیعیدا دەستوری وای بۆ دادەڕێژێت، کە ئەو دڵنیاکەرەوانە بگرێتە ئەستۆ، جـا تاك لە دەوروبەری خۆیدا تەنها هەست بە ئاسایش و دادگەری و بوونی تەواوی پێویستییەکان دەکات.

ئیسـلام تاك لە هەموو دەستدرێژییەك دڵنیا دەکات، چ دەستدرێژی تاك بۆ تاك بێـت، یـان دەسـتدرێژی دەسـەڵاتدار لـێی، ئەو تاکە هەست دەکات لە ناوەندێکدا دەژیـت، کە خۆشی دەوێت و دژایەتیی ناکات و، ئاگاداری خۆیی و ماڵ و ناموسی دەکـات: ((لا يُؤْمِـنُ أَحَدُكُـمْ حَـتَّى يُحِـبَّ لأَخِـيهِ مَـا يُحِـبُّ لِنَفْسِهِ: هیچ کەسێکتان بـڕواتان تـەواو نابێـت هـەتا ئـەوەی بـۆ خـۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت))[1]. ((كُـلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَعِرْضُهُ وَمَالُهُ: خوێن و ناموس و مـاڵی هـەر مسـوڵمانێك لـە مسـوڵمان حەرامـە))[2]. ((وَاللَّهِ لا يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لا يُؤْمِـنُ، وَاللَّـهِ لا يُؤْمِـنُ، قِـيلَ: مَـنْ يَـا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الَّذِي لا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَايِقَهُ: بـەخوا بـڕوادار نـیە، بـەخوا بـڕوادار نـیە، بـەخوا بـڕوادار نـیە.. گوترا: کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی دراوسێکەی لە خراپەی دڵنیا نەبێت))[3]

دەسـەڵاتدار لـە سنوری یاسادا نەبێت، هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر تاکدا نیە. ئەو یاسا خوداییەی تاك و دەسەڵاتدار وەك یەك ملکەچ دەکات، ئەو یاسایەی لە حەز و

---

[1] رواه الخمسة الا اباداود

[2] أخرجه الستة الا النسائي.

[3] أخرجه الشيخان واللفظ للبخاري.

ئـارەزووی دەسەڵاتدار، یان چینێك یان كۆمەڵێك وەرنەگیراوە و، جێبەجێكردنی بۆ دابیـنكردنی بـەرژەوەندیی دەسەڵاتدار، یان چینێك یان كۆمەڵێك دانەنراوە، بەڵكو خـوای پەرسـتراوی هـەموان و خـاوەن و گـەورەی هەموان، بۆ بەرژەوەندی هەموان دایڕشـتوە، ملكەچـی ئـەم یاسـایە ملكەچییە بـۆ خـوا، نـەك بـۆ بەندەیـەك لە بەندەكانی، دابینكردن تیایدا بۆ هەموانە، چونكە بۆ هەموان دارێژراوە.

ئەمەیـە جـیاكاری ئـەو وڵاتـەی، لەسەر دەستوری ئایین و یاساكەی دامەزراوە. سەربەسـتی تـەواو لـە هەموو بەندایەتییەكی سەر زەوی تەنها لە سایەی ئەم جۆرە یاسـایەدا دەبێـت، ئەگـەر كۆمەڵـە مرۆڤـێك، هەركەسێك بن، دەستور بۆ كۆمەڵە كەسـێك دارێـژن، هەرگیز ڕێزی ڕەها و یەكسانیی ڕەها و بەرژەوەندیی ڕەها نایەتە دی، دەسـەڵاتداران هـەردەم وا هەست دەكەن، كە ئەوان پەروەردگارن، لەبەر ئەوەی ئـەوان دەسـتور دادەنـێن، یاسـاش هـەردەم لـە بـەرژەوەندی چـینێك دەبێت بەبێ چینێكی دیكـە، كـە هەرگیز بەرژەوەندییەكانی هەموان بەدی ناهێنێت. تەنها لە یـەك بـاردا تـاك، ملكەچـی یاسـا دەبێـت و هەست بە سەربەرزی و سەربەستی و بـەرژەوەندی تـەواوی خۆی دەكات.. لەو بارەدا كە دەستور هەمووی لە شەریعەتی خـوا وەرگیرابێـت، كـە تـیایدا فەرمانڕەوا تەنها خودایە، دەسترۆیشتو و زاڵ تەنها خودایـە، هـیچ بەرژەوندیـیەكی نیە لە زاڵ كردنی چینێك بەسەر چینێكی دیكەدا، یـان ملكـەچ كـردنی چینێك بۆ چینێكی دیكە، تەنها لەو كاتەدا تاك دڵنیا دەبێت بـە دادوەری ڕەهـا و دەحەسـێتەوە. لـەو كاتـەدا دەسـەڵاتدار لـەو فـیز و خۆبەگەورەزانیـنە دادەبـەزێ، كە لە دەسەڵاتی یاسادانان دا وەری دەگرێت، هەست دەكـات كـە هیچی بەدەست نیە، تەنها جێبەجێكردنی یاسای خودایی نەبێت، ئەو یاسـایەی لەسـەر ئـەو و هـەموو تاكێك وەك یەك فەرز كراوە، ئا ئەمەیە ڕزگاریی تەواوی ڕاست.

ئیسـلام لـەم یاسـایەیدا هـەموو دڵنـیاكەرێكی بۆ دابین دەكات؛ ژیان و ماڵ و ناموسـی دەپارێزێـت، تـەنها بـە حـەقی خـوا نەبێـت دەسـتكاری ناكرێـت، لـە

گاڵتەپێکردنی، یان سیخوڕی بەسەرەوە کردنی یان لە پاشملە باسکردنی، یان رەفتار لەگەڵ کردنی بە گوێرەی گومان دەیپارێزێت:

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَومٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلاَ نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ، يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلاَ تَجَسَّسُوا وَلاَ يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ: ئەی بڕواداران! با هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکتان نەکەن، لەوانەیە ئەوانەی گاڵتەیان پێدەکەن لەوان باشتر بن، با ئافرەتانیش گاڵتە بە ئافرەتان نەکەن، لەوانەیە ئەوان لەوان باشتر بن. لە سیلەی چاو داگرتن و تانەو تەشەر لەیەك دان و ناوو ناتۆرە لێك هەڵدان دەس هەڵگرن، چونکە لە پاش بڕواهێنان، فاسقی و لەرێلادان خراپترین ناوە.. هەرکەس پەشیمان نەبێتەوە لە ستەمکارانە.. ئەی بڕواداران! لە زۆربەی گومانان خۆبپارێزن، چونکە هەندێك گومانی وا هەن گوناهن. سیخوڕی بەسەر یەکەوە مەکەن و لە پاشملە خراپەی یەکدی مەڵێن، ئاخۆ کەستان حەزی لێیە گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات؟ دیارە پێتان ناخۆشە، دەسا لەخوا پارێزکار بن، خوا تەوبە وەرگر و دلۆڤانە.﴾الحجرات/١١-١٢.

هەروەها سەربەستیی ناوماڵەکەی خۆی و رێز و حورمەتی دابین دەکات و نابێ کەس بەسەر دیواریدا ئاودیو بێت و نابێ کەس بەبێ مۆڵەتی ئەو بچێتە ماڵەکەی:

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلاَ تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُم ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ: ئەی بڕواداران! مەچنە ناو هیچ ماڵێکی بێجگە لە ماڵی خۆتان هەتا مۆڵەت نەخوازن و سڵاو لە خەڵکەکەی نەکەن.. ئەمە بۆ ئێوە باشترە و بەڵکو پەندی لێ وەرگرن. ئەگەر کەستان تیادا نەدیت مەچنە ژوورێ تا مۆڵەتتان پێ دەدرێ.

ئەگـەریش پێتان وترا: بگەڕێنەوە، ئەوا بگەڕێنەوە، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە. خوداش لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.﴾النور/٢٧-٢٨.

هەروەها تاوانیش نابێـت بـە ئـاودیو بـون بـۆ ناو ماڵان و، سیخوڕیکردن بەسەر خەڵکەوە لە ناو ماڵیاندا بسەلمێنرێت.

دەگێڕنەوە کـە عومـەری کـوڕی خەتـاب-خوای لێڕازی بێت- لە یەکێك لەو شـەوانەی بـەناو شـاردا دەگـەڕا، بـەلای ماڵێکدا تێپەڕی و گوێی لە دەنگی ژن و پیاوێك بوو، وادیارە گومانی بۆ دروست کرد، بۆیە چوە سەر دیوارەکە تا تەماشا بکـات، دیتی ژن و پیاوێکن و کوندەی ئارەقیان پێیە، عومەر گوتی: ئەی دوژمنی خـوا! وا دەزانی خوا لە کاتی سەرپێچی کردنیدا دەتشارێتەوە؟ پیاوەکە گوتی: ئەی ئـەمیری بـڕواداران! مـن یـەکجار سەرپێچـی خـوام کـرد، بەڵام تۆ سێجار؛ خودا دەفەرموێـت (ولا تجسـسـوا) سـیخوڕی بەسەر یەکەوە مەکەن، تۆ سیخوڕیت بەسەر ئـێمەوە کـرد، خـودا دەفـەرموێ (وأتوا البیوت من أبوابها) لە دەرگاوە بچنە ناو ماڵەکانـەوە، تـۆ بەسەر دیواردا هاتیتە ژورەوە، خودا دەفەرموێ (ولا تدخلوا بیوتا غـیر بیوتکم حتی تستأنسوا وتسلموا علی أهلها) مەچنە ماڵێکی بێجگە لە ماڵی خۆتان هەتا مۆڵەت نەخوازن و سەلام لە خەڵکەکەی نەکەن، تۆ نەتکرد.

بـەم جـۆرە عومـەر هەستی کـرد کـە بـۆی نـیە سـزای بـدات، چـونکە (پێویستیەکانی سزادان پوچ بۆوە)! بۆیە داوای تەوبەکردنی لێکرد!

بـەم دابیـنکردنانە ئیسـلام هەموو ئاسودەیی و سەربەستی و حورمەتێکی تاك دەگرێتە ئەسـتۆ. ئەگـەر دەسـتدرێژکارێك دەسـتدرێژی بکاتـە سـەری، ئەوا تۆڵە ئامادەیـە، جـا ئـەو دەسـتدرێژکارە هـەر کەسـێك بێـت، ئەگـەریش دەسەڵاتداری هەرەبـەرز بێـت، ئیسـلام نـە لە یاساکەیدا و نە لە واقیعە مێژووییەکەیدا -کاتێك فەرمانـڕەوا بـوو-، لـە تۆڵەسـەندنەوەدا جیاوای لەنێوان خەلیفە، یان ئەمیر لەگەڵ تاکـێك لـە تـێکڕای مسـوڵمانان نەکـردووە.. (محمد)ی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆڵەی لـەخۆی دەردەهێـنا، عومـەری کـوڕی خەتـاب لێدەگەڕێ کوڕە میسرییەك کە لە تـێکڕای گەلـە، بـە ئـارەزوی خۆی لە کوڕی (دوو بەڕێزەکە) بدات -کوڕی عەمری

کوڕی عاصی فەرمانڕەوای میسر-، عەلی کوڕی ئەبوتالیب ناکۆکی خۆی و نەصرانیەك، کە زرێیەکەی دزیوە دەباتە لای شورەیحی قازی، قازیش حوکم لەدژی عەلی دەردەکات، لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دزەکە نیە، خەلیفەش زەردەخەنە دەیگری و ڕازی دەبێ!

هەروەها و هەروەها، کە لێرەدا بواری درێژەپێدانی نیە و ئاماژەیەکمان بەسە.[1]

پاشان ئیسلام ڕۆزیی تاك لە گەردنی کۆمەڵدا دابین دەکات، لەکاتی بەتواناییدا کار و کرێی گونجاوی بۆ دابین دەکات، لەکاتی پەککەوتن و نەتوانین و نەخۆشی و پیریدا، دابینکاری کۆمەڵایەتی بۆ دابین دەکات، منداڵ لەکاتی شیرەخۆرەیی و کاتی تازەپێگەیشتندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، تا ئەو کاتەی توانای کاری دەبێت. لەکاتی قسەکردن لەسەر ئاشتی کۆمەڵدا، بە درێژی باسی ئەو دابینکارییانە دەکەین، لێرەدا تەنها ئەوەندەمان بەسە، کە ئاماژە بەو دابینکارییانەی تاك بدەین، کە لە واقیعی ژیاندا ئارامی دەخاتە دەرونییەوە و دڵنیایی دەخاتە گیانیەوە، ئەمە دوای ئەو ئارامیە ڕۆحییەی، لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا دەیبینێت.

ئیسلام هەموو هۆکارەکانی ئاشتی لە ناخی ویژداندا دابین دەکات، دروشمەکەشی ئەوەیە وەك لە سەرەتای ئەم بەشە گوتمان: (ئاشتی بۆ جیهانێك نابێت، کە ویژدانی تاك تیایدا بە ئاشتی نەژێت).

---

[1] بگەڕێوە بۆ باسی (من الواقع التأريخي) لە کتێبی (العدالة الإجتماعية في الإسلام)

ئاشتیی ناو ماڵ

ماڵ شوێنی گەڕانەوە و ئارام بوونە، لە سایەیدا منداڵ پەروەردە دەبێت، بەرەبەرە پێدەگات، سروشت و رەفتار لە سروشتی ئەو ماڵە وەردەگرێت، لە کەش و هەواکەی هەناسە دەدات و لەسەری ڕادێت.. چەندین ڕوداو و کارەسات لەسەر شانۆی کۆمەڵ روویدا و کاری کردە سەر ڕێڕەوی مێژوو، کە ورووژێنەرە شاراوەکانی لە کارتێکەرەکانی ناوماڵدایە.

ئەو تاکەی لە ماڵەکەیدا بە ئاشتی ناژێت، بەهای ئاشتی نازانێت، هەرگیز تامی ناکات، هەرگیز نابێتە هۆکاری ئاشتی، کە لە دەمارەکانیدا جەنگ و، لە دەرونیدا دڵەڕاوکێ و، لە ڕۆحیدا شپرزەیی دەبێت.

ئیسلام هەر لەو کاتەی ڕوو دەکاتە ویژدانی تاك و، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، لە هەمان کاتدا ڕوودەکاتە چاندنی تۆوی ئاشتی لە ماڵدا، چونکە هەموویان بازنەی هاوکاری یەکدین و، پێکەوە پەیوەستن و پەیوەندییان لە نێواندا هەیە.

بەستنی پەیوەندیەکی پیرۆز

ئیسلام یەکەم جار دەست دەکات بە وێناکردنی پەیوەندی ناوماڵ بە شێوەیەبەکی بەرز و ناسك، کە سۆزی لێ دەدرەوشێتەوە، تاریکی دەرەوێنێتەوە، فێنکی دەبەخشێ و بۆنی خۆشی لێ دێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِه أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً: یەکێك لە نیشانەکانی خوا ئەوەیە، کە لە خۆتان هاوجوتی بۆ وەدیهێناون، تا لەلایان بحەسێنەوە و ئارام بگرن و، سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە نێوانتان.﴾الروم/٢١.

﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ: ژنەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوە، ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.﴾البقرة/١٨٧.

ئەمە پەیوەندیی دەروونە بە دەروونەوە، پەیوەندیی ئارامی و ئۆقرەگرتنە، پەیوەندیی سۆز و خۆشەویستی و بەزەییە، پەیوندیی داپۆشین و جوانکردنە. لە هەمان ئەم وشانەدا هەست بە سۆز و بەزەیی دەکەیت و فێنکی و سێبەرت بۆ

دێت. ئەمە دەربڕینێکی تەواوی حەقیقەتی ئەو پەیوەندییەیە، کە ئیسلام بۆ ئەو پەیوەستبونە ئادەمیە بەتینە فەرزی دەکات.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە تێبینی هەموو پێویستییەکانی ئەو پەیوەست بوونەی تێدا دەکرێت، کە یەکێك لەوانە درێژەپێدانی ژیانە لەڕێگای مندالّەوە، هەموو ئەو پێویستییانە مۆرکی پاکی و بێگەردیی پێوە دەنرێت و، دان بە پاك و خاوێنیی و راستیەتیەکەیدا دەنێت و، هاورێکی لەنێوان ئاراستەکانی و پێویستیەکانی دروست دەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە دەفەرموێت: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ: ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن.﴾البقرة/٢٢٣.، هەروەها مانای چاندن و زۆرکردنی تیادا بەدی دەکرێت.

ئیسلام دەورەی ئەو شانەیە، یان بێشکەیە، یان ئارامگەیە بە هەموو چاودێری و دابینکارییەکی خۆی دەدات. بەپێی سروشتی هەمووەکی ئیسلام، تەنها بە تیشکدانەوەوی ڕۆحی ناوەستێت، بەڵکو ڕێکخستنی یاسایی و دابینکاری یاسادانانی بەدوادا دێت.

یەکەم: پێویستە ئەو پەیوەست بونە ڕەزامەندی و مۆڵەتی تێدا بێت، ئافرەت بەبێ مۆڵەت و ڕەزامەندی خۆی مارە ناکرێت: ((لا تُنْكَحُ الثَّيِّبُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ وَلا الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ وَإِذْنُهَا الصُّمُوتُ: بێوەژن مارە ناکرێت هەتا فەرمانی لێ وەرنەگیرێت، کچ مارە ناکرێت هەتا مۆڵەتی لێ وەرنەگیرێت و مۆڵەتەکەی بێدەنگ بوونە))[1]

ئەمەش وا پێویست دەکات، کە ببینرێت تاکو ئەو ڕەزامەندییە تەواو بێت و لەسەر راستەقینە بنیات نرابێت و لە هەستەوە هەڵقولابێت: ((انْظُرْ إِلَيْهَا فَإِنَّهُ أَحْرَى أَنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا: تەماشای بکە، چونکە تەماشاکردن خۆشەویستی لەنێوانتان دروست دەکات)).[2]

---

[1] أخرجه الشيخان

[2] لە فەرموودەیەکدا کە لە (مغیرەی کوڕی شعبە)وە هاتوە، خاوەنی (مصابیح السنە) گوتویەتی کە لەفەرمودە (حسن)ەکانە.

دووەم: پێویستە ئاشکرایی و شاهێدیی تێدابێت، نابێت وەکو تاوان بە نهێنی و شاراوەیی ئەنجام بدرێت، پێویستە وەڵام دانەوە و قبوڵ کردنی ڕاشکاوی تێدا بێت و شاهێدەکان ئاگادار بن، جا هیچ گومانێك یان شاراوەیی لە دامەزراندنی ئەم پەیوەستبونە نامێنێت، هەتا وا باشترە بۆ زیاتر ئاشکراکردن بەو بۆنەیەوە، تەپڵ لێبدرێت.

سێیەم: بۆ ئەم پەیوەندیە پیرۆزە پێویستە نیەتی بەردەوامی تێدا بێت، نەك تا کاتێکی دیاریکراو بێت، ئەگەر نیەتی وابوو یان رایگەیاند، کە ئەم هاوسەرگرتنە بۆ کاتێکی دیاریکراوە، ئەوا مارەی نایەت. چونکە ئەم پەیوەند بەستنە بە مەبەستی ئارام و ئۆقرەگرتنە، مەبەستی ئەوەیە کە ژن و مێرد بە دڵنیاییەوە خۆیان بدەنە پاڵی و، لە سایەیدا بەبێ ترس و دڵنیایی ژیان بنیات بنێن.

ئیسلام بۆ دابین کردنی کەشی ناوماڵ و، دابین کردنی چاودێری بۆ ئەو منداڵانەی تیایدا پێدەگەن.. لەسەر پیاوی پێویست کردووە و بەپێویستی داناوە، کە بژێویان بۆ پەیدا بکات، بۆ ئەوەی دایك توانا و کات و هێمنیی بۆ بڕەخسێت بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو منداڵە ناسکۆڵانەو، هەروا ئەوەی بۆ بڕەخسێت ئەو سیستەم و بۆن و بەرام و خۆشییەی لەو ئارامگەیەدا ئامادەی بکات. دایکی کارکەر بۆ پەیداکردنی پارە و، شەکەت و ماندوو بە پێویستییەکانی کار و ، پەیوەست(مقید) بە کاتە دیاریکراوەکانی، کە تواناکانی تیایدا پەرش بوەتەوە.. ناتوانێت بۆن و بەرام و کەشی خۆش بەماڵ ببەخشێت، ناتوانێت ماف و چاودێری تەواو بە منداڵەکان ببەخشێت.. ماڵی ژنە فەرمانبەر و کرێکارەکان هەروەکو کەش و هەوای ئوتێل و میوانخانەکان وایە، بۆن و بەرامەی ماڵانی تێدا بڵاو نیە. لەڕاستیدا ماڵ دروست نابێت بەبێ ئەوەی ئافرەت بنیاتی بنێت، بۆن و بەرامی ماڵ بڵاو نابێتەوە مەگەر ژن بڵاوی بکاتەوە، سۆزی ناوماڵ بڵاو نابێت مەگەر دایك لە ئەستۆی بگرێت، ئەو ئافرەتەی، یان ژنەی، یان دایکەی کات و توانا و وزە ڕۆحییەکەی لە کارکردندا بەسەر ببات، لە کەش و هەوای ماڵدا تەنها ماندوێتی و داهێزران و بێزاری بڵاو دەکاتەوە.!

دەرچوونی ژن بۆ کارکردن کارەساتێکە بەسەر ماڵدا دێت و لەوانەیە پێویستیی ڕێگای پێبدات، بەڵام ئەوانەی بە خۆشی خۆیان دەیکەن، ئەگەرچی داران، دەتوانن نەیکەن، ئەوە نەفرەتێکە و لە چەرخەکانی بەرەودواچون و بێئاگایی و گومڕاییدا، تووشی گیان و ویژدان و ژیرییەکان بووە.

لەپێناو ئارامی ماڵ و بڕینی ڕێگای بێسەروبەری و ناکۆکی تیایدا، ئیسلام سەرپەرشتی ماڵی بۆ پیاو داناوە، ئەمەش هاوتەریبی سیاسەتی ئەو ڕێکخستنەیە، کە ئیسلام زۆر مکوڕە لەسەری، ئەو ڕێکخستنەی وای لە پێغەمبەرﷺ کرد، کە فەرمان بە پیاوان بکات، کە ئەمیر و براگەورەیەك بۆ خۆیان دابنێن، هەتا ئەگەر سێ کەسیش بۆ کارێك دەرچوون با یەکێکیان ئەمیر بێت.

یەك بەڕێوەبەر بۆ ئاسایشی کەشتی پێویستە، لە کەشتیی ماڵیشدا دەبێ بەڕێوەبەرێك هەبێت، کە بەرگەی شوێنکەوتەکان بگرێت و سیستەم(نظام) لە شکست بپارێزێت، لەمەشدا هیچ ڕیزپەڕییەك لە بنەما ئیسلامییە گشتییەکەدا نییە، هەتا لە جیهانی پیاوانیشدا. ژن و مێرد کامیان ژیربێژی قبوڵیەتی، کە بەڕێوەبەرایەتی بداتە دەست؟ ئافرەت کە سۆز و هەڵچونی بەسەردا زاڵە، بەهۆی ئەو ئەرکە سەرەکیەی هەیەتی، لە چاودێری منداڵ و بۆن خۆش کردنی کەش و هەوای ناوماڵ، یان ئەو پیاوەی کە ئیسلام ڕایسپاردووە پێویستییەکان دابین بکات، تا ئافرەت یەکلابێتەوە بۆ بارگرانیە مەزنەکەی و، هەموو وزە و توانای تیادا خەرج بکات؟

ئیسلام کە سەرپەرشتیارێتی داوە بە پیاو، بۆ بەدیهێنانی سیستەمەکەیەتی، تا لە هەموو کارێکدا بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتیارێتی هەبێت، بۆیەش هەڵیبژاردووە، چونکە بە پێی چۆنیەتی دروست بونی و ئەزمونەکانی، شایانترە بەو ئەرکە.

بەم شێوەیە کاتێك مەسەلەکە بەم ڕوون و ئاشکراییە دەخرێتە ڕوو، ژاوەژاوی قسە پوچەکانی ئەو پیاو و ئافرەتە مێشك بەتاڵانەی ئەم سەردەمە سەبارەت بەم سیستەمە ئاشکرا دەبێت، بە دیاردەکەوێت کە بۆشایی لە ژیان و بۆشایی لە

دلـەکان و بـۆ شـایی لە مێشکەکان ئەم ژاوەژاوە دروست دەکات و دەیکاتە بابەتی شەڕەقسە و گفتوگۆ.

ئـەوە سیسـتـەمێکە ئیسـلام مەبەسـتیەتی بـیکات بە ئەڵقەیەك لە ئەڵقەکانی ئاشتی لەناو ماڵدا و، ئارامی و ڕێکوپێکی تێدا دابین بکات.

بـەڵام لـە سـەردەمەکانی داڕوخـاندا، لـە ماوەکـانی هەبوونی بۆشایی لە کارە گـرنگەکاندا، کۆمەڵ هیچی دەست ناکەوێت خۆی پێو خەریك بکات تەنها پەلك و پاڵ نەبێت، هەروا تەنها دەنگەدەنگ و زۆر لەسەر ڕۆیشتن نەبێت!

تێکەڵی و بەدەرخستنی جوانی ئافرەت بۆ پیاوی بێگانە

لەپێناو ئاشتی ناو ماڵ و بڵاوکردنەوەی متمانەبون و دڵنیایی تیایدا، ڕێگری لە بەدەرخسـتنی ئافـرەت بۆ پیاوی بێگانە کراوە، داوای خۆپاراستن لە تێکەڵی کراوە، فەرمان بە شەرم و خۆپارێزی کراوە، تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەردا بۆ دایکانی ئیماندارانیش: ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلاَبِيبِهِنَّ: ئـەی پێغەمـبەر! بە ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی بڕواداران بڵێ: با بە چوارشێوەکانیان خۆیان داپۆشن.﴾الاحزاب/٥٩.

﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ، وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلاَ يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوْ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلاَ يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ: بە بڕواداران بڵێ: چاو دانەوێنن و عەورەتی خۆیان بپارێزن، ئەمە بۆ ئەوان باشـترە و خوداش ئاگای لە هەموو ئاکاریان هەیە.. بە ئافرەتە بڕوادارەکانیش بڵێ بـا چـاویان دانەوێـنن و عـەورەتی خۆیـان بپارێزن و جوانیی خۆیان بەدیار نەخەن، تـەنها ئەوانـە نەبێـت کـە بەدەرەوەن، با سەرپۆشەکانیان بەسەر سینگ و بەرۆکی

خۆیـان دا بـدەن ورازاوەیی خۆیان دەرنەخەن، مەگەر بۆ مێردەکانیان یان باوکانیان یان باوکانی مێردەکانیان یان منداڵەکانیان یان منداڵی مێردەکانیان، یان براکانیان یـان مـنداڵی براکانـیان، یـان مـنداڵی خوشـکەکانیان، یـان ژنەکانـیان، یـان خزمەتکارەکانـیان، یان ئەو پیاوانەی سەر بەوانن و هیچ نیازێکیان بە ژن نیە، یان ئـەو منداڵەی هیچ دەربارەی عەورەتی ژنان نازانن.. با پێیەکانیان بە زەویدا نەدەن تا بزانرێ کە خشڵی ڕازاندنەوەیان شاردوەتەوە.. ئەی بڕوادارینە! هەموو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا بەڵکو ڕزگار بن.﴾نور/ ٣٠-٣١.

مـافی پـیاوە -هـەروەکو مافی ئافرەتیشە- کە لە هاوسەرەکەی دڵنیا بێت و، دوچـاری هەڵخەڵـەتاندن نـەبێ و هەسـت و سـۆزی بەلایـەکی دیکـەی دور لـە هاوسـەرەکەی بـبات، ئەمە ئەگەر ئەم لاڕێبون(انحراف) بەرەو خلیسکان و گوناهی نـەبات، کـە ئـەو پەیوەندیـیە پیرۆزە دەخاتـە مەترسـییەوە و، دڵنـیایی تەواو و ئاسودەیی لە کەش و هەواکەی بەبا دەدات.

ئـەم لاڕێبونـە لـە هەسـت و سۆز و خلیسکان و بەرەو دورتر، هەموو ڕۆژێك و هـەموو چـرکەیەك لـەو کۆمەڵگایانـەدا ڕودەدەن، کـە تێکەڵاوی تیایدا کراوەیە و ئافـرەت تـیایدا بە ڕازاوەیی و بەرەڵایی دەردەچێت و، لەگەڵیدا شەیتانەکانی فیتنە و هەڵخەڵەتاندنـیش دەردەچن.. ئەو وڕێنە پوچانەش کە زمانی توتیئاساکانی ئێرە و زمـانی ڕێ لێونـبووەکانی ئـەوێ دەری دەبـڕن، گوایە تێکەڵاوی هەستەکان پاك دەکاتەوە و، وزە خەفەکراوەکانیش بەتاڵ دەکاتەوە و، هەردوو ڕەگەز فێری چۆنیەتی گفتوگۆ و پێکەوەژیان دەکات و، ئەزموونی پێدەبەخشێت، کە لە خزینە ناو گوناه دەیپارێزێت. هەڵبژاردنی دامەزراو و لەسەر ئەزموونی تەواو-بە توخمی هەڵەوەش-وا لە هاوسەر دەکات یەکدی بگرن، چونکە هەڵبژاردنەکەیان بە ڕەزامەندیی و دوای ئەزمون بووە.

دەڵـێم: ئەمـە وڕێـنەیەکە واقـیع دەیڕوخێنێت، واقیعی لاڕێ بوونی بەردەوام و گۆڕانی یەك لەدوای یەکی هەست و سۆزەکان و، تێکشاندنیماڵەکان بە تەڵاقدان و شتی دیکە و، بڵاوبوونەوەی ناپاکیی ژن و مێرد لەو کۆمەڵگایانەدا.

ئـەزموونی تـەواو ڕێگـا لـەوە ناگرێـت، کـە بـەهۆی تـێکەڵاوی ڕەهـاوە، کەسایەتییەکی بەهێزتر و تەواوتر و سەرنج ڕاکێشتر لە ژیانی مێرد، یاخود ژن سەر هەڵبدات. ئایـا لـەو کاتـەدا چـی ڕوودەدات؟ یـان ئەوەیـە کـە ژن یـان مـێرد دەخلیسـکێتە نـاو گوناهان و بەدەم ئەو ئارەزووە تازەیەوە دەچێت، یانیش بەرگری لـەخۆی دەکـات بـۆ پاراسـتنی ئـەوەی هەیـەتی، جـا دەکەوێـتە نـاو دڵەڕاوکێ و سەرسـامی و شـپرزەییەوە.. ئـەم دوو ڕێگایـەش هەردوکـیان بـەرەو ئاشـتی دڵ و ئاسـودەیی ڕۆح و، ئاسایشـی ماڵـەکان ناچـن.. ئەمـە جگەلـەوەی مـرۆڤایەتی دەکەوێـتە نـاو خـراپەکاری و، وەك ئـاژەڵ ڕەفـتار دەکـات و جڵـەوی حـەز و ئارەزووەکانیش بەرەڵا دەبێت!

بـەڵام ئەفسانەی پاکخویی و بەتاڵکردنی ئارەزو بەپاکی بەهۆی بەیەك گەیشتن و گفـتوگۆوە.. بـا لـەو بارەیەوە پرسیاری ڕێژەی کچە قوتابیە سك پڕەکانی قوتابخانە ئامادەیـیە ئەمریکییەکان بکـەن، کە لە یەك لە شارەکانیدا گەیشتوەتە ٤٨٪.[1] بـەڵام دەربـارەی ماڵـە بەخـتەوەرەکانی دوای هاوسـەرگرتنی تـێکەڵاوی ڕەهـا و ئـەزمونی تەواوەوە، با لەو بارەیەوە پرسیاری ڕێژەی ماڵە تێکشکاوەکانی ئەمریکا بکـەن بـەهۆی تەڵاقدانـەوە، کـە ئـەم ڕێژەیـە مـاوە دوای مـاوە لەگـەڵ زیادبونی تێکەڵاوی و ئەزموناندا زیاد دەکات!

ئـەم ڕێـژە ترسناکە بەو هێڵانەدا دەڕوات، بەپێی سەرژمێرییەکی ئەمریکی، کە لە ساڵی ١٩٥٠دا دەرچووە:

مێژوو	ڕێژەی سەدی
ساڵی ١٨٩٠	٪٦
ساڵی ١٩٠٠	٪١٠
ساڵی ١٩١٠	٪١٠
ساڵی ١٩٢٠	٪١٤

[1] لـە سـەرژمێرییەکی شـاری (دنفـر)ی پایتەخـتی ویلایەتی (کولورادو) وەرگیراوە، وابزانم بە هەمان ڕێگادا دەڕۆین دوای ئەوەی ئەو ڕێگا نەفرەت لێکراوەمان بۆ خۆمان هەڵبژارد.

ساڵی ١٩٣٠	%١٤
ساڵی ١٩٤٠	%٢٠
ساڵی ١٩٤٦	%٣٠
ساڵی ١٩٤٨	%٤٠

زۆر ماڵی تێکشکاوی دیکەیش لەژێر چەپۆکی ئارەزووە سەرشێتەکان و حەزە هەمیشە گۆڕاوەکان و دڵەڕاوکێیە توندەکاندا، بەدوایدا دێن. کە گۆڕانی هەست و سۆزەکان دەیوروژێنێت، لە کۆمەڵگایەکی دروستکراودا، ئەو کۆمەڵگایەی کە شێوە رازاندنەوەی نوێی ئافرەت و پیاوی تازە پیشانی ژن و مێردەکان دەدات و، هەردولا بەدوای نێچیری تازەدا دەچن و، ماڵەکان لەبەردەم رەشەبادا دەهەژێن، هەرکاتێك ژن یان مێرد بریسکەیەکی درەوشاوەی لە کەسایەتیەکی تازەدا دیت، ئەوا وەك ئەوەی مێرد یان ژن کەلوپەلێکی ناو ماڵ یان بۆینباغ یان جلوبەرگێکی تازەی جیهانی مۆدیلات بێت!

کاتی ئەوە هاتوە کە مرۆڤایەتی چاوێك بەو بیردۆزە خەیاڵیە بەتاڵانەدا بگێڕێتەوە کە دەڵێت: تێکەڵاوی بەتاڵکردنێکی خاوێن و بەسۆزە، تاقیکردنەوە بەرەو هەڵبژاردنی دەبات، هەڵبژاردنیش رێگای ئاسودەییە.

ئەمانە چەند بیردۆزەیەکن پێدەچێ لەگەڵ ژیریدا بگونجێت، بەڵام ئەزموونی واقیعی، کە بە تایبەتی لە ئەمریکادا گەیشتوەتە ئەوپەڕی، بەسە بۆ ئەوەی گاڵتە بەو بیردۆزە رووکەشییە بریسکەدارە بکات! تێکەڵاوی نەبوە هۆی بەتاڵکردنی ئارەزویەکی پاك، بەڵکو بوە هۆی ئاژەڵایەتیەکی تەواو، کە بەبێ سنور و پێوەند گوێڕایەڵیی حەزە لاشەییەکان دەکات.

ئەزمونی تەواو و تێکەڵاوی رەها، نەبوە هۆی یەکگرتویی ماڵەکان و، نەبوە هۆی ئاسودەیی و جێگیری، بەڵکو بوە هۆی لێك دابڕانی بەردەوام و، زیادبونی تەلاق و برسیەتی و شێتی و هاری بەردەوام!

ئەزمونی ئەمریکی لەم بوارەدا بەدرۆخەرەوەی بیروڕاکانی فرۆید و هاوڕاکانیەتی. بەڕوی هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بیبیستن هاوار دەکات، کە

تـێکەڵاوی بـەردەوام مایـەی هەڵچـوونی ئارەزوی بەردەوام دەبێت، جا یان دەگاتە ئەوپـەڕی مەبەسـتی و بـۆ ماوەیـەکی کـەم دەکوژێـتەوە، هـەتا ئـەو کاتـەی دادەگیرسـێتەوە، یـان ناگات بەم مەبەستە کرداریە ماددیە و، دەبێتە هۆی فشاری دەماری(الضغط العصبي) و ئەو نەخۆشیانەی، کە لێی دەکەوێتەوە.

بەتـەنها دڵسۆزیی زانستی بەسە بۆ چاوپێداخشاندنەوەی ئەو هەموو بیردۆزانەی لەژێـر ڕۆشـنایی ئەزمونـە ئەمریکـیە واقیعـیەکەدا، کـە شـاهێدی ئـەوە دەدات، هەڵـنەرە لاشـەییەکان ئـەوەندە بەهـێز و قوڵـن، بـەجۆرێك بەتاڵکردنی تێکەڵاوی نایکوژێنێـتەوە، هـەتا بەتاڵکـردنی تـام کردنیش نایکوژێنێتەوە، تۆ بە بۆنکردنی خواردنــی سـورەوەکراو برسـێتی گەدە ناشکێنیت، بەڵکو زیاتر تامەزرۆی دەکەیت! هـەروەها تـۆ بە خواردنی چەور و زۆر ئەم برسێتیە ناشکێنیت، مەگەر بۆ کاتێکی کـەم نەبێت، کە دوای بە ئاگاهاتنەوە زیاتر تامەزرۆ دەبێت و داوای خواردنی چەور دەکـات! برسیەتی جەستەش هەروەك برسیەتی گەدە وایە، هەردوکیان بەردەوامن.. توانـای خـوای دروسـتکار، ئـەو بەردەوامـیەی بۆیـان ویسـتوە، چونکە ئەرکێکی بەردەوامـیان پـێوە بـەندە لـە درێژەپـێدان و گەشـەپێدانی ژیـان.. ئـا ئەمـە ئەو هاوارەیە، کە ئەزمونی ئەمریکی بەڕوی بیردۆزە و خەیاڵەکانیدا دەدات!

ئیسـلام هـەموو ئەمانەی ڕەچاو کردبوو، کاتێك ئاماژەی بە داپۆشین دەکرد و، ڕێگـری لـە تـێکەڵاوی دەکرد و، فەرمانی بە چاودانەواندن دەکرد و، بەدەرخستنی ڕازاوەیی ئافرەتی بۆ پیاوی بێگانە حەرام دەکرد. دەیویست ویژدانەکان جێگیر بن و گـیانەکان ئاسـودە بـن و ماڵـەکان هـێمن بـن.. ئیسـلام ئاشتیی بۆ ئەو هێلانەیە دەویسـت، کـە نـە هـی مـێردە و نـە هی ژنە، بەڵکو ئەوان دوو چاودێری جوجەڵە نەرمونۆڵـەکانن، سەرڕاسـتن لەسەر منداڵیە ساواکاندا، پاسەوانی ژیانێکی کراوەن، کە وەك پارێزەر وان.

سنورەکان

ئیسلام حەزناکات خراپەکاری لە کۆمەڵگەدا بلاو بێتەوە؛ ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: ئەوانەی حەزدەکەن خراپەکاری

لەناو بڕواداران بڵاو بێتەوە، سزایەکی بەئێشیان بۆ هەیە﴾النور/١٩. ﴿وَلاَ تَقْرَبُوا الــزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً: نـزیکی زینا مەکەون، ئەوە خراپەکارییەکە و خراپترین ڕێگایە.﴾الإسراء/٣٢.

بڵاوبونــەوەی خراپەکاری کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە تێکشکاندنی بناغەکانی کۆمەڵگـەدا هەیـە، بـەڵام ئـەوەی لـێرەدا مەبەستمانە کاریگەرییەکەیەتی لەسەر ئاشتیی و هێمنی و ئاسایشی ناومالّ و، مکوڕیی ئیسلام لەسەر ئەو ئاشتییە.

ئیسـلام بـە هۆیـەکانی خۆپاراسـتن دەسـت پێدەکات، هەروەك باسمان کرد؛ کە فـەرمان بـە خۆداپۆشـین دەکـات و دەرخستنی ڕازاوەیی ئافرەتان بۆ پیاوی بێگانە حـەرام دەکـات و، تـێکەڵاوی قەدەغە دەکات و، هەوڵ دەدات لەڕێگای ژنهێنان و شـووکردنەوە -لـە کـاتی توانیـندا- خۆپاراسـتن و داوێن پاکی ئاسان بکات، هەتا بانگەشـەی مسـوڵمان دەکـات بۆ یارمەتیدانی بە پارە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت ژن بهێنێـت.. ئەگـەر نەیـتوانی ئەوا داوای لێدەکات، کە بەڕۆژوو بێت بۆ سوککردنی هەڵچـوونی ئـارەزو لـە جەستەدا: ((يَـا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغـضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَن لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ: ئەی گەنجیـنە، هەرکەسـێکتان لـە توانایدا هەبوو با ژن بهێنێت، ئەوە چاو دادەگرێت و داوێن دەپارێزێـت.. ئەوەش کە پێی ناکرێت هاوسەر بگرێ، بەڕۆژوو بێت، چونکە ڕۆژوو لەگوناهان دەیپارێزێت)).[1]

هـەروەها ئیسـلام وەرزش و سوارچـاکی خۆشەویسـت دەکـات، لەگـەڵ تێبینی کردنی ئەم مانایە لەگەڵ مەبەستەکانی دیکەی سوارچاکی.

بـێگومان پـەروەردەی ئیسلامیی هاوسەنگ و هاوڕێك، لەڕێگای حەرام کردنی دەرخسـتنی ڕازاوەیـی ئافـرەت بـۆ پـیاوی بـێگانە و، زیـادەڕۆیی لـە قسـە و، قەدەغەکـردنی تێکەڵ بوون بەبێ پێویستییەکی ناچاری، لەگەڵ ڕاگرتنی جەستە بە وەرزش و ڕۆژوو و، زوو ژنهێـنان و شـووکردن بەپـێی توانـا.. شـوێنەکانی ئـارەزو

---

[1] البخاري

وروژانـدن و هۆیـەکانی فیتـنـە دوردەخاتـەوە.. بـێگومان هـەموو ئەمانە هۆکاری ئیجابین لە گرتنی نەفس و جەستە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

توتی ئاساکانی ئێرە و سەرلێشێواوەکانی ئەویش دەڵێن: ئەو نەفس گرتنە بەرەو (گـرێی دەرونـی)ی دەبـات، ئەمـە لەبەر ئەوەیە، کە ئەوان تەنها ئەو وێنە پیس و بۆگەنـەیان بـۆ کۆمەڵگە لەبەرچاوە، وێنەی ئەو گەنجە هاروهاجانەی لەگەڵ کچانی بـەرەڵادا دەسـوڕێنەوە.. وێـنەی ڕان و مەمکـە ڕوتـە دەرپـەڕیوەکان. وێـنەی تەماشـاکردنە ئاشکراکانی چاو و ئارەزووە ڕژاوەکانی لێو. هەڵنەری هەموو ئەمانە و خۆشـکەری ئاگـرەکەی بریتیـیە لـە دیمەنەکانی فیلمە بەرەڵاییەکان و، وێنەی ناو ڕۆژنامـە تاوانـبارەکان و، دەنگـی پیاوە خۆ بە ئافرەت چوێنەکان و ئافرەتە خۆ بە پـیاو چـوێنەکان لـە ئـێزگەکاندا. سەرەڕای ڕێنماییە پیسەکانی هەموو دەزگاکانی ئاڕاستە و ڕاگەیاندنی گشتی، لەپشت هەموو ئەمانەشەوە ڕابواردن و دەست بەتاڵی لەلایەك و، داهێزران و هەڵوەشانەوە لەلایەکی دیکە. بە دەوری هەموو ئەمانەشدا، بازرگانەکانی شەرەف و ناموس و نێرەموکە گەوادەکان هەیە!

... کۆمەڵگایـەکی بـەم شـێوەیە، نـەفس گرتـنی تێدا سەختە، چونکە هەموو هۆکارەکـانی فیتـنـە تـیایدا هەڵچـوو و گەرم و هار و بەرەڵایە. کۆمەڵگایەکی بەم شـێوەیە، ئاسـودەیی دەرونـی تـیادا دەسـت ناکەوێت و، ئاشتی لە ماڵەکان بەدی ناکرێـت. بـەڵام کۆمـەڵگای ئیسـلامی هـەر لـە بـنەڕەتەوە پێچـەوانەی هـەموو ئەمانەیـە. کۆمەڵگایەکـە دژایـەتی تـێکەڵاوی و بـەرەڵایی دەکـات، دژایـەتی خۆچـواندنی ژن و پـیاو بەیـەکدیی دەکـات، دەزگاکـانی ئاراستەکردن و ڕاگەیاندن تـیایدا خەریکی ئاڕاستەکردنی خەڵکە بۆ چاکە و ڕەوشت بەرزی و، دەست و داوێن پـاکی و، خۆپارێـزی لـەخوا و چاودێری کردنی، هەروەها تەنها بەندەی خوا بن! کە ئـەوەش لـەدوای هـەموو ئەمانـە بۆشـاییەکانی ژیـان پـڕ دەکاتـەوە بـە خـەمی گەورەگـەورە لە پێناوی خوا و لە پێناوی مرۆڤایەتی.. بۆشایی کاتیش بە کارکردن پڕ دەکاتەوە، جا ئەو ئافرەت و پیاوانەی تیا بەدی ناکرێت، کە هیچیان نیە ژیانیان پـێ پـڕ بکەنەوە و، تواناکانیان تیایدا بەکار بخەن، تەنها حەز و ئارەزووەکان نەبێت،

تـەنها رابواردنێکی خراپەکاری و بەرەڵایی نەبێت لە ئاهەنگ و گەشت و سەربازگە تێکەڵاوەکان و، سەرقاڵ کردنی ئەو گەشتیارانەی خوازیاری حەز و ڕابواردنن.!

ئیسـلام لێ ناگەڕێـت پەرداخـە ئـارەق ببێـتە هـۆی هەڵچـوونی خوێـن لـە دەمارەکـاندا، لێناگەڕێـت مـەمك و لـێوی تینو و سەرنجی بەدڕەوشتانەی ئافرەتە ڕوتەکان بانگی پیاو بکەن و، پاشان داوا لە پیاوان بکرێت حەزەکانی خۆیان بگرن و ئارەزویـان خەفەبکەن!.. نەخێر، ئیسلام کارەکە لە هەموو لایەکەوە وەردەگرێت و، هـەر لـە هـەنگاوی یەکەمـەوە ڕێگـا لە هۆکارەکانی فیتنەدەگرێت، پاشان خەڵك بەقەدد توانای خۆیان ئەرکبار دەکات، بەبێ سەختی و زۆرلێکردن.

ئەگـەر دوای ئـەوە خراپەکاری ڕویدا، ئەو لەپێناو ئاشتیی ناوماڵ و یەکگرتویی کۆمەڵگە، کارەکە بەوە چارەسەر دەکات، کە سزای وا لەسەر ژن و پیاوی خراپەکار دابنێـت، کە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە سەری: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِد مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَة وَلاَ تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِـرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ. الزَّانِي لاَ يَنكِحُ إِلاَّ زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِـيَةُ لاَ يَـنكِحُهَا إِلاَّ زَانٍ أَوْ مُشْـرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ: ئەگەر ئێوە بـڕواتان بە ڕۆژی قیامەت هەیە، داوێن پیسانی نێر و مێ-هەریەکەیان- بە لێدانی سـەد تازیانـە تەمێ کەن. لە ئاییني سەر بە خودا، بەزەیی هاتن بێجێیە. با چەند کەسـێکیش لـە بڕواداران لەو لێدانە ئاگادار بن.. نێری داوێن پیس هەر دەبێ ژنی داوێـن تـەڕ بخوازێ، یان ژنی بتپەرستێ بێ. ژنی داوێن تەڕیش هەروا یان مێرد بە داوێن پیس بکا، یان بە بتپەرست، لەبۆ بڕواداران ئەم کارە بەربەست کراوە.﴾النور/ ٢-٣.

پێغەمبەریـیش ﷺ ژنـی مـێرددار و پـیاوی ژنـداری بەردباران کردوە، نەك بە جەڵدە لێدان، جێنشینەکانیشی لەدوای ئەو هەمان سزایان داوە.

جـا گوێـت لـە توتی ئاساکانی ئێرە و سەرگەردانەکانی ئەوێ دەبێت، کە دەڵێن ئەمـە سـزایەکی توندوتـیژە. بـەڵام تـێکدنی مالـەکان و، ڕاڕایـی ویژدانـەکان و، گومانـاوی گزیکـردنی کـردنی ڕەچـەڵەکەکان توندوتیژ نیە.. ئەم سزایە توندوتیژە،

چـونکه ئـەو ژن و پـیاوانەی لەو خۆشییەدا دەژین و کاریان ئەو خراپەکارییەیە، کە ئەوانن بە توندوتیژ وەسفی دەکەن، هەست بەو قامچیانە دەکەن کە بەر پێستە نەرم و شلەکەیان دەکەوێت، هەست بەو بەردانە دەکەن کە بەر لاشە نەرم و بێبەهاکەیان دەکەوێـت. ئـەوان بەرگری لە خۆیان دەکەن و بە ناوی یاسا هاوچەرخەکانەوە زمان درێـژی دەکـەن و، سـنورەکانی ئیسـلام بە توندوتیژی و وەحشیەت وەسف دەکەن، کەچی خۆیان وەحشین و بەرەو ژیانی ئاژەڵی یەکەم دەگەڕێنەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئیسـلام ئـەم سـزا چاوشـکێنە جێـبەجێ ناکات، مـەگەر لەو حاڵەتانـەی دڵنـیابوونی ڕەهـای تێدابێـت بەبێ هیچ گومانێك، هەروا لەو بارانەی ژنـدار یـان مـێرددار بێـت، کـە هەموو پێویستییەکی ناچارکەری نامێنێت، بەڵام ئەوانـەی کـە ژنـدار یـان مـێرددار نـین سزاکەیان سـوکترە و لە لێدان بە قامچی تێناپەڕێت.

پێغەمـبەریش ﷺ فەرمویـەتی: ((إدرأوا الحدود بالشبهات: بە گومان خۆتان لە سـنورەکان-حەددەکان- لابدەن))[1] لەبەر ئەوەی ئەو تاوانەی گومانی لەسەر بێت، ئـەو تاوانـە نیە، کـە ڕون و ئاشـکرا و گەورە بێت و هانی خراپەکاری بدات، ئەو تاوانـە شـایانترە بە سۆزنواندن و سوککردنەوە، لە تەمبێکردنیشدا ئەوەندە بەسە، کـە ئـەو تاوانـبارەی تاوانەکـەی ئاشـکرا ناکـات، پێویسـتە شاهێد هەبن-کە لە حاڵـەتی زیـنادا چوارکەسـن-، هەمووشـیان دڵنـیا بـن لە ڕودانی تاوانەکە و هیچ یەکێکـیان گومانـیان نەبێت و، گومان لە ڕاستگۆییان نەبێت، ئەگینا نە بەردباران دەکرێت و نە دارکاری.

ئەگـەر بـزانین کـە سـیخوڕی و ئـاودیوبون بەسەر دەرگا و هەڵکوتانە ناو ماڵە تایبەتیـیەکان قەدەغەیـە، ئـەوە دەزانـین کـە گرتـنی ئەم تاوانە و بینینی لەلایەن شـاهێدەکانەوە بـەو مەرجانەی ئیسلام بۆ جێبەجێکردنی سنورەکان دیاری کردوە، زۆرجـار رونـادات، مەگـەر لەو حاڵەتانەی زۆر بە ئاشکرا و بێئابڕوانە و لە شوێنە گشـتییەکاندا و بەفـیزەوە تاوانەکـەی ئاشـکرا بکـات. ئەمانـەش بڵاوکـردنەوەی

[1] في مسند ابي حنيفة الحارثي.

خـراپەکاری و سوکایەتیکردنە بە شەرەف و ناموس، لەگەڵ ئەمانەدا سزادان لەلای فیترەت ڕاستەکان و سروشت ساغەکان بە توندوتیژی ناونابرێت.

بـۆ ڕێگەگـرتن لـە بڵاوبوونـەوەی تاوانـبارکردن بە هەق و ناهەق، لە ئیسلامدا هەرکەسـێك تاوانـێك بـۆ ئافـرەتی مـێرددار یـان پیاوی ژندار هەڵبەستێت و چوار شـاهێد نەهێنێت، ئەوا دارکاری دەکرێت و چیدیکە باوەڕی پێناکرێت و شاهێدیی لێ وەرناگیرێت:

﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلاَ تَقْـبَلُوا لَهُـمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ، إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْـلَحُوا فَـإِنَّ اللَّـهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ: ئەو کەسانەش کە بوختان بۆ ژنی داوێن پاك دەکـەن، چـوار شـایەتیش*ناهێـنن، هەشـتا شـەلاقیان لێبـدەن. هەرگـیز نابێ بە شـایەتیان قبوڵ بکەن، ئەوانەن کە لەڕێی خودا لایان داوە. مەگین ئەوانەی پاش ئەم کارە پەشیمانی دەردەبڕن و ئاکاری خۆیان چاك دەکەن، دیاریشە کە خودا لێبوردەی دلۆڤانە.﴾النور،٤-٥.

ئەمـەش بـو ئەوەیە تاکو بوختان کردن و، دڵەڕاوکێ لە دەرون و ماڵەکاندا بڵاو نەبێـتەوە و، قسەوقسـەڵۆکی خـراپ لـەناو کۆمەڵگە بڵاو نەبێتەوە، کە بەهۆیەوە متمانە نامێنێت و ترس و گومان جێی دەگرێتەوە:

﴿لاَ يُحِـبُّ اللَّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلاَّ مَنْ ظُلِمَ وَكَانَ اللَّهُ سَمِيعًا عَلِيمًا: خـودا پـێی خـۆش نـیە هـیچ کەس بە دەنگی بەرز قسەی ناحەز بدرکێنێ، مەگین غەدری لێکرابێ. خودا بیسەر و زانایە.﴾النساء/١٤٨.

ئەگـەر تاوانـبارکردن لەسـەر زمانی مێردەوە ژن تاوانبارکرا و، شاهێدی نەبوو، ئـەوا ئیسـلام ڕەچاوی باری ماڵەکان و نەبونی شاهێد دەکات و، لە سزا دەیبورێت، ئەگـەر چـوار شـاهێدی بـە خـودا بـدات، کـە لە ڕاستگۆیانە و، شاهێدی پێنجەم نەفـرەتی خوای لێبێت، ئەگەر لە درۆزنان بێت. ژنەکەش لە سزا دەپارێزێت بەوەی، کـە چـوارجار شـاهێدی بەخودا بدات، کە پیاوەکەی درۆزنە، شاهێدی پێنجەمیش بـەوەی، کـە غـەزەبی خـوای لەسـەر بـێ، ئەگـەر پیاوەکەی ڕاستگۆ بێت، جا بەم

(نەفرەت لێکردنە) لێکدی جودا دەکرێنەوە، چونکە ژیان دوای ئەمە ڕاست نابێتەوە.

﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلاَّ أَنفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ، وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ: ئەو کەسانەش کە بوختانی داوێن تەڕی بە ژنانی خۆیان دەکەن و غەیری خۆیان چەند شایەتی دیکەیان نیە، هەرکامێکیان دەبێ چوارجار خودای لێ بە شایەت بگرێ کە لەم بارە درۆ ناکا، با بۆ جاری پێنجەم بڵێ: ئەگەر ئەم قسەیەم درۆیە بەر نەفرینی خوا کەوم.. ژنەکەش لە ئازاردان رزگاری دەبێ، کە ئەویش هەتا چوار کەڕەت خوا بە شایەت بێنێتەوە کە مێردەکەی درۆ دەکا، بۆ جاری پێنجەمیش بڵێ: ئەگەر قسەی کابرا ڕاست بێ بەر غەزەبی خودا کەوم.﴾النور/٦-٩.

تەڵاق

تەڵاق؟ تەڵاق دەرگای ئاشتیی ئەم شانەیە. بێزراوترین حەڵاڵە لەلای خودا، ناپەسەندە بەڵام پێویستی ڕێگای پێ دەدات، بۆ جێبەجێکردنی ئاشتی ڕاستەقینە لە کەشی ناومالّدا، ئەمە لە کاتێکدا، کە ئاشتی لە هەموو ڕێگاکانی دیکە مەحاڵ دەبێت. ئەمە دان پێدانانێکە بەو ڕاستییەی، کە نکوڵی لێکردنی زمان لوسەکان دادی نادات و، خەونی شاعیرەکان لەناوی نابات.. هەندێك حاڵەتی واقیعی هەیە، کە ژیانی ژن و مێردایەتی تیایدا مەحاڵە، جا بە زۆر پێکەوە بەستنی ژن و مێرد بەو پەیوەندەیە ئەنجامی باشی نابێت و، کۆتاییەکەی بە ئاشتی نایەت.

ئیسلام پەلە ناکات لە پچڕاندنی پەیوەندیی پیرۆزی ژن و مێردایەتی، هەر لەگەڵ یەکەم جار و لە یەکەم دەرکەوتنی ناکۆکی بڕیاری پچڕانی لەسەر نادات. ئیسلام ئەو پەیوەندیە توند دەکات و تا ئەوپەڕی توانا دەستی پێوە دەگرێت، بواری لەدەست دەرچوونی نادات مەگەر پاش هەوڵدان و بێئومێد بون و مەحاڵ بون.

ئیسـلام بـه پـیاوان دەڵێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْـرَهُوا شَـيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا: بـه تەرزێکی جوان و ڕەوا لەگەڵیاندا بجولێـنەوە، ئەگـەر خۆشـتان نـەهات لێـیان، شتی وا هەن ئێوە حەزی لیٚ نەکەن و چاکەی زۆری لە خوداوە بۆ ئێوە تێدابێ.﴾النساء/١٩.

وایـان لیٚدەکات هەتا لە کاتی ڕك لێبوونەوەشدا چاوەڕوان بن و ئارام بگرن، ئەو پەنجـەرە نەزانـراوەیان بـۆ دەکاتەوە: ﴿فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَـثِيرًا: شـتی وا هـەن ئـێوە حـەزی لیٚ نەکەن و چاکەی زۆری لە خوداوە بۆ ئێوە تێدابێ﴾النساء/١٩.

ئـەوان چـوزانن ئەو ئافرەتانەی ڕکیان لێیانە چاکتر نین، خودا ئەو چاکەیەیان بۆ هەڵدەگرێـت و ناشـێت لەدەسـت خۆیانی بدەن، ئەگەر واش نەبوو پێویستە دەستی پێوە بگرن و ڕێزی لیٚ بگرن!

هـیچ لـەم دەربڕیـنە جوانـتر نـیە بـۆ بەشـەرمدا هێنان و وروژاندنی ویژدان و، دەستەمۆکردن و خامۆشکردنی ڕك لێبونەوە.

ئەگـەر کارەکـە لـە مەسـەلەی ڕك لێبونەوە و خۆشەویستی، سنوربەزی کرد بۆ یاخیبون و لێك دوورکەوتنەوە، تەڵاق یەکەم بیرو ئەندێشە نیە، کە ئیسلام ئاماژەی پـێ بکـات، بـەڵکو پێویسـتە کەسانی دیکە هەوڵیان لەگەڵدا بدەن و چاکەخوازان هـەوڵی گونجاندنیان بدەن: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا: ئەگـەر ترسان کـە ژن و مـێرد دوودڵن و پێکەوە هەڵناکەن، کەیخودانێك لە کەسوکاری پیاوەکە و کـەس وکاری ژنەکە با بینە ناوبژیکەر، هەرکاتێ هەردوولا ڕازی بوون پێك بێنەوە، خودا پێکیان دێنێتەوە، خودا زانا و ئاگادارە.﴾النساء/٣٥.

ئەگـەر ئـەم هەوڵانـە سـودی نەبوو، کەواتە کارەکە بەوپەڕی ڕاستییە و، شتێك هەیـە کـە بەهۆیـەوە ژیانەکـە ڕاسـت نابێتەوە و، ئارام ناگرێت. زۆرکردن لە ژن و مـێرد بـۆ مانـەوە لەسـەر ئـەو بـارە، هەوڵـێکی شکسـت دارە و، فشاریش زیاتر شکستیی پیٚ دەدات.. جا حیکمەت ئەوەیە کە خۆ بدرێتە دەست واقیع و، کۆتایی

بەو ژیانە بهێنرێت، ئەگەرچی ئیسلام پێی پەسند نیە، چونکە ناپەسندترین حەڵاڵ لای خودا تەڵاقە. ڕەنگە ئەم جودابونەوەیە حەزێکی تازە لە دەروونی هەردوولا بوروژێنێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان، زۆرجار پاش لە دەستدانی شتێك هەست بە گرنگییەکەی دەکەین، کاتێك لێی بێبەش دەبین، ئنجا هەست بە چاکەکانی دەکەین.. هەلیش لەدەست نەچووە: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ: تەڵاقی ژن دوو کەرەتە، ئەوسا یان ڕاگرتنێ باش و خودا پەسند، یان بەخۆشی و بێ هەرا دەست لێك بەردانە.﴾البقرة/٢٢٩.

جا تەڵاق لەکاتی بێنوێژیدا ناکەوێت، بەڵکو لەو پاکیەدا دەکەوێت، کە جوتبونی تێدا نەکرابێت.. ئیسلام ئەم ماوەیە درێژ دەکاتەوە، بەڵکو توڕەبونەکە هێوربێتەوە، ئەگەر ئەوە هۆی تەڵاقدانەکە بێت.. پاشان لەدوای یەکەمین تەڵاق ماوەی (عیددە) هەیە بۆ ئەو ژنانەی مێردەکانیان لەگەڵیان جوتبوون، کە ماوەکە نزیکەی سێ مانگە ئەگەر سکی نەبوو، ئەگەر سکیشی هەبوو، هەتا منداڵبونەکەیە و، لەسەر مێردەکەیە لەو ماوەیەدا خەرجیی بکێشێت و ڕەزیلیی لێ نەکات.. لەو ماوەیەشدا بۆی هەیە ئەگەر پەشیمان بوەوە بیگێڕێتەوە و، بەبێ هیچ مارەبڕینێکی دیکە لەسەر ژیانی خۆیان بەردەوام بن.. ئەوە (تەڵاقی ڕەجعی)یە و، ژیانی هاوسەرایەتی بۆی هەیە بە کەمترین هۆ بەردەوام بێت.

ئەگەر ماوەی (عیددە)کە بەبێ گێڕانەوەی ژنەکە تێپەڕی، ئەوا تەڵاقەکە دەبێتە (بائن)، بەڵام هێشتا هەلەکە لەدەست نەچوە، هەرکاتێ ویستیان دەتوانن بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن، بەڵام بە مارەبڕینێکی تازە.

ئەوە یەکەمین تاقیکردنەوەیە، کە بەهۆیەوە حەقیقەتی هەست و سۆزی ژن و مێرد ئاشکرا دەبێت، ڕاستیەتیی ئەو هۆیانەیان بۆ دەردەکەوێت، کە بە هۆیەوە لێك جیابونەوە. ئەگەر ئەو هۆیانە دوبارە بونەوە یان هی دیکە پەیدا بون و، جارێکی دیکە مێرد پەنای بردەوە بەر تەڵاق، لەو کاتەدا تەنها یەك هەلی دەمێنێت، ئەوەش سێیەمە.. لە دووەمیشدا ئاگادارکردنەوەیە، ئەگەر زانیان

دەتوانن جارێکی دیکە پێکەوە بژین، هەروا ئەگەر بۆیان ئاشکرابوو کەمێك لە سۆز یان خۆشەویستی لەنێوانیان ماوە، ئەوا دەتوانن ژیانەکەیان دەست پێبکەنەوە.

بەڵام ئەگەر تەڵاقی سێیەم بوو، کەواتە هۆیەکە زۆر قوڵە و، هەوڵدان بێسودە، بۆ هەردووکیان وا چاکترە هەریەکەیان ڕێگای خۆی تاقی بکاتەوە، هەروەها بۆ مێردیش -ئەگەر سەرەڕۆ، یان هەڵەشە بوو- چاکترە تا ئەنجامی سەرەڕۆیی یان هەڵەشەیی خۆی وەرگرێت: ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّى تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ: ئەگەر لەپاش ئەم دووجارەش تەڵاقی دا، ژنەکەی بۆ حەڵاڵ نیە تا ژنەکە دەچێ مێردێکی دیکە دەکا.﴾البقرة/٢٣٠.

نەك بەرێگەی مارەبەجاش(المحلل) کە ئێستا بڵاوە و، ئیسلام دانی پێدا نانێت و شەریعەتەکەی بڕیاری لەسەر نادات. بەڵکو دەبێ ژنەکە مێردێکی ڕاستەقینەی تازە بکاتەوە بە نیازی هەتاهەتایی نەك بۆ کاتێکی دیاریکراو، جا ئەگەر بەهۆی شتێکەوە مێردە تازەکەی تەڵاقی دا، یان مرد، ئەوا مێردەکەی یەکەمی بۆی هەیە سەرلەنوێ مارەی کاتەوە و گەشتی ژیانیان پێکەوە دەست پێبکەنەوە.

ناشێت لەم بوارەدا ئەو ڕاسپاردانەی ئیسلام لە هەموو هەنگاوێکدا و، لە هەموو قۆناغێکدا لەیاد بکەیت سەبارەت بە ڕەفتاری چاك و دابینکردنی بژێوی لە ماوەی (عیددە)دا، بۆ لێکنزیك کردنەوەی دڵە لێك دوورکەوتوەکان، کە لەوانەیە سۆز و خۆشەویستی بۆی بگەڕێتەوە و جەستەی ناچار بکات و سەرلەنوێ ژیانێکی بێگەرد دەست پێبکەنەوە: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُم النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوف أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوف وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ: ئەگەر ژنتان تەڵاق دا وماوەی چاوەڕوانیەکەی بڕایەوە، یان بە تەرزێ خوداپەسند ڕایانگرن، یان بەرامبەر بە یاسای دین ئازادیان کەن، نەکا بە مەبەستی ئازاردانیان ڕایانگرن و لە هەق لادەن، هەرکەسێ وا ڕەفتار بکا، ناهەقیی لەخۆی کردووە.﴾البقرة/٢٣١.

﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُم النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لاَ تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلاَ يَخْرُجْنَ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ

وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لاَ تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا، فَإِذَا بَلَغْـــنَ أَجَلَهُـــنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَى عَدْلٍ مِـــنْكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَنْ يَـــتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَحْتَسِبُ: ئـەی پێغەمبەر! ئەگەر ژنـتان تـەڵاق دان، ماوەیەکیان بۆ دیاری بکەن و بیبژێرن، لەخودای پەروەردگارتان شـەرم بکـەن. لـە مـاڵ خۆیـان دەریـان مەکـەن؛ دەریش نەچن. جا مەگین هەر بە ئاشـکرا کـارێکی شـورەیی بکـەن. ئەمە سنوری خودایە، هەرکێ لە سنوری خودا بەولاوەتـر چـێ، ناهـەقی لـەخۆی کـردووە، تۆ چوزانی، لەوانەیە لەپاش ئەمە خوا شـتێ دیکـە وەدی بێـنێ.. سـا هـەرکاتێ ماوەکـەی خۆیان بەسەر برد، ئەوسا بە تـەرزێکی پەسـند ڕایانگـرن یـان لێـیان جیا ببنەوە؛ بە شێوەیێ کە لەناو خۆتاندا بـاوە. دووکەسـی ڕاسـت و دروسـتیش هـەر لە خۆتان لەم کارە ئاگادار بکەن، کە شـایەتی بـۆ خـوا بـدەن، هـەرکێ بـڕوای بـە خـوا و ڕۆژی قـیامەت هەیە، بەمە ئامۆژگـاری دەکـرێن، هەرکـێش لـە خـودا بترسـێ، دەرووێکـی لێ دەکاتـەوە، لە شوێنێکەوە بژێوی بۆ دەنێرێ کە بە خەیاڵیدا نایە.﴾الطلاق/١-٣.

هـەروەها نابێـت ئەوەش لەیاد بکەین، کە ئافرەت بۆی هەیە بە مەرج دابنێت، کـە تەڵاق لەدەست خۆی بێت، جا لەو بوارەدا هەموو مافێکی پیاوی هەیە لەکاتی پێویستدا.

ئـا ئەمەیـە تـەڵاق لـە ئیسـلامدا.. زمانـەی دڵنیاییە ناکرێتەوە، مەگەر هیچ بوارێکـی نەکـراوەنەی نەبێـت، هەوڵدان دوای هەوڵدان بۆ پارێزگاری و چاکسازی و چاوپێداخشـاندنەوە، هـەل لـە دوای هـەل ڕاسـتیی هەسـت و سۆزی ژن و مێرد بۆ یـەکدیی ئاشـکرا دەکـات، هـەروا هەڵەکانیان لە ڕەفتار کردن، یان هەڵەکانیان لە حساب بۆکردن، یان هەڵەکانیان لە هەست و سۆزیان بۆ ئاشکرا دەکات.

ئـەی ئـەو سەرشـێتە نەفامانە بۆچی خویان داوەتە ئەوەی ڕەخنە لەم سیستەمە بگـرن، یان عـەیبداری بکەن یان بیشێوێنن؟ دەڵێن: سیستەمێکە لێدەگەڕێ ئافرەت هـەردەم لەبـەردەم هەڕەشەی وشەیەکدا بێت، کە لە دەمی پیاوەوە دەردەچێت! ئایا

لـە حەقیقەتە ئیسلامییەکەیدا ئاوایە؟ یان بە دەرچوونی دڵەکان لە بازنەی ئیسلام، بـە دەرچـوونی کۆمەڵگـە لـە سیسـتەمی ئیسـلام، بە دەرچوونی فەرمانڕەوایی لە دەستی ئیسلام وای لێهات؟

ناپەسـندترین حـەلاڵ لای خـوا تەڵاقە، ناپەسەند(مکروە)ێکە پێویستیی ڕێگای پـێ دەدا. ئەگـەر دڵەکان گەندەڵ و، ڕەوشتەکان دارمان و، پەیوەندیەکان سوك بون و، بێـئابڕوویی بڵاوبـوەوە، کەواتـە کۆمـەڵگای گـەندەڵ خـۆی بەرپرسـە، نەك ئەو سیسـتەمە ڕۆشـنبینە دانایـە. چارەسـەریش بـە سنوردارکردنی ڕێپێدراو(مباح) و حـەرام کـردنی حـەلاڵ نابێـت، بـەڵکو بـە گێڕانەوەی فەرمانڕەوایی و ڕێکخستن و پـەروەردە بـۆ ئیسـلام دەبێـت، ئـەو کاتـە ئیسـلام هـەموو کۆمەڵگـە بەپـێی ڕێنمونیـیەکانی خـۆی دادەڕێژێـت.. یاساکانی ئیسلام بۆ کۆمەڵگایەك دانراوە، کە ئیسـلام فەرمانـڕەوایی دەکـات، بـۆ سیستەمێك کە لەسەر ئیسلام دامەزراوە، بۆ ویژدانێك، کە ئیسلام پەروەردەی کردووە.

لـێگەڕێن بـا ئیسـلام فەرمانـڕەوایی بکـات، دەرونـەکان پـەروەردە بکـات، ویژدانـەکان وریـا بکاتـەوە و، لـە دەسـتی سـەرەڕۆ و بێـئابڕوان بـدات و، هەموو ویستەکانی ئیسلام بەدی بێنێت و لە نێویاندا یاساکانی ئیسلامە.

ئەگـەر وام دانا تەڵاق لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی سەرگەردان و نەخۆشی ئـێمە سـنوردار کـرا. ئافـرەت چی لە خۆی و کەرامەتەکەی دەکات؟ ئایا دەیەوێت پـیاو لە دڵەوە بیدرکێنێت و یاساش پێوەی بلکێنێت؟! ئایا دەیەوێ پیاوەکە هەوڵی تـەڵاق دانـی بـدات و بـەردەوام بێـت لەسـەر هەوڵدانی و ئەمیش بە زۆر لەماڵدا بمێنێـتەوە؟! ئەوە چ کەرامـەتێکە ئەو ئافرەتە دەست بەتاڵە سەرەڕۆیانە بۆ ژنی داوا دەکـەن، خـودا ویسـتی کەرامەتـیان هەبێـت، ئەوانـیش ڕەتـیان کـردەوە و بـە سەرلێشێواوی و سوکی دەرپەڕین؟!

هاوسـەرایەتی پەیوەندیـەکی پـیرۆزە، تـەنها لەسـەر ڕەزامەندی و قەبوڵ کردن بنـیات دەنرێـت، تـەنها بـە ڕەزامەندی و قەبوڵ کردن بەردەوام دەبێت. سیستەمی تـەڵاق، مانەوەکـەی لەسـەر بنەما چاکەکانی دابین دەکات، جائەگەر دوای هەموو

ئەمە ئەڵقەکانی لێکترازان، ئەوا ترازانیش ئەوە دەگەیەنێت، کە بۆ مانەوە ناشێت، ئەو کاتە بۆ هەردووکیان واچاکترە و بەرێزترە، کە پەنا بەرنە بەر ژیانێکی دیکەی نوێ: ﴿وَإِنْ يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّهُ كُلاً مِنْ سَعَتِهِ وَكَانَ اللَّهُ وَاسِعًا حَكِيمًا: خۆ ئەگەر هەر بە یەکجاریش دەست لێك بەربدەن، خودا فراوانی لەلایە و هەردووکیان بێنیاز دەکا، بەزەیی خودا فراوانە و هەرخۆشی لەکارزانە.﴾ النساء/ ١٣٠.

فرەژنی

ڕێگەدان بە فرەژنی(تعدد الزوجات)، پێویستییەکی دیکەیە لە بواری خۆیدا ئەرکی زمانەی دڵنیایی دەبینێت، وەکو پێویستیی تەڵاق لە کاتی ناچاریدا.. ئەمە لە ئیسلامدا پارێزەرێکی پەتیی کۆمەڵگایە، بەهۆیەوە لە هەڵەی گەورەتر دەپارێزێت لە میزاجی تاکەکان و، ویستەکانی ژن و مێردەکان.

شوێنی باسکردنی ئەم مۆڵەتە لە بەشی باسکردنی (ئاشتی کۆمەڵگا)دا بوو، چونکە پێوەی بەستراوە و تێی ئاخنراوە، بەڵام لە بەشی (ئاشتیی ناوماڵ)یش نامۆ نیە -کە ئێستا ئێمە تیایداین-، چونکە لە ڕاستیدا، لە دیدی ئیسلامدا بۆ ژیان، تاك و ماڵ و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی هەمووی تێك هەڵکێشراون و هاوکار و هاوڕێکی یەکدین.

زۆربلێی و قسەڵۆکی دوورودرێژ و فراوان دەربارەی چیرۆکی فرەژنی لە ئیسلامدا بڵاو دەبێتەوە، جا ئایا بە ڕاستی ئەوە دەردێکی ترسناکە لە ژیانی کۆمەڵدا؟ ئایا بۆی هەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە دەردێکی ترسناك؟ ئایا پێویست دەکات یاسایەك هەبێت دژایەتی، یان سنورداری ئەو مۆڵەتە بکات، کە ئیسلام هێناویەتی؟

من سەرنج دەدەم و دەبینم، کە هەموو گرفتێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە یاسایەك هەبێت بۆ هەموارکردن و سنوردارکردنی، تەنها پرسی فرەژنی نەبێت، کە خۆی چارەسەری خۆی دەکات، کۆمەڵگا لە هەرکوێیەکدا بێت، هەر پێویستی پێی هەیە و، ڕەوش و پێویستیەکانی ڕێگای پێ دەدەن.

ئەمە پرسێکە ژمارەکان بڕیاری لەسەر دەدەن و، تیۆر و یاساکان بڕیاری لەسەر نادەن، نازانم چۆن دروستە زمانی تێ وەربدرێ، چۆن بوە بە بوارێکی بێنەوبەردە و

گفتوگۆ. مەگەر ئامانجی شاراوەی پشت ئەم کاویژکردنەی سەر زار و رۆژنامەکان و دەزگاکـانی ریـنمونی و راگـەیاندنی دیکـەدا، توانج گرتن و سوککردنی ئەم ئایینە بێـت لـە پۆخڵەواتـێکی مەبەسـتدار، وەك پاسـاوێك بـۆ دوورەپەرێزکـردنی لـە سیسـتەمی ژیـان. هـەروا بـۆ دانـانی سیسـتەمی دیکـەی خراپ لە جێگایدا، بە چـەندین رێگـای خواروخـێچ، کـە ئـەوەندە ئازایەتـیەیان تـێدا نـیە بێـباوەڕی و خوانەناسیی خۆیان ئاشکرا بکەن، هەروەك (مستەفا کەمال) لەپێشتر رایگەیاند!

لـە هەموو نەتەوەیەکدا ئافرەت و پیاو هەیە. هەر کاتێك ژمارەی ئەو پیاوانەی گونجـاون بـۆ ژنهێـنان و بـۆی ئامادەن و دەیانەوێت هاوسەر بگرن، یەکسان بوو بە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی گونجاون بۆ خواستن، ئەوا بە کردار هیچ پیاوێك ناتوانێت لە یەك ژن زیاتری دەست بکەوێت.. چونکە لێرەدا ژمارە بڕیار دەدات!

ئەگـەر پـیاوێك توانی ئافرەتێکی دیکەی دەست بکەوێت، واتە ئافرەتێکی زیاد هەیە، کە هیچ پیاوی لە بەرامبەردا نیە، جا نەبوونی ئەم پیاوە لە هەقیقەتدا بێت، یـان بـە نـەبوو بژمێردرێـت وەك یەکـە.. واتە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی مێردکردندان بە ژمارە زیاتر بێت لە ژمارەی پیاوەکان لە کۆمەڵگەدا، یان زیاتر لە ژمـارەی ئەو پیاوانەی لە هەموو ڕوویەکەوە گونجاون بۆ ژن هێنان و توانایان هەیە، یان ئەوانەی کە دەتوانن و دەیانەوێت.

جـا ئەگـەر ژمارەی ئەو ئافرەتانەی گونجاون بۆ مێردکردن لە هەقیقەتدا، یان لە حوکمـدا لـە ژمـارەی پیاوەکان زیاتر نەبێت، ئەوا -هەروەك گوتم- هیچ پیاوێك لە ژنـێك زیاتـری دەسـت ناکەوێـت، ئەگـەریش بیەوێـت، جـا پرسـەکە لـە رێگـای ژمارەکانەوە خۆی خۆی چارەسەر کرد.!

بـەڵام کاتـێك هاوسـەنگیی کۆمـەڵگا تـێك دەچـێت و، ژمارەی ئەو پیاوانەی گونجـاون بـۆ ژن هێـنان کـەمتر بوو لە ئافرەتان، جا ئەم کەمییە لە ڕووی ژمارەوە بێـت، هـەروەك لـەدوای جەنگـەکان و، ئـەو دەردو بەڵایانـەی، کە پیاوان زیاتر لە ئافـرەتان دوچـاری دەبـن، یـان بـە هەر هۆیەکی دیکە، یان لە ڕووی نەتوانینی ژن

هێنانەوە بێت لەبەر هۆیە ئابورییەکان یان خێزانییەکان، یان کۆمەڵایەتییە گشتییەکان.. جا تەنها لێرەدا بوار هەیە، کە پیاو بتوانێت چەند ژنێك بێنێت.

کەواتە با سەرنجی ئەم حاڵەتە بدەین، نزیکترین نمونە لەمبارەوە ئەڵمانیایە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا، کە لە بەرامبەر هەر گەنجێك کە لە تەمەنی ژنهێناندا بێت، سێ کچی عازەبی لەو تەمەنە -واتە ٢٠-٤٥ساڵی- هەبوو.. ئەمە حاڵەتێکی ناهاوسەنگیی کۆمەڵایەتیی ئاشکرایە، جا ئەو یاسادانەرەی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی ئافرەت و پیاو و بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتیدا کار دەکات، چۆن ڕوبەڕووی دەبێتەوە؟

تەنها یەك لەم سێ چارەسەرە هەیە:

چارەسەری یەکەم/ هەرپیاوێك یەك ژن بکاتە هاوسەری و، دوو ئافرەتیش لەژیانیاندا بەبێ پیاو و ماڵ و منداڵ و خێزان بمێننەوە..

چارەسەری دووەم: هەر پیاوێك یەك ژن بخوازێت و ژیانی هاوسەریتی لەگەڵ بەسەر ببات و، بە پەنهانیش بچێتە لای دوانەکەی دیکە و لەگەڵیان ڕابوێرێت، تا ئەوانیش لە ژیانیاندا پیاوێك بناسن، بەبێ ئەوەی ماڵ و منداڵ و خێزانیان هەبێت، ئەگەریش بەهۆی ئارەزووی مێیینەیی قوڵیان منداڵیان بوو، ئەوا لە ڕێگای تاوانەوە دەیانبێ، بە تاوانباری و گومانلێکراوی دەبێ، باوکێکی ناسراوی نیە، خۆیان و منالە بێگوناهەکانیشیان دوچاری ئەم شەرم و وێڵبوونە کردووە.!

چارەسەری سێیەم: ئەو پیاوە لە ئافرەتێك زیاتر بکاتە هاوسەری و، بۆ شکۆمەندی هاوسەریتی و ئاشتیی ماڵ و دابینکاری خێزان و بونی منداڵ بەرزیان بکاتەوە. هەروا ویژدانی خۆی لە پۆخڵەواتی تاوان و دڵەڕاوکێی گوناه و سزای ویژدان بەرزبکاتەوە و، کۆمەڵگە لە پۆخڵەواتی بێسەروبەری تێکەڵ بوونی ڕەچەڵەکەکان و، پیسیی خراپەکاری بەرز بکاتەوە. بوارێك بۆ کۆمەڵگە برەخسێنێت، تا بە وەچەی نوێ قەرەبووی ئەو ناهاوسەنگییە بکاتەوە -کە پاش جەنگ و پەتا کوشندەکان پەیدا دەبێت- و هاوسەنگی دروست بکات.

لەو حاڵەتەدا کام لەم چارەسەرانە گونجاوترن بۆ مرۆڤایەتی و، شایستەترن بە پیاوەتی و، ڕێزدار و سودمەندترن بۆ خودی ئافرەتەکە؟

ئەمە هەڵوێستێکە و هەڵبژاردنی تێدا نیە. یان ئەوە یان ئەوە یان ئەوە، هیچ بوار نیە بۆ سۆزی شاعیرەکان یان ئارەزووی تاکەکان، یان زۆر بلێیی وشکی بێمانا، ئەمە پێویستییەکی کۆمەلایەتی و پێویستییەکی گیانی و پێویستییەکی زیندەگییە، ڕوبەڕوبوونەوەشی دەبێت لە سنوری کردەیی واقیعدا بێت، نەك بە خەون و خەیاڵ.. ئەڵمانیای گاور(نصرانی)، کە ئایینەکەی فرەژنی حەرام دەکات، زۆر گەڕا بەدوای چارەسەردا و هیچ چاری نەبوو تەنها ئەوە نەبێت، کە ئیسلام هەڵی بژاردووە، ئەگەرچی ئەڵمانیا ئایینەکەی ئیسلام نیە! جا ئافرەتان لەوێ داوای فرەژنیان کرد، ئەم داوایەش لەلایەن پیاوانەوە نەکرابوو.

لەوانەیە کەسێك بلێت: ئێستا ئافرەت توانای کارکردنی هەیە، دەتوانێت بەبێ پیاو بژێت!

ئەم قسەیەش ناڕاسترین درۆیە سەبارەت بە سروشت و فیترەت و واقیع دەکرێت، پێویستی ژن بۆ پیاو، وەکو پێویستی پیاوە بۆ ژن، کە هەمووی لە خۆراکدا کورت هەڵنەهاتووە، بەڵکو هەمووی لە داواکارییەکانی جەستەش کورت هەڵنەهاتووە.. ئەگەرچی ئەو ئافرەتە سامان و خۆراك و داواکارییەکانی جەستەی هەبێت، بەلام ئەمانە بەهرەی نادات، لە بون و کەسایەتی هەموو ئافرەتێکیشدا پێویستییەکی دەروونی قووڵ هەیە، کە پیاوی هەبێ. ئەوی پێویستە بۆ ئەوەی خۆی تەواو بکات.. کە قووڵترینی پێویستییەکانە.. هەروەها هەستی پیاویش لەمە کەمتر نیە، ئەمە ئەو فیترەتەیە، کە سیستەمی (هاوسەرگەریی) لە زیندەوەران و هەموو شتێکی وەك یەك لەسەر دامەزراوە! کە ئەفسانەی هۆکاری ئابوری پوچ دەکاتەوە، کە هەندێك لە خاوەن بۆچوونە ماددیەکان، ئەوانەی تەنها بە ڕووکەش دەڕواننە هەستی ئافرەت بەوەی، کە پێویستیی بە پیاو هەیە بۆ ئەوەیە، کە بژێوی بدات و بەخێوی بکات.. پیاو، ئەگەرچی ئافرەت نایژێنێت، هەرگیز ئەوەندە دڵخۆش و چالاك و لەخۆڕازی نابێت وەك ئەو کاتەی ئافرەتێك ئەوی بەدڵ

بێت. هەرگیز هەست بەو دڵنەوایی و دڵنیایی و ئارامییە ناکات، کە لەگەڵ نیوەکەی دیکە هەستی پێدەکات. ئەمە ویستێکی بەرزە کە ئەم پێویستییەی لە دەروونی هەردوولا داناوە تا لە هەردووکیان ژیان بنیات بنێت و، هەڵیان بنێت بۆ ئاوەدان کردنەوە و بنیات نان و گەشەسەندن.

کەواتە هەتا لەم زەویەدا ڕەوشی وا هەبێت، کە هاوسەنگی نێوان ژمارەی هەردوو ڕەگەز کەم بکاتەوە، یان نەیهێڵێت، ئەوا باشترین چارەسەر و، چاکترین خۆپاریزی، ئەو مۆڵەتەیە، کە ئیسلام دایناوە و، بە ژمارەکانی بەستۆتەوە و، لێگەڕاوە خۆی چارەسەر بکات، چونکە ئەمە بوونی نابێت مەگەر لە ناخی واقیعە ژمارەییەکەدا پێویستیەك هەبێت بۆ بوونی، جا ئەگەر هەڵنەری ژمارەکان نەبێت، ئەوا بوونی نابێت ئەگەریش ئادەمیزاد بیەوێت!

من ڕوو دەکەمە ئەو چەنەبازانەی لای خۆمان، ئەوانەی کە ژاوەژاو و قسە دەکەن هەست بە بەڵگەنەویستەکان ناکەن.. پێیان دەڵێم: ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕوویداوە، کە گەنجێکی میسری ویستبێتی ژن بهێنێت، بەڵام کچێکی دەست نەکەوتبێت، لەبەر ئەوەی پیاوێکی دیکەی چاوچنۆك، یان ئارەزووباز یان دەوڵەمەند، زیاد لە ژنێکی دەستکەوتوە و، لەبەر نەبوونی کچ وەك پێویست، هاورێیەکەی لە ژنهێنان بێبەش بکات؟!

بەڵێ! من ئاگادارم حاڵەتی وا هەبووە کە حەزێکی لەناکاو، یان دەوڵەمەندییەکی لەپڕ، یان ئارەزوویەکی ئاژەڵی، بەتەنها بۆتە هۆی ئەوەی پیاو چاو ببڕێتە فرەژنی -ئیسلامیش بۆ ئەم حاڵەتە بۆچوونی خۆی هەیە، کە پاشان پەردەی لەسەر هەڵدەدەینەوە-، بەڵام پرسیار دەکەم: ئایا ئەو پیاوە ئافرەتێکی بەردەستی پیاوێکی دیکەی داگیرکردووە، یان لەناو کۆمەڵگەدا ئافرەتێکی بێمێردی دۆزییەوە؟ ئەو ئەگەر ئەو ئافرەتە بێمێردەی نەدۆزیایەتەوە نەیدەتوانی ئارەزووە ئاژەڵییەکەی، یان حەزە لەناکاوەکەی، هەتا هەڵچوونی دەوڵەمەندییە لەپڕەکەشی لەڕێگای ژنهێنانەوە جێبەجێ بکات.. ئایا ئەمە جێگای مشتومڕە؟

لێرەدا دەوترێت: هۆکارە ئابورییەکان و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، کاریگەرییان هەیە لەوەی هەندێك پیاو توانای یەکجار زۆریان هەبێت لە پەیداکردنی زیاد لە ئافرەتێك و، پیاوی دیکەش لەو هەلە بێبەشی دەکات.. چونکە بوونی ئافرەتی بێمێرد، بەڵگە نیە بۆ کەمییەکی راستەقینە لە ژمارەی پیاوان، بەڵکو بەڵگەیە بۆ کەمیی توانای ئابوری و کۆمەڵایەتی هەندێك پیاو.

ئەمیە راستە، بەڵام چارەسەرەکەی دەبێ لەرێی چارەسەرکردنی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و ئابورییانە بێت، کە ئەم ناهاوسەنگییە لە جەستەی کۆمەڵدا دروست دەکات، نەك چارەسەرکردنێکی کاتی بەستراو بە مافی ژنهێنان، کە نەگاتە سەرچاوەی دەردەکە.

ئەگەر کاروبار بدرێتە دەست ئیسلام، ئەوا لێناگەرێت ئەم ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ناهاوسەنگی ئابورییە بمێنێت، چونکە ئیسلام بە سروشتی خۆی، ئەو هاورێکی و هاوسەنگییە لە هەموو روویەکی کۆمەڵگادا بەدی دەهێنێت و، دڵنیایی تەواو بە هەموو هاوبەشەکان دەدات، یەك لە دڵنیاییەکانیش ئەوەیە ژن مەرج بکات کە مێردەکەی ژنی بەسەردا نەهێنێت، جا ئەوکاتە دەبێ مەرجەکەی بۆ بەجێ بهێنرێت، یان داوای تەڵاق دەکات.

ئیسلام کاروبارەکە بە تێکرایی چارەسەر دەکات، بەش بەشەکانیش خۆیان خۆیان راست دەکەنەوە، ئیسلام نایەت هەڵوێستەکان بەش بەش و لێك جودا و، بە چارەسەری ئاسۆتەسك چارەسەر بکات، کە لە شوێنی پێیەکان دوورتر نەروات، هەروەك نەفامە چەنەبازەکان دەیانەوێت!

ئیسلام بێئاگا نیە لەوەی، کە هەندێك سروشتی نائاسایی لە پیاواندا هەیە کە بە ژنێك تێر نابێت، بەڵکو چاو دەبرێتە یەکێکی دیکە و یەکێکی دیکە. جا ئەگەر لە جیهانی ژن هێنانی ئاشکرا و رێزدارانە دەستی نەکەوێت، ئەوا بە شێوەیەك لە شێوەکان لە جیهانیلەشفرۆشی ئافرەتان و بەرەڵاییدا دەستی دەکەوێت، بەمەش کۆمەڵ دێتە لەرزە، هەروەك ژن و ماڵیش دێنە لەرزە، پڕ دەبێت لە گومان و دڵپیسی و، ئاشتی و ئاسایشی تێدا نامێنێت.

ئایا بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتانە، لە بازنەی ژنهێنانی ڕێکوپێك و ڕێزدارانەدا، باشتر نیە بوار بۆ ئەو جۆرە سروشتانە بکەینەوە، لەوەی بە نهێنی هەوڵی بۆ بدات و، خۆی و غەیری خۆی پیس بکات و، خراپەکاری لەنێوان خەڵك بڵاو بێتەوە؟! هەروەك لە ئەوروپا ڕوویدا، کە فرەژنی ڕێزدارانەی حەرام کرد، تا لە هەموو کونج و لە هەموو لایەکەوە ڕوبەڕووی چەندژنی پیس و بێزراو ببێتەوە!

ئیسلام دەیتوانی ئەم جۆرە ئارەزوانە فەرامۆش بکات و، بە خەفەکردن و سزا روبەڕووی بێتەوە تا بە یەکێك دابمرکێت، یان ئەگەر لایدا بەهیلاك بچێت! ئەگەر بەرامبەر بەم ئارەزوانە لە واقیعی ژیاندا ناهاوسەنگی نێوان ژمارەی پیاوان و ژمارەی ئافرەتان هەیە، کارەکەش لە کۆتاییدا -هەروەك وتمان- بۆ ژمارەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو دادوەرە تیایدا بەبێ دیاریکردن و سنوردارکردن!

لێرەدا لەوانەیە بوترێت: ئەگەر کارەکە وایە، ئەی بۆچی ئیسلام بەرزترین رادەی فرەژنی دیاری کردووە، بۆچی بۆ سروشتی ژیان و بڕیاری ژمارەکان بەجێی نەهێشتووە؟

ئەم ڕەخنەیەش تەنها قسەیە، ئەگەر نا با بزانین، کە ئەم مۆڵەتە لە ئیسلامدا لەبەر پێویستی و ناچارییە، شوێنی ناچاریش تەنها بۆ پێویستییە، ئەوپەڕی پێویستیش چوارە؛ چونکە ناهاوسەنگی لەو رادەیە تێپەڕ ناکات، بەڵکو کەمجار دەیگاتێ. لەبەر ئەوەی سنوردارکردنەکە ئەو هەستە دەدات، کە دەرگاکردنەوەکە بۆ ناچارییە نەك بنەمایەك بێت، مۆڵەتی فرەژنیش، کە هاتووە بە مەرجی دادوەریی(عدل) بەپێی توانا سنوردار کراوە: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً: ئەگەر ترسان کە دادوەر نەبن ئەوا هەر یەك ژن بهێنن.﴾النساء/٣.

دادوەر(عدل)یش لێرە، دادوەریی کردنە لە خەرجیکێشان و، دادوەرییە لە چاودێری، دادوەرییە لە دابینکردنی بەشی پێویست لە هەموو لایەنەکانی ماددی و جەستەیی و دەروونی.. بەڵام سۆزی دەرونیی تایبەت، کە کاریگەری لەسەر ڕوکارەکانی ژیاندا نیە، دادوەری لەوەدا بەدەستی مرۆڤ نیە، تەنها ئەوەندە

داواکراوه، که ئەو دڵ بەلادا چوونە ئاشکرا نەکرێت و، ئەوی دیکە وەکو هەڵواسراو لێ بکرێت:

﴿وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُوا كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ: ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، هەرگیز ناتوانن لەگەڵ ژنانی خۆتاندا دادوەر بن، سا ئەوەندە بەلای هەندێکدا مەچن و لەوانی دیکە دوور بکەونەوە و بیانکەنە هەڵپەساردە..﴾النساء/١٢٩.

ئەوانەی لە یەك گۆشەوە تەماشای کارەکان دەکەن، بەهەڵەداچوون. لەوانەیە ژنی یەکەم زیانی لێ بکەوێت، بەڵام ئەو ژنە دادوەر نابێت، هەتا خۆی لە شوێنی ژنەکەی دیکە دانەنێت، کە پێشتر بێمێرد بووە. ئایا ئەگەر لە جێگای ئەو بوایە رازی نەدەبوو پیاوێك داوای بکات، تا بە هاوسەرێتیەکی پاك و رێزدار بیخاتە پاڵ ژنەکەی دیکە، نەك بەشێوەی دۆست و دڵدارێکی پیس؟! هەروەها پێویستە تێبینی زۆر بارودۆخی دیکە بکەین؛ باردۆخی ئەو ژنە نەخۆشەی مێردەکەی نایەوێت تەڵاقی بدات و ژیانیشی لەگەڵیدا ناچێتە سەر، یان ئەو ژنەی نەزۆکە و لای مێردەکەی خۆشەویستە.. یان و یان...

ئیسلام بەم مۆڵەت پێدانە ویستی ئاشتی دابین بکات، ویستی ژیان بە هەموو رەوش و رووداوەکانیەوە هاورێك بکات و، حیسابیشی بۆ حەز و پێویستییەکانیش کردووە، هاوسەنگیی لەنێوان زیانەکان و ئازارەکاندا راگرتووە، جا سوکترین و رێزدارترینیانی هەڵبژاردووە، بەڵام مێشك بەتاڵەکان لە حیسابی ئیسلامدا لە چەنەباز و زۆروەرێك زیاتر نین.

هاوبەرپرسیاریی خێزانیی

کە لە ژن و مێرد تێدەپەڕین، دەبینین ئیسلام گرنگی بە ئاسایشی هەموو ئەو خێزانە دەدات، کە ماڵ لەخۆیان دەگرێت، پەیوەندی نێوان هەموویان رێك دەخات، بڕیاری بەرپرسیاری نێوان هەموویان دەدات. لە بەرپرسیاریشدا ماف و ئەرك هەیە، تایبەتمەندی و داواکاری هەیە، هەمووی بە متمانەبون بە بەرامبەر و، دڵنیابوون لە ژیان و ئایینده و، هەستکردن بە ئاسایش و ئاسودەیی تیایدا کۆتایی دێت.

سۆزی دایکایەتی بە تەنها بەسە بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، سۆزی باوکایەتی بە تەنها بەسە بۆ دابین کردنی خەرجیی کۆرپە و دایکی، بەڵام ئیسلام لەگەڵ ئەو سۆزە سروشتییەدا، داواکاری ڕاشکاو زیاد دەکات. ئەمەش وەك هەموو لایەنێکی دیکەی ژیان. ئیسلام بیروباوەڕ بڵاودەکاتەوە و ویژدان دەوروژێنێ، بەڵام ئەرکەکان بە شاراوەیی و ئاڵۆزی ناهێڵێتەوە و، تەنها بۆ ویژدان و سۆز بەجێی ناهێڵێت، بەڵکو بە دەق دیاریی دەکات و بە دەستور و شەریعەت پشتگیریی دەکات. هەروا بۆ مافی کۆرپەلەیش هەمان شت دەکات.

﴿وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاَقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا: مندالّی خۆتان لە ترسی لەبرسامردن لەناو مەبەن، ئێمە ڕۆزیی ئەوان و ئێوەش دەدەین.. کوشتنی ئەوان هەڵەیەکی گەورەیە.﴾الإسراء/٣١.

﴿وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلاَدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ: دایکان دوو ساڵی تەواو منداڵەکانیان شیر دەدەن، بۆ ئەو کەسەی بیەوێ بە تەواوی شیری دەداتێ، لەم ماوەیەدا ڕۆزی و جل وبەرگی دایکەکە -بەپێی دابی مسوڵمانانی ئەو شوێنە- لەسەر باوکەکەیە، کەس لە توانای خۆی زیاتر ئەرکبار ناکرێت.. نابێ هیچ دایك و باوکێك لەبەر کۆرپەکەیان زیان بە یەکتر بگەیەنن.﴾البقرة/٢٣٣.

لە بەرامبەردا دایك و باوکیش مافیان هەیە -لە ئیسلامدا هەموو مافێك ئەرکێکی لە بەرامبەردایە-، ئەو مافەش زیاتر دەکرێت، کە لەگەڵ دایکایەتی و باوکایەتیدا بگونجێت، هەر لە ڕێز و گوێڕایەڵی و ئەدەبەوە بگرە تا سۆز و نەرم و نیانی لەکاتی بەتەمەندا چوونیاندا.. ئەو دەستەواژانەی کە قورئان ئەو مانایانەی پێ دەردەبڕێت پڕیەتی لە سۆز و نەرم و نیانی و دڵڕوونی: ﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا، وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا: پەروەردگارت فەرمانی دا کە.بێجگە لەوی

مەپەرستن، سەبارەت بە دایك و باوكیش چاكە بكەن، هەركاتێك یەكیان یان هەردووكیان-تا لەلای تۆن- توشی تەمەنی پیری بون، هەرگیز ئۆفیشیان پێ مەڵێ و تێیان مەخوڕە و بە زمانی خۆشیان بدوێنە، بەبێ فیزی بیانخە ژێر باڵی بەزەیی و، بڵێ: ئەی پەروەردگاری من! وەكو ئەمان منیان بە كۆرپەیی پێگەیاند، تۆش وەبەر بەزەیی خۆتیانخە.﴾الإسراء/۲۳-۲٤.

دایكیش بەقەد ماندووبوون و سۆزدارییەكەی مافی هەیە: ﴿وَوَصَّيْنَا الإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ: ئامۆژگاریی مرۆڤمان كرد سەبارەت بە دایك و باوكی، دایكی كە بەو زگپڕبوە، چەندی كوێرەوەری دیوە، لەشیر بڕینەوەشی دوو ساڵی خایاندووە، دە تۆش سوپاسی من بكە و، سوپاسی دایك و باوكت بكە، دواجار دێنەوە لای من.﴾لقمان/١٤.

پێویستە ئاوڕێكی خێرا لەو دوو ئایەتە بدەینەوە، لە یەكەمیان چاكە لەگەڵ دایك و باوك لەگەڵ پەرستنی خودا هاودەم و بەیەك بەستراوە و، لە دووەمیان سوپاسی دایك و باوك لەگەڵ سوپاسی خودا هاودەم و بەیەك بەستراوە، لەم هاودەمی و بەیەك بەستنەدا ئاماژەیەكی ئاشكرای تێدایە، كە ناشاردرێتەوە.

ئەم هاوبەرپرسیاریەتیە لەنێوان گشت ئەندامانی خێزان دەگەڕێنرێتەوە، جا نزیكترین كەس بە ئەركەكان هەڵدەستێت، ئنجا ئەوەی دوای ئەو، هەتا دەگاتە خزم و كەسەكان. میراتیش لەسەر هەمان سیستەم بۆ نێزیكترین كەس دەبێت، ئنجا ئەوەی دوای ئەو.. تاكو جۆرە دابینكردنێكی كۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا هەبێت، كە ئەمە جگە لە لەو دەستەبەر(ضمان)ە كۆمەڵایەتییانەی لەسەر كۆمەڵ، یان دەوڵەت دانراوە، كە لە شوێنی خۆی باسی دەكەین.

ئەم هاوبەرپرسیاریەتیە خێزانییە بوار فراوانە، لەگەڵ سیستەمەكانی ئیسلامیی بۆ كاروباری ناو ماڵ-كە پێشتر باسمان كردن- كۆڵەگەی ئاشتی و ئاسایشی ناوماڵن. دروشمی ئیسلامیش لەوەدا ئەوەیە، كە لە سەرەتای ئەم بەشە باسمان كرد: ((ئەو تاكەی لە ماڵەكەیدا بە ئاشتی نەژێت، نرخی ئاشتی نازانێت و، تامی

ناچێژێت و، نابێـتە هـۆکارێکی ئاشـتی و، لـە دەمـاریدا جـەنگ و، لـە دەرونیا دڵەڕاوکێ و، لە گیانیدا شپرزەیی هەیە.

ئاشتیی کۆمەڵگە

لە کۆمەڵگادا بەرژەوەندییەکان تێکهەڵکێش دەبن و پاڵنەرەکان بەسەر یەکدا پڕ و کەڵەکە دەبن و، بگرەوبەردە زۆر دەبێت و، وەرگرتن و بەخشین دووبارە دەبێتەوە. لە کۆمەڵگادا تاکەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن و، کۆمەڵەکان مامەڵەو ڕەفتار لەگەڵ یەکتر دەکەن و، هێزەکان کارلێك دەکەن و، تواناکان پێشبڕکێ دەکەن. لە کۆمەڵگادا تاکەکان تێکەڵ دەبن و، ماڵەکان یەکدەگرن و، خێزانەکان ئاوێتە دەبن و، هەمووشیان بەو شورە مەزنە دەورە دراون، کە هەموو چالاکییەکانی دەگرێتەوە و، هەموو لایەنەکانی دەنوێنێت و، لە هەموو لایەکەوە کاری تێ دەکرێت و کاریگەریی دەبێت.

کاتێك هەندێك لە بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان وا دادەنێن، کە پەیوەندی نێوان تاك و تاك هەردەم پەیوەندیی ململانێ و ناکۆکییە و، پەیوەندی تاکەکان و دەسەڵاتەکان هەردەم پەیوەندی خەفەکردن و ناچارکردنە. ئیسلام بڕیار دەدات کە پەیوەندی نێوان هەموویان -لە کۆمەڵگایەکی مسوڵماندا- پەیوەندیی خۆشەویستی و بەزەییە، پەیوەندی هاوکاری و هەرەوەزییە، پەیوەندی ئاسایش و ئاشتییە. بڕیار دەدات کە ئەو بناغەیەی ژیانیان لەسەری بنیات دەنرێت، بناغەی هاوڕێکیی نێوان ماف و ئەرکەکانە، هاوتاییە لەنێوان دەستکەوت و لەدەستدان، هاوسەنگیە لەنێوان کۆشش و پاداشت. بڕیار دەدات کە مەبەستی دیاریکراوی هەموویان درێژەپێدان و، گەشەپێدانی ژیان و، ڕووکردنە لای خوای دروستکاری گەردون و ژیانە، بە هەموو چالاکی و نیەت و کارێکەوە.

دوای ئەوەش هەموو چالاکییەکی تاك و، هەموو چالاکییەکی بەکۆمەڵ کۆتایی دێت، هەروەك هەموو ڕێکخستن و بەرهەمێك کۆتایی دێت، کۆتاییەکەشی بە ئاشتیی گشتی دێت، کە هەموو ویست و لایەنەکان و، هێز و وزە جیاوازەکان و،

تـاك و كۆمەڵـە جیاوازەكان ڕێك دەخات. چونكە ئاسۆیەك هەیە بەرزترە لە ئاسۆی بەرژەوەندییـە كاتییـەكان، كـە ڕقەبەرایـەتی دەوروژێنێـت و دوژمـنایەتی توندتـر دەكات.

بۆچـوونە ڕۆژئاواییـەكان لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا گەشەیان كردووە گونجاون. ژیـنگەی شارسـتانیەتی ڕۆژئـاوای مـاددی، ئـەو شارسـتانیەتەی لەژیاندا هەموو ئامانجـێكی دوورتـر لـە ئامـانجی بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی نزیك ڕەت دەكاتەوە، لە مرۆڤایەتیشدا ڕەگەزێك نابینێت بەرەو دوورتر لە خود بڕوانێت.. كاتێك ئەو بیرۆكە ماددیـە فەرمانـڕەوایی هەموو ژیان دەكات، هیچ بوارێك نامێنێت بەبێ ململانێی توندوتـیژی نـێوان چـینەكانی كۆمەڵگە، بوار نامێنێت بێجگە لە یاساكانی كار و ڕەوشی بەرهەمهێنان، ئەو كاتەش پرسی (ململانێی چینەكان) دەبێتە هەقیقەتێكی مـاددی بەرجەسـتە و ڕزگـاربوون نـیە لـێی و، هـیوای خۆدورخسـتنەوەی نـیە و، ناتوانرێت فەرامۆش بكرێت.

بـەڵام كاتـێك بەرنامەیـەك وەك بەرنامـەی ئیسلام فەرمانڕەوایی ژیان دەكات، كاتـێك سیسـتەمی كۆمەڵایـەتی ئیسـلام بـەرەو جێبەجێكردنی كردەیی دەڕوات، كاتـێك یاسـای ئیسـلامی وەكـو خوا دەیەوێت جێبەجێ دەكرێت، نەك وەك ئەوەی پـیاوە ئایینیە لەڕێ دەرچووەكان لێكی دەدەنەوە.. ئەو كاتە (ناچاركردنی ماددی= الجبرية المادية) و (حەتمیەتی ململانێی چینەكان) دەبێتە پرسێكی بەردەست كراو و پشـت بـە هـیچ واقـیع و ژیربێژییەك نابەستێت، چونكە فەرمانڕەوایی ژینگەیەكی دیكـە و، سیسـتەمێكی دیكـە دەكـات، فەرمانڕەواییەك هەڵقوڵاوی ژینگەیەكی دیاریكـراوە، كـە بیرۆكـەی مـاددی، فەرمانـڕەوایی دەكـات و، بیرۆكـەی ئامانجە بەرزەكانی ژیان ڕەت دەكاتەوە.

ئیسلام ئەو ئاشتییە گشتییە لەسەر حیسابی تاك، یان حیسابی كۆمەڵە(جماعة) بنـیات نانێت، هەروا لەسەر بناغەیەك لە بەرژەوەندی چینێك دژی چینێكی دیكە، یـان دەسـەڵاتێك دژی دەسـەڵاتێكی دیكـە دانامەزرێـنێ.. بەڵكو لەسەر حیسابی هـەموویان بەرپای دەكات، پاداشتی هەموو كۆششێك دەداتەوە، پێویستیی هەموو

کەسێك دابین دەکات، بۆ هەموو تاك و هەموو کۆمەڵە و هەموو دەسەڵاتێك، سنور دیاری دەکات بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا دادوەری(عدالة)یەکی ڕەها بەدی بهێنێت.. ئەو یاسا ئیسلامییەی تاك داینەناوە، چینێك داینەناوە، دەسەڵاتێك داینەناوە، یاسایەکە دوورە لە لارکردنەوە بەلای ڕیزی تاکێکدا، لە دۆستایەتی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا، لە ڕەچاوکردنی دەسەڵاتدار. لەگەڵ ئەوەشدا بەربەستێکە لەبەردەم سنوربەزاندنی چینێك بەسەر چینێکی دیکەدا، هەروا پارێزەرە لەو ململانێیەی، کە بۆچوونە ماددییەکان بە لێدانێکی لکێنراوو نەگەڕاوەی دادەنێن، چونکە لەو کۆمەڵگایانەی کە خۆیان بە ئیسلام دادەنێن- ئیسلامیش لێیان بەرییە- وەك لێدانێکی نەگەڕاوە بۆ ئەوانیش دەبینێ.. ئەمە دیاردەیەکی ناوچەیی ژینگەیەکی تایبەتە، ژینگەیەك کۆڵەگە بنچینەییەکانی لە کۆڵەگەکانی ژیان لە ئیسلام جودایە.

ئێستاش با تەماشا بکەین ئیسلام چۆن بیرۆکە گشتیەکەی دەربارەی ئاشتیی گشتگیری بنیاتنراو لەسەر دادوەریی تەواو لە چوارچێوەی ژیاندا بەدی دەهێنێت.

ویژدانی خۆشەویستی و بەزەیی

ئیسلام لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا لە ویژدانی تاکەوە دەست پێدەکات، لە ناخی ڕۆحەوە تۆوی خۆشەویستی دەچێنێت و، شنەبای بەزەیی دەنێرێت.. خۆشەویستییەکی مرۆڤانەی پوخت، بەزەییەکی مرۆڤانەی بێگەرد.

ئیسلام خەڵك دەگەڕێنێتەوە بۆ دروست بوونی یەکەمیان، کە لە تاکە کەسێکەوە هاتونەتە بوون، لە ویژدانیان هەستی ڕەچەڵەك و خزمایەتی بەخەبەر دێنێ، بەیادیان دێنێتەوە کە لەبەر خودا و، لە دروست بوون و دوارۆژیان بران.. ئەگەر دەروونیان بەم هەستە ناسکانە نەرم بووەوە، ئەوا لە لێبوردەیی و ئاشتی نزیکتر دەبن و، هۆکارەکانی جیاوازیی و ناکۆکی دور دەبێت و، ئەو سیستەم و یاسایانەی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاشتییە داڕێژراوە، سەرکەوتوو دەبێت. ئەو ویژدانەش دەبێتە دابینکاریەکی توندو تۆڵ بۆ دەستوور و ڕێکخستنەکان و، ڕەوڕەوەی ژیان بە ئاسانی و نەرم و نیانی و لێبوردەیی بەڕێوە دەچێت: ﴿يَاأَيُّهَا

النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُم الَّذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَة وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذي تَتَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا: ئەی خەڵکینە! لە پەروەردگاری خۆتان ترستان هەبێ، کە هەر ئەوە ئێوەی هەر لە یەك کەسەوە خستۆتەوە و جووتەکەشی هەر لەو کەسە خستۆتەوە و لەو دوانەوە پیاوی زۆر و ژنی زۆری وەدی هێنا. لەو خودایە ترستان هەبێ، بەناوی ئەو ئێوە یەکتری سوێند دەدەن؛ ئاگاتان لە خزمانیش هەبێ، خوا هەمیشە چاودێرە بەسەرتانەوە. ﴾النساء/١.

بەم شێوەیە هەموو مرۆڤایەتی لەیەك بنەچە و یەك خودا ڕێك دەکەون، ناکۆکی و جیاوازیەکان نامێنن، تا ئەو پەیوەندیە مەزنە توندە قووڵە بەدیار بخات، کە هەموو خەڵك بە جیاوازی گەل و نەتەوە و، ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و کۆمەڵەکان دەگرێتەوە.

بەڵام بڕواداران بە سروشتی خۆیان پەیوەندیان پێکەوە نزیکترە، ئەمەش بەهۆی برایەتیان لەبەر خودا و، بەیەك گەیشتنەوەیان لە بیروباوەڕێك، کە ئیسلام بە پتەوتری دادەنێت لە پەیوەندی خوێن و، خزمایەتیەکی تێکەڵ و قوڵ: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ: خاوەن باوەڕ هەموویان هەر برای یەکن. ﴾الحجرات/١٠

((مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى: نموونەی بڕواداران لە خۆشەویستی و بەزەیی و سۆزیان، وەکو جەستەیەك وان، ئەگەر ئەندامێکی تووشی ئازارێك بوو، هەموو جەستە تووشی بێخەوی و تا دەبێت)).[1]

ئەوان کە پێغەمبەری خواﷺ بانگیان دەکا و پێیان دەڵێ: ((لا تَبَاغَضُوا وَلا تَحَاسَدُوا وَلا تَدَابَرُوا وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا: ڕق و قینتان نەبێت و، ئێرەیی بە یەك مەبەن و، پیلان بۆ یەکتر دامەڕێژن، ببنە بەندەی خوا و برای یەکتر)).[2]

---

[1] رواه الشيخان.
[2] متفق عليه.

جـا لـەناویاندا ئـیمان بـە خۆشەویستیەوە پەیوەست دەکان، تا کەس جیاوازی لەنێوان خۆی و براکەی نەکات ((لا يُؤْمِـنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ: کەسـتان بـڕواتان تـەواو نابێـت هـەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت.))[1]

لەسەری حەرام کردوون کە زیاد لە سێشەو ناکۆکی لەنێوانیاندا بمێنێت، کە لەو سێ شـەوەدا تورەیـی خۆیـان دادەمرکێنـنەوە و دەگەڕێـنەوە لای دۆسـتایەتی و خـزمایەتی؛ ((لا يَحِـلُّ لِـرَجُلٍ أَنْ يَهْجُـرَ أَخَـاهُ فَـوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ يَلْتَقِيَانِ فَيُعْرِضُ هَذَا وَيُعْـرِضُ هَـذَا وَخَـيْرُهُمَا الَّـذِي يَبْدَأُ بِالسَّلَامِ: بۆ هیچ مسولمانێك حەلاڵ نیە زیاد لە سێ شـەو پشـت لـە براکەی بکات، بە یەك دەگەن و پشت لە یەکتر دەکەن و روو وەردەگـێڕن، چـاکترینیان ئەوەیانـە کـە بـە سـەلام کـردن لـەوی دیکـە دەسـت پێدەکات.))[2]

بەزەیـیش هـاودەمی خۆشەویسـتییە، خـوا زۆرجار بەوە وەسفی خۆی دەکات و دووبـارەی دەکاتـەوە و، بەوە منەت بەسەر پێغەمبەرەکەیدا دەکات، کە بەزەیی لە دڵـیدا داناوە، بۆیە نەرم و نیان و بەسۆزە: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ من اللّه لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ: لـە بەزەیی خوایە کە تۆ هێندە نەرم و نیانی لەگەڵـیان، ئەگـەر تونـد و تورە و دڵڕەق بویتایە، بڵاوەیان لێ دەکردی.﴾ال عمران: ١٥٩

هـەروا مـنەت لەسـەر مسـولمانان دەکات، کە ئەو پێغەمبەرە بە بەزەییەی بۆ نـاردوون: ﴿لَقَـدْ جَـاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِـنِينَ رَءُوفٌ رَحِـيمٌ: پێغەمبەرێکـتان بـۆ هـاتووە لەخۆتانـە، هەر بەلاّ و ناخۆشـییەك بەسـەرتاندا بێـت لای ئـەو گرانە، زۆر دڵی بە ئێوەوەیە، بۆ بڕواداران بەسۆز و بەزەییە﴾التوبة/١٢٨.

---

[1] متفق علیه.

[2] أخرجه الستة الا النسائی.

دڵڕەقیش بە نیشانەی کوفر و بەدرۆخستنەوەی رۆژی دوایی دادەنێت: ﴿أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ، فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ، وَلاَ يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ: ئایا ئەو کەسەت دیت کە رۆژی جەزای لا درۆ بوو؟ هەر ئەوە کە هەتیو دەڕەنجێنێ، هانی نان دان بە هەژاران نادات.﴾الماعون١-٣.

بەزەییش تەنها بۆ مسوڵمان نیە، بەڵکو بۆ هەموو ئادەمیزادە: ((ارْحَمُوا أَهْلَ الْـأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ: بەزەییتان بە خەڵکی زەویدا بێتەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکاندایە بەزەیی پێتاندا دێتەوە.))[1]

نا؛ بەڵکو ئیسلام بە ویژدانی بەزەیی هەنگاوی مەزنی دەنێت و بەهۆیەوە لە جیهانی هەموو ئادەمیزاد تێدەپەڕێت بەرەو جیهانی زیندەوەران، گەشی و نەرم و نیانی و لاکردنەوەی ویژدان بەرامبەر هەمو گیاندارێك لە دڵی مرۆڤایەتیدا بڵاودەکاتەوە.

پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: ((بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ اشْتَدَّ عَلَيْهِ الْعَطَشُ، فَوَجَدَ بِئْرًا فَنَزَلَ فِيهَا فَشَرِبَ، ثُمَّ خَرَجَ فَإِذَا كَلْبٌ يَلْهَثُ يَأْكُلُ الثَّرَى مِنَ الْعَطَشِ، فَقَالَ الرَّجُلُ لَقَدْ بَلَغَ هَذَا الْكَلْبَ مِنَ الْعَطَشِ مِثْلُ الَّذِي كَانَ بَلَغَ بِي، فَنَزَلَ الْبِئْرَ فَمَلأَ خُفَّهُ، ثُمَّ أَمْسَكَهُ بِفِيهِ، فَسَقَى الْكَلْبَ، فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ: پیاوێك بەرێگادا دەڕۆیشت و تینوویەتی زۆری بۆ هێنابوو، بیرێکی دۆزیەوە، دابەزییە ناوی و ئاوی خواردەوە، پاشان هاتە دەرەوە، دیتی سەگێك لە تینویەتیدا زمان دەردێنێ و خۆڵ دەخوا، پیاوەکە وتی: ئەم سەگەش وەك من تینویەتی زۆری بۆ هێناوە، جا دابەزیە ناو بیرەکە و پێڵاوەکەی پڕ ئاو کرد و بەدەم گرتی و، هاتە دەرەوە و سەگەکەی ئاودا، خوای گەورەش سوپاسی کرد و لێی خۆش بوو)).

وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! لە ئاژەڵیش پاداشتمان هەیە؟

فەرمووی: ((نَعَمْ فِي كُلِّ ذَاتِ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٌ: بەڵێ؛ لە هەموو خاوەن جەرگێکی تەڕ پاداشت هەیە..))[2]

---

[1] ابوداود والترمذي.
[2] أخرجه الشيخان

ئـەوە ئاسـتێکە لە جۆش و خرۆشی ویژدانی بەزەیی، هیچ شتێك نایگاتێ تەنها بیروبـاوەڕێکی بـڕوادار بە لقو پۆپە قولّ و ئالّۆزە گەورەکانی نێوان هەموو بڕواداران و، یەکـیەتی بەدیهێنەر و یەکیەتی بەدیهێنراو لەم بوونە فراوانەدا، نەبێت.. ئەوەیە ئـەو بیروباوەڕە شایستەیەی، کە دەروونی (ئادەمیزاد) دابپۆشێت، کە پایەدارترینی ئەو زیندەوەرانەیە و جێنشینی خوایە لەسەر زەوی بەسەر هەموویاندا.

ئەدەبی دەرونی و کۆمەلآیەتی

ئیسـلام بـۆ ئـەوەی خۆشەویسـتی و بـێگەردی دلّ و دەرون بـەدی بهێنێـت، مسـولّمانان لەسـەر ئـەدەبی دەرونی و ئەدەبی کۆمەلآیەتی رادەهێنێت، تا هاوکار بێـت لـە گەیشـتن بـەو مەبەسـتە و.. ڕێ دەگرێـت لـە ورووژاندنـی ڕق و قیـنە لە دەرونـەکان، یـان بوغـز و قیـنە دلّـەکان دابپۆشێت، پێش ئەوەی پشت بە یاسا و دەسـتور ببەستێت، پشت بەو ئادابە بەرزانە دەبەستێت، ئەگەریش هەردوکیان وەك ئامـێرێك بەکاربهێنێـت، چـونکە ڕەفـتاری پاك و ئەدەبی جوان و مامەلّەی چاك، هــەموویان ڕەزامــەندی و خۆشـحالّی و دلّنـیایی لـە کەشـی کۆمەلآیـەتی ژیـاندا بلآودەکەنەوە، کە لە دەستور و یاسا بێ‌پێویست دەبن.

ئیسـلام رکـی لـە لوتبەرزی و فیز و شانازکردنە بەسەر بەندەکاندا: ﴿وَلاَ تُصَعِّرْ خَـدَّكَ لِلنَّـاسِ وَلاَ تَمْـشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ، وَاقْصِـدْ فِـي مَشْـيِكَ وَاغْضُضْ مِنْ صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ: بەفـیزەوە ڕوو لە خەلّك وەرمەگێڕە، بە لوتبەرزی بەسەر زەویدا مەڕۆ، خوا ئەوانەی خۆش ناوێت، کە لە ڕێگە خۆیان بادەدەن و شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، بە شێنەیی بـە ڕێـدا بـڕۆ و بـە دەنگـی نـزم بـدوێ، چـونکە دەنگـی هـەرە نـاخۆش دەنگـی کەرە.﴾لقمان/١٨-١٩

﴿وَلاَ تَمْـشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً: بەفـیزەوە بەسـەر زەویـدا هـەنگاو مـەنێ، تـۆ ناتوانی ئەم زەوییە ببڕیت و، بەقەد چیاکان درێژ نابیت.﴾الإسراء/٣٧.

پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((إِنَّ اللَّـهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لا يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ وَلا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ: خودا نیگای بۆ ناردم کە بێفیز و خۆبەکەم زان بن، تا کەس ستەم لە کەس نەکات، کەس شانازی بەسەر کەسدا نەکات.))[1]

ئیسلام لەمەدا تێبینی سروشتی دەروونەکان دەکات، رقی لە خۆبەگەورەزانانە، قینی لە لوتبەرزانە، دڵی دەگوشرێ بەوانەی شانازی بەخۆیان دەکەن و خۆیان هەڵدەدەن، بێزاری و ناڕەحەتی بەرامبەر ئەوانە دەردەبڕێت، ئەگەریش هیچ زیانێکی تایبەتیان بەکەس نەگەیاندبێت، چونکە تەنها خۆنیشاندانیان بەو شێوەیە، هەستی بەرامبەرەکانیان دەوروژێنێت و، هانیان دەدات تا بە رك لێبوونەوە و بێزاری لێیان وەڵامیان بدەنەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن.

ئەگەر ئیسلام رقی لە لوتبەرزی و خۆ بەگەورەزانین ببێتەوە، کە لەوانەیە ئازاری خودی هیچ مرۆڤێك نەدات، ئەوا هەرچی هەست و سۆزی خەڵك بریندار دەکات و، تانە لە هەست یان بەها بەرزەکانیان دەدات، بە حەرامی دادەنێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلاَ نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ، يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلاَ تَجَسَّسُوا وَلاَ يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ: ئەی گەلی بڕواداران! با هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکتان نەکەن، لەوانەیە ئەوانەی گاڵتەیان پێدەکەن، لە گاڵتەپێکەرەکان باشتر بن.. ژنانیش با هێندێکیان گاڵتە بە هێندێکیان نەکەن، لەوانەیە ئەوانەی گاڵتەیان پێدەکەن، لە گاڵتەپێکەرەکان باشتر بن.. دەست لە لاچاو داگرتن و تانەلێکدان و ناووناتۆرە لێك هەڵدان هەڵگرن، چونکە لەپاش بڕواهێنان، لەرێلادان، بەدناو و ناپەسندە.. کێش پەشیمان نەبێتەوە، لەریزی ناهەقەکانە. ئەی گەلی بڕواداران! لە زۆرێك لە گومانان خۆ بپارێزن، چونکە هێندێك گومانی وا هەن گوناهن.. سیخوڕی بەسەر یەکترەوە

[1] رواه مسلم وأبوداود.

مەکـەن و لـەکاری یـەکتر مەکۆڵـنەوە، لـە پاشملـە لە خراپەی یەکتر مەڵێن، ئاخۆ کەسـتان حـەز دەکـات گۆشـتی بـرای خـۆی بە مردوویی بخوات؟ دیارە قێزتان لێ دەبێتەوە، لە خودا بترسن و پارێزکار بن، ئەو پەژیوانی قبوڵە و دلۆڤانە.﴾الحجرات/ ١١-١٢.

ئیسـلام ڕەچاوی وردترین هەستەکانی دەروون دەکات، هەتا ڕێگری لەوە دەکات کـە دوو کـەس لـە ئامـادەبوونی سـێیەم کەسـدا بە نهێنی و بەچپە قسە بکەن و بەشـداریان نـەکات، پێغەمـبەرﷺ فەرمویەتی: ((إِذَا كُنْـتُمْ ثَلَاثَةً فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الثَّالِـثِ فَـإِنَّ ذَلِـكَ يُؤْذِيـه..: ئەگـەر سـێکەس بوون، دوان پێکەوە بەچپە قسە نەکەن، چونکە ئەمە سێیەم کەس ئازار دەدا)).[1]

ئەمە ئەدەبێکی دەروونی بەرز و جوانە.

هـەر لـەبارەی ڕەچـاوکردنی هەستەکان، ڕێگری لە منەتکردن بە خێر و چاکەوە دەکـات، مـنەت کردن لە خودی خۆیدا خویەکی پیس و ناشیرینە، هەروەها ئازاری کەرامـەتی کەسـانی دیکـە دەدات، بۆیـە مـنەت کردن خێر بەفیڕۆ دەدات و چاکە ناهێڵێـت و، تورەیـی و گلـەیی جـێگەی سـوپاس و دانپێدانان دەگرێتەوە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالأَذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ كَالَّذِي يُـنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَـابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لاَ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ: ئـەی گەلی بڕواداران! خێرەکانتان بە منەت لەسەرکردن و ئازاردان بەفیڕۆ مـەدەن.. نەکـەن وەك ئـەو کەسـانە بن کە بڕوایان بە خوا و ڕۆژی دوایی نیە و بۆ ڕوبیـنی لـە ماڵی خۆیان دەبەخشن، ئەم کارەیان لەوە دەچێت کە تاتەبەردێکی زۆر لووس هێندێ خۆڵی لەسەرە و بارانێکی توندی پێدەکەوێت و دەیشواتەوە و بە ڕەق و ڕوتـی بەجـێی دەهێڵێـت.. هیچ بەهرەیەکیان لەو بەخشینە دەستگیر نابێ، خودا گرۆی خوانەناسان لەڕێگە شارەزا ناکا.﴾البقرة/٢٦٤.

[1] رواه الثلاثة وأبوداود.

ئیسلام لەو ئەدەبانەدا، هەر لە سنوری سلبیبوون و خۆدوورگرتن ناوەستێت، بەڵکو هەڵیان دەنێت بەرەو لایەنە ئیجابی و خۆپێشخەرەکانیش، تا هەستی خۆشەویستی و پێکەوە ڕاهاتن جۆش بدات، بۆیە داوای بلاوکردنەوەی قسەی چاك لەنێوان خەڵکدا دەکات: ﴿وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ: بە بەندەکانی من بڵێ چی باشترە ئەوە بڵێن.﴾الإسراء/٥٣.. ﴿وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا: بۆ خەڵك قسەی چاك بکەن.﴾البقرة/٨٣.. ﴿وَإِذَا حُيِّيتُمْ بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا: هەرکەسێك چاك و خۆشیتان لێدەکا، ئێوە چاکتر چاك و خۆشی لەگەڵدا بدەن، یان وەکو خۆی وەلامی بدەنەوە.﴾النساء/٨٦.

هەروا داوای بلاوکردنەوەی سلاو و ئاشتی لە هەموو شوێنێك و بۆ هەموو کەسێك دەکات، ناسیار بێت یان نەناس، تاکو دڵەکان هۆگری یەکتر بن و دڵنیایی بلاوببێتەوە. پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: ((يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ وَالْمَارُّ عَلَى الْقَاعِدِ وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ: بچووك سلاو لە گەورە دەکات، ڕێبوار سلاو لە دانیشتوو دەکات، کەم سلاو لە زۆر دەکات)).[1]

پرسیار کرا لە پێغەمبەری خواﷺ: چ شتێکی ئیسلام لە هەمووی چاکترە؟ فەرموی: ((تُطْعِمُ الطَّعَامَ وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ: خەڵك نان بدەیت و، سلاو لە ناسیار و نەناس بکەیت.)).[2]

هەروا ئیسلام داوای وەلامدانەوەی خراپە بە چاکە دەکات: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ: هەمیشە بە چاکتر وەلام بدەرەوە، ئەوسا ئەو کەسەی دوژمنایەتیت لەگەڵیدا هەیە وەك دۆستی نزیکی لێ دێت.﴾فصلت/٣٤.

﴿وَعِبَادُ الرَّحْمَانِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُم الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا: بەندە ڕاستەقینەکانی خوای رەحمان ئەوانەن کە بە سوکی و بەبێ دەعیە

[1] البخاري
[2] البخاري

بەسەر زەویدا دەڕۆن و، هەر کاتێکیش نەزانەکان بیاندوێنن، بە نەرم و نیانی وەڵامیان دەدەنەوە.﴾الفرقان/٦٣.

ئیسلام بانگەشە بۆ لێبوردن و خۆگرتنی کاتی توڕەیی دەکات و، جیهادەکەی بۆ ڕق و قین نیە، بەڵکو بۆ لێبوردن و لێخۆشبوونە، هەڵچوون لەخۆی دوور دەخاتەوە و، پاك بوونەوە و لێبوردن شوێنی دەگرێتەوە: ﴿وَلَمَنْ صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الأُمُورِ: بۆ کەسێکی خۆڕاگر بێت و لە تۆڵە چاوپۆشی بکات، ئەمە یەکێ لە کارە پەسندەکانە.﴾الشوری/٤٣. ﴿وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ: ئەگەر چاویان لێ بپۆشن و وازیان لێ بێنن و بیانبەخشن، خوداش لە گوناهتان دەبورێ و دڵۆڤانە.﴾التغابن/١٤.

﴿وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ: ئەوانەی ڕکی خۆیان دەخۆنەوە و چاوپۆشی لە خەڵك دەکەن.﴾آل عمران/١٣٤. ﴿وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ: لەکاتی توڕەبونیاندا خەڵك دەبەخشن.﴾الشوری/٣٧.

هەروا بانگەشەی نەرم و نیانی لە کڕین و فرۆشتن و قەرزدا دەکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((رَحِمَ اللَّهُ رَجُلًا سَمْحًا إِذَا بَاعَ وَإِذَا اشْتَرَى وَإِذَا اقْتَضَى: خودا بەزەیی بە کەسێکدا دێتەوە کە لەکاتی فرۆشتن و کڕین و قەرزداندا نەرم و نیانە.))[1]

هەروا دەسپاکی لە شت گۆڕینەوەدا: ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُمْ بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ: ئەگەر لەیەك دڵنیابوون، با قەرزدارەکە قەرزەکە بداتەوە.﴾البقرە/٢٨٣.

هەروا دڵڕاستی لە بازرگانیدا: ((الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا، فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا وَإِنْ كَتَمَا وَكَذَبَا مُحِقَتْ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا: کڕین و فرۆشتن بە ویست و هەڵبژاردەی خۆیانە تا لە یەك جودا دەبنەوە، ئەگەر ڕاستیان کرد و ڕاستەقینەیان ڕوون کردەوە، بەرەکەت دەکەوێتە کڕین و فرۆشتنەکەیانەوە،

[1] البخاري والترمذي.

ئەگەریش راستەقینە بشارنەوە و درۆ بکەن، بەرەکەت لە کرین وفرۆشتنەکەیاندا نامێنێت))[1].

ئیسلام مسولمانان لە هەموو وروژێنەرێکی رق و کینە و هۆکارەکانی ناخۆشی بەدور دەخات، هۆکاری وەك کۆڕی قومار و لگاو، کە تیایدا پلەی رق و کینە لە دەرونەکان بەپێی دەستکەوتی حەرام و زیانی بێشومار زیاد و کەم دەکات، وەك کۆڕی ئارەق خواردنەوە، کە تیایدا هیچ عەقلّ یان ویستێك نیە حەز و ئارەزوەکان رێك بخات: ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُم الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنتَهُونَ: شەیتان مەبەستی ئەوەیە بە شەراب خواردن و قومار ئاژاوە بخاتە ناوتانەوە، لە نوێژ و یادی خودا دورتان بخاتەوە، ئاخۆ ئێوە دەست لەو کارانە بەردەدەن؟﴾المائدة/٩١

بەم شێوەیە ئەدەبی دەرونی و کۆمەڵایەتی رۆڵی لە پاککردنەوەی کەشتی ژیاندا و، بلاّوکردنەوەی خۆشەویستی و هۆگری لە دەرونەکاندا دەبینێت و، یارمەتی بنیاتنانی ئاشتی لەناو کۆمەڵگادا دەدات، لەجیهانی واقیع و بەرهەستدا..

هەستکردن بە هاوکاری و یارمەتیدان

پاشان ئیسلام تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بە پەیوەندی بەرژەوەندیی هاوبەش پێکەوە دەبەستێت و، هەستی هاوکاری و یارمەتیدان لە دەرونیاندا بەهێز دەکات، هەستی ئەرکی سەر شانی هەموان بۆ بەرژەوەندی هەموان بەهێز دەکات، سنوری سەربەستی تاك لە ئاستی بەرژەوەندی هاوبەشدا دیاری دەکات و، ئەو هەستە دەدات بە هەموان، کە هەندێك ئامانجی هاوبەش هەیە تاك بەتەنها پێی هەڵناسێت، پێویستە بە هاوکاری نێوان هەموان پێی بگەن:

((كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ الْإِمَامُ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أَهْلِهِ وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَمَسْئُولَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا وَالْخَادِمُ رَاعٍ فِي مَالِ سَيِّدِهِ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ قَالَ وَحَسِبْتُ أَنْ قَدْ قَالَ

[1] رواه الخمسة.

وَالـرَّجُلُ رَاعٍ فِـي مَـالِ أَبِـيهِ وَمَسْـئُولٌ عَـنْ رَعِيَّـتِهِ وَكُلُّكُـمْ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ: هـەمووتان شـوان و بەرپرسن و، هـەمووتان دەربـارەی ژێردەسـتەکانتان لێـتان دەپرسـرێتەوە، پێشـەوا و سەرکردە بەرپرسە و لە ژێردەستەکانی لێی دەپرسرێتەوە، پـیاو بەرپرسـە لـە خـێزانەکەی و لە خێزانەکەی لێی دەپرسرێتەوە، ژن بەرپرسە لە مـاڵی مێردەکەی و لەسەر ژێردەستەکەی لێی دەپرسرێتەوە، خزمەتکار بەرپرسە لە مـاڵی گەورەکـەی و لـە ژێردەسـتەکەی لـێی دەپرسرێتەوە، پیاو بەرپرسە لە ماڵی بـاوکی و لەژێردەسـتەکەی لـێی دەپرسـرێتەوە، هـەموتان بەرپرسـن و لەسـەر ژێردەستەکانتان لێتان دەپرسرێتەوە)).[1]

((مَـثَلُ الْقَـائِمِ عَلَـى حُـدُودِ اللَّـهِ وَالْوَاقِـعِ فِـيهَا كَمَثَلِ قَوْمٍ اسْتَهَمُوا عَلَى سَفِينَةٍ فَأَصَـابَ بَعْضُـهُمْ أَعْلَاهَـا وَبَعْضُـهُمْ أَسْـفَلَهَا فَكَـانَ الَّذِينَ فِي أَسْفَلِهَا إِذَا اسْتَقَوْا مِنَ الْمَـاءِ مَـرُّوا عَلَـى مَـنْ فَوْقَهُـمْ فَقَـالُوا لَـوْ أَنَّـا خَرَقْنَا فِي نَصِيبِنَا خَرْقًا وَلَمْ نُؤْذِ مَنْ فَوْقَـنَا! فَـإِنْ يَـتْرُكُوهُمْ وَمَـا أَرَادُوا هَلَكُوا جَمِيعًا وَإِنْ أَخَذُوا عَلَى أَيْدِيهِمْ نَجَوْا وَنَجَوْا جَمِـيعًا..: نمونـەی ئەو کەسەی لە سنورەکانی خودا رادەوەستێت و ئەوەی دەکەوێتە ناویەوە، وەك کۆمەڵە کەسێك وایە لەسەر کەشتییەك تیروپشکیان کرد، هەندێکیان سـەرەوەیان بەرکـەوت و هەندێکـیان ژێـرەوە، ئەوانـەی ژێرەوە بۆ ئاوهێنان بەسەر ئەوانـەی سـەرەوەدا تێدەپەڕین، گوتیان ئەگەر لە بەشی خۆمان کونێك بکەینەوە و ئەوانـەی سەرەوە ئەزیەت نەدەین! ئەگەر لێیان بگەڕێن بە ویستی خۆیان بکەن ئەوا لەناو دەچن، ئەگەریش دەستیان بگرن هەموویان رزگار دەبن.)).[2]

کۆمـەڵ(جماعـة) بەرپرسە لە چاودێریکردنی ئەو بێدەسەڵاتانەی کە لەناویاندایەو بەرپرسـە لـە دەسـتەبەرکردنی بژێویـان و خۆیان و سامانەکەیان دەپارێزێت: ﴿فَأَمَّا الْيَتِـيمَ فَلَا تَقْهَرْ، وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ: دەسـا تۆش هەتیو مەڕەنجێنە، دەرۆزەکەر مەتارێنە.﴾الضحى/٩-١٠.

---

[1] رواه الخمسة.
[2] البخاري والترمذي.

﴿أَرَأَيْـتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ, فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ، وَلاَ يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ: ئـاخۆ ئـەو کەسەت دیت کە ڕۆژی دوایی بەدرۆ دەزانی، هەر ئەو بوو کە هەتـیوی دەرەنجـاند، هـانی نـان دان بـە هەژارانی نەدەدا.﴾الماعون/١-٣. ﴿وَابْتَلُوا الْيَـتَامَى حَـتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَنْ يَكْبَرُوا وَمَنْ كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَنْ كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ: هەتـیوان تاقی بکەنەوە تا دەبنە گەنجێکی تەواو، جا ئەگەر دیتان چاك و خـراپ لـێك جودا دەکەنەوە، ئەوا ماڵەکانیان بدەنەوە.. لە ترسی ئەوەشدا نەبادا گەورە بین -بەدەر لە ئەندازە و بەلەز- ماڵیان مەخۆن، کێ زەنگینە خۆی بپارێزێ، کێش نەدارە، هەر ئەوەندەی لێ هەڵگرێ کە پێویستی ژیانیەتی.﴾النساء/٦.

لـە فەرمودەشـدا هاتووە: ((مَـنْ كَانَ عِنْدَهُ طَعَامُ اثْنَيْنِ فَلْيَذْهَبْ بِثَالِثٍ وَإِنْ أَرْبَعٌ فَخَـامِسٌ أَوْ سَـادِسٌ..: هەرکەسـێك خواردنـی دوو کەسـی لایـە بـا بـە سێ کەس بیخۆن.. ئەگەر هی چوار کەسە بە پێنج یان شەش کەس)).[1]

((مَـنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لا ظَهْرَ لَهُ، وَمَنْ كَانَ لَهُ فَضْلٌ مِنْ زَادٍ فَلْـيَعُدْ بِـهِ عَلَـى مَـنْ لا زَادَ لَـهُ..: هەرکەسـێك کەل و پەلێکی ناوماڵی زیادەی هەیـە، بـا یارمـەتی کەسـێکی پـێ بدات کە کەلوپەلی نیە، هەرکەسێك خۆراکی زیادەی هەیە، با یارمەتی کەسێکی پێ بدات کە خۆراکی نیە)).[2]

بـۆ بەدیهێـنانی بنەمای هاوکاری،سودخواردن(ربا)ی حەرام کردووە، بەهۆی ئەو رق و کیـنەیەی لـەناو کۆمـەڵدا دەیوروژێنێـت.. دەروون لـەوە بـێزارتر نابێت، کە کەسێکی نەدار پەنا بباتە بەر خاوەن سامانێك، ئەویش هەلی ڕەخساو و پێویستیی نـەداریی بقۆزێتەوە و، باجێکی حەرام لەسەر براکەی بەسەپێنێت وەك نرخێکی ئەو پارەیـەی بەقەرز وەری دەگرێت: ﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَـبَّطُهُ الشَّـيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ: ئـەو کەسانەی سوو دەخۆن، ڕاست بوونەوەیان لەو دونیا، وەك ڕاپەڕینی کەسێکە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ.﴾البقرة/٢٧٥.

---

[1] متفق عليه.

[2] رواه مسلم وابوداود

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِن الرِّبَا إِنْ كُنتُمْ مُؤْمِنِينَ، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِن اللَّهِ وَرَسُولِهِ: ئەی گەلی بڕواداران! لەخوا بترسن و پارێزکار بن، ئەگەر بڕوادارن ئەوا دەست لەو سووەی ماوە هەلگرن.. ئەگەر وانەکەن، ئەوا ئاگاداری جەنگێك بن لەگەڵ خودا و پێغەمبەرەکەی.﴾البقرە/٢٧٨-٢٧٩.

پێویستە سامان بە قەرزی بێ سوو بدرێت بە نەداران، تا لەو ناو کۆمەڵەدا گیانی خۆشەویستی و بەزەیی و، گیانی هاوکاری و یارمەتی بڵاو بێتەوە: ﴿وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ: ئەگەر قەرزارەکە لە تەنگی و نەداریدابوو، ئەوا ماوەی بدەن هەتا بۆی فراوان دەبێت.﴾البقرة/٢٨٠. بۆ ئەوەی لێبوردەیی مۆرکی قەرزدان بێت بەبێ تەنگاو و ماندووکردنی قەرزارەکە، ئا ئەمە شایستەیە بە کۆمەڵی ئادەمیزاد!

هەروەها بۆ بەدیهێنانی ئەم بنەمایە قۆرخ(احتكار)کردنی حەرام کردووە و نەفرینی لە قۆرخکاران کردوە، چونکە ئەوانە هەل دەقۆزنەوە و، قازانجە بێشومارەکەیان لە خوێنی بەکاربەرەکان(مستهك) بەدەست دێنن، جا تورەییان دەوروژێنێت و گیانی رق و کینە لەناو کۆمەڵدا بڵاو دەکەنەوە و، تۆوی هاوکاری لەناو دەبەن: ((مَنْ احْتَكَرَ فَهُوَ خَاطِئٌ: هەرکەس قۆرخ بکات گوناهبارە))[1].. گزی و سوك کێشان و کەم پێوانیشی حەرام کردوە: ﴿وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ، الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَسْتَوْفُونَ، وَإِذَا كَالُوهُمْ أَوْ وَزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ: هاوارە لە سوك فرۆشان، ئەو کەسانەی بە پێوانە شتێ لە مەردم دەسێنن، دەشێ هەموویان پێ بدەن، ئەگەر خۆشیان بۆیان پێوان، یان بە کێشانەیان پێدان، لێی کەم دەکەن.﴾المطففين/١-٣. ((من غشنا فليس منّا: هەرکەس گزیمان لێ بکات لە ئێمە نیە))[2].

حەرامی کردووە کەلوپەلی خەڵك سوك و بێنرخ بکرێت و کەمتر لە شایستەی خۆی پێبدرێت، ئەمەش بە خراپەکاری لەسەر زەوی داناوە: ﴿وَلاَ تَبْخَسُوا النَّاسَ

[1] رواه مسلم وابوداود والترمذي.
[2] مسلم وابوداود والترمذي.

أَشْـيَاءَهُمْ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ: کەلوپـەلی خەڵك بەکەم مەگرن و بەهای خۆیان پێبدەن و، لەسەر زەویدا خراپەکاری مەکەن.﴾هود:٨٥.

پاشـان فـەرمان بـە مسـوڵمانان دەکـات، کـە هەرهەموویان دەست بە گوریسی خـوداوە بگـرن و، لەو تەوەرەیەدا بەیەك بگەن و، ئەو ئەڵقەیە بگرنە خۆ، جا بەمە هەسـت دەکـەن کـە لـە خـوادا و، لـە هاوکارییان لە پێناویدا و، کۆبونەوەیان لە گوێڕایەڵی ئەودا یەکن: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَـيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ فَأَنْقَذَكُمْ مِنْهَا: هەموو لاتان دەست لە ڕشتەی پەیمانی خوا وەرێنن و بـڵاو مەبن، بیر لەو چاکە بکەنەوە کە خودا دەربارەی کردن، کە ئێوە دژ بەیەکدی بـوون، هۆگـری خسـتنە نـێوان دڵەکانـتانەوە، لـە سـایەی چاکەی خوداوە، ئێستا بوونەتە برا، لەسەر لێوی ئاگر بوون، هەر ئەو بوو ڕزگاری کردن.﴾ال عمران/١٠٣.

﴿وَتَعَـاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ: لەسـەر چاکە و پارێـزکاری هاوکـاری یـەکدی بکـەن، نەك لەسەر تاوان و دوژمنکاری.﴾المائدة/٢.

ئەوەش گرێی گرێیەکانە، پەیوەستی پەیوەستەکانە، کە هەموان لەسەری کۆدەبنەوە و، هەسـت بەو یەکێتییە دەکەن، کە کۆیان دەکاتەوە، هەست بەو ئەرکە دەکەن کە هانـیان دەدات، بـێگومان ئـەوە خشـتێکی بـەهاداری بونیاتـنانی ئاشـتیی کۆمەڵایەتییە.

ئامانجە بەرزەکانی ژیان

دوای هـەموو ئەمانـە -یـاخود پـێش هـەموو ئەمانـە- ئیسـلام ئاشـتی لـە کۆمەڵگـەی ئیسـلامی بـەدی دێنێـت، کـە بـەجارێك بـۆ تاك دەگوازێتەوە و، بۆ کۆمەڵ(جماعة) دەگوازێتەوە، لە جیهانی خودی سنوردارەوە، بەرەو ئاسۆی بەرزتر و فـراوانتر لـە خـود.. زۆر جـار مـلململانێ لـەو وزە خەفەکـراوە دروسـت دەبێت، کە بوارێکی دەرچوون نادۆزێتەوە، هەروا لەو بوارە تەسکەی، کە ڕێگە بە بەرزبونەوەی ئـەو توانایـە نـادات.. ئـەوە لـە کاتـێکدا ئاسـۆکانی دەرون تەسـك دەبێـتەوە و، ئامانجـەکانی ژیـان دەپوکێـتەوە و، واقـیعی تـاکی بچووك، یان واقیعی چینایەتی

سنوردار، یان واقیعی نەتەوەیی داخراو دەبێتە بواری چالاکی و، بواری کارکردن و، بواری ئەندێشەو بیرکردنەوە..

ئیسلام دەرك بە هەموو ئەمانە دەکات، بۆیە تاك و چین و نەتەوە لە کەلێنی ئامانجە بچوکە نزیکەکان دەردەکات، تا لە بواری ئامانجە هەرەبەرزەکانی ژیانی بەرفراوان رەهاو بەرەلای بکات.. لە تەنگەبەری ژیانی تاکیی کورت دەریدەکات بەرەو ئاسمانی ژیانی گشتیی گەورە، لە بواری بۆچوونی چینایەتی، یان نەتەوایەتی تەسکەوە، بۆ ئاسۆ بەرز و گشتگیرەکانی مرۆڤایەتی..

ئا لەو کاتەدا تاك هەست دەکات بۆ خودی خۆی نازێت، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەژێت.. هەروا لەو کاتەدا کۆمەڵ هەست دەکات، کە بۆ ئەم نەوەیە نازێت، بەڵکو بۆ سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەژێت. ئەو کاتە مسوڵمان وا هەست دەکەن کە بەرپرسن لە زەوی و، جێنشینی خودان، خودی خۆیان موڵکی خۆیان نیە، کۆششەکانیان بۆ خۆیان نیە، ژیانیان هۆکارە و ئامانج نیە.. کەواتە لە کاتێکدا مەبەستە مەزنەکان و ئامانجە گشتگیرەکان چاوەڕوانی هەموانن، کات و بواری ململانێی تاکی، یان چینایەتی، یان نەتەوایەتی بچوکی تەسکی لاواز نیە..

ئیسلام بە مسوڵمانان دەڵێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ: ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مرۆڤایەتیدا سەرتان هەڵدا، فەرمان بەچاکە دەکەن و رێگری لە ناڕەوا دەکەن، برواشتان بەخودا هەیە.﴾ال عمران/١١٠. پێیان دەڵێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ: خودا گیان و سامانی بڕواداارانی کڕیوە و لەباتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە.. بڕوادارانیش ئەوانەن کە لەڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکوژن و دەکوژرێن، لە تەورات و لە ئینجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە.﴾التوبة/١١١. پێیان دەڵێت: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ: با لە ئێوەدا کۆمەڵێك

هـەبن، فـەرمان بەچـاکە بکەن و ڕێگری لە خراپە بکەن.. هەر ئەوانەشن کە ڕزگار دەبن.﴾ال عمران/١٠٤.

بـەم شـێوەیە ویسـت و سـەرنجیان بـەرز دەکاتـەوە بەرەو چاکسازیی گەردوونی گشتی، بەرەو ڕزگارکردنی تێکڕای مرۆڤایەتی لە پەرستنی زۆرداران، بەرەو فەرمان کـردن بـە چـاکە و بەرگریکردن لە خراپە، بەرەو بەدیهێنانی چاکسازی مرۆڤایەتی گشـتگیر.. بەڵام خودی خۆیان و، سامانەکانیان و، بەرژەوەندییە نزیکەکانیان، هەر هـەموویان بـە ویستی خۆیان فرۆشتوە، بەڵکو فرۆشتویانە بە چاکتر و بەردەوامتر، ئەوەی لێی کڕیون خودایە..

ئـەوان ڕاسپاردراون، کـە جیهاد بۆ خوا بکەن، تا وتەی (الله) لە هەرە بەرزیدا بێـت، تـا زەوی ببێتە ئاشتییەك ئاژاوەی تێدا نەبێت، تا خەڵك ببنە بەندەی خوای تـاك و تـەنها.. لە پێناوی ئەم مەبەستە مەزنەدا، خودی تاکەکان و بەرژەوەندی و چاوچنۆکی و ئارەزووەکان بایەخیان نامێنێت: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّيـــنُ لِلّـــه: لەگەڵـیاندا بجـەنگن، تـا ئـاژاوە نەمێنێـت و دین هەمووی بۆ خوا دەبێـت.﴾الأنفال/٣٩. ((مَـنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ: هەركـەس جـیهاد بکـات تـا وتـەی (الله) لـە بەرزتریـندا بێت، ئا ئەوە لەپێناوی خودایـە)).[1] ((هـەر کۆمەڵـێك واز لـە جـیهاد لەپێـناوی خـودا بێنن، ئەوا خودا سەرشۆڕیان دەکات)).[2]

ئـەوان ڕاسـپێردراون بـە پاراسـتنی بێدەسـتەڵاتان و لابردنی ئازار لەسەریان و بەخشـینی دڵنـیایی پێـیان: ﴿وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الـرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَنَا مِنْ لَدُنْكَ نَصِيرًا: چیتانە بۆ ناجەنگن لەپێناوی خـودا و لەبـەر پـیاو و ئافـرەت و مـنداڵە بێدەسـەڵاتەکان، ئەوانـەی دەڵێن: ئەی

---

[1] رواه خمسة.
[2] لە وتەکانی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر.

پـەروەردگارمان! لـەم شـارەی کـە خەڵکەکەی ناهەقیکارن رزگارمان کە و، لەلای خۆتەوە یار و یاوەر و سەرخەرێکمان بۆ پەیداکە.﴾النساء/٧٥.

ئـەوان راسـپێردراون کـە خـراپە بگـۆڕن، جـا چ لە فەرمانڕەوا ڕوبدات، یان لە ژێردەسـت، لـە تـاك ڕووبـدات، یـان لـە کۆمەڵ، چونکە ئەوان پێشمەرگەی خوان لەسەر زەوی، بەوان زەوی چاك دەبێت، لەسەریانە خراپەکاری لێ لابەرن: ((مَنْ رَأَى مِـنْكُمْ مُـنْكَرًا فَلْيُغَـيِّرْهُ: هەر کەسێکتان خراپەیەکی دیت با بیگۆڕێت))[1]، ئەگەر نا تووشـی کاولکـاری دەبـن و سـزایان لەسـەر پێویست دەبێت: ((إِنَّ الـنَّاسَ إِذَا رَأَوْا الظَّالِمَ فَلَمْ يَـأْخُذُوا عَلَـى يَدَيْـهِ أَوْشَـكَ أَنْ يَعُمَّهُـمُ اللّـهُ تعالى بِعِقَابِهِ: خەڵك ئەگەر سـتەمکاریان ببینی و دەسـتیان نەگـرت، نـزیکە خوای گەورە بە تێکڕایی سزایان بدات))[2].. ((وَاللَّهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلَتَنْهَوُنَّ عَنْ الْمُنْكَرِ وَلَتَأْخُذُنَّ عَلَى يَدَيْ الظَّالِمِ وَلَـتَأْطُرُنَّهُ عَلَى الْحَقِّ أَطْـرًا وَلَتَقْصُـرُنَّهُ عَلَى الْحَقِّ قَصْـرًا أَوْ لَيَضْـرِبَنَّ اللَّـهُ بِقُلُوبِ بَعْضِكُمْ عَلَى بَعْضٍ: سوێند بەخوا! دەبێ فەرمان بە چاکە و، رێگری لە خراپە بکەن و، دەستی ستەمکار بگرن، بۆ هەق ملکەچی بکەن، بەزۆر هەقی پێ ئەنجام نەدەن، ئەگەر نا خودا بەدڵی هەندێکتان لە هەندێکتان دەدات.))[3]

ئیسـلام کاتـێك مسـوڵمان بـەو ئەرکـە بەرزانـە رادەسـپێرێت، دەروون و ئامانجەکانـیان بـەرز دەکاتـەوە و، وزە شـاراوەکانی دەرتەقێتەوە بۆ بەکارهێنان لە بـواری مرۆڤایەتی، نەك بواری تاکەکەسی. هیچ گومانی تێدا نیە، کە تەقاندنەوەی ئـەم وزەیە سەرقاڵیان دەکات لە دوژمنایەتیە بچوکەکانی ناو کۆمەڵگە و، ئەو رق و قیـنەی، کە ئارەزو و چاوچنۆکیەکان دەیوروژێنێت. ئەو ئەم ئامانجە هەرە بەرزانە لەلایـەك دادەنێـت و، ئـارەزوو و چاوچـنۆکیەکانیان لەلایـەکی دیکـە، جا هەر لە سـەرەتاوە لەنـێوان هـەردوو لایەکـەدا سەرپشـکیان دەکات: ﴿قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْـنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ

---

[1] البخاري
[2] ابوداود والترمذي.
[3] ابوداود والترمذي

كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ: بلێن: ئەگەر باب و کوڕ و برا و ژن و هۆزەکانتان و، ئەو سامانەی پەیداتان کردووە و، ئەو بازرگانییەی دەترسن لە برەو کەوێ و، خانوبەرەیەکی بەدڵی خۆتان بێ، لاتان گرنگتر و خۆشەویستتر بێت لە خودا و پێغەمبەرەکەی و جیهاد لە پێناویدا، ئەوا چاوەڕوان بن تا خودا فەرمانی خۆی دەردەکات، ئەوانەی لەڕێ لادەرن، خودا ڕێنمونیان ناکات.﴾التوبة/ ٢٤..

ئەوانە ئەرکەکانی راسپاردنە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی، کە خودا کردویەتی بە بەشی ئەم ئوممەتە: ﴿الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ: ئەوانەی وا ئەگەر لەم زەمینە دەسەڵاتدارمان کردن، نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن.﴾الحج/٤١.. ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا: هەر ئاواش ئێمە ئێوەمان کردوەتە ئوممەتێکی ناوەڕاست و هەڵبژاردە، تا ببنە شاهێد و ئاگادار بەسەر خەڵکەوە و، پێغەمبەریش ببێتە شاهێد و چاودێر بەسەر ئێوەوە.﴾البقرە:١٤٣.

ئەوە ئەرکێکی خواپەرستییە، کە هەموو ژیان بە ئاسۆی هەرەبەرزەوە دەبەستێتەوە: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ، مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ: هەر بۆیە جنۆکە و مرۆڤم دروست کرد، کە بمپەرستن، من هیچ ڕۆزیم لەوان ناوێت و نامەوێت خۆراکم پێ بدەن.﴾الذاريات:٥٦-٥٧

لە کەشێکی ئاوادا، تاك دەتوانێ خودی خۆی بەدی بێنێت، ویستی بەرزبوونەوە لە دەروونی خۆیدا بەدەست بێنێت، بەبێ ئەوەی ناچاری ململانێ و هەڵچوونی ناکۆکی بێت، یان ناچاری جەنگێکی ناوەکی و ڕق و قین بێت.. لەم بوارەدا شوێنی هەموان دەبێتەوە، زەویش فراوانە و دوورە لە شەڕە کەڵەشێر لە پێناوی ژیاندا!

سیستەمی فەرمانڕەوایی

لەوانــەی رابــرد باســی ئــەو ویــژدان و هەستانەمان کرد، کە ئیسلام بناغەکانی ئاشــتی نــاو کۆمــەڵگای لەســەر بنــیات دەنێــت، کە ئەوانەش کۆمەڵە هۆکارێکن گومــان لــەم بایەخــەیدا نــیە و بــواری نکوڵی لێکردنی نیە.. بەڵام ئیسلام بەتەنها پشــت بەوانــە نابەســتێت و، رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی تەنیا بۆ ئەو هۆکارانــە لیٚناگەڕێت.. دیدی گشتیی ئیسلام، هەموو کاتێك ئەرکباری(تکلیف) و خۆبەخشــی(تطوع) پــێکەوە کۆدەکاتــەوە، دەستور و ئاڕاستەکردن(توجیە) پێکەوە کۆدەکاتــەوە، کۆمەڵگــە بــەهۆی سیســتەم و یاسا بەڕێوە دەبات، هەروەك چۆن بە هــاندان و خۆشەویســت کــردن بەڕێوەی دەبات.. لەبواری ئاشتیی کۆمەڵایەتیشدا، ئیســلام هــەمان نەریت دەگرێــتە بــەر، سیســتەمی فەرمانــڕەوایی و، دابینکاری دادگــەری داوەری و، دابیــنکاری ئاسایش و ســەلامەتی، لەگەڵ دابینکاری ژیان و هاوســەنگی کۆمەڵایــەتیی گشتی، هەموویان دەکاتە هۆکاری دامەزراندنی ئاشتی لــەناو کۆمەڵگــەدا، ئەمــەش لــەڕێگای دەســتوردانان و راهێــنان و بەســەردا سەپاندنەوە.

سیســتەمی فەرمانــڕەوایی لــە ئیســلامدا، دامــەزراندنی پــەیوەندی لەنــێوان سەرپەرشــتیار و بەردەســتەکان لەســەر بنەمای ئاشتی و دادگەریی و دڵنیایی دابین دەکــات، لەســەر ئــەو بــنەمایانە ئاشتی کۆمەڵایەتی بە رێك و پێکی و چەسپاوی بنیات دەنێت.

سەرپەرشتیار ناگات بەو پایەیە، تەنها لە یەك رێگاوە نەبێت: ئارەزووی رەها و هەڵــبژاردنی ئازادانــەی ژێردەســتەکان، لەو پایەشدا نامێنێتەوە تەنها بە یەك رێگا نەبێت؛ گوێڕایەڵی خودا و کارکردن بە دەستورەکەی.

فەرمانڕەواییــش لەســەر رەزامــەندی و هەڵــبژاردن دادەمەزرێــت، پاش ڕاوێژ و مۆڵــەتدانی خــەڵك، تــەنها بــەوەش حوکــم دەکــات، کە خوا ناردویەتیە خوارەوە. فەرمانڕەواییــەك، کــە بــڕوا و دڵنیایی لە دەرونەکان و، رەزامەندی و ئاسودەیی لە دڵــەکان بڵاو دەکاتەوە، بواری بێزاری و، دڵ پیٚتەنگ بوون و، هەڵگەڕانەوە بەکەس

نـادات، مـادام بـەو ڕێگایـە هـەنگاو بنێـت کـە ئیسلام نەخشەی کێشاوە و، لەو سنورەدا بێت کە ئیسلام بۆی دیاری کردووە.

جـا کەوایە ڕێگای ئیسلامی لە فەرمانڕەواییدا چیە؟ ئەو ڕێگایە ڕێگای ڕاوێژە؛ ﴿وَأَمْـرُهُمْ شُـورَى بَيْـنَهُمْ: کاروباریان لەنێو خۆیان بەڕاوێژە.﴾الشوری/٣٨... ﴿وَشَـاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ: لەکاروباردا ڕاوێژیان پێبکە.﴾ال عمران:١٥٩.. ئەگەرچی شـەریعەت ڕێگایـەکی دیاریکـراوی بـۆ ڕاوێـژ دانـەناوە، ئەمـە بەجێهـێڵراوە بۆ پێویستی و زەرورەت و، شێوازی ژیانی هەر چەرخێك. بەڵام بنەمای بۆ بڕیاردراوە و، ڕێگـای بـۆ دیاریکـراوە، دەبێ مسوڵمانان لە کاروباری خۆیان بەشدار بکرێن و، لەو کاتەدا بواری ڕق هەڵگرتن نابێت، چونکە خۆیان لە تەگبیر و ڕایەکە بەشدارن.

ئـەی سـنوری ئیسـلامی لـە فەرمانڕەوایـیدا چـییە؟ چـێبەجێکردنی یاسـای ئیسـلامییە، ئـەو یاسـایەی خـودا بۆ تێکڕای بەندەکانی دایڕشتوە، تیایدا ڕەچاوی بـەرز ڕاگرتـنی تاکـێك بەسـەر تاکـێکی دیکـەدا، یان بەرژەوەندی چینێك زیاد لە چـینێکی دیکـە، یـان بەرزڕاگرتـنی کۆمەڵـێك بەسـەر کۆمەڵـێکی دیکـەدا، یان جوداکـردنەوەی فەرمانـڕەوا لـە فەرمان بەسەردادراو، نەکراوە.. هەموویان بەندەی خودان و، شەریعەت یاسای خودایە و هەموویان لە بەرامبەریدا یەکسانن..

گوێـڕایەڵی خـەڵك بـۆ فەرمانـڕەوا پەیوەسـتە بـە پەیڕەوکردنی ئەو دەستورە و جێبەجێکـردنی ئـەو یاسایە، ئەگەر لەوە لایدا، ئەوا گوێڕایەڵی بۆ نیە، پێغەمبەر ﷺ فەرمویـەتی: ((اسْمَعُوا وَأَطِـيعُوا وَإِنْ اسْتُعْمِلَ حَبَشِيٌّ كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ مَا أَقَامَ فِـيكُمْ كِتَابَ اللَّهِ تعالى: گوێ ڕاگرن و گوێڕایەڵ بن، ئەگەریش بەندەیەکی حەبەشی کـرایە ئـەمیرتان، سـەری وەکـو مـێوژ ڕەش بێ، مادام ئەو بەکتێبی خوای گەورە لەناوتان فەرمانڕەوایی دەکرد)).[1]

جـا گوێـڕایەڵی فەرمانـڕەوا تـەنها بەجێبەجێکردنی کتێبی خودا دەچەسپێت، قورئانـیش بـە ڕاشـکاوی حوکمـی کوفر بەسەر ئەو کەسانەدا دەدات، کە حوکم بە کتێـبی خـودا ناکـەن: ﴿وَمَـنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُم الْكَافِرُونَ: ئەو

[1] صحيح البخاري.

کەسـەی فەرمانـڕەوایی بـەوە نـەکات، کـە خـوا دایـبەزاندووە، ئـەوا ئەوانـە کافرن.﴾المائدة/٤٤.

بەڕاشـکاوی حوکمـی بێبـڕوایی بەسەر ئەوانەدا دەدا، کە دەیانەوێت یان ڕازین فەرمانـڕەوایی بە بـێجگە لـە شەریعەتی خوا بکرێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُـمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَـدْ أُمِـرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا: ئەی ئەوانەت نەدیـت، کـە وایان هەڵبەستووە کە بڕوایان هێناوە بەوەی بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە و بەوانـەش کـە بـەر لـەتۆ نـێردراوە، کەچی دەیانەوێت کێشەیان بەرنە لای تاغوت، ئەگەرچـی فەرمانـیان پـێکراوە کـە حاشـای لێبکـەن، دیـارە شەیتان دەیەوێت بە یەکجاری گومڕایان بکات.﴾النساء/٦٠.

﴿فَـلاَ وَرَبِّـكَ لاَ يُؤْمِـنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا: بەڵام نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت، ئەمانە بڕوا ناهێنن، مەگەر وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوخۆیان بتکەنە دادوەر و لـە دڵەوە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕازی بن و بەتەواوی ملکەچی بن.﴾النساء/ ٦٥.

هـەروەها ئیسـلام بـە ڕاشکاوی جیهاد واجب دەکات دژی ئەو کەسەی حوکم بە کتێبی خواناکات و، گوێڕایەڵی مسوڵمان بۆی، بەڕەهایی حەرام دەکات.

جێبەجێکـردنی ئـەم یاسـا خوداییەی کە خاترانەی کەسی لەلا نیە و، پلەیەکی تایـبەت بـە هـیچ تـاك و چـینێك نـادات، جـا ئـەو تاکـە فەرمانـڕەوا بێت، یان بەرفـەرمان، ئەو چینە دەوڵەمەند بێت، یان هەژار.. زامنی بەدیهێنانی ئاشتییە لە کۆمەڵگادا، چونکە هەموان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەڕێوە دەبات.

موحەممـەدی پێغەمـبەری خودا ﷺ و گەورەترین فەرمانڕەوای مسوڵمانان، خۆی لـەوە دور دەگـرت کـە هیچی بۆ کەس پێ بکرێ، هەروەك عومەری کوڕی خەتاب دەیگێڕێـتەوە، بـە خـزم و کەس و کارەکەی دەفەرموێ: ((يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَـا اشْـتَرُوا أَنْفُسَـكُمْ لَا أُغْنِي عَنكُمْ مِن اللَّهِ شَيْئًا، يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ لَا أُغْنِي

عَنْكُمْ مِنْ اللّٰهِ شَيْئًا، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ لَا أُغْنِي عَنْكَ مِن اللّٰهِ شَيْئًا، وَيَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللّٰهِ لَا أُغْنِي عَنْكِ مِن اللّٰهِ شَيْئًا، وَيَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَلِينِي مَا شِئْتِ مِنْ مَالِي لَا أُغْنِي عَنْكِ مِن اللّٰهِ شَيْئًا: ئەی خەڵکی قورەیش، خۆتان بکڕنەوە، من ناتوانم لەلای خودا هیچتان بۆ بکەم.. ئەی نەوەی (عبدالمناف) ناتوانم لەلای خودا هیچتان بۆ بکەم، ئەی عەباسی کوڕی عبدالمطلب، ناتوانم لەلای خودا هیچت بۆ بکەم، ئەی صفیەی پوری پێغەمبەری خوا، ناتوانم لەلای خودا هیچت بۆ بکەم، ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد، لە سەروەت و سامانم چیت دەوێ داوا بکە، ناتوانم لەلای خودا هیچت بۆ بکەم))[1].

ئەبوبەکر، جێنشینی یەکەم و هاوەڵی پێغەمبەری خواﷺ، پاش بەیعەت پێدانی هەڵدەستێتەوە و دەڵێت: ((خەڵکینە! من کرامە ئەمیری ئێوە و چاکترینتان نیم، ئەگەر چاکم کرد پشتیوانم بن، ئەگەر هەڵەم کرد ڕاستم کەنەوە))... هەتا وتی: ((گوێڕایەڵم بن هەتا ئەو کاتەی گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەم، ئەگەر سەرپێچی خودا و پێغەمبەرەکەیم کرد، لەسەرتان نیە گوێڕایەڵم بن)).. ئاوا بڕیار لەسەر مەزنترین بنەمای ئیسلامی لە فەرمانڕەوایی و سنورەکانی دەدات.

ئەم سیستەمە ئیسلامییە ڕاستڕەوی سەرپەرشتیاران و ڕەزامەندی بەرفەرمانان(رعیة) و، بڕیاردانی ئاشتی لەنێوانیان و توندوتۆڵ کردنی دەگرێتە ئەستۆ، بە زۆری زۆرداری نا، بە سەرکوتکردن و زۆر لێکردن نا، بە دڵڕەقی و کەڵەگایەتی نا، بە ترس و سەرشۆڕی نا، بەڵکو بە ڕەزامەندی و قەبوڵکردن و گوێڕایەڵیەکی هەڵقوڵاو لە ناخی دەروونەوە، بەبێ مەرایی و دووڕوویی و دەرخستنێکی درۆزنانە.

ئەوە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی جێگیری و ئارامی، هیچ هۆکارێکی دیکەی باشتر یان هاوتای نیە، ئەوە ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی ئاشتیی گشتگیر، لەیەك زنجیرەی یەکگرتوودانە و ، لە بیرۆکە هەرە گەورەکانی ئیسلام بۆ ژیان لێك جودا نابنەوە..

---

[1] متفق علیه.

دابینکاریەکانی دادگەریی یاسایی

فەرمانڕەوایی ئیسلامی دادوەرییەکەی پێش هەموو شتێك لە دادوەریی خودی یاساکەوە وەرگرتووە، ئەو یاسایە -وەك پێشتر وتمان- لە دەستکردی تاك نیە، لە دەستکردی کۆمەڵێکیش نیە، تا گومانی پێببرێت و، ترسی ئەوەی هەبێت بەپێی ئارەزوو دابنرێت، یاخود بە هەڵە دابنرێت و، بەدیهێنانی دادوەریی ڕەهای لەدەست بچێت.

بەڵام لەکاتی جێبەجێکردندا، ئیسلام ئەوەی بە ڕوونی یاساکە و ویژدانی داوەر و چاودێری کۆمەڵ پەیوەست کردوە، ئەو چاودێرییە لەسەر شانی هەموو تاکێکە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا، لەسەریەتی ستەم لەکاتی ڕوودانی لابەرێت، کاتێك فەرمانڕەوا لە سنور دەرچوو هۆشیاری بکاتەوە، کاتێك داوەر هەڵەدەکات هۆشیاری بکاتەوە، گوناهبارە کاتێك شاهێدیەك دەشارێتەوە، یان کاتێك بڕیار لەسەر هەڵەیەك دەدات، کە دەیبینێت و هۆشیاریی نادات.

ئەو دادگەرییەی ئیسلام داخوازیەتی، دادگەرییەکی رەهایە و خۆشەویستی و رق لێبوونەوە کاری تێناکات، سامان و پایە و فەرمانڕەواییش کاری تێناکات.. جا ئایەتەکانی دادگەریی لە قورئاندا توند و یەکجارەکی و یەکلاکەرەوەیە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا: ئەی گەلی بڕواداران! بە یەکسانی و بێجیاوازی کاری خەڵك ڕاپەڕێنن، بۆ خودا شایەتی بدەن، ئەگەریش لەسەر خۆتان یان دایك و باوکتان یا خزمانتان بێ، ئەوەی شایەتی بۆ دەدەن دەوڵەمەند بێت یاخود هەژار، خودا بۆ ئەوان نێزیکترە، مەکەونە شوێن ئارەزووتان و لەڕێگە لابدەن، ئەگەر زمانتان خوار بکەنەوە، یاخود خۆتان لە شاهێدی بدزنەوە، خودا هەمیشە ئاگادارە لە هەرکارێ ئێوە دەیکەن.﴾النساء/١٣٥.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ: ئەی

گەلی بڕواداران! بۆ خوا ڕاست و بێخەوش بن و بە هەقانەت شایەدی بدەن، دوژمنایەتی و قینی دەستەیەك هەڵتان نەبێ بە هەقانەت ڕەفتار نەكەن، بە یەكسانی و بێجیاوازی لەگەڵ خەڵكا ڕەفتار كردن دەبێتە هۆی پتر نزیك بوونەوە لە پارێزكاری، ترسیشتان لەخودا هەبێ، چونكە لە هەركارێ ئێوە دەیكەن ئاگادارە.﴾المائدە/٨.

﴿وَلاَ تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللَّهِ أَوْفُوا ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ: خۆتان لە قەرەی ماڵی هەتیو مەدەن، مەگەر بە چەشنێ كە باشتر بێ، تا كاتێ كە خۆی پێدەگا.. با پێوانە و تەرازوشتان بەرامبەر بێ و كەم و كوڕی تێدا نەبێ.. ئێمە هیچ ئەركێكی لەتوانابەدەر ناخەینە سەر كەس.. كاتێ قسە دەكەن-بۆ ناوبژی یان شایەتی دان-دادوەریتان لەبەر چاو بێ، جا با لەسەر خزمی خۆشتان بێت.. پەیمانی خوداش بە تەواویی بەجێبێنن.. خوا ئەمانەی بەئێوە ڕاسپاردووە، بەڵكو هەردەم لەبیرتان بێ.﴾الأنعام/١٥٢.

﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ: ئەگەر داوەریت كرد، بەیەكسانی كێشەكەیان بۆ پێك بهێنە، خودا كەسانی ڕاست و ڕەوا و داوەری خۆش دەوێ.﴾المائدة/٤٢.

﴿فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لأَعْدِلَ بَيْنَكُمْ: سا بۆ ئەمە بانگەشەی خەڵك بكە و ڕاستڕەو بە هەروەك فەرمانت پێكراوە، شوێن ئارەزووەكانیان مەكەوە.. بڵێ بڕوام هێنا بەو كتێبانەی خودا ناردویەتە خوارێ، فەرمانم پێدراوە بە دادگەریی كاروبارتان ڕاپەڕێنم.﴾الشوری/١٥.

﴿وَلاَ تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ: ماڵی یەكتر بەناڕەوا مەخۆن، مەیشی دەن بە

کاربەدەستان تا بەناڕەوا و بە ئاگاداری خۆتان بەشێك لەماڵی خەڵك بخۆن.﴾البقرە/ ١٨٨.

لە فەرمودەشدا هاتووە: ((إِنَّ أَحَبَّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَقْرَبَهُمْ مِنْهُ مَجْلِسًا إِمَامٌ عَادِلٌ، وَإِنَّ أَبْغَضَ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَبعدهُمْ مِنْهُ مَجْلِسًا إِمَامٌ جَائِرٌ: خۆشەویستترین کەس لای خودا لە ڕۆژی دوایی و لەهەموویان نێزیکتر لەخودا، پێشەوا و سەرۆکی دادوەرە، بێزراوترین کەس لای خودا لەڕۆژی قیامەت و لە هەموویان دوورتر لە خودا، پێشەوا و سەرۆکی زۆردارە.))[1]

مێژووی ئیسلام نمونەی بێشوماری لەسەر دادوەری رەها هەیە، کە حوکمی ئیسلامی وەدیهێناوە، هەتا لەو ڕۆژانەشدا، کە (جێنشینەکان!) لە ڕێنماییەکانی ئیسلام لایاندا، بەڵام ویژدانی دادوەرەکان و وریایی کۆمەڵ وەك پارێزەری دادوەری هەر مابوو، ئەگەر نەرمی بنواندبا، یان گزیی کردبا، یان لە زوڵم و زۆرداریی بێدەنگ با، دەسەڵاتەکانیان لە ترسی خودا و ترسان لە توڕەبوونی وەردەگرت.

لێرەدا بواری ئەوە نیە لەسەر دادوەری لە ئیسلامدا بدوێین، بۆیە بە دوو نمونە لەو نمونە زۆرانەی مێژوو وازدەهێنین:

(عەلی) قەڵغانەکەی خۆی لەلای پیاوێکی گاور(نصرانی) بینی، کابرای هێنا بۆ لای (شورەیحی قازی) و وتی: ئەوە قەڵغانی منە، نە فرۆشتومە و نە بەخشیومە.. (شورەیح) لە گاورەکەی پرسی: چی دەڵێی دەربارەی ئەوەی ئەمیری بڕواداران وتی؟ نەصرانیەکە وتی: قەڵغانەکە قەڵغانی خۆمە، ئەگەریش وا نازانم ئەمیری بڕواداران درۆزن بێت.. (شورەیح) ئاوڕی لە (عەلی) دایەوە و پرسیاری لێکرد: ئەی ئەمیری بڕواداران! هیچ بەڵگەیەکت هەیە؟ (عەلی) پێکەنی و وتی: شورەیح پێکای، هیچ بەڵگەیەکم نیە!

بەم شێوەیە قازی قەڵغانەکەی دایەوە نەصرانیەکە و، ئەویش بردی و ڕۆشت.. پیاوەکە تەنها چەند هەنگاوێکی نا و گەڕایەوە و وتی: ئێستا شایەدی دەدەم، کە ئەمە لە حوکمی پێغەمبەرانە.. ئەمیری بڕواداران لای قازییەکەی سکاڵام لەسەر

---

[1] أخرجه الترمذي.

دەکـات و قازییەکەشی حوکم بەسەر ئەودا دەدات! (أشهد ان لا اله الا الله، وأشهد أن محمداً عـبده ورسـوله)، ئەی ئەمیری بڕواداران! قەڵغانەکە هۆی خۆتە، ئەوکاتەی لـە (صفين) بەرێکەوتیت، شوێن سوپاکەت کەوتم و لەسەر پشتی حوشترە بۆرەکەت دەرم کرد.. (عەلی) وتی: بەڵام ئەگەر مسوڵمان بیت ئەوا بۆ خۆت.

(ئـەبو یوسـف) دانیشت بۆ داوەریکردن، پیاوێك ناکۆکییەکەی لەگەڵ (هادی)ی پاشـای عەبباسـی لەسـەر بێستان هێنایە بەردەستی، (ئەبو یوسف) رای وابوو، کە هـەقی پـیاوەکەیە، ئەگەرچـی پاشـا شاهێدیشـی هەبوو.. بۆیە وتی: پیاوەکە داوا دەکـات (هـادی) سـوێند بخـوات لەسەر راستیی شاهێدەکانی!.. لێرەدا (هادی) لە سـوێندخواردن پاشەکشـەی کرد-چونکە وایدەزانی کە سوکایەتییە بۆ ئەو-، (ئەبو یوسف)یش بێستانەکەی گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی.

کاتـێك تاکـەکان لـە کۆمـەڵگادا دڵنـیا دەبـن، کـە ئەو یاسایەی پێی داوەری دەکـرێن دانراوی خودای دادوەریانە و، ئەو فەرمانڕەوایەی کاروباریان بەڕێوە دەبات مـافی لـەوان زیاتری نیە ، ئەویش وەك ئەوان ملکەچی ئەو یاسایەیە، ئەو قازی و داوەرەی کاروبـاری داوەری بەدەسـتە، حوکمەکەی لە ئارەزووەوە دەرناکات، بەڵکو لـە یاسـای خـودا و ترسـان لـەخوداوە دەریدەکـات.. ئەو کاتە دەرونەکانیان دڵنیا دەبێـت و ئـارام دەگرێـت، ئاشـتیی کۆمەڵایەتـیش لەسـەر یەکـێك لـە کۆڵەگـە دروسـتەکانی دروسـت دەبێـت، کۆڵەگـەی دابیـنکاری دادگـەر لە فەرمانڕەوایی و داوەریدا.

دەستەبەری ئاسایش و سەلامەتی

ناکرێـت ئاشـتی لـە کۆمەڵێکدا جێگیر بێت، کە ئاسایشی گشتیی تیادا نەبێت و، سـەلامەتی بـۆ هـەموو تاکـەکان دابـین نەکرابێـت.. پێشـتر لەباسـی (ئاشـتی ویـژدان)دا وتمـان، کە ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاسایش و سەلامەتی بۆ تاك دابین دەکات، تا لەوەوە ئاشتی لە ویژدان و بیرکردنەوەیدا بڵاوبکاتەوە.

ئەم ئاسایش و سەلامەتییە دابینکاری کۆمەڵگاشە، لە ئیسلامدا تاك و کۆمەڵ دوژمـنی یەکدی و پێچەوانەی یەکدی نین، بەڵکو یەك شانە(خلية)ن لە دوو وێنەدا،

تـاك وەكـو تـاك و، تـاك بـە هاوبەشـی لـە كۆمـەڵدا.. ئـەم وێنەیە لە سروشتی ئیسلامەوە دروست بووە و، دەرهێنانی دەستور و شەریعەتەكەی لە خوداوەیە، نەك لـە ئادەمیزاد. لە ئیسلامدا تاك دەستور بۆ كۆمەڵ دانانێت، كۆمەڵیش دەستور بۆ تـاك دانانێـت، بـەڵكو تـاك و كۆمـەڵ ملكەچی ئەو یاسا خوداییەیە، كە ڕەچاوی هەموویان دەكات..

كاتـێك ئـەو ڕاسـتییە بڕیار دەدرێت، ئاسایشی تایبەتیی تاك دەبێتە ئاسایشی گشـتیی كۆمەڵـە، ئاسایشـی گشـتیی كۆمەڵیش ئاسایشی تاكە، بەبێ دژیەكی و بەش بەش بون لەنێوانیاندا.

هـەموو تاكـێكی ڕێـك و پـێك بـەرژەوەندی ڕاسـتەوخۆی لە ئاسایشی گشتیی كۆمـەڵدا هەیـە، جـا ئـەم ئاسایشـە سـەركوتی ناكـات و، لەسـەر حیسـابی ئەو دانامەزرێـت و، لـە ئامانجـێكی چـاكدا، یـان لە مەبەستێكی ڕێپێدراودا دژایەتی ناكـات.. كۆمـەڵ كاتێك ڕۆڵی خۆی بە تەواوی دەبینێت، كە هەریەك لە تاكەكانی لـە ئاسـایش و سەلامەتی و خۆشیدا بن، هیچ بەرژەوەندیەكی لە سەركوتكردنیان، یان ستەم لێكردنیان، یان ڕێگرتن لە چالاكیەكانیاندا نیە.

بـەڵام ئـەو ڕێـزپەڕانەی فیترەتـیان لاڕێ بوە، بەو وەسفە وەسف ناكرێن، چونكە ئەوانـە بـە یاسـایەك ڕێچـكەیان شكان، كە تاك بۆ بەرژەوەندی خۆی دایناوە، یان چـینێك بۆ سودی خۆی دایناوە، هەروەك حاڵی یاسای زەوی. ئەوانە لە ملكەچی بۆ خـودا و فەرمانـەكانی دەرچـوون، كـە بۆ ئەوانەی فیترەت ساغن دانراوە، هاوڕێكە لەگەڵـیان، چ وەك تـاك و چ وەك ئـەندامی كۆمەڵـێك، بەرژەوەندیەكـەیان دابـین دەكات.. ئەگەر سزادران، ئەوا بەناوی تاكێك یان بەناوی كۆمەڵێكەوە سزا نادرێن، بـەڵكو بـەناوی خـودا و بـە یاسـای خودا سزا دەدرێن، سزادانەكەیان تۆڵەیەك نیە لەسـەر دەسـتی كۆمەڵ ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی لەو بەرژەوەندیانە دەرچووە، كە بۆ خۆی بڕیاری داوە، بەڵكو بۆ بەدیهێنانی وتەی خودایە و، بۆ چاكسازی گشتییە، كـە خـودا دەیەوێـت.. ئـەو سـزایە هەرچـەند توندوتـیژ بێـت، هـیچ مانایـەكی تۆڵەسـەندنەوەی تێدا نیە.. خوای گەورە لە داڕشتنی دەستور و شەریعەتدا داكۆكی

لـە بەرژەوەندییـەکی تایـبەتی خـۆی ناکات، بەڵکو چاکسازی گشتیی بۆ بەندەکان دەوێـت، دەیەوێـت هۆکارەکـانی خـراپەکاری لابـبات، کـە رێگـرن لەپـێش ئـەو چاکسـازییە گشـتییە، بـەبێ ڕەچـاوکردنی بـەرژەوەندی تایـبەت یان ئارەزوویەکی شاراوە!

جـا لەژێـر سـایەی ئـەم بیرۆکەیـەدا، ئـەو دابیـنکاریانەی خودا لەسەر هەموو خـەڵکی پێویسـت کـردووە و، ئـەو سـزایانەی لـە زەویـدا وەبـەر خراپەکارەکانیان دەکەوێت، بەهۆی لادانیان لە فەرمانی خودا، کە دەیانگەیەنێتە چاکەی گشتی.

یەکەمیـنی ئـەو دابیـنکاریانە، دابینکاری ژیانە: ﴿وَلاَ تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّـَـهُ إِلاَّ بِـــالْحَقِّ: کەسێ مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە، مەگین لەڕوی هەقەوە بێ.﴾الأنعام/١٥١.

هـەر کەسـێکیش وەکـو کەسـەکان، ئـەو مافـە رەهایەی هەیە، مەگەر بەهۆی خەمـێکەوە بێـت، کوشـتنی یـەك کـەس وەکو کوشتنی هەموو خەڵك وایە، لەبەر ئـەوەی دەسـترێژی کردنە بۆ سەر مافی ژیان لەخودی ئەو کەسەدا، بەچاوپۆشین لەو کەسـەی ئەو مافەی هەڵگرتووە. شەریعەت و دەستوری بەردەوامی خودا لە هەموو سـەردەمێکدا ئەم بنەمایەی تێدایە: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَـتَلَ نَفْسًـا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا: لەپێناوی ئەوەدا لەسەر بەرەی ئیسرائیلمان فەرزکرد، کە هەرکەسـێ کەسـێکی دیکـە بکـوژێ، بـەبێ ئـەوەی کەسـێکی کوشـتبێ یـان خـراپەکاریەکی لـە زەویـدا کـردبێ، وەك ئەوەیە کە گشت خەڵکی سەرزەوی لەناو بـردبێ، هەرکەسـێکیش کەسـێك رزگار بکات و زیندوی بکاتەوە، وەك ئەوەیە کە هەموو خەڵکی لە مردن رزگار کردبێ.﴾المائدة/٣٢.

﴿وَمَـــنْ يَقْـــتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَـــدَّ لَـــهُ عَذَابًا عَظِيمًا: هەرکەسێك هەر بە ئانقەست بڕوادارێك بکوژێت، لەبری ئەوە تاهەتایە هەر لە دۆزەخ بە نەمری دەمێنێتەوە و، خودا لێی توڕەیە و نەفرینی لێکردووە و ئازاردانێکی دژواری بۆ داناوە.﴾النساء/٩٣.

ئیسلام دەستەبەری ئەم جۆرە مافە بنچینەییە تەنها بۆ ویژدان و ئاگادارکردنەوە لـە سزای قیامەت لیٚناگەڕێت، بەڵکو دەستەبەری یاسایی، بە دەق و وردەکارییەوە بـۆ داناوە، بڕیاری تۆڵەی داوە لەکاتی ئەنقەست و، خوێن دانیش لەکاتی هەڵەدا و، تۆڵەشـی بـە هاوتـای ئەو دەستدرێژییە داناوە، کە کراوەتە سەر ژیان. جا ئەگەر دەسـتدرێژییەکە بگاتـە ئاسـتی کوشتن، ئەوا تۆڵەی کوشتنە، ئەگەریش لە سنوری بریندارکردن وەستا، ئەوا تۆڵەکەش وەك ئەوە و بەپێی ئەوەیە:

﴿يَاأَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لەمەڕ ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیارداون.﴾البقرة/١٧٨.

﴿وَلَكُـمْ فِـي الْقِصَـاصِ حَيَاةٌ يَاأُولِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ: ئـەی خاوەن دڵە هۆشـیارەکان، تۆڵەسـەندنەوە مایـەی ژیانـە بۆ ئێوە، بەڵکو پارێزکار بن.﴾البقرة/ ١٧٩.

﴿وَكَتَبْـنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِـالأُذُنِ وَالسِّـنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ: لـە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، کە گیانـێك لەباتی گیانێك، چاو بە چاو و، لوت بە لوت، گوێ بەگوێ و، ددان لەباتی ددانە و، برینیش تۆڵەی هەیە..﴾المائده/٤٥.

((مَـنْ قَـتَلَ عَـبْدَهُ قَتَلْـنَاهُ وَمَـنْ جَـدَعَ عَـبْدَهُ جَدَعْـنَاهُ: ئەو کەسەی بەندەی خۆی بکوژێت دەیکوژینەوە، هەرکەس لوتی بەندەی خۆی ببڕێت لوتی دەبڕینەوە))[1].

﴿وَمَـنْ قُـتِلَ مَظْلُومًـا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلاَ يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُـورًا: هەرکەسێ بەناهەقی بکوژرێت، دەسەڵاتمان داوەتە دەست خوێنگرەکەی، ناشێ لە تۆڵەسەندنا هەڵەڕۆبێ و لەو بارەوە ئاریکاری بۆ کراوە.﴾الإسراء/٣٣.

﴿وَمَـا كَـانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَـتَحْرِيرُ رَقَـبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيـرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ

[1] رواه الخمسة.

عَلِيمًا حَكِيمًا: هیچ بڕوادارێك بۆی نیە بڕوادارێکی دیکە بکوژێ، مەگەر بە هەڵە بێ، هەرکەسێکیش بڕوادارێك بە هەڵە بکوژێت، دەبێ لەبری ئەو کوشتنە کۆیلەیەکی بڕوادار ئازاد بکات و خوێنباییش بدا بە کەس وکارەکەی، مەگەر بیبەخشن.. ئەگەریش کوژراوەکە لە هۆزێکی دوژمنان بوو و بڕوادار بوو، ئەوا لەسەریەتی کۆیلەیەك بڕوادار ئازاد بکات.. ئەگەر لە هۆزێك بوو کە پەیمانتان لەنێواندا هەبوو، دەبێ خوێنباییەکەی بدرێ بە کەس وکارەکەی و بەندەیەکی بڕوادار ئازاد بکرێ.. هەرکەسێ ئەو کارەی لەدەست قەوماوە و ناتوانێ بەندەیەك ئازاد بکا، ئەوا لەسەریەتی دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بێت، هەتا خودا تەوبەی لێ قەبوڵ بکا، خودا زانای کارزانە.﴾النساء/٩٢.

دوابەدوای دەستەبەری ژیان، دابینکاری ناموس و سامان دێت:

((كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ: هەموو شتێکی مسوڵمان لەسەر مسوڵمان حەرامە، خوێن و ناموس و سامانی))[1].

بۆ دەستەبەری خوێن، ئەوە باسمان کردوە، دەستەبەری ناموسیش، سزاکانی زینا و بوختان هەڵبەستن لەخۆی دەگرێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلاَ تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ: ئەگەر بڕواتان بەخودا و ڕۆژی دوایی هەیە، زیناکەری ژن و پیاو، هەریەکەی سەد جەلدەیان لێبدەن و، لە ئایینی خوادا بەزەیی هاتن بەوانە بێجێیە، با چەند کەسێکیش لە بڕواداران ئاگاداری ئەو لێدانە بن.﴾النور/٢.

﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلاَ تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ: ئەوکەسانەی بوختان بۆ ژنی داوێن پاك هەڵدەبەستن و، چوار شایەتیش ناهێنن، هەشتا جەلدەیان لێبدەن و، هەرگیز شایەتییان لێ قەبوڵ مەکەن، ئەوانە لەرێیخودا لایانداوە.﴾النور/٤.

---

[1] رواه الستة الا النسائي.

بەڵام دەستەبەری سامان-ئەو سامانەی حەلاڵە و لەو ڕێگایانەوە وەدەست هێنراوە، کە ئیسلام بڕیاری لەسەر داوە، بەبێ فێڵ و سو و قۆرخ(احتکار) کردن و دزی و تالان و لێسەندن و هاوشێوەکانی- سزادانی دز بەبێ ناچاری دابینی دەکات: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِن اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ: هەرکەسێکی دزی بکا-نێر بێ یان مێ- لە سزای دزیکردنەکەدا دەبێ هەردوو دەستیان ببڕن، ئەمە تەمبێکردنێکە لەخواوە، خودا خاوەن دەسەڵاتی کارزانە.﴾المائدة/٣٨.

دوابەدوای دەستەبەری گیان و ناموس و سامان: شکۆمەندی و پیرۆزی شوێنی نیشتەجێبوون دێت، چونکە چونە ژوورەوە بۆ ماڵی کەس، بەبێ مۆڵەتی خۆی نابێت. نابێ کەس لە پەنجەرەوە یان بەسەر دیواردا لێی بچێتە ژوورەوە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلاَ تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُم وَإِنْ قِيلَ لَكُم ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ: ئەی گەلی بڕواداران! جیا لەوە ماڵی خۆتان بێ، سەر بە هیچ ماڵێکدا مەکەن، هەتا ئیزنێ نەخوازن و سڵاو لە خەڵکەکەی نەکەن، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، بەڵکو پەندی لێ وەرگرن.. ئەگەر کەستان تیادا نەدیت، مەچنە ژوورێ هەتا خاوەنی ئیزنتان پێنەدا. ئەگەر گوتیشیان بگەڕێنەوە، پێویستە بگەڕێنەوە، ئەمە بۆ ئێوە باشترە، خودا لەهەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.﴾النور/٢٧-٢٨.

پاشان ئازادی کەسێتی بۆ دابین دەکرێت و چاودێری و سیخوڕی بەسەردا ناکرێت: ﴿وَلاَ تَجَسَّسُوا: سیخوڕی مەکەن.﴾الحجرات/١٢..

هەروا دەستەبەری دڵنیایی لە پاشمله قسەپێوتن: ﴿وَلاَ يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا: لەپاشمله خراپەی یەکدی مەڵێن.﴾الحجرات/١٢.

هەروا لەبەردەم خەڵکدا ڕێز و کەرامەتی ناشکێنرێت: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلاَ نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ: ئەی گەلی بڕواداران! با

هەندێکتان گاڵتە بە هێندێکتان نەکەن، لەوانەیە ئەوانەی گاڵتەیان پێدەکەن، لە گاڵتەکەرەکان باشتر بن، ژنانیش هەروا، لەوانەیە ئەوانەی دەبنە گاڵتەجاڕ، لەوی گاڵتەیان پێدەکەن پەسندتر بن، لە سیلەی چاوداگرتن و تەشەر لەیەك گرتن و ناووناتۆرە لێك هەڵدان دەس هەڵگرن.﴾الحجرات/١١.

قورئان باسی سزای ئەو دەستدرێژیانەی نەکردووە، بەڵام شەریعەتی ئیسلامی بڕیاری سەرزەنشت کردن(تعزیر)ی داوە، سەرزەنشتیش چەند سزایەکە لەخوار (حەد)ەکانەوەیە، کە بۆ دەستورە لاوەکیەکان جێهێڵراوە و، قازی بەپێی بارودۆخ حوکمی تیادەدات.

بەڵام ئەو چەتانەی بەکۆمەڵ خراپەکاری لە زەویدا بەرپا دەکەن و، کۆمەڵێك تاوان پێکەوە ئەنجام دەدەن، ئیسلام دڵنیابوون لەوانە بۆ کۆمەڵی مسوڵمانان دابین دەکات بە بڕیاردانی سزای توندوتیژ بەسەریاندا، سزای وا، کە شایستەی تاکێك نیە لەسەر تاوانێك بەتەنها کردبێتی، بەڵام ترسناکیی کۆبوونەوە لەسەر خراپەکاری تایبەتە و سزایەکی تایبەتی دەوێت: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلاَفٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ: بێگومان سزای ئەوانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە زەویدا خراپەکاری دەکەن، کوژرانە یان لەداردانە یان بڕینی دەست و قاچە بەپێچەوانە، یان لە وڵات دوورخرانە، کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ریسوابوونە لە دنیا و لە ڕۆژی دواییشدا ئازارێکی بەژانیان بۆ هەیە.﴾المائدة/٣٣.

پاشان دابینکاریی تاوانبارکردن هەیە، لەو بوارەشدا مەزنترین بایەخی هەیە، پێویستە خەڵك لە تاوانبارکردنی ناڕەوا دڵنیا بن، بەهۆی گومان، یان هەڵبەستنی بەڵگەی بێیەقین تاوانبار نەکرێن.. لەم ڕووەوە ئیسلام بناغەیەکی پتەو دادەڕێژێت، کە زۆر بە ئاسانی لەسەر ئەو بناغەیە لێکۆڵینەوەی تاوانەکان دەکرێت، لەگەڵ ئەوپەڕی دابینکاری بۆ ڕاست و دروستی ڕەفتارەکان.

بنەمای سەرەکیشی ئەوەیە، کە کەس بەگومانێك تاوانبار نەکرێت، پێویستە شایەتەکە دادوەر بێت و، بەڵگەکەی روون بێت، گومانیش رێگری لە سزادان دەکات.. ئەمەش بەپێی فەرمودەی خوا گەورە: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلاَ تَجَسَّسُوا: ئەی گەلی بڕواداران! لە زۆرێك لە گومانان خۆ بپارێزن، چونکە هێندێك گومانی وا هەن گوناهن، هەروا لە کاروباری یەکتر مەکۆڵنەوە.﴾الحجرات/١٢.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ: ئەی گەلی بڕواداران! هەرکاتێك لە فەرمان لادەرێك دەنگ وباسێکتان بۆ دەهێنێت، بە وردی لێ وردبنەوە، نەکا لە ڕوی نەزانیەوە گەلێکان تووشی زیان بکەن و لەکردەتان پەشیوان بن.﴾الحجرات/٦.

پێغەمبەریشﷺ دەفەرموێت: ((أدرءوا الْحُدُودِ بِالشُّبُهَاتِ: بەهۆی گومانەوە خۆتان لە سزادان ڕزگار بکەن.))[1]

بینیمان کە سزای زینا پێویستی بە چوار شاهێدی ڕاستگۆ هەیە، ئەو کەسەی ئافرەتێکی داوێن پاك بە زینا تاوانبار دەکات و چوار شاهێد ناهێنێت، هەشتا جەلدەی لێ دەدرێت.

بەڵام دان پیانان(اعتراف)، ئیسلام بە بەڵگەی دادەنێت، ئەگەر گومانی لەسەر نەبێت، کە بەوە دەگەڕێتەوە سەر بنەماکەی پێشو. ئەوەتا (ماعزی کوڕی مالك) دێتە لای پێغەمبەرﷺ و داوای لێدەکات حەددی لێ دەربکات و دان بەوەدا دەنێت، کە زینای کردوە، پێغەمبەریشﷺ دانپیانانەکەی قەبوڵ نەکرد هەتا لێی دڵنیابوو.. ئەوەبوو سێجار ڕەتی کردەوە و ئەویش دەگەڕایەوە و دانی پیا دەنا، لە چوارەم جار پێغەمبەرﷺ پرسیاری کرد: ئایا ئەوە شێتە؟ هەواڵیان پێدا کە شێت نیە. فەرمووی: ئارەقی خواردوەتەوە؟ پیاوێك هەستا و بۆنی دەمی کرد و هیچ بۆنی ئارەقی نەکرد.. پێغەمبەرﷺ لێی پرسی: ئایا زینات کردووە؟ وتی: بەڵێ..[2]

---

[1] في مسند ابي الحنيفة للحارثي.
[2] عن بريدة وقال صاحب مصابيح السنة انه من الصحاح.

جا تەنها لێرەدا حەددی لەسەر جێبەجێ کرد، دوای ئەوەی هیچ گومانێك لەسەر دانپیانانەکەی نەما.

دان پیانان لە کەسێك وەرناگیرێت، کە ئازار درابێت، چونکە ئەو کاتە لەخۆی دڵنیا نابێت!

ناچاریش گومانێکە و رێگری لە جێبەجێکردنی حەد دەکات، بەپێی فەرمودەی خوای گەورە: ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ: هەرکەس ناچار بوو، بەبێ زیادەڕۆیی و دەستدرێژی، هیچ گوناهی لەسەر نیە.﴾البقرة/١٧٣.

(عومەری کوڕی خەتاب) لە ساڵی (رمادة) واتە ساڵی بەهیلاکچوون، حەددی دزینی بە گشتی جێبەجێ نەکرد، هەروا لە تاکەکەسیشدا جێبەجێی نەکرد، کە کۆیلەکانی (ئیبن حاتەبی کوڕی ئەبو بەلتەعە) وشترێکیان دزیبوو. جا دوای ئەوەی روون بووەوە، کە گەورەکەیان بەشی پێویست خواردنیان ناداتێ، بۆیە دوو هەندی نرخی وشترەکەی لە گەورەکەی سەند و دوو کۆیلە دزەکەی بەرەڵا کرد، ئەمەش بەپێی ئەوەی، کە ناچاری بەعوزر دادەنرێت، یان گومان و حەد لادەبات.

ئا بەم شێوەیە دەستەبەریی گیان و ناموس و سامان و هەمو مافەکان بۆ تاك و کۆمەڵ دابین دەکرێت، لەگەڵ ئەوانەشدا دابینکردنی تەواوی شێوازی رەفتارکردن و راستیی بەڵگەکان لەکاتی تاوانبارکردندا.[1]

ئەم دەستەبەریانە دەبنە چەند خشتێك لە بنیاتنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە سنووری کۆمەڵدا، لەژێر سایەی ئەو یاسایەی بۆ هەموان و بەرژەوەندی هەموان دارێژراوە، بەبێ هیچ مەبەست و ئارەزو و خۆشەویستیەك.

دەستەبەریەکانی گوزەرانی ژیان

ئیسلام لایەنی بژێوی بە ئابووری و پێویستییەکانیەوە، لەژیانی تاك و ژیانی کۆمەڵدا، بەبەرز دەنرخێنێت، ئەم نرخاندنەی هیچی لەو بۆچوونە ماددیانە کەمتر

[1] پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە (عمر کوڕی خەتتاب) سزای ژن و پیاوێکی نەدا، ئەگەرچی بینیانی کە گۆزەی ئارەقیان بەدەستەوەیە.. ئەمەش دوای ئەوەی بەسەر دیواردا ئاودیو بوو، لەبەر ئەوەی رەفتارەکەی ناتەواو بوو.

نـیه، کـه زۆرترین گرنگی پێدەدەن، بەڵام ئادەمیزاد تەنها لەسەر ئەوە بەند ناکات و، لایەنـەکانی دیکـەی ئـارەزوە مەزنەکانی فەرامۆش ناکات، ئا ئەمەش دوریانی نێوان ئەو بۆچونانە و نێوان ئیسلامە.

ئیسـلام ئادەمـیزاد وەك ئادەمـیزاد دەناسـێت، دەزانێـت کە پێویستیەکانی لە کیانـیدا چـەند قوڵـە و لـە سروشـتەکەیدا ڕەسەنە، بۆیە سورە لەسەر ڕەچاوکردنی ئـارەزو و پێویسـتییەکانی، هەریەکیان لەشوێنی خۆی، هەریەکیان بەپێی قوڵی و ڕەسـەنایەتیەکەی، بـەم شـێوەیە ئەندازەگیریـەکانی بـۆ مـرۆڤایەتی دروسـتتر و، لـێکدانەوەکانی بـۆ ژیـان راستتر و، ئامادەکاریەکانی ڕێکتر و، جێبەجێکاریەکانی تەواوترە.

ئیسلام ئەوە فەرامۆش ناکات کە یاساکان هەموی و، دەستەبەریەکان هەمووی، بـەفیڕۆ دەڕوات، ئەگەر تاك بەشی پێویستی لە بژێوی دەست نەکەوت. ئارەزوەکانی گیانیشـی نامێنێ و، گەشاوەیی بیری دادەمرکێتەوە، ئەگەر ئەو بەشە پێویستییەی لەدەست دا.. لێرەوە دەستەبەریەکان لە تەنیشت ڕێنماییەکان دادەنێت، تا لە پێشا بەشـی پێویسـتیی بژێـوی دابین بکات، پاشان هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی ڕەها وەدی بهێنێت.

ئـێمە ئێستا لەبارەی ئەو دەستەبەریە بژێویانە(الضمانات المعيشية) دەدوێین، با سەرنج بدەین بزانین ئیسلام چۆن دابینی دەکات و چۆن لە ئەستۆی دەگرێت؟

یەکـەم هۆکـاری ژیـان لـە ئیسـلامدا کارکـرنە. ئیسـلامیش پیرۆزیـەك بەکار دەبەخشێت، کە بەبەرزی ڕادەگرێ و کرێکارانیشی لەگەڵ بەبەرز ڕادەگرێ: ((إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ الْمُؤْمِنَ الْمُحتَرف: خودا بەندەی بڕواداری پیشەزانی خۆش دەوێت)).[1]

((مَـا أَكَـلَ أَحَـدٌ طَعَامًـا قَـطُّ خَـيْرًا مِـنْ عَمَـلِ يَـدِهِ: کـەس لەئێوە خواردنێکی نەخواردووە چاکتر بێت لە کاری دەستی خۆی)).[2]

[1] من حديث ذكره القرطبي في التفسير.
[2] البخاري.

پێغەمبەرﷺ داوا دەکات کە کرێکار کرێی خۆی بەتەواوی پێبدرێت، پێش ئەوەی ئارەقەی وشك بێتەوە.. هەندێك لە شەرعناسانی مەزهەبی مالیکی وا دەبینن، کە کرێی کرێکار نیوەی قازانجی کارە، پێغەمبەریشﷺ لەسەر بناغەی نیوەی دەستکەوت کاری بە خەڵکی خەیبەر دەکرد.

هەرچۆنێك بێت، ئیسلام کارکردن بەهۆکاری خاوەندارێتی و، هۆکاری دابینکردنی بژێوی ژیان دادەنێت. ئەگەر تاك لەبەر هەر هۆیەك نەیتوانی کار بکات، پێویستە لەسەر (بیت المال)، واتە دەوڵەت ژیان و بژێوی دابین بکات.

عومەر سەد درهەمی بۆ منداڵی ساوا دانا، کە گەورەتر دەبوو بۆی دەکردە دووسەد درهەم، کە گەورەتر دەبوو زیادی دەکرد، سەد درهەمی بۆ منداڵی هەڵگیراوە دادەنا و، مانگانەش برە رۆزییەکی بۆ سەرپەرشتیارەکەی دەبڕیەوە، تا هاوکاری بکات، شیرپێدان و خەرجییەکەشی لەسەر (بیت المال) دادەنا، کە گەورە بوو لەگەڵ منداڵە هاوتەمەنەکانی یەکسانی دەکات..

هەروەها بۆ ئەو جولەکە و نەصرانیانەی بەهۆی پیری، یان ناتەواویەکیەوە توانای کارکردنیان نیە، وەك هەر ئەندامێکی کۆمەڵ، بڕەپارەیەکی لە (بیت المال) بۆ بڕینەوە.

ئەگەر کارەکە بەشی پێویستی نەکات، هەروەك حاڵەتی ئەو نەدارەی کەمتر لە حەددی زەکاتی هەیە، یان ئەو هەژارەی هیچی نیە، یان ئەو رێبوارەی پارەی لێ براوە، یان ئەو قەرزدارەی قەرز هەموو ماڵەکەی بردووە، بەو مەرجەی لە خراپە و خراپەکاری خەرجی نەکردبێت، ئەوانە (بیت المال) لە ئەستۆیان دەگرێت، ئەو زەکاتەی دەوڵەت لە سەرمایەدارەکان وەری دەگرێت، بەپێی زانیاری خۆی بەسەر پێویستەکان(المحتاجین) دابەشی دەکات، ئەوانەش دەگرێتەوە.

ئیسلام رێی داوە بە جەنگان و کوشتنی کەسێك، کە خواردن و خواردنەوەی کەسێکی دیکەی داگیرکردووە و ئەویش ئەوپەڕی پێویستیی پێیەتی، چونکە وەك مافی بەرگریکردن لەژیان وایە.

پێشەوا (ابن حزم) لەمبارەیەوە وای بۆچووە، کە خەڵکی ئەو گەرەکەی یەکێکیان لەبرسا دەمرێ، بە بکوژ دادەنرێن و دەبێ خوێنی ئەو کەسەیان لێ بسەنرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەر کۆمەڵ هەموو تاکێکی لە ئەستۆ بگرێت و، بەشی خۆی بژێوی بۆ دابین بکات، ئەم بژێوی دابین کردنەش پێویستە و فەرزە، نەك وەك خێر پێکردن بێت.

لێرەدا هاوبەرپرسیارێتی خێزانیش هەیە، کە بەپێی یاسا، بژێوی کەسی پەککەوتە و نەدار لە هەموو خێزانێکدا، دەکەوێتە سەر نزیکترین کەسەکانی، بەم شێوەیە سامانی گشتیی خێزان، بەشی پێویستی هەموو تاکێکی لەئەستۆ دەگرێ، ئەمە داواکراوە و پێویستە، نەك خێر پێکردن بێت.

هەموو ئەمانە بێجگە لەو مافەی دەوڵەتی مسوڵمان، کە بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی باج دابنێت و، بە ئارەزوی خۆی ماڵ لە دەوڵەمەندەکان بسێنێت، - بەبێ ئەوەی بنەمای خاوەنداری تاکی بشکێنێت، کە لە ئیسلامدا سیستەمی کۆمەڵایەتی لەسەری دادەمەزرێت-، ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی تاکەکان، یان بۆ دامەزراندنی دام ودەزگا و ئەو شوێنانەی رۆزیان بۆ دابین دەکات.. لەگەڵ چەندین شێوازی دیکە کە لە شوێنی خۆیدا و لەکاتی باسکردنی (هاوسەنگی کۆمەڵایەتی) بەدرێژی باسی دەکەین.

ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە، کە سیستەمە ئیسلامییەکان، بەشی پێویستی بژێوی بۆ هەموو تاکێك دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە توانای کاری هەبێت یان پەککەوتە بێت، پەککەوتەیەکی گشتی و بەردەوام بێت، یان کەم و کات دیاریکراو بێت، ئەم لە ئەستۆگرتنە دابینکردنی ئاشتیی ناو کۆمەڵە و یەکلاکردنەوەی ئەو پشێویەیە، کە کۆمەڵ دروستی دەکات.

بەڵام ئەو پشێویانەی، کە ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی سامانی گشتیدا، لە دابەشکردنی دەسکەوت و قازانجدا، لە دابەشکردنی ماف و ئەرکەکان لە سنوری کۆمەڵدا، بەگشتی دروستی دەکات، وا باسیان دەکەین:

هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی

لەئەستۆگرتنی ڕۆزی بۆ هەموو تاکێك و، دابینکردنی بژێوی پێویست بۆ هەموان، لە سیستەمی ئیسلامیدا تەنها هەنگاوی یەکەمی سەرەتاییە لە ڕێی وەدیهێنانی دادوەری کۆمەڵایەتی گشتگیردا و، هەنگاوێکە لەسەر بنەمایەکی ئیسلامی بنچینەیی دادەمەزرێت، کە دەڵێت: ((الرجل وبلاؤه والرجل وحاجته: هەر پیاوە و بەپێی ئەوەی تووشی بووە، هەر پیاوە و بەپێی پێویستی خۆی))[1] ، ئەو بنەمایەی، کە عومەری کوڕی خەتتاب لە ڕۆژەکانی یەکەمی ئیسلامدا دەسکەوتی جەنگ(الفيء)ی بەو پێیە دابەش دەکرد، ئەوەی تا ئێستاش مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ دەدات، بەڵام شکست دێنێت، چونکە هەردوولای وەرناگرێت، ڕێچکەیەك لە ڕێچکەکانی لایەکی وەردەگرێت، ڕێچکەیەکی دیکە لایەکەی دیکە وەردەگرێت، هیچیان ناتوانن وەکو ئیسلام بە ڕێگا تێکڕاییە گشتگیرەکەی، لە چارەسەری ژیاندا پێکەوە کۆیان بکەنەوە.

بەهەر حاڵ، ئەمە-وەکو وتم- هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی ئیسلام لەڕێگای بەدیهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتی گشتگیر، کە ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەدی بهێنێت.

هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی، مەزنترین بناغەیە، کە ئیسلام داوەریی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنیات دەنێت، کە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بناغەیە هەڵدەستێتەوە. هەموو ئەو دەستەبەری و دڵنیاکردنەوانەی لەم بەشەدا تێپەڕین، بەشێوەیەکی گشتگیر تەنها پێشەکی و هۆکاری بەدیهێنانی ئەو هاوسەنگییەن.

ئەم هاوسەنگییە لە سیستەمی فەرمانڕەوایی و شێوازەکەی و، لە سروشتی یاسادانان و شێوازی دادوەری و، لە لەئەستۆگرتنی ئاسایش و لە ئەستۆگرتنی رزق و ڕۆزی لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام لەلایەنی ئابووریی گشتیدا، لەلایەنی دابەشکردنی سامانی گشتی و لە چوارچێوەی کۆمەڵدا دەگاتە چڵەپۆپە.

---

[1] وتەیەکی عمری کوڕی خەتتابە

گەیشتنیشـی بەو چڵەپۆپەیە بەهۆی جۆرەها هۆکارە، کە بە کورتی گرنگترین و دیارترینیان دەخەینە ڕوو، چونکە ئەم کتێبە تایبەتە بە ئاشتیی جیهانی و ئیسلام، نەك بە دادگەریی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا.[1]

ئیسلام ئەم هاوسەنگییە لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی گشتی بنیات دەنێت و، وەك بنەمایەکی بیردۆزە داراییەکەی بڕیاری لەسەر دەدات:

بـنەمای یەکـەم: سـامان تـەنها لـە دەسـتی دەوڵەمـەندەکان نەبێـت و هەژارەکان لێی بێبەری بن:

ئەمـەش بـە دەقێکی ڕاشکاوانە بڕیاری ئەمە دەدات: ﴿كَيْ لاَ يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ: تا نەبێتە سەرمایە ئاڵوگۆڕکردن لەنێوان دەوڵەمەندەکانتان. ﴾الحشر/ ٧. جـا لەبـەر ڕەفـتارێکی واقـیعی لـە ڕەفتارەکانی پێغەمبەرﷺ، حوکمەکەشی دەبێـتە بنەمایەکی گشتی، جا ئەو کاتەی هەموو دەستکەوتەکانی (بەنی نەضیر)ی دا بـە کـۆچ کردووەکان و ئەنصارە دەوڵەمەندەکانی بێبەش کرد -تەنها دوو پیاوی هـەژار نەبێـت، کـە وەسـفی کۆچـکردووەکانیان تـێدابوو-، بـۆ ئەوەی هاوسەنگی ئـابووری لەنـێوان هـەردوو دەستەی مسوڵمانان لەوکاتەدا چاك بکاتەوە. ئەگەرچی ئـەو ئەنصاریانە کۆچکردوەکانیان حەواندبووەوە و داڵدەیان دابون بەشداریان کردبوون لـە سـامان و کەلوپـەل و پێویسـتییەکانیان، کردنـیان بە برایەکی تەواوی خۆیان، هـەروەك بـرای دایـك و بـاوکی، ئەگەرچـی ئیسلام هیچی لەسەر فەرز نەکردبوون، تـەنها ئەوەی کردیان لە هاوبەشکردنی برا هەژارەکانیان لە هەموو ئەو شتانەی خوا پێی دابوون، لەخود و ئارەزوی خۆیانەوە بوو.

هـەروەها ئـەو عـەزم و نـیازەی (عـمـری کـوڕی خەتـتاب)ﷺ ئـەم بـنەمایە دەچەسـپێنێت، ئەگـەریش ئـەو خەنجـەرە زۆردارەی لێی درا بواری جێبەجێ کردنی پێـنەدا، ئـەو بـڕیارەی ئاشـکرا کـرد و، هـیچ یەکێکـیش لە مسوڵمانان نارەزایی دەرنەبـڕی. بـەم شـێوەیە دەبێـتە بـنەمایەکی ئیسـلامی گشـتی: ((ئەگەر بە قەد ئـەوەندەی لـەم کـارەدا بەسـبەرم بـرد، ئەوەندەشـم مابێـت، ئـەوا زیـادەی مـاڵی

[1] بۆ درێژەدان بەم بابەتە بگەڕێوە بۆ (العدالة الإجتماعية في الإسلام).

دەوڵەمەندەکانم وەردەگرت و دەمگەڕاندەوە بۆ هەژارەکان))، عومەر نیازی وابوو لە ساڵی داهاتوو ئەمە جێبەجێ بکات و، لە دەستکەوتی جەنگدا بەشی مسوڵمانان بە یەکسانی ڕەها بدات.

بەم بنەمایە بناغەی سەرەکی دادەنرێت بۆ دابەشکردنی سامان لە ئوممەتی ئیسلامیدا. گرنگ نیە کە ئەم بنەمایە لە هەندێك ماوەدا لەکارخراوە، دەوڵەتی مسوڵمان-کە بە شەریعەتی خوا حوکم دەکات- بەدەست خۆیەتی بەو شێوەی، کە ڕەوشی ئابووری لەهەر سەردەمێکدا دەیخوازێت، جێبەجێی بکات و، بەپێی داخوازی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بێت لە هەمو کات و شوێنێکدا.

ئەم بنەمایە بنەمای مافی خاوەندارێتی تایبەت دەکات و سنورداری دەکات، وای لێدەکات بەردەوام لەبەردەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی مسوڵماندا بێت لە دووبارە دابەشکردنەوەی سامانی گشتی بەپێی پێویستیەکان و بارودۆخدا.. ئەگەریش خاوەندارێتی تاك بەزایە نادات و نایگۆڕێت بە بنەمایەکی دیکە.. بنەمای خاوەندارێتی تاك-وەك وتمان- بناغەی سیستەمی کۆمەڵایەتییە لەئیسلامدا.

بنەمای دووەم: بنەمای (المصالح مرسلة):

واتە ئەو بەرژەوەندیە گشتیانەی دەقیان لەسەر نەهاتووە و، ئیسلام دەوڵەتی مسوڵمان سەرپشك دەکات، بەڵکو لەسەری پێویست دەکات، بەپێی ڕەوش و پێویستی و داخوازیەکان ڕەچاوی بکات.. ئەمەم لە کتێبی (العدالة الإجتماعية)دا بەفراوانی ڕوون کردۆتەوە، لێرەدا بەو دەقە وازدەهێنم، کەوا دەوڵەتی مسوڵمان، کە بە شەریعەتی خوا حوکم دەکات، وەك جێبەجێکردنێکی ئەم بنەمایە، لەسەریەتی ماڵی دەوڵەمەندەکان بخاتە کار-هەروەك ئیمام مالك دەڵێت-، واتە بایی پێویستی خەزێنەی گشتی لە سەرمایەکە دەربکات-نەك لە قازانج و نەك بەشێوەی باج- بۆ خەرجکردنی لە بەرژەوەندی گشتیی مسوڵمانان و، ئەو خەرجییانەی پاراستنی کۆمەڵ و پاراستنی خانەی ئیسلام(دار الاسلام) دەیخوازێت و دەستکەوتی ئاسایی

دەوڵـەت ناتوانێـت دابیـنی بکـات، پاشـانیش ئـەوەی لەسـەرمایە بـردراوە ناگەڕێنرێتەوە.[1]

هـەروەها ئـەم بـنەمایە سـنورداركردنێكی مـافی خاوەندارێـتی تاكە، كە وای لێدەكـات هـەردەم لەبەردەسـت پێویسـتیەكانی كۆمـەڵی مسـوڵمانانـدا بێـت. لە سـایەیدا دەوڵـەت بـۆی هەیە هاوسەنگیی ئابوری جێبەجێ بكات، تەنها لەرێگای باجـەوە نـا، بـەڵكو بـە ستاندنی پشكەكان لە خاوەندارێتی تاك-بەپێی پێویست و بـەبی بەزایـەدانی بـنەما سـەرەكییەكەی سیستەمی ئیسلامی- تا لە بەرژەوەندیە گشتیەكانی كۆمەڵ خەرج بكرێ.

بنەمای سێیەم: بنەمای بەربەست كردنی هۆكارەكان (سد الذرائع):

((لـێرەدا (ذریعـة) بـەمانای هۆكـار هـاتوە، (سـد الذرائـع)یـش واتا لابردنی، ئەمـەش دەمانگەیەنێـتە ئـەوەی كـە هۆكـاری حـەرام حەرامـە و، هۆكاری واجب واجـبە، خـراپەكاری حەرامـە، تەماشـاكردنی عـەورەتی بێگانەیەكـیش حەرامە، چـونكە دەبێتە هۆی خراپەكاری.. نوێژی هەینی فەرزە، كەواتە رۆیشتن بۆی فەرزە، وازهێـنان لـە كـڕین و فرۆشـتن بـە مەبەستی رۆیشتن بۆی، ئەویش فەرزە.. حەجی مـاڵی خـوا فـەرزە و هەموو رەفتارەكانی حەجیش لەو پێناوەدا فەرزە.. بنچینەی رەچـاوكردنی داخسـتنی هۆكارەكـان (سـد الذرائـع) ئەوەیە، كە تەماشای ئەنجامی كارەكـان بكرێـت و بەگشـتی بەچـی دەگات. ئەگەر بەرەو بەرژەوەندی دەڕوات كە ئـەوە مەبەسـت و ئامانجـە (مقاصـد والغایـات) لە رەفتارەكانی بەرەی ئادەمیزاد لەنێوان خۆیان، ئەوا بەقەد پێویستی ئەو مەبەستە داواكراو دەبێت، ئەگەریش وەك یـەك داوانەكرێـت. ئەگـەریش سـەرەنجامەكانی بـەرەو خـراپە دەچوون، ئەوا حەرام دەبێت بەشێوەیەك كە گونجاو بێت لەگەڵ حەرامیی ئەو خراپەكاریانە.))[2]

---

[1] بگـەڕێوە بـۆ كتێـبی (مـالك)ی مامۆستا محمد ابو زهره، مامۆستای شەریعەت لە كۆلیژی مافەكانی زانكۆی قاهیرە- بەندی (المصالح المرسلة).

[2] كتابی (مالك)ی مامۆستا محمد ابو زهره.

ئـەوەی لـێرەدا مەبەسـتمانە لـە بـواری هاوسـەنگیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە ناهاوسـەنگی لـە دابەشـکردنی سـامانی گشـتیدا بۆی هەیە ببێتە هۆی گەندەڵیی جۆراوجۆری کۆمەڵایـەتی، کـە کەمترینـیان بریتـیە لـە نانەوەی تۆوی رق و کینە لەنـێوان تـاك و کۆمەڵـەکاندا و، هـیممەتی بەرگریکـردن لـەکاتی ترسـناکیدا دادەمرکێنێـتەوە، ئـەو کاتـە بێبەشـکراوەکان هـیچ بەرژەوەندیـەك نابیـنن لـە بەرگریکردن لە نیشتمانێك، کە ستەمیان لێ دەکات و...هتد.

جـا کەواتـە پێویسـتە لەسەر ئەو دەوڵەتە مسوڵمانەی حوکم بە شەریعەتی خوا دەکات، ڕێ لەو هۆکارە بگرێت، کە بێگومان دەیگەیەنێتە ئامانجێکی وێرانکەر.

لێرەشـدا هەمان کۆت و بەند لەسەر مافی خاوەندارێتی تاك دەبینین و، دەبینین دەوڵـەتی مسـوڵمان بـنەما لـەدوای بـنەمای لەدەسـتدایە بـۆ ئـەوەی لـە سنوری سیسـتەمی ئیسـلامی گشـتیدا، دەست لە بنەماکان وەربدات بەو شێوەیەی ڕێ لە زیـان دەگرێـت و بـەرژەوەندی دەستەبەر دەکات، ئەگەر نا دەوڵەتێکی گوناهکاری کەمتەرخەمە لە مشورخواردندا.

بنەمای چوارەم: بنەمای یاساغ کردنی سوو(ربا):

ئیسـلام بـڕیار لەسـەر (قازانج) دەدات و ئینکاری (سوو-فـائدة) دەکات. لەبەر ئـەوەی قـازانج زیاد و کەمی بۆ هەیە، بەپێی کۆششی مرۆیی. بەڵام (سوو) جێگیر و نـەگۆڕە، ئەگـەریش کۆششی مرۆیی هیچ بەرێك نەدات. جا ئەگەر خاوەن سامان ویستی قازانج بکات، ئەوا یان بۆخۆی کاری تیادەکات و قازانج، یان زیان دەکات، یانیش بە سامانەکەی لەگەڵ خاوەن کۆشش هاوبەش دەبێت و قازانج و زیان دابەش دەکەن. ئا ئەمەیە دادگەریی ڕەها(العدل المطلق).

ئـەم بـنەما بنچـینەییە لـە ئیسلامدا، ڕێگە لەوە دەگرێت، کە سامان بۆ خۆی زیاد بکات، هەروەك ئێستا لە سیستەمی سەرمایەداریدا ڕوودەدات، هەروا کۆت و بـەندێکی گـەورە دادەنێـت، لـەرێگای هەڵاوسـانی سـامانەکان لەسـەر حیسـابی پێویسـتیی تاکـەکان، یـان کۆمپانـیاکان بـۆ سـامان و دارایـی و، ناچاربونیان بۆ قەرزکـردن بە (سوو)، هەروەك ڕێگری لە هۆیەکی سەرەکی لە هۆیەکانی داگیرکاری

و جەنگە نێودەوڵەتیەکان دەکات و، کاریش لە بواری بەرهەم هێناندا بەهای خۆی پێ‌دەدات و، دادگەریی لەنێوان کۆششی ڕاستەقینە و پاداشت دەستەبەر دەکات و، ڕێدەگرێت لەوەی دەست بەتاڵە تەمبەڵەکان پاداشتێکیان دەست بکەوێت، کە شایستەی نین، کەچی ئەوانە لە جیهانی نەفامیدا، تەنها بە خستنەکاری سامانەکانیان لە بانقەکان و جێی دیکەدا ئەو پاداشتەیان دەست دەکەوێت، بەبێ کۆشش سودێکی حەرام بۆخۆیان دابین دەکەن، کە سامانەکانیان زیاد دەکات و هەڵدەئاوسێت و، هاوسەنگی ئابوری و کۆمەڵایەتی تێك دەدات، هەروەك ئەوەی لەو جیهانە بۆگەنەدا دەبینرێت.

بنەمای پێنجەم: بنەمای حەرامکردنی قۆرخکردن(الاحتکار):

قۆرخکردن هەموو گرێبەندە سودەکان دەگرێتەوە. قۆرخکردن هێزێکی لەڕادەبەدەر لەدەستی قۆرخکار دروست دەکات، کە لە چاکی وورردەکاری و، چاکی و تەواوی خزمەت دەستی ناکەوێت، بەڵکو بەوە دەستی دەخات، کە گرێبەندی سود لەدەستی خۆیدایە، یانیش بەوەی کە کەلوپەلێکی بازاڕی قۆرخ کردووە. ئەم هێزە لەسنور دەرچووە هەمو کاتێك بازاڕ بەکاردەهێنێت. هەموو کاتێك لەدژی بەرژەوەندی بەکاربەران(مستهلكين) بەکار دەهێنرێت. واتە دژی بەرژەوەندی کۆمەڵە. چونکە پێویستیی خەڵك بۆ کەل و پەل و شتی دیکە وەك چەکێك بەکاردەهێنن کە بەرامبەری بۆ نیە، ئەو دەتوانێ بەرتیل بدات بەوانەی بە فەرمانڕەواییەکە هەڵدەستن و چاودێری کارەکانی دەکەن و، چەند قاتی بەهای ئەو بەرتیلانەش لە جەماوەرە ناچارەکە وەردەگرێتەوە، یان کەلوپەلە قۆرخکراوەکان لەکاتی زۆر پێویستدا دەشارێتەوە. بەهەموو ئەمانەش هاوسەنگی لە کۆمەڵگا تێك دەچێت، چونکە دەستەیەکی کەمی کۆمەڵ هێزێکیان بەدەستە، کە لەدەستی خەڵکانی دیکەدا بەرامبەرەکەی نیە، هاوسەنگی ئابوری تێك دەچێت، چونکە قۆرخ کردن هۆکارێکە بۆ هەڵاوسندنی سامانەکان بە کەمترین کۆشش و، لەڕێگای حەرام و، بەهۆکاری گوماناوی و بە تێکدانی ویژدان و ڕەوشتەکان.

بنەمای شەشەم: بنەمای بڵاوبوونەوەی داهاتە گشتییەکان:

ئەوەی کە لەم سەردەمی ئێمەدا پێی دەگوترێت (خۆماڵیکردنی داهاتە گشتییەکان) بەپێوانە لەسەر بڵاویی ئاو و لەوەڕگا و ئاگر، کە لە دەقی فەرمودەدا بە داهاتی گشتی وەسف کراوە، کە نابێت بە خاوەنداری تایبەتی سنووردار بکرێت. هەروا وەك پێویستی ژیان وەسفیان دەکات، پێویستە بە بڵاوی بمێنێتەوە.. مالکییەکان لەسەر ئەمە بڵاوی گەنجینەی ژێرخاکیان وا داناوە کە نابێ بە موڵکی تایبەتی، ((مالکییەکان لە بەناوبانگترین وتەکانیاندا وای دەبینن، کە هەریەك لەم سێ جۆرە: کانزاکان و گەوهەرەکانی زەوی و شلەمەنییەکان لە کانەکانی خۆیاندا، لە ماڵە ڕێپێدراوەکان نین، تا ئەو کەسەی دەیدۆزێتەوە و دەستی بەسەردا دەگرێت، ببێتە هی خۆی.. بەڵکو ئەوانە موڵکی مسوڵمانانن و بە دەست بەسەراگرتنی زەویەکە بۆتە هی ئەوان، لەبەر ئەوەی لە زەویەکەیە، بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێتە پاشکۆی زەویەکە و بە دەستکەوتنی زەویەکە، ئەویش ببێتە موڵکی خاوەن زەویەکە. کە ئاسایی زەوی بۆ ئەو جۆرە شتانە دەست ناخرێ و داواناکرێت، بەڵکو بۆ مسوڵمانان دەمێنێتەوە)).[1]

بێگومان گێڕانەوەی خاوەندارێتی گشتی لەو لایەنانە بۆ کۆمەڵ، لەناوبردنی هۆیەکە لە هۆیەکانی لەدەستدانی هاوسەنگیی ئابوری لە کۆمەڵگادا، چونکە ئەو داهاتە گشتییانە گەورەترین بەشی -یان بەشێکی گەورەی- سامانی گشتی پێك دەهێنن، کە لە ڕژێمە ڕۆژئاواییەکاندا موڵکی کۆمپانیا، یان تاکەکانە. ئەم خاوەندارییە شوێنەواری خراپ لەناو کۆمەڵدا دروست دەکات، هەروەك دەبێتە هۆیەك لە هۆیەکانی ناکۆکی نێودەوڵەتی و گەمەوگاڵتەی داگیرکەر.

لێرەدا پێویستە ڕونکردنەوەیەك بدەین؛ خاوەندارێتی گشتی هاوشێوەی ئاو و لەوەڕگا و ئاگر و کانەکان و نەوت.. مانای وا نیە، کە هەموو خاوەندارییەك ببێتە خاوەندارێتی گشتی و، بنەمای خاوەنداریەتی تاك تێك بشکێنرێت، کە بنەمای

[1] کتێبی (احکام المعاملات)ی مامۆستا علی الخفیف، مامۆستا لە کۆلیژی مافەکانی زانکۆی قاهیرە.

سیستەمی کۆمەڵایەتییە لە ئیسلامدا. ئیسلام ڕەچاوی مسۆگەرکردنی دابینکاری بۆ هەموو تاکێك دەکات، کە خاوەنی سەرچاوەکانی بژێوی تایبەت بێت، کە لە بەندایەتی دەوڵەت، یان کۆمەڵگا ڕزگاری دەکات. لەکاتێکدا دەیکاتە پاسەوانێکی شەریعەتی خوا و فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات، بەڵام ئەگەر بژێوییەکەی لەدەست دەوڵەت، یان لە دەستی کۆمەڵگا بێت، ئەوا سەربەست نابێت.

ئیسلام زیادەی سامانی دەوڵەمەندەکان وەردەگرێت و، دەیداتەوە هەژارەکان، تا بۆ خۆیان ببنە خاوەنی، کە ئەو سەربەستییەیان بۆ دابین بکات.. هەموو خەڵکیش لە سەرچاوە گشتییەکان هاوبەش دەکات، هەموویان دەبنە خاوەنی، بەبێ ئەوەی خاوەنداریە تایبەتیەکەیان لێ داڕنێت، کە زۆر پێویستە بۆ بەرپاکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی.

بنەمای حەوتەم: بنەمای حەرامکردنی زیادەمەسرەفی و رابواردنی بێهودە:

ئیسلام حەزناکات خەڵك داماو و نەبون بن، بەڵکو داوایان لێدەکات شتە پاکەکان بۆ خۆشگوزەرانی بەکاربهێنن و، نایەوێت حەرام بکرێت و ڕێگری لێ بکرێت، بەڵام زیادەمەسرەفی و زیادەڕابواردن قەبوڵ ناکات، چونکە ئەوانە لە شتە پاکە داواکراوە حەڵاڵەکان نین:

﴿يَابَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِد وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلاَ تُسْرِفُوا إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ، قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ: ئەی فرزەندەکانی ئادەم! هەرگا دەچن بۆ نوێژکردن، جلکی جوان دەبەر بکەن؛ خواردنێ بخۆن و وەخۆن ، لە ئەندازە دەرمەچن. خوا لەوانە خۆشی نایە لە ئەندازە دەردەکەون.. بێژە: کێ ، جلکی جوان و خشڵ و بژێوی پاکژی -کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوا دیوە- لای وایە کە ناڕەوایە؟ بێژە: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیاد بڕوایان بەخوا هێناوە و ڕۆژی سەڵاش هەر تایبەتی

بەخۆیانـە. ئـێمە ئـاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی، کە زانابن ڕۆشن دەکەین.﴾الأعراف/ ٣١-٣٢.

رابواردنـی بـێهودە لـە ئیسـلامدا ناڕەوایـە بـەهۆی ئەو داڕوخان و داهێزرانەی دوچـاری بونـیەی تـاك، یـان بونیەی ئوممەت دەبێت، هەروا بەهۆی ئەو گەندەڵی و خـراپەکاریەی، لـە قـەوارەی تـاك و قەوارەی کۆمەڵدا بڵاوی دەکاتەوە. بەدرێژایی مـێژوو ئەوانـەی خۆش ڕادەبوێرن، بونەتە هۆی داڕوخانی کۆمەڵگا و گەلان: ﴿وَإِذَا أَرَدْنَـــا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا: هەرکـە ویسـتمان شـارێك قڕکەین، دەوڵەمەندە خۆشگوزەرانەکانی وان، دنەدەدەین بـۆ بەدفەڕی و خراپەکاری و لە ئاکاما ئازاریان بۆ پێویست دەبێت، ئەوساکە تێکی دەهاڕین.﴾الإسراء/١٦.

ئـەوەی لامـان گـرنگە لـێرەدا دەری بخـەین ئەوەیـە، کە خۆشگوزەرانی لە هەر ئوممەتـێکدا، لەسەر حیسابی برسیەتی کۆمەڵێکی زۆری ڕۆڵەکانیەتی، ئەو تاکانەی رادەبوێـرن، چـێژ و جوانکاریـەکانی لە خوێن و کۆششی جەماوەر و پێویستیەکانی وەردەگرێت، کە ئەمەش ڕق و کینە لە دڵەکان و گڕێ لە سینەکان دەوروژێنێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی گیانی ئاشتی و برایی لە کۆمەڵگا نەمێنێت و، هەندێك لەگەڵ هـەندێکی دیکـەدا بجەنگێـت، ئەمـەش لەبەرئـەوەی بەرژەوەندیەکانـیان ناکۆك و ئاواتەکانـیان جـیاوازن.. ئەمـە هـەمووی سـەرەڕای ئەو پۆخڵەواتەی دەوڵەمەند و خۆشـگوزەرانەکان لـە کۆمـەڵگادا دەیخەنەوە و، ئەو پاشماوە بۆگەنانەی لە تێرکردنی ئارەزوە نەخۆشەکانیان دەکەوێتەوە.

جـا کـە بوونـی سـامان لەدەسـتی ئەوانـەی خۆش رادەبوێرن، ئەو چێژە گڵاو و ئـارەزوە پیسـانەیان بـۆ ئامادەدەکـات، لەهـەمان کاتدا دوژمنکاری و ڕق و کینە دەوروژێنێـت، بونـیەی کۆمـەڵ دەهەژێـنێ و لە بناغەوە دەیلەرزێنێتەوە، ئا لێرەدا بـنەمای (بەربەسـتکردنی هۆکارەکـان= سد الذرائع) دێـتە پێشـەوە، کـە لەسەر دەوڵـەتی مسـوڵمان پێویست دەکات هۆکاری ترسناك لەدەست ئەوانە دەربهێنێت، کە یاری بەئاگر دەکەن..

جا بـنەمای بەربەسـتکردنی هۆکارەکان، بنەمای خۆپاراستنە لەوانەی، ڕەنگە ڕووبـدات. هـەر ئەوەشـە ئـەو هۆکـارە حـەرام دەکـات، کە مەبەستێکی حەرامی لێدەکەوێـتەوە، ئەگەریش ئەو هۆکارە بۆ خۆی حەرام نەبێت. بوونی سامانی زیادە لەدەسـت ئـەو جـۆرە کەسـانە ئـەو هۆکارەیـە، کـە پێویسـتە ڕێـی لێبگیرێت بۆ خۆپاراستن لە ئەنجامەکەی، هەروەك لەم بوارەدا ئاشکرایە.

بنەمای هەشتەم: بنەمای حەرامکردنی سامان کۆکردنەوە:

﴿وَالَّذِيـنَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ، يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ: ئـەو کەسانەی زێڕ و زیو کۆدەکەنەوە و لـەڕای خـودا بەخـتی ناکەن، تۆ لەو ئازارە بەژانەی توشی دێن ئاگاداریان بکە.. ڕۆژێ کـە ئـەم زێـڕ و زیوە بە ئاگری جەهەندەم سۆر دەکرێتەوە، توێڵ و کەلەکە و پشـتیانی پـێ داخ دەکـرێ: دەردی ئـەو شـتە بچێژن، کـە بـۆ خۆتـان سـەریەکو نان.﴾التوبە/٣٤-٣٥.

ئەمـە لەبـەر ئـەوەی ڕاگرتـنی سـامان لە دەستاودەست کردن و، نەبەخشین لە پێناوی خوا، واتە جێبەجێ نەکردنی ئەو پێویستی و بەرژەوەندیانەی وشەی (الله)ی پـێ دێـتە دی، بـۆی هەیـە ببێـتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی دارایی و بازرگانی و ئـابووریی گشـتی، لەگەڵێدا هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تێك بچێت و، ئەم تێکچونەش ببێـتە هـۆی ڕودانـی قەدەغەکـراو و حەرامەکان، جا پێویستە -بەپێی ڕێگرتن لە هۆکارەکـان- ڕێ لـە ڕودانـی ئەمانـە بگیرێـت و، ڕێ لـە هۆکارەکانی پەیدابوونی بگیرێت.

بەپـێی ئەم ڕێزبەندیە مەسەلەی سامان کۆکردنەوە نابێتە مەسەلەیەکی تایبەتی یـان تاکەکەسـی، لـەخودی خۆیـدا نابێـتە تاوانێك، کە لێپرسینەوەی بۆ خودا جێ بهێڵرێت لەڕۆژی دواییدا، ئەو ڕۆژەی ناوچەوان و تەنیشت و پشتەکان داخ دەکرێن.. بـەڵکو مەسـەلەکە دەبێـتە مەسـەلەیەکی تەشـریعی، داوا لـە دەوڵەتی مسوڵمان

دەکـات، کـە لـە ڕێگـای تەشـریع و لـەڕێگای جێبەجێکردن ڕێ لەمە بگرێت، بۆ وەدیهێنانی ئەو بنەمایەی باسمان کرد.

شـەریعەت و سیسـتەمەکانی ئیسـلام یەکەیـەکی یـەك تەواکـەری هـاوڕێکن، هەریەکـێك لـەو بـنەمایانە دەچـنە پـاڵ ئـەوانی دیکـە، کە هەموویان لە ڕێسای گشـتیی ئیسـلامدا پێك دەگەن، جا نابێت لەکاتی یاسادانانا، مەسەلەکان بە تاك تـاك و پـەرت و بـڵاوی وەربگیرێـت، بەڵکو پێویستە هەموو کاتێك بگەڕێتەوە بۆ ڕێسا هەموەکیە گشتگیرەکە.

هـیچ گومـانی تـێدا نـیە، کـە نەبەخشـینی سـامان زیانێکی ئاشکرا و دیاری لێدەکەوێـتەوە. ئەگـەر ئـەم نەبەخشینە لە ڕەزیلی و قرچۆکی بێت، ئەوا دەکەوێتە نـاو چوارچێوەی ئەو دەقی قەدەغەکردنە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ: دەستەکانت دە گەردنت وەرمەهێنە.﴾الإسراء/٢٩.

ئەگـەریش لەبـەر حەزنەکـردن بـە بەخشـین لـەڕێی خـوادا بێت، ئەوا دەکەوێتە ناوچوارچـێوەی ئـەو دەقەی قەدەغەکردنە، کە دەفەرموێت: ﴿وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلاَ تُلْقُـوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ: مـاڵی خۆتان لەڕاهی خودا ببەخشن، خۆشتان بە فەتارەت مەدەن بەدەستی خۆ.﴾البقرة/١٩٥.

بەرچـاوکردنی ئـەوەی کـە نەبەخشـین لـەڕێی خـوادا بەهیلاك چوونە بۆ تاك و کۆمـەڵ، ئا لێرەدا بنەمای بەربەستکردنی هۆکارەکان لە فراوانترین دەروازەوە دێتە ژوورەوە..

هـەندێك لەوانـەی بازرگانـیان بـە ئاینەوە دەکرد، ڕۆژانێك بەو وتەیە بەڵگەیان دەهێـنایەوە: کـە ئەو سامانەی زەکاتەکەی دەربکەیت کۆکردنەوە نیە، وەك ئەوەی مـافی نـاو سـامان تـەنها زەکـات بێـت، گوایـە دوای زەکـات دەرکـردن سـامان کۆکـردنەوە چـی تێدانـیە.. بـەڵام فەرمودەیەکی ڕاشکاو هەیە، کە سنوری سامان کۆکـردنەوە دیـاری دەکـات و، ڕوونـی دەکاتـەوە، کە پاش زەکات، سامان لەچیدا دەپارێزرێـت تـا نەبێـتە سـامان کۆکـردنەوە، کە دەفەرموێت: ((من جمع دينارا أو درهمـاً أو تبراً أو فضةً، ولا يعده لغريم، ولا ينفقه في سبيل الله، فهو كنز يكوى به

یـوم القـیامة..: هەرکـەس دیـنار یان درهەم یان پارچە زێڕ و زیو کۆبکاتەوە و، بۆ قـەرزی دانەنابێـت و، لـەڕێی خودا خەرجی نەکات، ئەوا ماڵ کۆکردنەوەیە و ڕۆژی قیامەت پێی داخ دەکرێت.))[1]

ئـەم فەرمودەیـە ئـەو شـتانەی ڕون کـردەوە، کـە دەشـێت هەڵبگیرێت و، ئەو مەبەستانەی دەشێت بۆی هەڵبگیرێت، بێجگە لەوانە سامان کۆکردنەوەیە و، دەقی حەرام کردنەکە لەسەری جێبەجێ دەبێت.. بەم شێوەیە با لەم بوارەدا لەژێر تیشکی بنەما گشتیەکانیدا لە ئیسلام تێبگەین.

بنەمای نۆیەم: بنەمای ئەمەت لەکوێبوو؟

مـافی خـاوەنداری تـاك لەگـەڵ ئەوەی لە سیستەمی ئیسلامیدا ڕەسەنە، بەڵام بێهـیچ پـێوەندێك نـیە، وەك هـەندێك نەفام لە دین و هەندێك لە فێڵبازەکان بۆی دەچـن، خاوەنداریی تاك تەنها لەسەر هۆکاری دروست و شەرعی دادەمەزرێت.. لە بـنەما گشـتییەکانی ئیسـلام دەربـارەی سـامان و، بـنەما گشتییەکانی دەربارەی ڕەوشـت لانـادات. ناکـرێ لەسەر تاڵان و ڕفاندن و داگیرکردن و دزی و بەرتیل، یان سو و قۆرخکردن و.. هاوشێوەکانیان دابمەزرێت.

دەوڵـەتی مسـوڵمانیش کـە شەریعەتی خوا جێبەجێ دەکات، مافی خۆیەتی لە هۆکارەکانی خاوەنداری بکۆڵێتەوە و بزانێ لەڕێی دروستەوە پێکەوەی ناوە یان نا.. ئەگـەر لـەڕێی دروستەوە بوو، ئەوا خاوەندارییەکە بۆ خاوەنەکەی دەچەسپێت بەپێی ئەو پێوەندانەی باسمان کرد، بەڵام ئەگەر شەرعی و دروست نەبوو، ئەوا ئیسلام هەر لـە بـناغەوە دان بـە بونیدا نانێت و، مافی چاودێری و پارێزگاری بۆ دانانێت، ئەو مافەی کە بۆ خاوەندارێی دامەزراو لەسەر بناغەی دروست دامەزرابێت.

ئـا ئەمەیـە ئیسـلام.. بـڕیاری مـافی خـاوەنداری تـاك دەدات، تـا داخـوازی سروشـتیی قووڵـی دەرونـی مـرۆڤایەتی بەدی بهێنێت بۆ خاوەنداری و هەموو ئەو وزەیـەی خـوا تیایدا دایناوە بیبەخشێت بە ژیان و ، ژیانیش ئەوەندەی خوا ویستی لەسـەر بێـت، گەشـە بکات. هەروەها بڕیاری لەسەر دەدات، تا سەرچاوەی ڕزق بۆ

[1] ذكره القرطبي في التفسير.

هـەموو تاکـێك دابین بکات و، لە کۆیلایەتی بۆ دەوڵەت یان کۆمەڵ ڕزگاری بکات و، توانـای پـێبدات تـا ببێـتە پارێـزەرێکی شەریعەتی خودا و، فەرمان بەچاکە و بەرگـری لـە خراپە بکات و، دوای ئەوە لەوە نەترسێت دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتەکان دەسـت لـە ڕزقەکـەی بـدەن. ئـنجا سنور و پێوەند بۆ ئەو مافە دادەنێت، جا هیچ کەسـێك لـەڕووی دروسـتبون، یـان بژێویـیەوە ئـازار نـادات. لـە کۆتاییشـدا بـۆ بەدیهێـنانی بـەرژەوەندیی گشـتی کۆمەڵـە، مـافی کۆمەڵە لەو خاوەنداریەی تاك دیاری دەکات.

بـەم شـێوەیە هـەموو چـاکیەکانی خـاوەنداری تـاك بـەدی دێنێت، کە بۆچونە تاکـیەکان(مذاهـب الفـردیة) بیانوی پێدەهێننەوە و، هەموو ئەو نەنگییانەشی لێ دور دەخاتـەوە، کـە بۆچـونە کۆمەڵیەکان (مذاهـب جماعیة) بیانوی پێدەهێننەوە، ناوەڕاسـتێك لەنـێوان هـەردوو لای زیادەڕۆیی دادەنێت، کە لەگەڵ فیترەتی ڕاستدا هاوشـان و تەریـبە، ئـەو فـیترەتەی هـیچ خـواری و ناسازیەکی تێدا نیە. هەروەك دەبێـتە پاسـەوانێکی تـاك، کە خود و کەسایەتی و کەرامەت و سەربەستیی خۆی لەدەست نەدات؛ دەبێتە پاسەوانی کۆمەڵگا تا بەرژەوەندی و هاوڕێکی و دادوەریی دابەشکردن تیایدا لەدەست نەدات.

بنەمای دەیەم: بنەمای زەکات:

ئـەو بـنەمایەی دەزگـا سەرمایەداریە زۆردارەکان هەوڵ دەدەن بەتەنها گەورەی بکـەن، وەك ئەوپـەڕی ئـەو بنەمایانەی ئیسلام لەسەر سامانی پێویست کردوە، تا پـەردە بەسـەر چـاوی خـەڵکدا بـدەن و بێهۆشـیان بکەن! ئەوەی کە جارێك دەزگا شـیوعیەکان و جـارێك دەزگـا خاچپەرسـتەکان هـەوڵ دەدەن بـەو وەسفە گەورەی بکـەن، تـا لـە پایـەی دابیـنکاریەکانی ئـابوری و کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا بێننە خواریێ و سوکی بکەن!

مەبەسـتم بوو کە بۆ ئێرەی دوابخەم، لە کۆتایی بنەما سەرەکییەکانی ئیسلامدا باسـی بکـەم، تـا خـەڵك بـزانن چـۆن دەزگاکـانی سـەرمایەداری فریوی داون، بە بەکارهێـنانی پیاوانـێك کـە بازرگانی بە ئایینەوە دەکەن، چۆن -هەندێك جاریش-

شـیوعیەت و خاچپەرسـتی فـریویان دەدەن بـەهۆی هـەندێك لەوانەی لەسەر ئایین حسێب کراون!

ئەمـەش بـە کـەم دانـانی پایەی ئەم بنەما بەرێزە نیە، بەڵکو رونکردنەوەیەکی حەقە بە بەڵگەوە.

زەکـات بـە سیسـتەمێکی چەسـپاو فەرزێکـە، کـە ساڵانە بەرێژەی ٢,٥٪ لە سەرمایەی سامانەکە وەردەگیرێت.

لـێرەدا، سـەبارەت بەو فەرزەی کە قین لەدڵەکان و هەڵخەڵەتێنەکان دەیشێوێنن و، بەشێوەی چاکەیەکی کەرامەت شکێنی ئادەمیزاد وێنای دەکەن! قسەیەك هەیە دەبێ بوترێت:

دەوڵـەتی مسـوڵمان خـۆی ئـەم فەرزە کۆدەکاتەوە، دەوڵەتی مسوڵمانیش خۆی خەرجکـردنەکەی بـە سیسـتەمێکی دیاریکـراو لەئەسـتۆ دەگرێـت.. کەواتـە لـە سیسـتەمێکی وەك ئەمـەدا کـوا ریسـوایی و زەبوونـی هەیـە؟! قـین لـەدڵ و هەڵخەڵەتێـنەرەکان بـەردەوام هـەوڵ دەدەن وێـنەیەکی سـاختەی کـرداری زەکـات بکێشـن: دەوڵەمـەند دەبەخشـێت و خـێر دەکات، هەژاریش وەردەگرێت و سوپاس دەکـات! دەسـتی سـەرەوە دەیـدات و دەسـتی خوارەوەش لەژێرەوە وەریدەگرێت.. روبەروو، راستەوخۆ لەنێوان تاك و تاکدا!

ئەم وێنە شێواوە ساختەیەیان لەکوێ هێناوە؟ نازانم!

ئەگـەر ئەمرۆ دەوڵەت باجێك بۆ فێرکردن دابنێت، کە داهاتەکەی تەنها تایبەت بکـات بـە کاروبـاری فێرکردنی پەتی، لە دروستکردنی خانوو، یان پێدانی کرێ و، خەرجکـردنی بـۆ کەلوپەل و کتێب و خواردەمەنیی قوتابیان.. ئایا دەوترێت: ئەمە سیسـتەمی دەرۆزەکـردن و دەسـت پانکـردنەوەیە، کەرامـەتی مامۆستا و قوتابی بریـندار دەکـات! چـونکە ئەو پارانە لە سامانی دەوڵەمەندەکان بۆ خەرجکردنی لە کاروباری هەژاران وەرگیراوە؟!

ئەگـەر دەوڵەت یاسایەك دابنێت، لە هەمو سامانێك ٢,٥٪ باج وەربگرێت، چ زۆر بـێ و چ کەم، بۆ پێکهێنانی سوپا و چەکدارکردنی، ئەو باجەش تایبەت بکات

بـه لایەنـەکانی خەرجکـردنی گشتی.. ئایا دەوترێت: ئەوە سوپا دەرۆزە دەکات و، کەرامـەتی دەشـکێنرێت، چـونکە دەوڵـەت خەرجـیەکەی ئـەوانی لـە سـامانی دەوڵەمـەندەکان دەرکردوە، لەکاتێکدا دەوڵەمەند و هەژار لە جێبەجێکردنیدا وەك یەکن؟!

زەکـات سـەرباری ئـەوەی پەرستشـێکە لـە پەرستشـەکان، هـەروا لەلایەنـە دارایـیەکەیەوە، باجـێکە وەك باجـەکانی دیکە، دەوڵەت کۆی دەکاتەوە، پاشان لە چـەند لایەنێکی دیاریکراو خەرجی دەکات، بەتێکڕایی کۆی دەکاتەوە و بەش بەش خـەرجی دەکـات، خـێر و چـاکەی تاکـە کەسـێك نـیە، لـە دەسـتێکی دیاریکراو دەربچـێت و بدرێـتە دەستێك. ئەگەر ئەمڕۆ هەندێك خەڵك زەکاتی سامانی خۆیان دەردەکـەن و بەدەسـتی خۆیـان دابەشی دەکەن، ئەوە ئەو سیستەمە نیە کە ئیسلام دایناوە، بەڵکو ئەو هەندە خەڵکە کە وا دەکەن، ئەو ڕێگا راستەوخۆیە دەگرنە بەر، لەبـەر ئەوەیـە کە دەوڵەت روکنەکانی ئیسلام جێبەجێ ناکات، بەدەستی خۆی ئەو باجـە کۆناکاتـەوە، تا لە چاککردنی حاڵ و باری کۆمەڵگە خەرجی بکات، هەروەك ئیسلام بڕیاری لەسەر داوە.

بـەڵام بێئاگـایی و خۆبێئاگـا کـردن دەگاتـە ئاستێك، کە هەندێ کەس باسی زەکـات بکـات وەك ئـەوەی خـێر و چـاکەیەکی تاکەکەسـی بێـت، کـە دەروونەکان سەرشۆڕ بکات و فێرە دەست پانکردنەوەی بکات.

جورئـەت کـردن لەسەر هەندێ حەقیقەتی پەتیی سەرەتایی، هەتا ڕادەی قسەی ناشـیرین و بێـئابڕویی، سەرچـاوەکەی بێـئاگایی گوێگـران یان خوێنەرانە تا ڕادەی گێـلی. هـەردوو حاڵەتەکەش لە ژینگەی نەفامیی دوور لە ئاینی خوادا دەبینرێت، هـەروا زۆرتـر لـە ژیـنگەی ئەوانـەی ناویـان نـاون (رۆشـنبیران)دا دەبینرێت، ئەو رۆشـنبیرانەی بـە دڵخۆشـیەوە گوێ لە هەمو تانەدەرێك لە سیستەمەکانی ئیسلام دەگـرن و پێشـوازی لێدەکـەن، تـا بیسـەلمێنن بەڕاسـتی ڕۆشـنبیرن! ئەی ئێمە لە چەرخی کورتەباڵا و نەوەی کورتەباڵاکان نین؟!

دڵنیابون لە یاسا

.. ئێستاش با بە دوا هۆکار لەو هۆکارانەی، کە ئیسلام بۆ بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵگا دەیگرێتە بەر، کۆتایی بەم بەشە بهێنین.. ئەوەیە سروشتی شەریعەتی ئیسلامی و پەیوەندی دەرونی مرۆیی پێوەی و، بەدەمەوەچوونی. کە لە کۆتاییدا کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە چەسپاندنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و، بەدیهێنانی هەموو ئەو زەمانەت و دابینکاریانەی پێشتر باسکرا.

پێویستە یاسایەك هەبێت پەیوەندیەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ڕێك بخات، حاڵ و باری بەڕێوە ببات، بیکات بە پارچەیەکی هاوکاری قەوارەدار، نەك تاك تاك و پەرت و بڵاو و بێسیستەم.

یاساش، ئەگەر گوێڕایەڵی نەکرێت و جێبەجێ نەکرێت، ئەم ڕۆڵە بە سەرکەوتویی نابینێت. جێبەجێش ناکرێت و گوێڕایەڵیی بۆ ناکرێت، مەگەر دەرونەکان لێی دڵنیا بن و، لەنێوانیاندا بەدەمەوەچوون و سۆزداری هەبێت و، هەست بکات کە بەرژەوەندیە نزیك و ئامانجە دورەکانی لەو یاسایەدا بەدی دێن.

دەرچوون لە یاسا زۆرتر لە سێ هۆکارەوە سەرچاوە دەگرێت و، هەموو هۆکارە لاوەکیەکانی تێدا کۆدەبێتەوە:

یەکەم: هەست کردن بەوەی کە دادوەر نیە، چونکە بەرژەوەندی تاکێك، یان چەند تاکێك یان چینێك لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە بەدی دێنێت، ئەوانیش لەو حاڵەتەدا وا هەست دەکەن، کە یاسا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی ڕام(تسخیر) کردنیان بۆ ئەوانی دیکە، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی کۆششەکەیان سودێك بەدەست بێنن.. لەپێی ئەم یاسایە ئەمان دەبێ ڕەنج بدەن و دەستکەوتیش بۆ ئەوانی دیکە بێ.

دوەم: هەستکردن بە نامۆیی لەنێوان گیانی یاسا و گیانی ئەو کۆمەڵەی فەرمانڕەوایی پێدەکات، چونکە پێویستیە هەستیەکان و، بەرژەوەندیە ماددیەکانی بەدی ناهێنێت و، حاڵ و باری و پێویستیەکانی ژیانی بەڕێوە نابات، ئەمەش بەهۆی نامۆییەوەیە، لە گیان و ڕەوش و مێژوەکەیدا.

سێیەم: هەوڵدانێکی تاکە بۆ وەدیهێنانی کەسایەتی خۆی، بە دەرچوون لەو یاسایەی کەسانی دیکە بۆیان داناوە، جا ئەو کەسەی یاساکەی داناوە تاکێك بێت یان دەستەیەك یان چینێك، چونکە یاسا -هەرچۆنێك بێت- چەند پێوەندێکی تێدایە، خۆ بەرزگرتن بەسەر ئەو پێوەندانە و دەرچونی نهێنی، یان ئاشکرا لە یاساکانی -لە حاڵەتی یاسایەك مرۆڤ بۆ مرۆڤی دابنێت- کەسایەتی خودی لە هەستی تاکدا بەدی دەهێنێت.

هیچ یاسایەك لە یاسا دەسکردەکان نیە لە یەکێك، یان زیاتر لەو خەوش و نەنگیانە خاڵی بێت، بە تایبەتی نەنگیی یەکەم و سێیەم، کە زۆربەی جار ئەم دوانە لە هەموو یاسایەکی زەمینی، کە مرۆڤایەتی ناسیبێتی کۆدەبنەوە، ئەو یاسایانەش کە پەرلەمانی هەڵبژێردراو دایدەڕێژن لەمە خاڵی نیە، هەروا ئەو یاسایانەش، کە چینی کرێکارانی فەرمانڕەوا لە وڵاتە کۆمۆنیستیەکان دایدەڕێژن.

بەڵام لە حاڵەتی پەرلەمانی هەڵبژێردراو لە دەوڵەتە سەرمایەداریەکاندا، ئەوا سەربردەی هەڵبژاردنی ئازادانەی گەل ئەفسانەیە. جەماوەریش لە ناخیدا هەست بە گەورەیی ئەو ئەفسانەیە دەکات. چونکە دەنگدەر هەست دەکات، کە لە دەربڕینی ویستە ڕاستەقینەکەیدا ئازاد نیە، لەبەر ئەوەی ژیانی و ئەو پارەوانانەی پێی دەژیت، لەدەستی ئەو سەرمایەدارەیە، کە هەڵی دەبژێرێت! ئەگەریش وامان دانا- کە هەرگیز ڕوونادات- دەنگدەر ئازادی ڕەهای خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی پیاوانی پەرلەمان، ئەو پەرلەمانەش پێکهاتەکەی لە چینێکی دیاریکراو پێك دێت، کە ئەو ڕەگەزانەی کەم تێدایە، کە بەڕاستی -نەك بە پروپاگەندە- لە جەماوەر بن، ئەو دەستورانەی دایدەڕێژن ڕەچاوی بەرژەوەندی سەرمایەداری تێدا دەکرێت، لەهیچ حاڵێکدا لەمە خاڵی نابێت!

لە حاڵەتی فەرمانڕەوایی چینی کرێکاریشدا، هەر لە سەرەتاوە ئامانجی یاسادانان، تێکشاندنی چینی بۆرجوازییە، جا هەر چەند کۆمەڵی کرێکاران زۆرینە بن، کۆمەڵێکی دیکە هەن، کە یاسا لەگەڵیاندا نیە، بەڵکو بەبێ گومان لەدژیانە، بەڕاشکاوی و بە مەبەست و مکوڕبوونەوە دژایەتیی دەکەن!

حاڵەکە لە هەموو رژێمێکدا هەروایە، کە تاکەکان خاوەنی پاروەنانێك لە داهاتی تایبەتی خۆیان نەبن، کە تیایدا دەژین ترسی ئەوەیان هەیە، ئەگەر پێچەوانەی ویستی ئەوانە بکەن کە ئەو بژێویانەیان لەدەستە، سەرچاوەی بژێوییان لەدەست بدەن!

هەموو ئەمانە لە وڵاتانێکدایە، کە دەستوری خۆیان لە واقیعی خۆیان وەردەگرن، نەك لەدەرەوە بۆیان بهێنرێت، وەك ئەوەی لە هەندێك وڵاتانی بەناو (ئیسلامی) ڕوودەدات! بەڵام لەحاڵەتی لەدەرەوە هێنان و لاسایی‌کردنەوەدا، نەنگییەکی دیکەی دێتە سەر، بۆشاییەك لەنێوان گیانی یاسا و گیانی جەماوەر دروست دەبێت، چونکە بەو نامۆیە و، لە گیان و بارودۆخ و پێویستییەکانیەوە سەرچاوەی نەگرتوە، جا لە جێبەجێ‌کردنی یاسای وەرگیراودا شتی پێکەنیناوی و گریاناوی ڕوو دەدات، ئەگەر ئەوانەی دایدەڕێژن کەمێك ڕۆشن بینییان هەبوایە و، کەمێك مرۆڤانە بیریان بکردایەتەوە، دەستوریان لەو سەرچاوەیەوە وەرنەدەگرت، بەڵام ئەوان بە دڵنیاییەوە وەری دەگرن![1]

لەکاتێکدا هەر هەموو یاسا دەستکردەکان، بە هەرەکۆن و تازەکەشیانەوە، لە یەکێك یان زیاتر لەو نەنگییانە خاڵی نابێت، تەنها دەستوری ئیسلامییە لە هەموو ئەو نەنگیانە خاڵی و بێ‌هاوشان و هاوشێوەیە.

لە شەریعەتی ئیسلامیدا هیچ بوارێك نیە بۆ هەست کردنی تاکێك، یان کۆمەڵێك بەوەی، کە یاسا بەپێوانەی ئەو دادوەر نیە، چونکە هۆکارەکانی لادان لە دادوەری تێدا نیە، بەو پێیەی کە داڕێژەری شەریعەت و دەستور بۆ هەموان خودای هەموانە، ئەویش هیچ بەرژەوەندییەکی لە خۆشویستنی تاکێك، یان کۆمەڵێکدا نیە، بەمەش لە کۆمەڵی ئیسلامیدا بیرۆکەی چینایەتی نامێنێت. نامێنێت بەوپێیەی هیچ یاسایەك نیە ڕەچاوی بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو بکات لەسەر حیسابی چینێکی دیکە. هەموو تاکێك مافی هەیە و، بەرامبەر بەو مافەش ئەرکی لەسەرە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی ئیسلامی دەبێتە کۆمەڵێك تاك، کە ماف

[1] بگەڕێوە بۆ کتێبی (الإسلام وأوضاعنا القانونية)ی مامۆستا عبدالقادر العوده.

و ئەرکەکانـیان لەیاسادا هاوتایە، نەك کۆمەڵە چینێك بن ململانیّ و تێکگیران لە بەرژەوەندیەکانـیاندا هەبێـت و، یاسـا بـۆ بـەرژەوەندی هـەندێك لەسـەر حیسابی هـەندێکی دیکـە حوکـم بـدات. جـا لـە هەرلایەنێك لە لایەنەکان بێت، بەم پێیە تارمـایی سیستەمی چینایەتی لە ئیسلامدا بوونی نیە، هەروا ململانێی چینایەتی بونی نیە. کاتێك شەریعەتی ئیسلامی لە جیهانی فەرمانڕەوایی و جیهانی ساماندا بەتـەواوی جێـبەجیّ دەکرێت، هەست کردن بە لاربونەوەی دادوەریی یاسایی، بونی نابێـت، تـا بەهۆیـەوە هەوڵی دەرچوون لەو یاسایە بدرێت، بەڵکو تەنها لارێبوونی تاك تاکە دەمێنێت کە جێی باس نیە.

هـەروا بـواری نـامۆیی لەنـێوان گـیانی دەستور و شەریعەتەکە و گیانی تاك و کۆمەڵـەکاندا نیە، چونکە شەریعەتی ئیسلامی بەهۆی ئەو هاوڕێکییە گشتگیرەی، کە تێیدایە و لەپێشدا نمونەی زۆرمان خستەڕوو، پێویستییەکانی دەرونی مرۆیی لە هـەموو بوارێکـی چـالاکیی مرۆیـیدا دابـین دەکـات. چ لـە دروشمـەکانی و چ لـە دەسـتورەکانی، پێویسـتی جەستە و پێویستی هزر و پێویستی گیان دابین دەکات.. پێویسـتییەکانی تاك دابین دەکات لەو کاتەی بەتەنها کار دەکات، لەو کاتەشدا کە بـە رێکوپێکی لە کۆمەڵ(جماعة)دا کاردەکەن، پێکدادان لەنێوان ئارەزوە سروشتییە دروستەکانیان رونـادات و، وزە سروشـتییە راستەکانیان خەفە ناکات.. لە هەمان کـاتدا سـنور بـۆ چالاکیی ڕێزپەڕ دادەنێت، کە زیانیان پیّدەگەینێت، تاك تاك بن، یـان کۆمـەڵ کۆمـەڵ.. ئـەو کۆمـەڵەیـەی، کە پێی دەوترێت دەوڵەت، هەموو ئەو دەسـەڵاتانەی پـیّ دەدرێـت، کـە سـود لە چالاکی و بەرهەمی هەموان ببینێت بۆ بـەرژەوەندی هـەموان. هـەر بـەو دەسەڵاتەش، بۆ بەرژەوەندی هەموان، رێگری لە هـەموو چـالاکیەکی خراپی نارێك دەکات، کە لەگەڵ فیترەتی تەواو و ڕاستاڵ کۆك نـیە. لەپێشـدا دەربـارەی ئەو دیاردە جیاکەرەوەیەی سروشتی شەریعەتی ئیسلامی ئەوەندە نمونە هاتووە، کە بەس بێت.

لەکۆتایـیدا، هـەروا بـوار بـە تـاك نـادات بـۆ بەدیهێنانی کەسایەتی خۆی و، هەسـتکردن بـە خۆگـەورەیی لەناو کۆمەڵگە، یان دەستە و کۆمەڵدا، کە پێویستی

بــە هەڵگەڕانــەوە هەبێت، تەنها مەگەر ئەو خۆگەورە گرتنە پێکەنیناویە بێت، کە لەسەر خوا دەکرێت!

هەسـتکردنی تـاك بـەوەی، کە هێزێکی لەخۆی بەهێزتر و، لەهەموو مرۆڤەکان بەهـێزتر یاسـای بـۆ دادەنێـت، بەسە بۆ ئەوەی هەست بە سەربەرزی بکات، زیاتر لەوەی هەست بە کۆیلایەتی بکات، بۆ ئەوەی کەسایەتیی خۆی بەدی بهێنێت زیاتر لــەوەی خەفــەی بکـات و فشـاری بخاتە سەر. ئەمەش چاکێتیەکە هەرگیز لە هیچ سیسـتەمێکی جگــە لــە سیستەمی ئیسلامیدا نابینرێت، کە هەموان لە بەرامبەر دەسـتوردا یەکسـان دەکـات، تــەنها بــە وتەیەکی ناڕاست و شێوێنەر نا، بەڵکو بە حەقیقەتێکی ڕاستەقینە.

تــەنها ئیســلامە کــە بەرفەرمانی فەرمانڕەوا دەبەستێتەوە بەوەی ئەو دەستورە جێبەجێ بکات، کە خۆی داینەناوە، بەڵکو خوای هەموو مرۆڤەکان دایناوە، هەروا بەرفــەرمانی بــە جێـبەجێکردن و شوێنکەوتنی ئەو دەستورە لەلایەن فەرمانڕەواوە سـنوردارکراوە، نــەك بە جێبەجێکردنی کۆمەڵە یاسایەك، کە فەرمانڕەوا دایهێناوە و لەگەڵ شەریعەتی بەرزی خوادا ناکۆکە.. جا ئەگەر فەرمانڕەوا و ژێردەستەکان لە حوکـێك، یـان کێشــەیەك ناکۆك بون، ڕێگاچارە ملکەچیی قسەی فەرمانڕەوا نیە، بــەڵکو ڕێگاچـارە گەڕانــەوەی فەرمانــڕەوا و ژێردەستەیە بۆ لای خوا و پێغەمبەر: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَــيْءٍ فَــرُدُّوهُ إِلَــى اللَّـــهِ وَالرَّسُولِ: ئــەی گەلی بڕواداران، بەرفەرمانی خودا و پێغەمــبەری خــودا و کاربەدەســتانێ بن کە لە خۆتانن. هەرکاتێکیش لەسەر شتێ لەنێو خۆدا پێك نەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خودا و بەڕۆژی قیامەتێ هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن.﴾النساء/٥٩.

ئــەوە ئەوپــەڕی داواکاریــەکانی تاکــە بــۆ بەدیهێـنانی کەسـایەتیەکەی، ئەگەر سروشتی دروست بێت و ڕێزپەڕ نەبێت و لاڕێ نەبوبێت. ئیسلامیش دەستور بۆ ئەو زۆریــنە هــەرە زۆرە دادەنێــت و، لــەو چوارچـێوەیەدا ئاشــتی و ئاسـایش بــەدی دەهێنێت.

هەروا دەبینین کە هەموو ئەو بنەمایانەی باسمان کردن بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگیی کۆمەلاّیەتی، کۆمەلّە بنەمایەکن لە دەستی ئەو (دەولّەتە مسولّمانە)دان، کە حوکم بە تەواوی شەریعەتی خوا دەکات و، یاساکانی تەنها لەو شەریعەتە سەرچاوە دەگرێت.. ئیسلام یەکپارچەیە و بەش بەش نابێت، حوکمێکی لە حوکمێکی دیکەی جودا نابێتەوە، بنەمایەکی لە بنەمایەکی دیکەی جودا نابێتەوە.. هیچ بواریش نیە بۆ بەش بەش کردنی و هەلّبژداردنی هەندێکی و وازهێنان لە هەندێکی.. چونکە ئەو کاتە ئەمە ئیسلام نیە.!

ئاشتیی جیهان

لەژێـر ڕۆشـنایی دیـدی گشـتیی ئیسـلام بـۆ گـەردون و ژیان و ئادەمیزاد، کە بـەکورتی هـێڵە سەرەکیەکانیمان لە سەرەتای ئەم کتێبەدا ڕون کردەوە، ئنجا لەژێر سـایەی سروشـتی ئاشـتی لـە ئیسلامدا، کە لەوێ باسمان کرد.. دەتوانین نەخشەی ئیسـلام بۆ بەدیهێنانی ئاشتی نێودەوڵەتی لەنێوان نەوەی ئادەمیزاد بەدی بکەین.. ئـەوەبو هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیدا ڕۆیشتین، لە (ئاشتی ویژدان) بۆ (ئاشتی ماڵ)، بـۆ (ئاشـتی کۆمـەڵگا)، هەتا ئەو هەنگاوانە بەشێوەیەکی هاوڕێك گەیاندمانی بە (ئاشتی جیهان).

تێڕوانیـنی گشـتیی ئیسـلام دەربـارەی ژیان ئەوەمان پیشان دەدات، کە ژیانی مرۆڤایەتی بە یەك پارچە دادەنێت. یەك پارچە لە ڕووی کاتەوە، ئەڵقەکانی پێکەوە بەسـتراون، هـەنگاوەکانی پلەپلـەن، نـەوەکانی هاوڕێکن، قۆناغەکانی یەك لەدوای یـەکن: ﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُـرْجَعُونَ: چـۆن لـەو خوایە حاشا دەکەن کە لە نەبوو، ژیانی دا بەئێوە و لەپاشان دەتـان مرێـنێ و دیسـان زیـندوتان دەکاتـەوە و ئەوسـا گشـتتان بـۆلای ئـەو دەگەڕێنەوە.﴾البقرة/٢٨.

لـەڕووی سروشتیشـەوە یـەك پارچەیە، ویست و ئارەزوەکانی پێکەوە بەستراون، مـاددە و گـیانی تـێکەڵن، بـۆی هەیـە بەرزبێـتەوە ئەگەر بەچاکی ئاراستە کرا و پاککـرایەوە، بۆی هەیە دابەزێت ئەگەر بەخراپی ئاڕاستە کرا: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَنْ دَسَّاهَا: بەگیانی مرۆ سـوێندە و بـەوەش کـە ڕێکـی خسـتوە.. ئەوسا هەمو تاوانباری و پارێزکاریی لە ویژدانـی گـەیاندوە.. دیـارە هـەرکێ گـیانی خـاوێن ڕاگـرتووە، ڕزگار بووە.. هەر کەسێکیش لە گوناهیەوە پێچاوە، دۆڕاندویە.﴾الشمس/٧-١٠.

وێـنەی ئاشـتی لـە ئیسـلامدا، کـە لەسـەر ئـەو تێڕوانیـنە گشتگیرەی یەکەم دامـەزراوە، ئـەوەمان پیشـان دەدات کـە ئیسـلام هـەموو مـرۆڤایەتی بـە یـەك

مـرۆڤایەتی دادەنێت، هەموو ئایینەکان بە یەك ئایین دادەنێت، هەموو بڕواداران بە یـەك ئوممـەت دادەنێـت، ئیسـلامیش بـە دوا وێنە و کۆتا وێنەی ئەو تاکە ئایینە دادەنێـت، ئەوانـەی پـێش خـۆی بە ڕاست دادەنێت و بەسەریاندا چاودێرە، چونکە کۆتـا وێـنەیەتی: ﴿وَأَنزَلْـنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِـنًا عَلَـيْهِ: ئـەم قورئانـەشمان بە خەلات بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە، بە کتێبە بەرینەکان بڕوای هەیە و چاودێریانە.﴾المائدة/٤٨.

کەواتـە مسوڵمانان بەهۆی ئەو سەرپەرشتیاریەی بەسەر مرۆڤایەتیەوە هەیانە و بـەهۆی ئـەو سەرپەرشـتیاریەی کتێـبەکەیان بەسـەر کتێـبەکانی دیکـەدا هەیانە، پێویستە لەسەریان دواهاتەکانی مرۆڤایەتی لەخۆبگرن.. لەسەریانە ئەو ئاشتییە لە زەویـدا بـەجێ بهێـنن، کـە پێشـتر هەنگاوەکانـیمان باسـکرد لـە ویژدان و ماڵ و کۆمـەڵگادا؛ بناغە و بنەماکانیمان زانی لە بەتاك زانینی خوای گەورە لە خوایەتی و پەروەردگاریـەتی و فەرمانڕەوایەتـیدا؛ لـە دادوەری و یەکسانی و سەربەستی، لە دابیـنکاریەکانی ژیان لەڕووی یاسایی و بژێوییەوە؛ لە ڕێگری کردن لە زیادەڕۆیی و لابـردنی سـتەم و، بەدیهێنانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و، هاوتایی و هاوکاری و، لابـردنی هۆیەکانی جودایی و ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان و، داخسـتنی ئـەو دەروازانـەی دەبـنە هـۆی دروسـت بوونی چینەکان و جیاوازییان و کێشـەی نێوانـیان.. هەتا دوایین ئەوانەی لە بەندەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا باسمان کرد.

ئـەم ئوممەتە وەك ئوممەتێکی ناوەند(وسط) هاتووە، لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا دادوەرە و لەنـێوان هـەردوو لای زیـادەڕۆیی و بەزایەداندایـە، هـەروەك سـنور و بـنەماکانی ئـەم ئایینـەی بـۆ دیـاریی دەکات، کە لایەنێکیمان لە بواری ئاشتیدا خسـتە ڕوو، کـە لەسـەری پێویسـت بـوو ئـەم بـارە هەڵگرێ و کەمتەرخەمی لێ نـەکات، چـونکە ئـەوە ئەو پشکەیە لە ژیان، کە لەلایەن بەدیهێنەری ژیانەوە بۆی دیاریکراوە:

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا: بەو شێوەیە ئێوەمان کردۆتە ئوممەتێکی هەڵبژاردە، تا ئاگاتان لە مەردم هەبێ و پێغەمبەریش چاوەدێریتان بکا.﴾البقرە/١٤٣.

﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ: ئێوە چاکترین کۆمەڵێن لەناو مەردمی دنیادا سەرتان هەڵدا، فەرمان بەچاکە دەدەن و رێ لە نارەوا دەبەستن، باوەڕیشتان بەخودا هەیە.﴾آل عمران/١١٠.

جیهاد لە پێناوی خودا

بەلاّم ئەم دینە -لەگەڵ هەموو ئەوانەدا- کاروبارەکانی بەکوێرانە نەکردووە، مسوڵمانانی رانەسپاردوە زۆر لە خەڵك بکەن بیروباوەڕەکەیان وەربگرن و بێنە ناویەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دینە وێنەیەکی تەواوی گشتگیری ڕاستگۆی دینی خوای تاکە لەسەر زەویدا: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الغَيِّ: لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نیە، شارەزایی لەگومڕایی هاوێرکرا.﴾البقرة:٢٥٦.. بەڵکو یەکەمجار رایسپاردن کە پارێزگاری لە بڕواداران بکەن تا لەسەر دینەکەیان توشی ناڕەحەتی نەیەن و بە زەبری هێز، هێزیان لێ لابدرێت. چونکە لێرەدا بانگەواز بەچاکترین شێوە داد نادات، ئەوەش شوێنی نیە..

دووەم: ڕایسپاردن بە دابینکردنی سەربەستیی بانگەواز و، لابردنی هەر هێزێکی زۆردار لەسەر زەویدا، کە ڕێگرە لەبەردەم گەیشتنی بانگەوازی ئیسلام بە هەموو خەڵك.

سێیەم: سەپاندنی دەسەلاّتی خوا لە زەویدا و، لابردنی دەستدرێژیکاران بۆ سەر ئەم دەسەلاّتە.. ئەوانەی وا هەڵدەبەستن کە مافی ئەوەیان هەیە بەبێ خوا دەستور بۆ خەڵك دابنێن، ئەوان بەمە بانگەشەی خوایەتی دەکەن و خۆیان دەکەنە پەروەردگار لەگەڵ خوا، یان بەبێ خودا.

چوارەم: ڕایسپاردن بە دامەزراندنی دادگەریی هەرەمەزن لەسەر زەوی و، بەهرەوەرکردنی مرۆڤایەتی بەم دادگەریە لەهەمو بوارەکانیدا، چ تایبەت بێت بە

تـاك لـەناو كۆمـەڵدا، یان بە كۆمەڵ لەناو ئوممەتدا، یان بەو ئوممەتانەی لەسەر ئەم زەمینە دەژێن و مرۆڤایەتیی گەورە پێكدێنن.

ئـەم ئەركـباریە وا لـە مسـوڵمانان دەخوازێـت، كـە لە دژی پەروەردگاریەتی و فەرمانـڕەوایەتی زۆرداران تێبكۆشـن، لـەدژی سـتەم و زۆرداری لە هەر شوێنێكدا بێـت تێبكۆشـن، ئەگـەریش سـتەم كـردنی تاك لە خۆیشی بێت، یان ستەم كردنی كۆمەڵە لەخۆی بێت، یان ستەم كردنی دەوڵەت لە ژێردەستەكانی بێت.. جا لە هەر شوێنێكی سەر ڕوی زەوی ستەمێك هەبێت، ئوممەتی ئیسلامی لەسەریەتی دژایەتی بكـات و هۆكارەكانی لابەرێت، بەڵام نەك بۆ دەستخستنی زەوی و، ژێردەستكردنی خەڵكانـێك؛ بـەڵكو بـۆ بەدیهێـنانی وتـەی خـوا لەسـەر زەوی، دور لـە هـەموو مەبەستێك، هەروا سەپاندنی پەروەردگاریەتی و فەرمانڕەوایی و دادوەریی خوا.

ئـا ئەمەیـە، كـە ئیسـلام نـاوی لێناوە (جیهاد لەپێناوی خوا)، واتە جیهاد بۆ بەدیهێـنانی پەروەردگاریەتی خوا بۆ بەندەكانی، تا تەنها وتەی خوا بەرز بێت، نەك بە زۆر لە خەڵك كردن تا ببنە مسوڵمان، بەڵكو بە ڕەخساندنی هەلێك بۆیان، تا لە پەروەردگاریـەتی زۆرداران ڕزگاریـان بێـت و، سەربەسـتیی هەڵبژاردنـیان لەدەست بێـت، بـەبێ دەستێوەردانی هێزێكی زۆرداری گومڕا و، لەو دادوەریە ڕەهایەی خوا بۆیـانی دانـاوە بەهـرەوەر بـن: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَـاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ: ئەوانەی بڕوادارن، خەزا لەڕای خوا دەكەن، ئەوانەش كـە خوانەناسـن لەڕێگەی تاغوت شەڕ دەكەن.﴾النساء/٧٦. ئەمەیە دوریانی نێوان جیهاد لەپێناوی خودا و جیهاد لەپێناوی ئارەزوەكان.

بـنەما سەرەكییەكانی ئیسلام، شۆڕشێكی ڕاستەقینەی تەواوی لەخۆ گرتوە، بە گەورەتـرین شـۆڕش دادەنرێـت، كـە مـرۆڤایەتی ناسـیویەتی.. شۆڕشـێك بەسـەر پەروەردگاریـەتی بـەندە بـۆ بـەندە، شۆڕشـێك بەسـەر سـتەم بـە هـەموو شێوە و جۆرەكانـیەوە، لـە هـەموو گۆڕەپـان و بوارێكیدا، شۆڕشێك بەسەر ئەو سیستەم و حكومـەت و بارودۆخانـەی لەسـەر سـتەم راوەسـتاوە و بۆ بەرژەوەندی تاك لەسەر كۆمـەڵ و لەشـێوەی فەرمانـڕەوا یان چەوسێنەر، یان بۆ بەرژەوەندی چینێك لەسەر

چینێکدا لە شێوەی دەرەبەگ و سەرمایەدار و مشەخۆرەکان! یان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێك لەسەر دەوڵەتێکی دیکە لەشێوەی داگیرکەر..

هەر دەبوو تاکەکان، یان چینەکان، یان وڵاتەکان بەرگری بکەن، ئیسلامیش هەر دەبوو بە شۆڕشە تەواوە گشتگیرەکەی روبەڕوی ئەو بەرگرییە ببێتەوە. هەر دەبوو جیهاد لەسەر مسوڵمانان فەرزبێت بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە و بەدیهێنانی پەروەردگاریەتی و فەرمانڕەوایەتی خوا لەسەر زەوی و، ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە تاك و بە کۆمەڵ لە ستەمی پەروەردگارە زەمینییەکان، کە خۆیان لە چەندین کەس و دەسەڵات و سیستەم و بارودۆخدا دەنوانند. تا ئاشتیی جیهانیی هەرە گەورە لەسەر بنەما ڕەسەنەکانی دامەزرێنێت، ئەمەش نەك تەنها لەنێوان دەوڵەتان، بەڵکو لە ناوخۆی دەوڵەتەکانیش، لە ڕودانی ستەم لەناوخۆی دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکان، بێدەنگ نابێت بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئاشتی بە هەر نرخێك بێت. تێڕوانینی ئیسلامی تێڕوانینێکی خواییە، سنورەکەی (جیهان)ە و بابەتەکەی (ئادەمیزاد)ە.. مەبەستی کڕینی ئاشتییەکی درۆزن لەگەڵ دەوڵەتێك لە دەوڵەتاندا نیە، بەوەی کە لێگەڕێن ئەو دەوڵەتانە، جگە لە خوا پەروەردگارێ بۆ ژێردەستەکانیان دابنێت، تیایدا بانگەشەی پەروەردگاریەتی بکەن؛ لە دادوەریی قەزائی و دادوەریی کۆمەڵایەتی بێبەشیان بکەن.. ئەو ژێردەستانەی ئەو دەوڵەتە ستەمکارە فەرمانڕەواییان دەکات، ئاینەکەیان هەرچی بێت و شێوەیان هەرچۆن بێت، ئەوانە خەڵکانێکن لە مرۆڤ؛ ئوممەتی مسوڵمانیش لەسەریەتی ستەمیان لەسەر لاببات و بە دادوەری بەهرەوەریان بکات.. دوای ئەوە جیهاد بەرەو بەدیهێنانی بیرۆکەی شۆڕشێکی جیهانی بڕوات، نەك بەرەو فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و دەسکەوت، بەم جۆرە شۆڕشە ئاشتی بە هەموو جۆرەکانیەوە دێتە دی؛ ئاشتیی ویژدان و ئاشتیی ماڵ و ئاشتیی کۆمەڵگا و... لە کۆتاییدا ئاشتیی مرۆڤایەتی. ئاشتیەك لە سایەی دادوەرییەکی گشتگیر، ئەو دادوەریەی ئادەمیزاد دەستی دەکەوێت تەنها لەبەر ئەوەی ئادەمیزادە، لەبەر ئەوەی مافی خۆیەتی وەکو مرۆڤ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ

الْوَالِدَيْــنِ وَالأَقْرَبِينَ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، بە یەکسانی و بێجیاوازی بە کاری مەردم ڕابگەن و، بۆ خواش شایەتی بدەن، هەرچەندە شایەتیدانەکە بەزیانی خۆتان، یـان دایـك و بابـتان و خزمانـتان بێت.﴾النساء/١٣٥.. ﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى: دوژمـنی و قینی دەستەیێك هەڵتان نەنێ بـە هەقانـەت ڕەفـتار نەکەن، بە یەکسانی و بێجیاوازی لەگەڵ خەڵکا ڕەفتارکردن دەبێتە هۆی پتر نزیك بوونەوە لە پارێزکاری.﴾المائدة/٨.

ئـەم هێڵانە سروشتی ئاشتیی جیهانی لە ئیسلامدا وێنا دەکات، ئەوە ئاشتیەك نـیە بـە مانـا تەسـکەکەی، واتـە دورکەوتـنەوە لـە جەنگ بە هەر نرخێك بێت و وازهێنان لە جەنگ لەسەر هەر بنەمایەك دامەزرابێت.

ئاشـتی هەیـە سـوك و هەرزانـە، ئـەو ئاشـتییەیە، کـە لەسـەر بـەرژەوەندی مـرۆڤایەتی دامـەزراوە، لەسـەر حیسابی بنەما بەرزەکانی مرۆڤایەتی دامەرزاوە، ئـەو بنەمایانەی کە خوای گەورە بۆ ئادەمیزادی دەوێت لەسەر زەویدا، ئەمەیە ئەو ئاشـتییەی خـوای گەورە مسوڵمانانی لێ ئاگادار دەکاتەوە: ﴿فَلاَ تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّــلْمِ وَأَنْتُم الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ: سسـت مەبنەوە و داوای شەڕ وەستان مەکەن، هەر ئێوە بەسەر ئەواندان، ئێوە خوداتان لەگەڵە.﴾محمد/٣٥.

بەسـەر ئەواندان لەبەر ئەوەی ئێوە وێنەی بەرزی ژیان دەنوێنن، ئەو وێنەیەی کە دەبێت سەرکەوێت لەو کاتەی خەڵك بڕوای پێ دەهێنێت، لەبەر ئەوەی وتەی خوایە: ﴿إِنْ تَنصُــرُوا اللَّــهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ: ئەگـەر خـودا بەسەر بخەن، خوداش بەسـەرتان دەخـا و لەبـەر نەیاران نابەزن.﴾محمد/٧.. ﴿وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّــهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ، الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاَةَ وَآتَوْا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْــرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ: خـودا ئەوانە سەر دەخا کە خودا سـەر دەخـەن، دیاریشـە خـودا زۆر بەهـێز و دەسـەڵاتە.. ئەوانـەی کە ئەگەر لەم زەمیـنەدا دایانمەزرێـنین، نوێژکـەر و زەکاتدەرن و فەرمان بە چاکە دەدەن و بەر لە کاری خراپ دەگرن، سەرەنجامی هەموو کاریش هەر بۆ خوایە.﴾الحج/٤٠-٤١.

کەواتە ئیسلام لە جیهادێکی بەردەوامی بێبڕانەوەدایە بۆ بەدیهێنانی وتەی خودا لە زەویدا، واتە بەدیهێنانی سیستەمێکی چاك، کە لەسەر بنەما بەرزەکانی لە جیهانی تاك و جیهانی کۆمەڵ و جیهانی مرۆڤایەتی دادەمەزرێت؛ ئیسلام ڕاسپێردراوە کە لەگەڵ هیچ هێزێك لە هێزەکانی زۆرداران لەسەر ڕوی زەوی نەرمی نەنوێنێت، چ ئەو هێزە بەشێوەی تاکێك بێت خۆی کردبێت بە خوای تاك و کۆمەڵەکان، یان بەشێوەی چینێك بێت چینەکان بچەوسێنێتەوە، یان لەشێوەی دەوڵەتێکدا بێت دەوڵەتان و گەلان بچەوسێنێتەوە.. ئەوانە هەموو لە دابی ئیسلامدا یەك شێوەن، شێوەیەکی پێچەوانە لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی؛ بەپێی توانا پێویستە لەسەری جیهادی لەگەڵدا بکات، پێویستە نەرمی لەگەڵدا نەنوێنێت، مەگەر بۆ خۆ کۆکردنەوە، هەروا لەسەریەتی بەهیچ جۆرێك هاوکاریی نەکات و لە ڕیزی ئەودا نەوەستێت: ﴿وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ: لەسەر تاوان و غەدر یارمەتی یەکدی مەدەن.﴾المائدة/٢.

هێزی ئیسلام هێزێکی ڕزگارکەرە، لە زەوی دەردەچێت تا لە بناغەکانی ستەم و بە کۆیلەکردن و چەوساندنەوە بدات. ئەویش لەو بوارەدا تەماشای ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و زەوی ناکات، خەڵك وەکو یەکن، هەموویان خەڵکن، بەڵام بیرۆکەی نەتەوەگەریی تەسك، کە ئەوروپا لەخۆی گرتووە و، پەتاکەی لە سنورە تەسکە لاوازە پوچەکەی بە ئێمەش گەیشتوە، ئیسلام دان بەوەدا نانێت، چونکە پێچەوانەی تێڕوانینە گشتییەکەیەتی لە یەکیەتی مرۆڤایەتیدا..

ستەم لە هەر کوێیەك هەبێت، ئیسلام لەسەریەتی لایبات. جا ئەو ستەمە لەسەر مسوڵمانان بێت یان پەیماندار(ذمي)یەکان بێت-ئەوانەی ئیسلام پاراستنیانی لەخۆگرتوە-، یان لەسەر کەسانێکی دیکە کە هیچ پەیمان و ڕێکەتنێکی لەگەڵ مسوڵماناندا نەبێت.. ستەمترین ستەمیش بە کۆیلەکردنی بەندەکانە بۆ جگە لە خوا و دانانی ئەو خوایانەیە، کە دەستورێك دادەنێن، کە خودای گەورە ڕێگەی پێنەداوە.

ئیسـلام لە هەر کوێیەك لەگەڵ تاکێکی ستەمکار، یان چینێکی ستەمکار، یان دەوڵەتـێکی سـتەمکار ڕووبـەڕوو بووەوە، بۆیە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونکە کۆمەڵە مرۆڤـێکن و سـتەم لە کۆمەڵە مرۆڤێك دەکەن، نەك لەبەر ئەوەی ڕەش، یان سور، یـان زەرد، یـان سـپین، نـەك لەبـەر ئـەوەی مەسـیحی، یان جولەکە، یان هاوبەش پەرسـتن.. بـەو ئەندازەیە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە بەدیهێنانی وتەی خوایان لەسەر زەوی لەکارخسـتووە. وەدیهێـنانی ئاشـتیی ڕاسـتەقینەی بـەرەی ئادەمـیزادیان لەکارخسـتووە.. توندوتیژ دەبێ لەگەڵ هەرکەسێك، بەپێی ئەو بەشە لەکارخستنەی پـێی براوە،دەبێـت، بەپـێی سەرسـەختی و گومـڕایی و خراپەکارییەکەی دەبێت.. ئەگـەر ئـەو هـێزە زۆردارە خۆی دایە دەستەوە یان ڕێنمون بوو، ئەوا تاکەکان دوای ئەوە ئازادن لەو بیروباوەڕەی هەڵی دەگرن، لەژێر سایەی سیستەمێك کە خوایەتی و پەروەردگاریـەتی تەنها بۆ خوا بڕیار دەدات و دەسەڵات و، گوێڕایەڵی تەنها بۆ ئەو دادەنێت.

ئیسلام بەسێ ڕێگا ڕووبەڕووی ئەو هێزانە دەبێتەوە، کە لەڕوویدا دەوەستن:
یان ئیسلام بون- یان جزیەدان- یان جەنگ.

ئیسـلام بـوون لەبـەر ئـەوەی دوا وێنەی ئایینی هەمیشەیی خوایە و، ڕێنمونی هـەموو مرۆڤایەتیـیە، ئـەو چـرایایە، ئـەو یاسـا و بەرنامەیـە، کـە دادگـەریی مرۆڤایەتیی گشتگیر بۆ هەموان بەدی دەهێنێت.

بەڵام جزیەدان لەبەر ئەوەی بەڵگەی دەست هەڵگرتنە لە بەرگری و، وەدیهێنانی ئـازادیی بانگـەواز و، لابـردنی ئـەو هـێزە ماددیانـەی ڕێگرن لە نێوان بانگەواز و خەڵکدا.

بـەڵام جـەنگ(قـتال) لەبـەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا دوا وەڵامە بۆ ئەو بەرگرییەی ڕێگـەی وتـەی خـوا، کـە سـورن لەسـەر ڕێگرییـەکەیان و سەرکێشـی دەکـەن و، مـرۆڤایەتی لـەو ڕونـاکی و دادگەری و ئاشتییە گشتگیرە، بێبەش دەکەن، کە ئەو وتەیە لەخۆی دەگرێت.

ئەگـەر ئەوانـەی داوای ئاشـتی دەکـەن خـۆ بـدەن بـە دەسـتەوە، ئـەوا ئەوانە پـەیماندار(ذمّـي)ن -واتـە ئەوانـەی بەپـێی دەقـی راشـکاوی ئیسلام هەمان مافی مسـولّمانانیان هەیـە و هـەمان ئـەرکی مسـولّمانانیان لەسەرە، ئەو جزیەیەش کە لێیان وەردەگیرێت، بەرامبەر ئەو زەکاتەیە کە مسولّمانان دەیدەن، هاوبەشییەکە لە خەرجییـەکانی ئـەو دەوڵەتـە دەیانپارێزێـت، هەروەك خەڵکە مسولّمانەکانی خۆی دەپارێزێـت، ئـەو دەوڵەتەی، کە بەبێ جیاوازی دادوەری رەهایان بۆ دابین دەکات ، لـە حاڵـەتی نەخۆشـی و پەککـەوتن و پیریـدا، دەسـتەبەری و دڵنیایـیان بۆ دابین دەکات.

ئیسـلام نەیویسـت زەکـات دانـیان لەسـەر فـەرز بکـات، لەبەر ئەوەی زەکات پەرستشـێکی ئیسـلامیی تایـبەتە، ئـەو ئـازادیی بیروباوەڕەی ئیسلام بۆ تاکەکان دەسـتەبەریی دەکـات، رێگـرە لـەوەی پـەیماندارەکان ناچـاربکات بـە بەجێهێنانی پەرستشـێکی ئیسـلامی، هـەروا نەیویسـت زۆریـان لێبکات بۆ سەربازی لە ریزی مسـولّماناندا، لەبـەر ئەوەی مسولّمان لەپێناو خوا جیهاد دەکات وەك پەرستشێك بـۆ خـوا. لەبـەر ئەمـە باجـیان لەژێر ناوی (جزیە) لێ دەستێنێت نەك لەژێر ناوی (زەکـات)، وەك رەچـاوکردنێکی ئەو بنەما ئیسلامییە گشتییەی، کە دەڵێت: ((لا إكراه في الدين: لە ئاییندا زۆرلێکردن نیە)).

جـا ئەگەر ئەوان بە رەزامەندیی و هەڵبژاردنی خۆیان ویستیان، وەك مسولّمانان بـاجی زەکات بدەن لە جیاتی جزیە، ئەوە بۆیان هەیە بیدەن.. هەروەك هۆزی (بەنی تغلـب) لـە سـەردەمی (عمر)دا ئەوەیان هەڵبژارد، کە زەکات بدەن نەك جزیە، جا لەسەر ئەو بنەمایە زەکاتیان دەدا.[1]

بۆیـە هـیچ شـتێك لـەوە سـەیرتر و پیسـتر نـیە، کـە گومان و ترس بوروژێنی سـەبارەت بـە کەمایەتـیە مەسـیحیەکان و ئـەو نامسـولّمانانەی دیکە، کە لەناو ئوممـەتی ئیسـلامیدان، ئەگـەر ئیسلام حوکم بکات. ئەوە پڕوپاگەندەیێکی پیس و

---

[1] کتێـبی (الدعـوة الى الإسـلام) دانـانی (سـیر ت.و.ارنولـد) و وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (حسن ابراهيم) و دوو هاوڕێکەی، ل٤٩.

مەبەستدار و خراپەکارە، کە هەندێکجار کۆمەڵێك لە بێعەقڵ و پیسەکانی ئەو کەمایەتییانە دەیگرنە بەر، کە دەرونیان بە تەواوی لە رك و کینە بەرامبەر بە ئیسلام نقووم بووە، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەر ئەوەی ئیسلامە. هەندێك جاریش کەسانێك ئەم شێوازە دەگرنە بەر، کە ناوی مسوڵمانیان هەڵگرتوە، ئەوانە هیچ و پوچێکی ئادەمین، هەوڵ دەدەن پەنا بەرنە بەر پڕوپاگەندەی بۆگەن؛ چونکە هەندێك پێویستی کەمیان لە سودی ماددی، یان ناوبانگ، یان پڕوپاگەندە بۆ کەسایەتیە لاوازەکانیان دەست دەکەوێت؛ چونکە بەم شێوەیە، لەلایەن مژدەدەر و رۆژهەڵاتناسە خاچپەرستەکانەوە بە خۆشیەوە ئامێزیان بۆ دەکرێتەوە، بەهۆی ئەو خزمەتەی بە خاچپەرستیەتی دەرەکیی دەکەن، کە پیاوی مسوڵمان یان پیاوی ئەسڵزادە هەرگیز ئەمە ناکات!

گیانی لێبوردەیی مرۆڤانە

ئەوەی لە گیانی لێبوردەیی مرۆڤانە لەئیسلامدا هەیە، هیچ خاوەن ویژدانێك ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، یان پەناوپێچی تێدا بکات؛ ئەویش ئەو لێبوردەییەیە، کە بە تێکڕای مرۆڤایەتی بەخشراوە، نەك تەنها بۆ ڕەگەزێك، یان هەڵگرانی بیروباوەڕێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ ئادەمیزادە بەو سیفەتەی، کە ئادەمیزادە.

کاتێك ئیسلام ئەرکی خۆی لە ڕێنوێنی مرۆڤایەتی بەجێ دێنێ و، بە ئەرکی لابردنی ستەم و خراپەکاری هەڵدەستێت، تا هیچ دەسەڵاتێکی توندڕەوانەی لەسەر تاك، یان نەتەوەیەك نەمێنێت و، لە سینەشیدا هیچ گرێیەك بەرامبەر چینێك، یان ڕەگەزێك نامێنێت.

ئەوە ئەو گیانەیە کە دەتوانێت ئاشتی لەسەر زەوی بچەسپێنێت، هەموو ڕەگەز و ڕەنگەکان بە یەك ئاشنا بکات، لێبوردەیی و خۆشەویستی و بەزەیی لەنێوان نەوەی مرۆڤایەتی بڵاو بکاتەوە، کەش و هەوای ژیان لە ژەهری ئێرەیی تاك و، ململانێی چینایەتی و، دژایەتی ڕەگەزپەرستی پاك دەکاتەوە، هەروەك ئەو جەنگ

و کوشتارانە ڕادەگرێت، کە بەو هۆیانەوە، یان لەبەر ئارەزووی داگیرکردن و فراوانخوازی تەنها بۆ بەکارهێنانی ماددی، یان گەورەییەکی درۆینە دروست دەبێت.

لە بنەما گشتییەکانی ئیسلامدا وێنای ئەو گیانە مرۆڤانە بێگەردە کراوە:

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا: ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێیەکەوە دروست کردووە و کردوومانن بە چەندین گەل و هۆز، تا یەکدی بناسن. ﴾الحجرات/١٣.

﴿وَلاَ تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ: ئەگەر لەگەڵ ئەهلی کتێبدا دەکەونە وتوێژەوە، بەوپەڕی نەرم و نیانی قسەیان لەتەکا بکەن، مەگین لەتەك ئەوانەی کە ناهەقییان کردووە، ئێوە بڵێن: بەو قورئانە کە بۆ ئێمە هاتە خوار و بەو کتێبەی بۆ ئێوە هاتۆتە خوار، بڕوا دەکەین، خودای ئێمە و خودای ئێوە هەر یەکێکە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین. ﴾العنكبوت/٤٦.

﴿قُلْ لِلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ: تۆ بە بڕواداران بڵێ: با ئەو کەسانە ببەخشن کە بۆ ڕۆژەکانی خودا بەهیوانین. ﴾الجاثية/١٤.

(جابری کوڕی عبداللە) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((جەنازەیەك بەلاماندا تێپەڕی، پێغەمبەر هەستایەوە و ئێمەش هەستاینەوە. گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوە جەنازەی جولەکەیەکە! فەرمووی: (أَوَ لَيسَت نَفسًا؟ إِذَا رَأَيْتُمُ الْجِنَازَةَ فَقُومُوا: ئەی ئەویش نەفسێك نیە؟ ئەگەر جەنازەیەکتان بینی هەستنەوە.))[1]

بەم لێبوردەییە مرۆڤانە بێگەردە، جێنشینەکانی پێغەمبەر و، زۆربەی مسوڵمانانیش ڕێگایان گرتەبەر، جگە لە چەند کەسێکی کەم وا دەرکەوت، کە توندڕەو و ڕەگەزپەرست بێت، بەبێ ئەوەی ئەرکێکی ئایینی بێت، یان بۆ لادانی ستەمێك یان هەڵگرتنی خراپەکارییەك بێت. ئەو ڕەفتارانەش لە کەسانێك ڕوویداوە، کە بە نوێنەری ئیسلام دانانرێن و لە بنەما بەرز و گیانە مرۆڤانەکەی ئیسلام تێنەگەیشتوون.

---

[1] البخاري

عومەری کوڕی خەتتاب پیرێکی کوێری بینی لە دەرگاکان دەرۆزە دەکات، پرسیاری کرد، زانی کە ئەوە جولەکەیە، پێی گوت: چی وای لێکردی ئەمە بکەی؟ وتی: سەرانە(جزیه) و پێویستی و بەساڵدا چوون. عومەریش دەستی گرت و بردی بۆ ماڵی خۆی، پێویستیی ئەو کاتەی پێدا، ئنجا ناردی بۆ لای سەرپەرشتیاری خانەی دارایی(بیت المال) و پێی گوت: ئەمە و هاوشانەکانی لەبەرچاو بگرە، بەخوا لەگەڵی دادوەر نەبوین، گەنجیەکەیان خوارد، لە کاتی پیریشدا زەلیلی دەکەین. ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ: زەکات دەبێ بدرێتە هەژاران و کەمدەستان.﴾، ئەمەش لە هەژارەکانی ئەهلی کیتابە.

کە سەفەری کرد بۆ دیمەشق، بەلای کۆمەڵێك گاوری هەژاردا تێپەڕی، کە توشی گولی ببون، فەرمانی دەرکرد، کە لە ماڵی زەکات بەشیان بدرێت و بژێوییان بۆ دابین بکرێت.

ئەم گیانە بێگەردە بوو، کە خەڵکی بۆ ئیسلام ڕاکێشا، وایکرد بەو خێراییە سەیرە لەرادەبەدەرە بە زەویدا بڵاو بێتەوە، خەڵك لە دەست چەوساندنەوەی ئایینی و ڕەگەزپەرستیی بڵاوی ئەو کاتە ڕایان دەکرد بەرەو ئیسلام و، چاوەڕوانی لێبوردەیی و دادوەری و یەکسانیان لێ دەکرد.

لە کتێبی (الدعوة الی الإسلام)دا لە دانانی (سیر ت.و.ارنولد)ە و (حسن ابراهیم و دووهاوڕێکەی وەریان گێڕاوە)، لە لاپەڕە -٥٣- و دواتردا هاتووە:

"میخائیلی گەورە Michael the Elder توانی لە ڕێگای (انطاکیة)ی یەعقوبی لەو نوسینانەیدا، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی دوانزەدا نووسیبووی، ئەوانە کۆبکاتەوە، کە برا هاوئایینەکانی نوسیبوویان، هەروا جێ پەنجەی خوا ببینێت لە رزگارکردن(فتح)ە عەرەبیەکاندا، هەتا دوای ئەوەی کەنیسە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ماوەی پێنج سەدە فەرمانڕەوایی مسوڵمانانیان دیت، دوای باسکردنی چەوساندنەوەکانی هیرەقل دەنوسێت و دەڵێت:

{ئەمەیە هۆی ئەوەی، کە خواوەندی تۆڵە کە لە هێز و دەست ڕۆیشتندا تاك بوو، کە بە ئارەزووی خۆی دەوڵەتی مرۆڤەکانی بەڕێوە دەبرد، بەوەی دەبەخشی کە

خۆی ئارەزووی لێیە، سوك و بێبەهاكانی بەرز دەكردەوە، كاتێك زۆرداریی رۆمەكانی بینی، ئەوانەی بە هێز كەنیسەكانمانیان دزی و وڵاتمانیان تاڵان كرد و، سزایەكی بێ سۆز و بەزەیی بەسەرماندا سەپاند، رۆڵەكانی ئیسماعیلی لە وڵاتانی خوارووەوە نارد، تا لە چەنگی رۆمەكان رزگارمان بكەن.

لە راستیدا ئەگەر پێشتر ئێمە بەرگەی كەمێك زیانمان گرت بەهۆی ئەوەی، كەنیسە كاسۆلیكییەكانیان لەئێمە ستاند و دایان بە خەڵكی (خلقیدونی)، جا ئەو كەنیسانە هەر لای ئەوان مایەوە، كاتێك شارەكان كەوتنە دەست عەرەبەكان، بۆ هەر تیرەیەك ئەو كەنیسانە تەرخان كرا، كە لەژێر دەستیان بوو-لەو كاتەدا كەنیسەی (حمص)ی گەورە و كەنیسەی (حران) لێمان ستانرابوو-، لەگەڵ ئەوەشدا دەستكەوتێكی كەم نەبوو، كە لە توندوتیژی و ئازاردان و داپلۆسین و رەفتاری رەقی رۆمەكان رزگارمان بوو و، خۆمان لەئاشتی و دڵنیاییدا بینییەوە.

{كاتێ سوپای ئیسلامی گەیشتە دۆڵە ئەردەن و (ئەبو عوبەیدە) لە (فحل) سەربازگەی دامەزراند، خەڵكە مەسیحییەكەی ئەم وڵاتە نامەیان بۆ عەرەبەكان نوسی و وتیان: ((ئەی مسوڵمانینە، ئێوە لای ئێمە لە رۆمەكان خۆشەویستترن، ئەگەریش ئەوان لەسەر ئایینی ئێمەن، ئێوە بەوەفاترن بۆمان، بەسۆزترن لەگەڵمان، ستەمان لەسەر لادەدەن، فەرمانڕەواییتان چاكترە لەسەرمان، بەڵام ئەوان ناچاریان كردوین و بەسەرماندا زاڵ بوون)).. خەڵكی (حمص) دەرگای شارەكەیان بەڕووی سوپای (هیرەقل)دا داخست، هەواڵیان بە مسوڵمانەكان دا، كە سەرپەرشتیاری و دادوەریی ئەوان خۆشەویستترە لایان لە ستەم و توندوتیژیی ئیغریقییەكان.

{ئەمەبوو حاڵ و باری هەستەكان لە وڵاتی شامدا، لەكاتی ئەو غەزایەی لەنێوان ساڵەكانی ٦٣٣ و ٦٣٩ز روویدا، كە تیایدا عەرەبەكان بەرەبەرە سوپای رۆمیان لەم ویلایەتە وەدەر نا.. ئەو كاتەی دیمەشق بووە نمونە لە بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ عەرەب ساڵی ٦٣٧ز. و بەمە لە تاڵان دڵنیابوو، هەروەك هەندێ مەرجی گونجاوی دیكەیشی دابین كرد، شارەكانی دیكەشی شامیش لەو رێچكەیە دوانەكەوتن، ئەوەبوو (حمص) و (منبج) (Hieropolis) و چەند شارێكی

دیکەش پەیمانیان بەست و بەو پێیە بوونە سەر بە عەرەبەکان. بەڵکو (بەتریق)ی (بیت المقدس)یش بە مەرجی هاوشێوە شارەکەی دایە دەستەوە. ترسی ڕۆمەکان لەوەی ئیمبراتۆر ناچاریان بکات شوێن مەزهەبەکەی بکەون، وایکرد ئەو پەیمانەی مسوڵمانان بە خۆیان دابوو لە ئازادی ئایینی، لەدڵیان خۆشەویستتر بێت لە پەیوەست بوونیان بە دەوڵەتی رۆمانی، یان هەر حکومەتێکی مەسیحی. ئەو ترسەی سەرەتای دابەزینی سوپای رزگارکەر بۆ وڵاتەکەیان پەیدا بوو، زۆری نەبرد ڕەوییەوە و پەرۆشییەکی بەهێزی بەشوێندا هات، کە لە بەرژەوەندیی عەرەبە ڕزگارکەرەکاندا بوو.

{بەڵام ویلایەتەکانی دەوڵەتی بیزەنتی، کە هەر زوو مسوڵمانەکان بە بە دلێری و ئازایەتی خۆیان دەستیان بەسەردا گرت، لە بارێکی لێبوردەیی وادا ژیان، کە بە درێژایی چەندین سەدە بەخۆیانەوە نەدیبوو، بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی (یەعقوبی و نەستوری) لەناویاندا، ئەوەبوو مسوڵمانەکان ڕێگەیان پێدان دروشمە ئایینیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەبی ئەوەی کەس ڕێیان لێ بگرێت، تەنها چەند پێوەندێك نەبێت، کە لەسەریان فەرز کرا، تا تێکگیران لەنێوان ئایینە بەرامبەریەکەکاندا ڕوونەدات، یان بەهۆی دەرخستنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و شانازی پێکردنەوە ڕەگەزپەرستی نەوروژێنێت و هەستی مسوڵمانان ئازار نەدات.

دەتوانین ئاستی ئەو لێبوردەییە-کە لە سەدەی حەوتەمدا سەرنج ڕادەکێشێت- لەرێی ئەو پەیمانانە هەڵبسەنگێنین، کە عەرەبەکان دایان بە دانیشتوانی ئەو شارانەی دەستیان بەسەردا گرت، پەیمانیان پێدان کە گیان و ماڵیان بپارێزن و، ئازادیی ئایینییان بۆ ڕەها بکەن، بەرامبەر بە گوێڕایەڵی و جزیەدان.

{ئاسان نیە درێژەی ئەو پەیمانانە بە وردی کورت بکەینەوە، بەهۆی ئەو زیادانەی تیایاندایە. جا ئەو وردەکاریانە وەکو وشە ڕاست بن یان نا، لایەنێکی زۆرگرنگە لەو ڕووەوە، کە گێڕانەوەی مێژوویی دەنوێنێت، ئەوەی کە مێژونووسە مسوڵمانەکان لە سەدەی دووەمی کۆچی وەریان گرتووە -ئەمەش ئەو گێڕانەوانەیە، کە ئەستەمە پاڵپشتیەکەی خۆی ڕابگرێت، ئەگەر بەڵگە هەبێت لەسەر سەلماندنی

پێچەوانەکەی-، چی تیادا نیە، کە لێرەدا ئەو مەرجانە بهێنینەوە، کە گوایە خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب) داینا، کاتێك (بیت المقدس)ی وەرگرت:

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، ئەمەیە ئەو دڵنیاییەی بەندەی خوا و ئەمیری بڕواداران بە خەڵکی (یلیاء)ی بەخشی، دڵنیایی بۆ خۆیان و ماڵیان و کەنیسەکانیان و خاچەکانیان و نەخۆشیان و لەش ساغیان و هەمو خەڵکەکانیان؛ کەس لە کەنیسەکانیان نیشتەجێ نابێت و ناڕوخێنرێت و، سوکایەتی پێناکرێت و لێی کەم ناکرێتەوە، سوکایەتی بە خاچەکانیان ناکرێت و، لە سامانەکانیان کەم ناکرێتەوە (لەسەر دینەکەیان زۆریان لێ ناکرێت و زیان لە هیچیان نادرێت).

{باجی پێنج دینار لەسەر دەوڵەمەند و چوار دینار لەسەر چینی ناوەڕاست و سێ دیناری لەسەر هەژارەکان دانا.. عومەر بە هاوڕێیەتی (بەتریق) سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی کرد، دەڵێن: لە کاتێکدا لە کەنیسەی (قیامە)دا بوو، کاتی نوێژ داهات، (بەتریق) داوای لە عومەر کرد لەوێ نوێژ بکات، بەڵام ئەو بیری کردەوە و داوای لێبوردنی کرد و گوتی: ئەگەر ئەو ئەم کارە بکات، ئەوا لەدوای ئەو، شوێنکەوتەکانی دەڵێن ئێرە شوێنی پەرستنی مسوڵمانانە.

{لەو شتانەی لەگەڵ ئەم گیانی لێبوردەییەدا دەگونجێت، ڕەفتار چاکی عومەرە لەگەڵ هەڵگرانی ئایینەکانی دیکە، کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەودا دەژیان، ئەوەی لێی دەگێڕنەوە کە فەرمانی داوە بە بەخشینی ماڵی زەکات بەو نەصرانییانەی تووشی گەڕی بووبوون و بژێویان بۆ دابین بکرێت. ئەو، پەیماندار(ذمي)ەکان- هەڵگرانی ئایینەکانی دیکە کە هاتونەتە ژێر پاراستنی مسوڵمانان- لە یاد ناکات، هەتا لە دوا ڕاسپاردەکانی کە دەیدا بەو کەسەی لەدوای ئەو جێی دەگرێتەوە، دەربارەی ئەو ئەرکەی پێویستە لەو پایە بەرزەدا پێی هەڵبسێت، گوتی: (ڕای دەسپێرم بە پەیماندارەکانی خوا و پەیماندارەکانی پێغەمبەر، کە بەڵێنەکانیان بۆ بباتە سەر و زیاد لە توانا ئەرکبار نەکرێن).} "

بەم لێبوردەییە و ئەم دادوەرییە، ئیسلام لە ڕابردوودا توانی و لە داهاتووشدا دەتوانێ، ئاشتی جیهانی لە زەویدا وەدی بهێنێت، لەبەر ئەوەی شتێك بە خەڵك

دەبەخشێت، کە هیچ بیروباوەڕ و سیستەمێکی دیکە نایبەخشێت، هەموویان لە یەك کاروانی مرۆڤایەتیدا بەڕێوە دەبات، لە سایەیدا هەست بە ئاشتی و ئاسایش دەکات.

بەڕێز (جب) لە کتێبەکەی (الى أين يتجه الإسلام Whiter Islam) دەڵێ:

"ئیسلام هێشتا لەتوانایدایە خزمەتێکی بەرز و بەڕێز پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، هیچ دەزگایەکی دیکە نیە سەرکەوتنێکی بۆهاوتا بەدەست بێنێت لە پێك ئاشناکردنی رەگەزە دژیەکەکانی مرۆڤایەتی، لە یەك بەرەو لەسەر بناغەی یەکسانیدا.. زانکۆی ئیسلامی لە ئەفریقیا و هیند و ئەندەنوسیا، بەڵکو زانکۆ بچوکەکەی چین و، زانکۆ تەسکەکەی یابان، هەموویان دەری دەخەن، کە ئیسلام هێشتا لەتوانایدایە دەسەلاتی بەسەر ئەو رەگەز و چینە جۆراوجۆرانەدا بسەپێنێت.

ئەگەر ململانێ زەبەلاحەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بخرێنە ژێر توێژینەوە، ئەوا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکە هەر دەبێت پەنا بۆ ئیسلام ببرێت."

لەم بوارەدا وام بەباش زانی گوڵبژێرێك لە گوتەکانی دوو پیاوی ئەوروپی نەصرانی بێنمەوە، چونکە شایەتیەکەی ئەوان بۆ ئیسلام لەکۆن و نوێدا بە لێبوردەیی رەها و، دادوەریی گشتی لە رەفتارکردن لەگەڵ دژە بیروباوەڕەکانی، ئاشتیەکە لەسەرووی ئاستی گومانە، ناکرێت لە هەڵچونێکی ئایینی بۆ ئیسلام دەرچوویێت، یان زیادەڕۆیی بێت لە ئاشکراکردنی ڕووە گەشەکانی!

لێبوردەیی مرۆڤانە، ڕەگەزێکی گرنگە لە چەسپاندنی ئاشتی، کە هەموو ئەو شارستانیانەی ئەمڕۆ سایەیان بەسەر جیهاندا کردووە لە دەستیان داوە، ئەو جیهانی بەهۆی دەمارگیریی ئایینی و، دەمارگیریی ڕەگەزی و، دەمارگیریی مەزهەبی پارچەپارچە بووە، بەهۆی ئەو دەمارگیرییە بێزراوە لە لێواری لەناوچوون ڕاوەستاوە، لەبەر ئەوەی گیانی لێبوردەیی مرۆڤانەی تێدا نیە، گیان دادوەری ڕاستەقینە نیە، بەهۆیەوە رق و قین دەردەپەڕێت، چاوچنۆکیی ئابوری و نائابوری پەرەدەسێنێت، ژیانی مرۆڤایەتی دەکاتە دۆزەخێك لە جەنگ و دۆزەخێك لە ئاشتی، برسیەتی و ترسی تیادا بڵاوە، نومەتەکان لە بەرامبەر یەك بە هۆشیاری و

دوودڵییەکی بەردەوام ڕاوەستاون، باری دەروونی خەڵك قورس دەکات و دوچاری پاڵەپەستۆی دەماری و خوێنی دەکات، وایان لێ دەکات بەردەوام لە چاودێریکردنی خۆیان و خەڵکی دیکەدا بن، لە ترسێکی بێ دڵنیاییدا بن، لە ڕقێکی بێ ئاشتیدا بن، لە تاریکییەکی بێ تروسکەدا بن.

لەگەڵ هەموو ئەمانە، دەبینی ئەو شارستانیە شکست خواردوانە شانازی بەخۆیان دەکەن و بەرگری لە خۆیان دەکەن، ناخۆشی لەدوای ناخۆشی و جەنگ لەدوای جەنگ و، بەڵا لەدوای بەڵا تووشی مرۆڤایەتی دەکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئاسن و ئاگر و کارەبا و هەڵم لە دەست ئەودایە، خاوەنی دروستکردنی بۆمبی ناوکی و بۆمبی ئیدرۆجینی و مانگەدەستکردەکانە، بەڵام خاوەنی یەك گەردیلەی خۆشەویستی و یەك ڕەگەزی لێبوردەیی و یەك وزە لە وزەکانی مرۆڤایەتی نیە!

ئەمەیە ئەو ڕموزن بوون(مسخ)ەی تووشی گیانی مرۆڤایەتی دەبێت لە چەرخی تاریکی ڕۆحی و شکستدا.. هیچ دەستێك نیە ئەو گیانە چارەسەر بکات، هیچ تیشکێك نیە تاریکی و شاراوەکانی ڕوناك بکاتەوە، مەگەر جارێکی دیکە ئیسلام پێشەوایەتی مرۆڤایەتی بکات، جا بگەڕێتەوە بۆ لێبوردەیی مرۆڤایەتی، دۆزینەوە و زانستەکانی بکاتە ئامێری بەزەیی و شارستانی و ئاشتی.

ڕەگەزی ڕەوشت لە مامەڵە و هەڵسوکەوتدا

لە دیارترین جیاکەرەوەی گیانی ئیسلامی، زاڵبوونی ڕەوشتە بەسەر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە ئاشتی و جەنگدا و، خۆدارنینە لە خۆویستییە بچوکە سنوردارەکەی، کە (وڵات) یان (نیشتمان) یان (ڕەگەز) یان (چین) دەپەرستێت و، بە ئامانجێکی پیرۆز و لەسەروی نمونەیی و ڕێبیر(مبدأ) و ڕەوشتی دادەنێت.

ئەو گیانەی بەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و کۆمەڵاندا زاڵە، لە تێکڕای ئەو سیستەمانەی، کە زەوی ناسیویەتی-بێجگە لە سیستەمی ئیسلامی- کەشی ژیانی مرۆڤایەتی تێك دەدات و، وەکو ژیانی گورگەکانی دارستانی لێ دەکات، نە بەڵێن و نە پەیمانی تێدایە، جگە لە ناپاکی و دوڕوویی بواری شتی دیکە نیە.

مرۆڤایەتی لەو سەردەمانەدا، کە ئەوروپا دەسەڵاتدار بوو، نمونەی زۆری سەردەمی دارستان و، چەندین وێنەی یاسای گورگانی بەخۆوە دیت. یاسای ناپاکی و دوورِوویی و بێبەهایی، شکاندنی بەڵێن و پەیمان، دڕاندنی ڕێکەوتنەکان، وەسف کردنی بەڵێننامەکان بەوەی کە پارچەکاغەزن.

هەروا دڕەندەیی وای بەخۆوە دیت، کە دڕندەکان شەرم دەکەن ئەنجامی بدەن، دوایین ئەو دڕندایەتیە ئاشکرایە دوو بۆمبەکەی هیرۆشیما و ناکازاکی بوو.

مرۆڤایەتی لە داهاتووی نزیکیدا، جۆرەها غەدر و ناپاکیی بەخۆوە دەبینێت، جۆرەها دڕندەیی بەخۆوە دەبینێت، کە لەگەڵ گیانی ئەو شارستانیەتە ماددیە کافرە بگونجێت، ئەو شارستانیەتەی بڕوای بە ئایین و ڕەوشت نیە، ئەو شارستانیەتەی خۆی بە هیچ ڕێبیر و ویژدانێکەوە پەیوەست ناکات، بەشێوەیەك لەگەڵ بیرۆکەی ماددی تاریکیدا بڕوات، کە بەسەر ئەم شارستانیەتەدا زاڵە، جا هەرچی ڕەگەزی بێجگە لە بەرژەوەندی راستەوخۆ و دەمارگیری بۆگەن هەیە لە ژیان ڕەتی دەکاتەوە.

بیرۆکەی مرۆڤایەتی تاك، لەژێر سایەی ئەو شارستانیەتە گیان نزم و ویژدان بۆگەنەدا، دوور لە وەدیهاتن دەمێنێتەوە، هەرچەند بانگەشەی بیرۆکەی یەکیەتی جیهان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو یەکیەتیە دەبێ لەسەر بناغەی بیروباوەڕێکی ئەدەبی و، گونجاندنی پەیوەندییە ماددیەکان و، بەڕێوەبردنی ئامێرەکان بۆ بنیاتنانی ژیان نەك تێکشکاندنی، دامەزرێت.

چاوچنۆکیی دەوڵەتان هەر حوکم دەکات، هەموو ناڕەوا و تاوان و دڕندایەتیەك بۆسیاسی و سەرکردەکان حەڵاڵ دەکات، لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی دەوڵەتێکی دیکە، یان ڕەگەزێکی دیکە، یان چینێکی دیکە کراوە!

هەتا بیرۆکەی پیرۆزیی دەوڵەت، یان ڕەگەز، یان چین -نەك پیرۆزیی مرۆڤایەتی- فەرمانڕەوا بێت، هیچ ڕێگرێك نابێت لەبەردەم ئەنجام دانی خراپترین تاوان لە مافی خەڵکانی دیکە و، تاوانبار بە پاڵەوانێکی مەزن دادەنرێت و، ناپاك بە سیاسەتمەدارێکی لێزان دادەنرێت، هەر بەو شێوەی، کە مرۆڤایەتی لە هەموو

مـێژوویدا بەخۆیـەوە دیـوە، جگـە لەو ماوەیەی، کە ئیسلام دەسەلاتی هەبوو، کە تروسکی ڕوناکییەك بوو لە ناخی تاریکیەکاندا.

ئیسـلام-وەك باسمان کرد- هێزێکی رزگارکەرە، لە زەوی دەردەچێت، تا بەتەنها پەروەردگاریـەتی خـوای گـەورە بۆبـەندەکان بـڕیار بـدات، پاشان مرۆڤ لە کۆت و بـەندەکان ڕزگـار بکـات، ئـازادی و ڕۆشـنایی و ڕێـزیان پـێ ببەخشـێت، بـەبێ ڕەچاوکردنی دەمارگیری ڕەگەزایەتی، یان دەمارگیریی چینایەتی.

جـا ئەگـەر ئـەو هـێزە ڕوبـەڕووی هـێزەکانی خـراپەکاری و لەسنوردەرچوون و بەکۆیلەکـردن بـووەوە، ئـەوا تەنها دژی ئەو هێزە خراپەکارە تێدەکۆشێت و لەناوی دەبات، بەبێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی داگیرکاری، یان ئابووری هەبێت.

((محمـد نـێردراوە تـا ڕێـنمونی خـەڵك بکـات، نـەك باج لەخەڵك وەربگرێ))، هـەروەك (عومەری کوڕی عبدالعزیز) گوتویەتی، کاتێك ئەو سەرکارەی ناردبوو بۆ کۆکـردنەوەی سەرانە، سکالای ئەوەی دەکرد، کە بەهۆی مسوڵمان بوونی خەڵکەکە سەرانە کەم بۆتەوە!

کاتـێك ئیسـلام دەردەچـێت تا بە ئەرکی ڕزگارکردن و پاککردنەوە هەڵبستێت، ئـەوە لـەیاد ناکات کە بەرژەوەندی هەرەمەزنی مرۆڤایەتی یەکەم ئامانجیەتی، نەك بـەرژەوەندی تایبەتی رزگارکەرەکان خۆیان، یان بەرژەوەندی مسوڵمانان بە تایبەت، کەواتـە هـیچ بوارێك نیە بۆ بیرۆکەی بیردۆزەی دەوڵەت یان ڕەگەز، کە قەدەغەکان حـەلاڵ دەکـا و، بـیانو بـۆ کـاری خراپ دەهێنێتەوە و، غەدر و دوڕوویی و درۆ بە لێزانـیی سیاسـی دادەنێـت، یـان توندوتـیژی و تـاوان و دڕندایەتی بە پاڵەوانیەتی جەنگ دادەنێت.

بەڵێن و پەیمان پیرۆزە، هەرچەند ببێتە هۆی ئەوەی مسوڵمانان بەرژەوەندی نزیك و دەسـتکەوتی ویسـتراویان لەدەسـت بچـێت، شـەرەف ڕەچـاو دەکرێت، ئەگەریش مسوڵمانان دوچاری زیان و ناخۆشی بکات، هەستی مرۆڤایەتی لەبەرچاو دەگیرێت، هەرچەند جەنگەکە توندوتیژ بێت و شەڕ و لێکدانەکە گەرم بێت.

لـه کۆتاییدا، ئیسلام به هەموو ئەمانە قازانجی کرد و زیانی لێ نەکەوت، گیان و دڵـی خەڵکی دەست کەوت، توندوتۆڵ بوونی ڕێبیرە باڵاکانی دەستکەوت، کە بە مەبەسـتی بڕیار لەسەردانی لەسەر زەویدا هاتبوو، لە کۆتاییشدا بەهۆی پارێزگاری ڕەگـەزی ڕەوشـتی لـە ئاشتی و جەنگدا، ئەو زیانە لاوەکی و ناخۆشییە کاتییانەی دووچـاری بـبوو، هـەمووی بـۆ قـەرەبو کرایەوە، لە ماوەیەکی کورتدا بینیان چۆن سـەرکەوتنی خـودا و ڕزگارکـردن هـات و، چـۆن خەڵك دەستە دەستە دەهاتنە ناو ئایینی خوداوە.

ئیسـلام لە جیهانی نێو دەوڵەتیدا، بەڵکو لە جیهانی مرۆڤایەتیدا، پەیمان بردنە سـەری بەیاسـای خـۆی دانـا: ﴿وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولاً: پەیمانیشـتان بەرنە سەرێ، پەیمان پرسینەوەی لەسەرە.﴾الإسراء/٣٤.

﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلاَ تَنقُضُوا الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُم اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلاً إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ، وَلاَ تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ: ئـەو پەیمانـەی کـە لەگەڵ خودای دەبەستن بەجێی بێنن، سوێندەکانتان مەشکێنن، پاش ئەوەی کە لێـبڕان پێکـیان بێـنن و خوداتـان بە چاودێری خۆتان داناوە، دیارە خودا ئاگای لە کـردەوەتان هەیـە.. نەچـن وەك ئـەو ژنـە بکـەن کـە ڕیسـەکەی -لـەپاش گرژی- خاوکـردەوە و پسپسی کرد. سوێندەکانتان بکەنە هۆی فریودان، بەو بەهانەیەی کە فلانە گەل لە گەلی دیکە باشترن.﴾النحل/٩١-٩٢

ئەمەیـە ئـەو بەهانەیـەی (دەوڵـەت) لـە ئـەوروپا دەیکاتـە پاسـاوی خـۆی بۆ شـکاندنی بەڵـێن و پەیمانـەکان. بەهانـەی بـەرژەوەندیی دەوڵـەت، قورئـان لێرەدا ئامـاژەی پێدەکـات: ﴿أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ﴾، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئـەم ویستە بەهانە نیە بۆ پەیمانشکاندن، ڕێگری لە مسوڵمانان دەکات ئەو ڕێگایە بگـرنە بەر، بەڵێن شکێن بەو شێوە نابوتە دەچوێنێ ﴿كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا﴾.

خـوای گەورە چۆن پەیمان شکێنانی بەسوك و ناشیرین داناوە، هەتا لە گۆڕەپانی مـرۆڤایەتی وەدەری نـاون و، خستونیە ناو ئاژەڵان، هەرواش پەیمان بەجێگەیاندن و ئەنجامدەرانی بە مەزن داناوە:

﴿إِنَّمَـــا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الأَلْبَابِ، الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلاَ يَنقُضُونَ الْمِيثَاقَ: ئـەم رامانــە هەر بۆ خاوەن ئاوەزانە، ئەوانەی پەیمانی خوا پێك دێنن و تازە لێی پاشگەز نابنەوە.﴾الرعد/١٩-٢٠.

﴿وَالَّذِيـــنَ يَنقُضُـــونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُوْلَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ: ئەوكەسـانەی پەیمانیان دا بـە خـودا و پاشـان لـێی پاشـگەز بوونەوە و هەودای نێوان خۆیان و خودای خۆیان پسـاند -کـە خـۆی فەرمانی پێدابوون نەپیسێنن- و لە زەویدا بەدفەڕی دەکەن، لە بەهرەی خودا بێبەشن و دوارۆژی دژواریان هەیە.﴾الرعد/٢٥.

﴿إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الَّذِينَ كَفَرُوا فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ عَاهَدْتَ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُـــونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ: خراپترینی زیندەوەران لای خودا ئەو کەسـانەن،کـە خودایـان نەناسـیوە و ئـیتریش بڕوا ناهێنن، ئەوانەی پەیمانت لەگەڵ بەسـتن و لەپاشـانا هـەمووجارێ پەیمانـیان هەڵدەوەشـێنن و هـیچ ترسـی خودایان نیە.﴾الانفال/٥٥-٥٦.

هــەتا ئـەو هاوبەش پەیداکەرانەی دژایەتی ئیسلام و مسوڵمانانیان دەکرد و، بە شـێوەیەك ئازاریان دەدان کە نە پێشتر و نە لە پاشتر کەس وا ئازار نەدراوە -تەنها ئـەو ڕۆژە نەبێـت، کـە فەرمانـڕەوایی لـە ئـەندەلوس و لـە حەبەشە کەوتە دەست خاچپەرسـتەکان، هـەروا ئـەو ڕۆژەی فەرمانـڕەوایی لـە ڕوسیا و یۆغسلافیا و چین کەوتــە دەسـت شـیوعیەکان-، تەنانـەت ئەوانـەش، کـە خـوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێـت: ﴿كَـــيْفَ وَإِنْ يَظْهَـــرُوا عَلَـــيْكُمْ لاَ يَرْقُبُوا فِيكُمْ إِلاًّ وَلاَ ذِمَّةً: چـۆن پەیمانــێك، کــە ئــەوان هــەرکاتێ بــزانن پێـتان دەوێـرن، بــەبێ ئــەوەی گوێ بدەنە سـوێندخۆری یـان خـزمایەتی، بـە گژتـاندا دێن.﴾التوبة/٨. هەتا ئەوانەش، خوای گـەورە لەسـەر مسـوڵمانان فەرز دەکات، کە پەیمانەکانیان بۆ بەرنە سەر، ئەمە لە

کاتێکدا کە دوافەرمانی خۆی دەربارەیان دەرکردبوو،کە ئەوانە لەوەبەدوا هیچ بەڵێن و پەیمانێکیان لەلایەن خوا و پێغەمبەرەکەی پێ نادرێت، بەڵام ئەوەی کراوە دەبێ ڕەچاو بکرێت و، نابێت مسوڵمانان دەست پێشخەر بن لە شکاندنی؛ ﴿وَأَذَانٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى النَّاسِ يَوْمَ الْحَجِّ الأَكْبَرِ أَنَّ اللَّهَ بَرِيءٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ فَإِنْ تُبْتُمْ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ غَيْرُ مُعْجِزِي اللَّهِ وَبَشِّرِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ، إِلاَّ الَّذِينَ عَاهَدْتُمْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنْقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ: خودا و پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی مەزندا، لە خەڵك ڕادەگەیەنن کە خودا و پێغەمبەری خودا لە بتپەرستان بێزارن، ئەگەر پەشیمان ببنەوە قازانجتانە، ئەگەریش قبوڵی نەکەن، لێتان ڕوون بێ کە لەدەست خودا دەرناچن، مژدەش بدە بەوانەی خودا نەناسن، بەشیان ئازاری بەژانە.. بێجگە لەو بتپەرستانەی پەیمانتان لەگەڵ بەستوون و لەسەر پەیمانەکەیان لانەکەوتوون و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکە بەسەر دەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن. خوا پارێزکارانی خۆش دەوێت.﴾التوبة/٣-٤.

هەتا ئەو مسوڵمانانەی لە خانەی ئیسلام دوورن، ئەوانەی کۆچیان بۆی نەکردووە، کاتێك مسوڵمانان بەسەر دوژمناندا سەردەخەن، ئەمە ڕێگە بە براکانیان نادات ئەو بەڵێنانە بشکێنن کە پێشتر بەستویانە؛ ﴿وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ: گەر ئەوان دەربارەی دینەکەیان یاریدە لەئێوە بخوازن، لەسەرتانە کۆمەکیان بکەن، مەگەر لەدژی ئەوانەی لەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن.﴾الانفال/٧٢. ئەمەش لوتکەی بەڵێن بردنە سەرە، کە هیچ دەربڕینێك پێی ناگات.

ئەمە نمونەیەکی بیردۆزەیی و مەبدەئێکی نمونەیی نەبوو، بەڵکو ڕەفتارێکی واقیعی بوو لە ژیانی هەمو مسوڵمانان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیاندا. نمونە لەسەر ئەمەش لە واقیعی مێژویی ئیسلامدا زۆرە، لەم شوێنەدا کورتەی هەندێکیان دێنینەوە:

(حوزەیفەی کوڕی یەمان) دەڵێ: هیچ وای لێنەکردم بەشداری (بەدر) نەکەم تەنها ئەوە نەبێت، کە من و (حسیل) لە مەککە دەرچووین، کافرەکانی مەککە ئێمەیان گرت و گوتیان: دەتانەوێ بچن بۆ لای محمد؟ گوتمان: ئەومان ناوێ، تەنها دەمانەوێ بچینە مەدینە. جا بەڵێن و پەیمانیان لێمان وەرگرت، تا بچین بۆ مەدینە و لەگەڵ (محمد) نەجەنگین، کە هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا و هەواڵمان پێدا، فەرمووی: بڕۆن، بەڵێنەکەیان دەبەینە سەر و پشت بەخوا دەبەستین لەسەریان.

هەندێك لە هاوەڵ پەیداکەران(مشرکین) پەیماننامەی (حدیبیە)یان شکان، لەو پەیماننامەیەدا هاتبوو، کە هەر شوێنکەوتەیەکی (محمد) هات بۆ لای قورەیش وەری بگرن، هەر شوێنکەوتەیەکی قورەیش هات بۆ لای (محمد) وەری نەگرێت. پێغەمبەرﷺ بە پەیماننامەکەوە پابەند بوو لەگەڵ ئەوانەی نەیانشکاندبوو، لەماوەی ئەو پەیمانەدا هیچ قورەیشییەکی وەرنەگرت.. (ابورافع)ی ئازادکراوی پێغەمبەرﷺ دەڵێ: ((قورەیش ناردمیان بۆ لای پێغەمبەر، هەر کە پێغەمبەرم بینی ئیسلام چووە دڵمەوە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ناگەڕێمەوە بۆ لایان؟ فەرمووی: من پەیمان ناشکێنم و نامەبەر ناگیرمەوە، بگەڕێوە بۆ لایان، ئەگەر ئەمەی ئێستا لەدڵتا مایەوە، بگەڕێوە)).

ئەو کاتەی سوهەیلی کوڕی عەمر لەگەڵ پێغەمبەرﷺ خەریکی ڕێکەوتن بوون لەسەر پەیماننامەی (حدیبیە)، لەکاتی نووسینی و پێش مۆرکردنی، (ابوجندل)ی کوڕی (سهیل) بە کۆتکراوی لە دەست کافرەکان ڕای کردبوو و هات بۆ لای پێغەمبەر.. (سهیل) کە کوڕەکەی خۆی بینی، گرتی و گوتی: محمد! مەسەلەکە لەنێوان من تۆ بڕاوەتەوە.. (محمد) فەرمووی: ڕاستەکەی.. (ابوجندل) گوتی: مسوڵمانینە، ئایا دەمگەڕێننەوە بۆ لای هاوەڵ پەیداکەران تا لەسەر ئایینەکەم سزام بدەن؟! ئەمە هیچ دادی نەدا، پێغەمبەرﷺ بەپێی ئەو مەرجانەی لەسەری ڕێکەوت گەڕاندیەوە، ئەگەرچی هێشتا مۆری نەکردبوو.

(ئەبوعوبەیدە) لە سەردەمی خەلیفایەتی عومەردا سەرکردەی سوپا بوو، نامەیەکی بۆ عومەر نووسی، کە بەندەیەك دڵنیایی داوەتە خەڵکی شارێك لە

عـێراق، پرسـیاری رای ئـەوی کرد. عومەر بۆی نووسی: خوای گەورە بە وەفایی بە گـەورە دانـاوە، وەفـادار نابن تا پەیمانەکان نەبەنە سەر، جا بەوەفابن بۆیان و لێیان گەڕێن.

حـەز دەکـەم کەمـێك لـەلای ئەم رووداوە بوەستم، تا دوو دیاردەی پایەدار ڕوون بکەمەوە:

یەکـەم: دانـنان و پشـت ڕاسـتکردنی عومـەر بـە پەیمانـێك، لـە بەندەیـەکی مسـولّمانەوە دەرچـووە و، فـەرماندان بە سەرکردەکەی، کە جێبەجێی بکات، ئەوە لەلایەکەوە یەکسانیی ڕەها لەناو مسولّمانان بەدی دێنێت و، ڕێزی پێویست لە تاك دەگرێـت، جـا ئـەو تاکـە هـەر پایەیـەکی هەبێت، ڕێزنان لە قسە و پەیمانەکەی بە جۆرێـك لەسـەر هەموو مسولّمانان پێویست بێت، وەك بەڕاست دانانی فەرموودەی پێغەمـبەرﷺ: ((الْمُسْـلِمُونَ تَكَافَـأُ دِمَـاؤُهُمْ وَيَسْعَى بِذِمَّتِهِمْ أَدْنَاهُمْ..: مسولّمانان خوێنـیان هاوتایـە، پـەیمانی نزمترینـیان لەسـەر هەموویان دەکەوێت..))[1]، ئەمە لەلایەکـەوە، پەروەردەکـردنی پـیاوانە بـە بەدەرخسـتنی بەرپرسیارێتی مەزن، کە لەسـەر هـەموو تاکـێکە، وتـەی ئـەو، وتـەی هەموو ئوممەتی ئیسلامە، بەو پێیە پێویسـتە خـۆی لە دەربڕینی بەدووربگرێت و وردبین بێت لە پەیماندانەکەی، چونکە هەموو ئوممەتی ئیسلامی پێوە پەیوەست دەبێت و، لەسەری لێیان دەپرسرێتەوە.

بـەڵام دیاردەی دووەم ئەوەیە کە عومەر دەڵێت: ((وەفادار نابن هەتا پەیمانەکان نەبەنـە سـەر))، لەگـەڵ ئـەو مانا جوانەی تیایدایە، کە بیرۆکە و سروشتی ئیسلام وێـنا دەکـات.. کـە وشـە بوونـی نـیە، تەنها بە بەدیهێنانی ماناکەی لە جیهانی واقـیعدا نەبێـت، تـەنها بـە هاوشێوەیی نێوان گۆتەی گوتراو و رەفتاری بەرهەست نەبێـت.. ئیسلامیش لە هەموو مەبدەئە بەرزەکانی ئاوا بووە، ئەوە تەنها نموونەیەك نـەبوو بـۆ پـەند و ئامۆژگـاری وەرگـرتن، تـەنها وشـەی رەونەقدار نەبوو، بەڵکو سیسـتەمێك بـوو بۆ جێبەجێکردن، دەستورێك بوو بۆ ئەرکبار کردن، واقیعێك بوو لە واقیعەکانی زەوی، ئەگەریش ئەوانە نموونەی بەرز بوون لە نیگای ئاسمان.

---

[1] البخاري

پاشـان ئیسـلام لەسەر ڕێگە بەرزەکەی بە هاوشان لەگەڵ شەرەف و کەرامەت و ڕەوشـت دا ڕێ دەکـات، غـەدر حـەڵاڵ ناکـات هەتا لەو کاتەشدا، کە لە ناپاکیی خەڵکیدیکـە دەترسێت.. ناچارە لە دوژمنایەتیدا بەسەریاندا زاڵ بێت و بە ئاشکرا لەگەڵـیان بجەنگێت، بەڕۆژی ڕووناك پەیمانەکەیان بەڕودا بداتەوە. لەناکاو و بەغەدر بەسـەریاندا نـادات لەکاتێکدا ئەوان لێی دڵنیان: ﴿وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِنْ قَوْمٍ خِيَانَةً فَانْبِذْ إِلَـيْهِمْ عَلَـى سَـوَاءٍ إِنَّ اللَّـهَ لاَ يُحِبُّ الْخَائِنِينَ: گەر هەستت کرد کۆمەڵێ لەو سـوێندخۆرانە ناپـاك دەرچـوون، تـۆش وەك ئەوان سوێندیان بەسەردا بدەوە، خودا ناپاکانی خۆش ناوێت.﴾الأنفال/٥٨.

لەوانەیـە هـەندێك کـەس لـەکاتی بیسـتنی فەرمودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ: ((الحرب خدعـة: جەنگ فرت و فێڵە))[1] گومانێکیان لا دروست بێت، بەڵام ئەمە جێی گومان نیە، چونکە فرت و فێڵ لە جەنگدا ڕەوایە، ئەوە جەنگە نەك ئاشتی، کاتـێك جـەنگ ڕادەگەیەنرێت، بوار بواری پلانی جەنگیی دەبێت، دوژمن دەزانێ و ئاگاداریی خۆی دەکات و کاروباری ڕێك دەخات.. ئا لەو کاتەدا فرت و فێڵ دەبێتە زیرەکـیی جـەنگ و زۆرزانـیی سـەربازی لـە گۆڕەپـانی جەنگدا، نەك لە گۆڕەپانی ئاشتیدا.

پێغەمـبەر ﷺ ئەگـەر مەبەسـتی هێرشی شوێنێکی بوایە، وای دەردەخست کە نـیازی شـوێنێکی دیکـەی هەیـە، تـا بەرامـبەرەکەی دەسـخەڕۆ بکات، ئەوانەی دژایـەتی ڕاشـکاویان ڕاگـەیاندوە، نەك بۆ ئەوەی لە ناکاو بداتە سەر ئەوانەدا، کە پەیمانیان پێدراوە و دڵنیان و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن لێیان بدات.

بـەم شـێوەیە ئیسلامی بەهێز، هەڵوێستێکی بەڕێزانەی توند.وەردەگرێت. غەدر نـیە و لاوازی نـیە، نـە زۆر لێکردن و نە مل پێکەچ کردن.. بەڵکو ئەوە عیززەتی بەهـێزەکانە و، بەڕێـزیی ڕێـزدارەکانە و، بەڵێـنی وەفادارەکانـە.. بەم شێوەیە ئەو دیاردەیە دەرکەدەوێت لە دڵنیاکردنەوەی هاوبەشپەرستی داڵدەدراو، چونکە ئەو لەو کاتـەدا هـیچ هـێزێکی نـیە تـا ئـازار بدات، مافی خۆشیەتی، کە ئازار نەدرێت،

[1] اخرجه ابوداود

چونکە ئیسلام مەبەستی لەناوچوونی دژەکانی نیە، بەڵکو مەبەستی ڕێنوێنی کردنیانە بۆ ڕێگای ڕاست، هەروا ئازاریان نادات لە کاتێکدا ئەوان لەماوەی گوێڕاگرتن و ڕونکردنەوەدان:
﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ: هەرکاتێ یەکێك لە بتپەرستان خۆی خستە بەر داڵدەی تۆوە، پەنای بدە؛ با فەرمایشتی خودا ببیستێ، ئەوساکە بینێرە شوێنێ کە نەترسێ.﴾التوبة/٦.

کەواتە ئەمە تەنها پەنادان نیە، بەڵکو پاراستنیشە هەتا بەدڵنیایی دەگاتە شوێنی خۆی.

ئەمەش ئاسۆیەکی بەرزی دیکەیە، کە تەنها ئیسلام دەیگاتێ.

هەروا لە یاسای نێودەوڵەتی ئیسلامیدایە، کە نێردراو و ناوبژیوانان دڵنیا دەکرێن و پارێزگاریی تایبەتییان لێ دەکرێت، لەهیچ بارودۆخێکدا ئازاریان پێ ناگەیەنرێت.

(ابن نواجە) و (ابن أثال) وەك دوو نێردراوی (مُسَيلَمَة) هاتنە لای پێغەمبەری خواﷺ، ئەویش پێیانی فەرموو: ((ئایا شایەتی دەدەن من پێغەمبەری خوام؟ گوتیان: شایەتی دەدەین (مسیلمە) پێغەمبەری خوایە! جا پێغەمبەر فەرمووی: ((لَوْ كُنْتُ قَاتِلًا رَسُولًا لَضَرَبْتُ أَعْنَاقَكُمَا: بڕوام هێنا بە خوا و پێغەمبەرەکەی! ئەگەر نێردراوم بکوشتبا، ئێوەم دەکوشت)).

بەڵام ئەگەر لەجەنگدا بێت، کەواتە ئەوە جەنگی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیە، جەنگە دژی کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، جەنگە لەسەر زیادەڕۆیی و ستەم و دەستدرێژی، جەنگە لەسەر بیروباوەڕی پڕوپوچ و خەیاڵی و ئەفسانەکان.. جەنگی ڕزگارکردنە بە هەموو ماناکانی و لە هەموو گۆڕەپانەکانی.. جەنگێکی بێگەردە لە ئارەزوو و پاڵنەرە ئابوری و دەمارگیری و چینایەتییەکان.. جەنگێکە، بەشداریکردن تیایدا، ڕێزداریە بۆ مرۆڤایەتی، چونکە بڕیاردانی سیفەتی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤایەتی و ڕێبیرەکانی مرۆڤایەتیە.

ئەمــە ئـەو جەنگـە نـیە، کـە سەرمایەدارە تاوانبارەکان بەڕێوەی دەبەن، تا لە پشـت پیشەسـازیە دۆزەخیـیەکانەوە قازانج بدەن، ئەو جەنگەی گیان و جەستەکان بەزایـە دەدات، شارسـتانیەتەکان قوت دەدات، دەرون و ڕەوشت تێك دەشکێنێت..
یــان ئــەو جەنگــەی کۆمپانــیا قۆرخکارەکــان بــەڕێوەی دەبــەن بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانـیان لـە ولاتە داگیرکراوەکان و، بەکارهێنانی کەلوپەلی خاوەکانیان لــە هــێزە سروشــتییەکان و هــێزە مرۆییەکان و، کردنەوەی دەرگای بازاڕەکانیان بۆ بەرهــەم و دروستکراوی کۆمپانیاکانیان.. یان ئەو جەنگەی ئەو دەزگایانە بەڕێوەی دەبـەن، کـە پـارە بـە سـو(ریـبا) بـە قـەرز دەدەن، تا قازانجی بێشومار بکەن و، دەستکەوتی حەرام دابین بکەن و، هەلەکان بقۆزنەوە و، لە ئاوی لێلدا ڕاوبکەن.
ئەمە جەنگێك نیە بە مەبەستی دروست کردنی شورەی پۆلایین بە دەور گەلاندا، بـەبێ زانین و زانیاری و شارستانیەت، تا رۆلەکانی ولاتە داگیرکراوەکان بە کوێری و کـەڕی و لالی بهێننەوە، وەکو ئاژەڵ بەزەلیلی و نەفامی و ملکەچی بەرەو سەربڕین ببرێن.

ئەمــە ئــەو جەنگـە نـیە، کـە شارسـتانیەتی رۆژئـاوایی پـیس و چـەپەڵ دژی مــرۆڤایەتی بــەڕێوەی دەبــات، بــۆ دەســتکەوتنی قازانجی ماددی و بەکۆیلەکردنی ڕەگەزایـەتی و، دەمــارگیری ئاییــنی. وەك ئـەو جەنگانــەی جـیهانی رۆژئاوایی لە هەموو مێژووە پیس و درێژەکەی بەخۆیەوە دیوە.

بــەڵکو ئەمــە جەنگــێکە خــەڵك لــە بەندایـەتی بــەندەکان دەردەهێنێ و بەرەو بەندایـەتی خـوای تاقانــەی دەبـات.. ئـەو جەنگەی کە لەگەڵ خۆیاندا یەکسانی و دادوەری و ڕێـزی بۆ هەموو بونەوەرێکی مرۆیی سەر ڕووی ئەم زەمینە هەڵگرتووە و، لـە جـیهانی واقـیع و جـیهانی نمونەیـیدا بـەدیی دەهێنێـت، لـە دەستور و لە جێـبەجێکردن، بۆ ڕەش و سپی و، بۆ مسوڵمان و پەیماندار جێبەجێی دەکات.. بە یەك شێوە و بە یەك ئامراز و لە یەك ئاستدا، بۆ هەموان جێبەجێی دەکات.
ئیسلام سو(ریبا) و قۆرخ کردن(احتکار)ی حەرام کردووە، قازانجی لەرادەبەدەری حـەرام کـردووە، بەکارهێـنانی خـراپەکارانەی حـەرام کـردووە، بەم شێوەیە، هۆیە

سـەرەتاییەکانی جـەنگی داگیرکـاری مـاددی لـە کاردەخـات، هەر لەناو بێشەڵان دەیکوژێت پێش ئەوەی نەوە بخاتەوە.

ئیسـلام هـەموو دەرگاکـانی جـەنگ دادەخـات، بێجگە لە یەك دەرگا نەبێت، دەرگای جیهاد لە پێناوی خوا، تا وتەی خوا لە هەموو شتێ بەرزتر بێت، تا خەڵك هەمووی لەبەردەم خوای گەورە یەکسان بن.

ئەگـەر جـەنگ تـەنها لـەو رووەوە بێـت، کەواتـە جەنگێکی مرۆڤایەتیانەیە و مەبەسـتی بەڵا بەسەر هێنان و کوشتن و وێرانکردنی تێدا نیە؛ رێگانادات دەست لە بێتاوانان و بێدەسەڵاتان بدرێت، رێگا نادات لە ئامانجە یەکەمینەکەی تێپەڕێت لە لابـردنی هـێزەکانی خـراپەکاری و ستەم، یان مل پێکەچ کردنی، تا مرۆڤایەتی لە خـراپەکاریەکانی دڵنـیا بێـت، هـیچ نـیازێکی لەناوبردن و تۆڵەسەندنەوە و زەلیل کردنی تێدا نیە.

رەبـاحی کـوڕی رەبـیعە دەگێڕێـتەوە، کـە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە یەکێك لە غەزایـەکاندا دەرچـوو، پێغەمـبەر ﷺ و هـاوەڵانی بـەلای ئافرەتـێکی کـوژراودا تێپەڕین، پێغەمـبەر لە دیاری ڕاوەستا و فەرمووی: ((نەدەبوو ئەمە بکوژرێت!))، پاشـان سەرنجی لە دەموچاوی هاوەڵانی دا و بە یەکێکیانی فەرموو: ((بگە خالیدی کوڕی وەلید، با هیچ نەوەیەك و بەکرێگیراوێك و ئافرەتێك نەکوژێت))[1].

لەدوای ڕوبەڕوبوونەوەیەك، هەواڵ درا بە پێغەمبەر ﷺ کە چەند منداڵێك لەناو سـوپاکەدا کـوژراون، زۆر خەمـبار بـوو، هـەندێك وتـیان: بۆ خەم دەخۆی؟ ئەوانە مـنداڵی هاوبـەش پەیداکەرەکان بوون؟!.. توڕە بوو، شتێکی ئاوای فەرموو: ئەوانە لەئـێوە باشـترن، ئـەوان لەسـەر فیترەتن، ئەی ئێوە منداڵی هاوبەش پەیداکەرەکان نین؟! نەکەن منداڵ بکوژن، نەکەن منداڵ بکوژن!!

[1] روى ابـن عمـر رضي الله عنهما وأخرجه الستة الا النسائي قال: ((وُجِدَتْ امْرَأَةٌ مَقْتُولَةً فِي بَعْـضِ مَغَـازِي رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ فَنَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنْ قَتْلِ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ)). -وروى البريدة- قـال: ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَمَّرَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ أَوْ سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِـتَقْوَى اللَّهِ وَبِمَنْ مَعَهُ مِنْ الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا، ثُمَّ قَالَ: اغْزُوا بِاسْمِ اللَّهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ، اغْزُوا وَلَا تَغْدِرُوا وَلَا تُمَثِّلُوا وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا))أخرجه مسلم وابوداود والترمذي.

(مـالك) لـه (ابوبکـری صـدیق)ﷺ دەگێڕێـتەوە، کـه گوتویەتی: ((کەسانێك دەبیـنن وا هەڵدەبەسـتێت کە بۆ خوا خۆیان بەند کردووە! بۆ خوایان لێیان گەڕێن، ئافرەت و منداڵ و پیری پەککەوتە مەکوژن.))

لـه ئامۆژگارییەکـیش بـۆ سـەربازەکانی گوتـی: ((دار مەبـڕن، ئاوەدانی وێران مەکەن)).

زەیـدی کـوڕی وەهـەب دەڵێـت: نامـەی عومـەرمان بۆ هات تیایدا نوسرابوو: ((زیـادەڕۆیی مەکـەن، دەستدرێژی مەکەن، منداڵ مەکوژن، بەرامبەر بە جوتیاران لەخوا بترسن)).

لـه ئامۆژگاریـیەکانی: ((پـیر و ئافـرەت و منداڵ مەکوژن، لەکاتی پێکدادان و بەسەرداداندا خۆتان لە کوشتنی ئەوانە بپارێزن)).

ئـەو رێنمایـیانە تـیۆرێك نـەبوون لـە واقـیعدا بتاوێـنەوە و ون بـبن.. بـەڵکو رەفـتارێکی کـرداری بـوو لــە جەنگـە ئیسـلامییە کـۆن و تازەکـاندا، کـەس لێی لانـەداوە، مەگـەر بەدەگمـەن نەبێـت، دەگمەنـیش پـێوانەی لەسـەر ناکرێت، ئەو بـنەمایە پوچـەڵ ناکاتـەوە، کـە ئیسـلام کردویەتیە ئامانجی و، لە واقیعدا وەدیی هێناوە.

ئەگـەر ئـێمە لەم لوتکە بەرزەی ئیسلام لە ئاستی و جەنگدا لەسەری وەستاوە، سـەرنج لـەو زەلکـاوە بۆگەنـە بدەیـن، کـە شارسـتانیەتی رۆژئاوا لە ئاشتی و لە جـەنگدا تـێی کـەوتوون، دەزانـین دووری نـێوان سیسـتەمێك، کە خودا بۆ مرۆڤی دابەزاندبێـت و، سیسـتەمێك خـەڵك بۆ خەڵکی دابنێت چەندە، هەست دەکەین کە ئـەو رۆژەی مـرۆڤایەتی پشـتی لـە سیستەمی خـوا کـرد، چەندی زیان لێکەوت. لەکاتـێکدا کە پێی لە لەخۆبایی بوون و خۆبەزانا دانانی پێکەنیناوی هەڵدەکەوێت، دەیەوێـت بڵێـت: ئـەو شـتێکی بۆ خۆی دەوێت لەوە چاکتر، کە خوا دەیەوێت، ئەو خاوەنی شتێکی چاکترە لەوەی.خوا پێی داوە!

ئەم مرۆڤایەتیە هەر بە رێگایەکی پڕ لە هەوراز و نشێویدا دەڕوات؛ دەم دەنێتە نـاو هـەموو زەلکاوێکی بۆگەنی دەستکردی شارستانیەتی کافر و لوتبەرز و گومڕا

لـەخوا.. هـەتا ئـەو کاتەی ئیسلام جڵەو دەگرێتە دەست، جا مرۆڤایەتی سەرسام، بەرەو ئەنجامی دادگەریی و سیستەم و ئاشتی دەبات.

ئەی ئێستا؟

ئێستاش.. دوای خستنەڕووی بیرۆکەی ئاشتی لە ئیسلام و، تێگەیشتن لە بیرۆکە گشتییەکەی ئیسلام بۆ ژیان.. ئێستاش دوای زانینی مەبەستی تەواوی وشەی ئاشتی لە ئیسلامدا، ئەو مەبەستەی کە چەسپاندنی ئاشتی لە زەویش لەخۆ دەگرێت، ئاشتییەك لەسەر بنەماکانی دادگەریی ڕەها و، خێر و بێری گشتی و، وەدیهێنەری وتەی خوا دامەزرابێت.. ئەگەر نا جیهاد بەردەوامە بۆ وەدیهێنانی ئەو وتەیە، تێکۆشان بۆ لابردنی سنوربەزاندن و دوژمنایەتی بەردەوامە، ململانێ لەگەڵ خراپەکاری و شەڕ و لەسنور دەرچوون بەردەوامە.

ئایا ئێستا ڕێگای ئێمەی ئوممەی ئیسلامی کامەیە؟ هەڵوێستی ئێمە لەو ململانێ جیهانییەی لە دەورمان ڕوودەدات چییە؟ ئەرکی ئێمە بەرامبەر بە ژیان، بە مرۆڤایەتی، بەرامبەر بەخۆمان چیە؟

لە سەرەتای ئەم کتێبەدا وتم: بیروباوەڕە ئیسلامییەکەمان دەتوانێ بە چارەسەری کرداری فریامان کەوێت، بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی گیروگرفتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانمان، لەم خستنەڕووەدا دەرکەوت، کە ئەم بیروباوەڕە، گیروگرفتە ناوخۆیی و گیروگرفتە دەرەکیەکان لێك جودا ناکاتەوە، بەڵکو لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پێکەوەیان گرێ دەدات، لە هۆکارەکانی چارەسەردا پێکەوەیان دەبەستێت.

لەنێوان ئاشتی جیهانی لە سنورە نێودەوڵەتیەکەی و، ژیانی تاك لە ویژدان و ژیانی لەناو خێزان و ژیانی لەناو کۆمەڵدا، پەیوەستییەکی زۆرمان بینی.. لەنێوان ئەو شتانەی کێشە و دوبەرەکی لەبواری نێودەوڵەتی دەوروژێنێت و، زۆر لە هەست و سیستەم و کاروبارە ئابورییەکانی کۆمەڵدا، پەیوەستییەکی زۆرمان بینی.

ئەی ئێستا ڕێگاکەمان کامەیە؟ چۆن بە بیروباوەڕە ئیسلامییەکەمانەوە، ڕوبەڕووی مەسەلەی ئاشتی جیهانی ببینەوە؟ چۆن لەبواری نێودەوڵەتیدا بەپێی ئەم بیروباوەڕە ڕەفتار بکەین؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، حەزدەکەم لە چوارچێوەی ئەو قەوارانەی ئەمرۆ لە بواری نێودەوڵەتیدا ململانێیانە، روبەرووی واقیعی کرداری ببینەوە.. حەزدەکەم ئەو بنەمایانە بخەینە ڕوو، کە ئەو ململانێیانەی لەسەر بنیات نراوە، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی هەڵی دەنێت و کاری تێدەکا.

جا لەژێر تیشکی ئەم ڕوبەڕوبوونەوەیەدا، دەکرێت بزانین ڕای ئیسلام لەو بنەمایانە و لەو پاڵنەرانە چییە؛ هەروا بزانین چ هەڵوێستێك وەربگرین و، دەرك بەوە بکەین، کە ئەو هەڵوێستەی بیروباوەڕەکەمان دەیخوازێت هەمان ئەو هەڵوێستەیە، کە بەرژەوەندیەکانمان بەدی دێنێت؟ یان تێکگیربونێك هەیە لەنێوان ئەرکمان بەرامبەر بیروباوەڕەکەمان و، ئەرکمان بەرامبەر بەرژەوەندیەکانمان، ئەمە و ئەگەر ئەو جۆرە تێکگیرانە هەبێت!

جا ئەگەر ڕون بۆوە، کە ئەو چارەسەرانەی بیروباوەڕە ئیسلامییەکەمان دەیخوازێت هەمان ئەو چارەسەرانەیە، کە بەرژەوەندییەکانمان دەیخوازێت، بەڵکو هەمان ئەو چارەسەرانەیە، کە بەرژەوەندی باڵای مرۆڤایەتی و چاکەی هەموو مرۆڤایەتی دەیخوازێت.. کەواتە ئێمە لەسەر ڕێگای ڕوناکی دەڕۆین و، بەهێز و بەئاسودەیی ڕێدەکەین.

لەم حاڵەتەدا هاواری لابردنی بیروباوەڕی ئیسلامی لەسەر ڕێڕەوی ژیانی سیاسی، یان کۆمەڵایەتیمان قسەی زیادە و هیچ بەڵگەیەکی نیە و، هەڵەوەڕ و چەنەبازییەکە، شایانی ڕێز نیە.

با بەناوی خوا ئەو واقیعە مرۆڤایەتییە بخەینە ڕوو، کە ڕوبەڕووی دەبینەوە، تا بزانین ڕای بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و، ڕای ئیسلام چۆنە.

لەسەر ڕۆخی تیاچوون

زەنگی جەنگ لێدەدا. ئا ئەوەتا لە گوێچکەی مرۆڤایەتی بەدبەخت و ڕەنجەڕۆ دەدات. پێشتر ئەمەم لە ئەمریکا بیست، هەتا پێش ڕوودانی جەنگی کۆریا،[1] هەموو ئەوانەی لەم ساڵانەی دوایییدا لە ئەمریکا ژیاون بە ڕوونی هەست بەوە دەکەن، کە ئەمریکا جەنگ دەکات. هەموو شتەکان ئەم ڕاستییە دەردەبڕن، یان ئەو مانایە دەدەن؛ ئامادە و کۆکردنەوەی گشتیی هەموو هێزەکانی گەل و داهاتەکانی، ئەوەی ئەم ئامادەباشییە دادەپۆشێت، تەنها پەردەیەکی تەنکی دبلۆماسیەتە، لەوانەیە لە دەرەوەی ئەمریکا ڕاستیەکان بشارێتەوە، بەڵام لەناوەوە ڕاستییەکان زۆر لەوە دیارترن، کە ئەو پەردەیە دایپۆشێت.

هەرکەسێك چاودێری ڕۆژنامەگەریی ئەمریکی و دەزگاکانی دیکەی پڕوپاگەندەی ئێزگە و سینەماکان بکات، هەتا لەناو زانکۆ و پەیمانگاکانیش، بەڕوونی هەست دەکات، کە ئەم گەلە خۆی بۆ جەنگ -جەنگێکی نزیك- ئامادە دەکات، ڕای گشتی بەشێوەیەکی چەسپاو و تەواو و گشتگیر ئامادە دەکات، ئەم هەموو کۆشش کردنە، ئەگەر گەمژەییەکی بێگومان نەبێت، ئەوا جەنگێکی بێگومانە و، لەم نزیکانە ڕوودەدات!.

ئەمریکا دەیەوێت بجەنگێت، ئەگەر ئەوروپا بەگوێی بکردایە هەتا ڕووداوی کۆریا، ئارامی لەسەر جەنگ نەدەگرت؛ دەیویست هەر لەکاتی قەیرانی بەرلینی بەناوبانگەوە جەنگەکە تەواوبوایە؛[2] بەڵام ئەورووپای تێکشکاو لەوە دەستەوسان تر بوو، کە ویستە ئەمریکییەکە جێبەجێ بکات، هێشتا برینەکانی دەلێستەوە و کارەساتەکانی چارەسەر دەکرد، سەرەڕای ئەوەی شیوعیەکان هێزێکی داکراوو

[1] لەکاتی گەشتەکەی لەگەڵ نێردەیەکی بەسەرکردنەوە لەساڵی ١٩٤٨، ئەوەبوو لەبارەی ئەو گەشتەوە کتێبە ونبوەکەی (امریکا التی رایت)ی دانا، کە هەندێك لە بەشەکانی لە کتێبی (امریکا من الداخل)ی د.صلاح الخالدی بڵاوکرایەوە. (محمد الحسناوی)

[2] ئەوکاتە زۆر سوور بوو لەسەر جەنگی هیندیی چینی و، هانی فەرەنسای دەدا بۆ بەردەوام بوون لێی و، بە هەڵگری فڕۆکەکان بەشداری دەکرد و، هۆشیاری دەدا بە بەشداربوونی هێزەکانی ئەمریکا، ئەگەر فەرەنسا سەلامەتی پێش نەخستبا!

هەڵگیراویان هەبوو، بۆ کاتێکی چاوەڕوان کراو خۆی ئامادە دەکرد؛ هەڵخەڵەتاندن بە دۆلار لە ئەوروپا هەموو شتێکی پێدەکرا، تەنها ئەوە نەبێت کە بەرەو جەنگی جیهانیی سێیەم هەڵی بنێت.. تەنها لەبەر ئەمە ئەمریکا ئارامی گرت.

سەرمایەی ئەمریکی پێویستییەکی زۆریان بە جەنگێکی نوێ هەیە، ئەمەیە مەسەلەکە، ئەو سەرکەوتنە زانستییانەی لە جەنگی ڕابردوودا هەنگاوەکانی خێراکرد و، ئەو سەرکەوتنە بازرگانییەی پیشەسازی بەدەستی هێنا لە دابینکردنی داهاتەکان لە ڕۆژانی ئەو جەنگەدا، هەلی تازەی بۆ پیشەسازی ئەمریکی ڕەخساند، تا بەرهەمیان چەند قات بکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە مەسەلەی فرۆشتنن سەخت بوو.

لەگەڵ ئەوەی بازاڕەکان لەدوای جەنگ خاڵی بوون، پێویستییەکی زۆریان بە بەرهەمی مەدەنی هەبوو، خاڵیبوو لە کێبڕکێی ئەوروپی، لەگەڵ ئەوەشدا توانای کڕین لاواز بوو، بە تایبەت لە ئەوروپای تێکشکاو. ئەمەش بە پێوانە لەگەڵ بەرهەمی ئەمریکی سستی بازاڕ دەگەیەنێت، بێبازاڕیش زیانێکی بێگومانە بۆ سەرمایە ئەمریکییەکان.

ئا لێرەوە پڕۆژەی (مارشاڵ) پەیدابوو، ئەم پڕۆژەیە سێ ئامانجی سەرەکی هەبوو:

مەبەستی یەکەم: سەرفکردنی بەرهەمە ئەمریکییە زیادەکەیە، بەبێ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی سودی لێدەبینن بەهاکەی بەدۆلاری ئەمریکی یەك جێ(نقد)ی بدەن، حکومەتی ئەمریکی متمانەی دارایی(اعتماد)ی بۆ دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەکردەوە، تا ئەو دەوڵەتانە زۆرتر لە کڕینی بەرهەمی ئەمریکی خەرج بکەن.

لەڕاستیدا سەرمایەی ئەمریکیی بەرگەی باجی بەرزیان دەگرت، تا حکومەت بتوانێت پڕۆژەی (مارشاڵ) جێبەجێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەو باجە بەرزانە، قازانجێکی مسۆگەریان لە جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە بەدەست دەهێنا و، لەو زیانانە بەدوور دەبوون، کە لە بێبازاڕی پەیدا دەبوو.

مەبەستی دووەم: دوورکەوتنەوە بوو لە حاڵەتی بێکاری لەناو کرێکارەکانی ئەمریکا، دوورکەوتنەوە بوو لەو هەژانە کۆمەڵایەتییەی لە بێکاری دەکەوێتەوە..

دوای وەستانی بەرهەمی جەنگی، کە ئەو کرێکارانەی لەخۆ دەگرت؛ ئەمەش وای پێویست کرد کە فرۆشتنی بەرهەمی مەدەنی دابین بکرێت، کە ڕێگا بە کارگەکان بدات، تا ئەوپەڕی توانا کار بکات، ئەوەبوو پرۆژەی مارشاڵ و ناردنی ئامێرەکان بۆ دەوڵەتە ئەورووپییەکان، هۆکارێك بوون بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە جۆرە قازانجێکی بۆ سەرمایەی ئەمریکیی بەدەست دەهێنا.

مەبەستی سێیەم: ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپا و، بەگەڕخستنەوەی ژیان تێیدا، بە تایبەتی ژیانی کارکردن، بۆ بەدیهێنانی چالاکی ئابووری جیهانی لەلایەکەوە و، ڕێگری لە شیوعیەت، لەناوەندی بێکارەکاندا لەلایەکی دیکەوە.. پرۆژەی مارشاڵ هاریکاری بەدیهێنانی ئەم مەبەستەی دەکرد.

ئا لێرەوە، (مارشاڵ)ی خاوەنی ئەم پرۆژەیە، لە تێڕوانینی ئەمریکییەکانەوە، یەکێکە لە پیاوە مێژوویییە ئەمریکیەکان.. هەروەك گۆڤاری (لۆك Look) بە یەکێك لەو بیست کەسەی ژماردووە، کە سەدەی بیستەمیان داڕشت، نەك تەنها لە ئەمریکا، بەڵکو لە هەر هەموو جیهان.

* * *

بەلام پرۆژەی (مارشاڵ) نەدەکرا، تاهەتا بەردەوام بێت، سروشتی شتەکان وادەخوازێت لە سنورێکی دیاریکراو بوەستێت، لەلایەکەوە کاتێك بازاڕی ئەورووپی دەگاتە پلەی تێربوون، لەلایەکی دیکەوە کاتێك ئامێری بەرهەمهێنانی ئەروپی دەگاتە پلەی بەرهەمی تەواومەند.

ئەورووپا توانای تەواوی بەرهەمهێنانی خۆی بەدەست هێنایەوە، یان نزیك بوو بەدەستی بێنێتەوە، گەڕایەوە ئەو ئاستەی، کە تیایدا بەرهەم بنێرێتە دەرەوە، نەك هەر بەرکاربەر(مستهلك) بێت، وای لێهات کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی ئەمریکیدا بکات، نەك تەنها لە بازاڕە ئەورووپییەکان، بەڵکو لە بازاڕەکانی دیکەی جیهانیشدا.

ئا لەوکاتەدا بەریتانیا یارییە زۆرزانانەکەی کرد و تیایدا ساویلکەیی عەقلیەتی ئەمریکی و کەمزانییە نێودەوڵەتییەکەی قۆستەوە، ئەو یارییەش بریتی بوو لە

دابەزاندنی بەهای جونەیهی ئیستەرلینی بەرامبەر بە بەهای دۆلار.. لێگەڕا ئەمریکا پێشی بکەوێت بۆ بەدیهێنانی بەهای ڕاستەقینەی دۆلار لە بازاڕەکاندا، نەك بەها رەسمییەکەی؛ خۆی وا دەرخست، کە لێی تۆقیوە و داوای بەزەیی دەکات، کەچی نیازەکەی دیکەی لە هاوپەیمانەکەی شاردەوە! ئەو نیازەی ئەمریکا لێی بێئاگا بوو تا لەم دواییانە بۆی ڕوون بووەوە!

ئەوەبو لە ئەنجامدا بازاڕەکان بەڕووی کەلوپەلی ئەمریکیدا داخرا، کە نرخەکەی بە پێوانە لەگەڵ دراوی ئەو ناوچەیەی ئیستەرلینی بەکاردەهێنن، بەرز بو.. ئەو بازاڕانە کەلوپەلی ئینگلیزییان هێشتەوە، کە دابەزینی بەهای ئیستەرلینی لە ناوچەی ئیستەرلینیدا هیچ کاری لە نرخەکەی نەکرد. بەڵام لە بازاڕەکانی دیکەدا زۆر لە هاوشێوە ئەمریکییەکەی هەرزانتر بوو!

ئەوکاتەی ئەمریکا لەو فێڵە بە ئاگا هاتەوە، دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی لەڕێگای کێشانەوەی کەسەرەی خاو لە بازاڕەکانی جیهان، لەمەشدا پشتی بە توانای بێشوماری لە کڕین و، هێزی دراوەکەی لە بازاڕە جیهانیەکان بەست، ئەمەش تا نرخی کەرەسەی خاو لە بازاڕەکاندا لەڕووی پیشەسازی بەریتانی بەرز بکاتەوە، وای لێ بکات توانای پێشبڕکێی کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەسەی خاو، پیشەسازی ئینگلیزی ناچار دەکات نرخەکان بەرزبکاتەوە، بەمەش هاوسەنگییەك لەنێوان نرخە ئەمریکی و نرخە ئینگلیزییەکاندا دروست دەبێت.

بۆ نمونە نرخی کەرەسەی خاوی خوری بۆ ٥٠٠٪ بەرز بوویەوە، لەبەر ئەوەی خوری پیشەسازیی سەرەکی ئینگلیزی بوو، هەروا نرخی زۆربەی ئەو کەرەسەخاوانە بەرز بووەوە، کە پیشەسازی بەریتانی لەسەری ڕاوەستاوە، بە کاریگەریی ئەو نەخشە ئەمریکییە، کە وەك وەڵامدانەوەیەکی فێڵێکی ئینگلیزی هات، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو شەپۆڵە گرانیەی لەم دواییانەدا جیهانی گرتەوە، سەرەڕای ئەو هۆیە سروشتیانەی، کە لە ئەنجامی خۆئامادەکردن بۆ جەنگی جیهانی هاتە کایەوە!

بەڵام ئەم ڕەفتارە ئەمریکییە لە ڕەفتارێکی کاتی زیاتر نەبوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشێکی دیاریکراودا، بەڵام باری گشتیی بازاڕەکان لە ڕووی پێشوازیکردنی بەرهەمی ئەمریکی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو. ئەمەش هاوکاتی ئەو شۆك(صدمة)ە تەواوە بوو، کاتێك شیوعیەت بەشێکی گرنگی بازاڕەکانی جیهانی ڕامالّی، کە ئەویش چین بوو، ئەو وڵاتەی پێنجسەد ملیۆن دانیشتوانی هەبوو، کە دەکاتە نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی زەوی. لەراستیدا چین بازاڕێکی سەرەکی ئەمریکا نەبوو، بەڵام دوای شکستی ژاپۆن، وا دەخوازرا ببێتە بازاڕێکی سەرەکیی ئەمریکا. جا کاتێك شیوعیەت راپماڵی، ئەو دەرووە داخرا، سەرمایەی ئەمریکی هەستی بە هەناسەبڕیەکی کەم کرد، هەروەك فەرمانگە کۆمەڵایەتییەکان هەستیان بە ترسناکیی بڵاوبوونەوەی بێکاری کرد. پێش جەنگی کۆریا، بێکاری گەیشتە نزیکەی پێنج ملیۆن کەس (دوای دەستپێکردنی جەنگەکە دابەزی بۆ سێ ملیۆن کەس).

لێرەوە ئەمریکا ناچاربوو کە بجەنگێت، ئەگەر جەنگی کۆریا نزیکەی دوو ملیۆن بێکاری ڕاکێشا، ئەوا بەتەنها چارەسەری هەڵوێستەکە ناکات، پێویستە جەنگێکی تێکڕایی ڕووبدات تا لەلایەکەوە هەموو بێکارەکان ڕابکێشێت، لەلایەکی دیکەوە قازانجێکی تەواو بۆ سەرمایەکانی دابین بکات! بۆیە جەنگ بە پێوەر لەگەڵ ئەمریکای ئەمڕۆدا[1] زەرورەتێکی ژیانی نەتەوەییە، ئەمە سەرەڕای ویستی بەهێزی بۆ وەستاندنی شەپۆلی شیوعیەتی جیهانی، ئەو شەپۆلەی هەر دەکشێت، هەر ڕۆژەی زەوییەکی تازە دادەپۆشێت، هەر ڕۆژەی بازاڕێکی نوێ دادەخات.

ئەگەر ئەوروپا لە وەڵامدانەوەی ئەمریکا سستی دەنوێنێت، ئەوا بەم سستییە تەنها وادەی جەنگی خوازراو دوادەخات، لەبەر ئەوەی لەم نزیکانە خۆی لەبەردەم هەمان ئەو پاڵنەرانە دەبینێتەوە، کە ئەمریکا بەرەو جەنگ هەڵ دەنێت.

---

[1] چاپی یەکەمی کتێبی (ئاشتی جیهانیی و ئیسلام) لە ساڵی ١٩٥١ بوو. (محمد الحسناوي)

ئـەو ڕۆژەی بەرهـەمی سـەرمایەی ئـەورووپی دەگاتـە ئەوپـەڕی، لـە بازاڕەکان ڕووبـەڕووی هـەمان هەڵوێسـت دەبێـتەوە.. هـەتا شـیوعیەت لـە کشاندا بێت-کە هـەردەبێ لـە کشـاندا بێت-، خراپیی باری کۆمەڵایەتیی زۆربەی وڵاتانی جیهان و جیاوازیـیە پشـت شـکێنەکانی نێوان چینەکان، کـە سینگەکانی تەنگ کردبوو، هـاندەری ئـەم کشـانەن. ئـەو چاوبرسـییەتیە گەمژەیـیانەیەی سـەرمایەدار و دەرەبەگـەکان خویـان پـێوەگرتوە، بـە تایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، گەشە بە شـیوعیەت دەدەن.. هەتا شیوعیەت لە کشاندا بێت، هەر ڕۆژەی بازاڕێکی نوێ لە ڕووی بەرهەمی سەرمایەداریی ئەورووپا و ئەمریکا دادەخات.

ئـا لـێرەدا بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان لێرە و لەوێ پێك دەگەن لە هەوڵدان بۆ ڕاگرتـنی ئـەو لێشـاوە و، گـێڕانەوەی بازاڕەکان بەزەبری چەك، یان بەلای کەمەوە لـەڕێگای بەکاربـردنی جـەنگی و بەرهـەم هێنانی چەك و تەقەمەنی و ئامێرەکانی مـەرگ و وێـرانکاری.. ئەوانـە کاری کارگەکان و، قازانجی سەرمایەکان و، مردنی ملیۆنەها کەس دابین دەکەن!

جـا هەڵوێستی ئێستای ئەورووپا و سستییەکەی لە وەڵامدانەوەی زەنگی جەنگ و، هەوڵـەکانی بـۆ هـێورکردنەوەی دەمـاری ئەمریکـیی هەڵچـوو، هەموو ئەمانە هۆکاری کاتیی ئاشتین، نەك دابینکارییەکی ڕاستەقینەی ئەم مرۆڤایەتیە بەدبەختە بێـت، کـە هەڵدەنرێـت بـەرەو قەسـابخانەی بـەرژەوەندی و چاوچـنۆکیەکانی سـەرمایەداران، ئـەو مادددیـە هزریـیەی لـە پشـت ئـەم بـەرژەوەندی و چاوچـنۆکیانەوەیە، هـیچ بەهایەك بۆ هیچ هۆکارێکی ئەدەبی، یان ڕۆحی دانانێت، سـەرەڕای ئـەو هەموو ئاماژەیەی بە مەبدەئە ئەدەبییەکان و ئامانجە مرۆییەکان لە پڕوپاگەندەکانیاندا دەیکەن.

لە دوڕیانی ڕێگادا

ئەمـڕۆ بلۆکـی شـیوعی لەلایـەك و، بلۆکـی سـەرمایەداری لەلایـەکی دیکـە وەسـتاوە، هەریەکێکـیان هـەوڵ دەدات بەشەکەی دیکەی جیهان بەرەو خۆی کێش

بکـات، لـە قەسـابخانەدا داهاتی ئەو بەشە بەکاربێنێت و، هەموو داهاتە مرۆیی و ئابوری و جوگرافییەکانی بەکاربەرێت.

بـەڵام بلۆکـی سـەرمایەداری بـە پێشـەوایەتی ئەمـریکا چەندین شێواز بۆ ئەم مەبەسـتە بـەکار دەهێنێـت؛ یەکەمجار هۆکاری تۆقاندنی سەرمایەدارەکان لەگشت جـیهاندا و بـە تایـبەتی لـە جـیهانی عەرەبـیی دەرەبەگایـەتی، لەو شیوعیەتەی رۆژبـەرۆژ زیاتـر دەکشێت، بانگیان دەکات بۆ ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەی لەنێوان داگیرکـەر و سـەرمایەداریدا هەیـە، لەمەشـدا پـەنا دەباتـە بـەر هاوپەیمانیەتێکی سروشتی لە نێوان سەرمایەداری ناوخۆیی و سەرمایەداریی جیهانی.

دووەم جـار فشاری سیاسی و، ئابووری و هەندێك جار فشاری چەکداریش بەکار دەهێنێـت لـەو وڵاتانـەی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ کەوتونەتـە ژێـر دەسـتی داگیرکەر، هەروەك لە کۆمەڵێك وڵاتە عەرەبییەکاندا ڕوودەدات.

سـێیەم جـار هەڵخەڵەتاندن بە دۆلار لەژێر زۆر ناونیشان بەکاردەهێنێت، لەوانە ئـەو ناونیشـانە تازەیـەی پـرۆژەی (مارشاڵ)ی لێ کەوتەوە، ناونیشانی (یارمەتییە ئابورییەکان) و ناونیشانی (خاڵی چوارەم) لە پرۆژەی (ترۆمان)دا[1]!

ئـەوەش بەگشـتی ڕوودەکاتـە چـینی دەسـەڵاتدار و چەوسـێنەر، زۆر پشـت بە جـەماوەر نابەسـتێت، لەبـەر ئـەوەی بەرژەوەندیـیەکانی ئەو چینانە بەسەرکەوتنی بلۆکـی سـەرمایەدارییەوە بەسـتراوە و، لـەم پێناوەدا کۆششێکی بێشومار دەدات، ئەگـەریش لـە هـەمان کـاتدا گـرنگی نەدات بە داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلان، لەبەر ئەوەی باوەڕی زۆری بە چینە دەسەڵاتدار و چەوسێنەرەکان هەیە و، بێگومانە کـە ئـەو چـینانە لەپێـناوی داواکاریـیە نەتەوەیـیەکانی گـەلان، دوژمنـایەتـیەکی ڕاستەقینەی داگیرکەر ناکەن.

---

[1] هـاری ترۆمان، دوای مردنی فرانکلین رۆزفلت، سەرۆکایەتی ئەمریکای گرتە دەست، ئەوەبوو فـەرمانی دا بـە لـێدانی قومـبەلەی ئـەتۆمی لـە هیرۆشـیما و ناکـازاکی، هـەر ئـەو بـوو دەستپێشخەری کرد لە داننان بە قەوارەی زایۆنی. (محمد الحسناوی)

هەڵوێستەکەی هەروا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی ئەو گەلانە خۆیان کێشەی خۆیان دەگرنە دەست، دەیسەلمێنن کە بە جادووی گەورە و سەرکردەکانیان ناخەون، دەیسەلمێنن کە خەریکن کێشەی ڕاستەقینە لەگەڵ داگیرکەر و بەرەی سەرمایەداری دروست بکەن؛ لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا بەرژەوەندی و سوپای ئەو بەرەیە، دووچاری ترسناکیی ڕاستەقینە دەکات.. تەنها لەوکاتەدا بلۆکی سەرمایەداریی داگیرکەر، بیر لەوە دەکاتەوە کەمێك گوێ بۆ هاواری گەلان شل بکات.!

ئەو بلۆکە دەیەوێت ئێمەش بخاتە پاڵ خۆی، تا تەنها لە عەرەب ملیۆنێك سەرباز دابین بکات، هەروەك لە هەندێك بروسکەدا هاتووە؛ پاشان تا نەوت و داهاتە خۆراکی و شوێنە ستراتیژییەکانمان بکاتە کەلوپەلی سەرکەوتن لە قەسابخانە جیهانییە چاوەڕوانکراوەکەدا؛ بەتایبەتی دوای ئەو زللە توندەی لە هیندی چینی پێی کەوت و هێشتا گوێی دەزرینگێتەوە.

دەڵێن لە جەنگەکەی پێشوودا، جەنگاوەرەکان لە بیابانی ڕۆژئاوادا، بە مەبەستی پاك کردنەوەی کێڵگەکانی مین، هەندێك جار وشتر و وڵاخیان بەرەڵا دەکرد، ئەگەریش وشتر و وڵاخەکانیان لا خۆشەویست بوایە، ئەوا ڕەشپێست(زنجی)یەکانی شوێنە داگیرکراوەکانی ئەفریقیایان بەرەڵا دەکرد، بە جەستە پەرش و بڵاوەکانیان کێڵگەکانی مینیان پاك دەکردەوە!!

ئەمە ڕاست بێ یان نا، بێگومان ئەرکی سەربازانی شوێنە داگیرکراوەکان هەردەم پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و، سازاندنی بۆ گەورە سپی پێستەکان و، شیمانەی شۆك(صدمە)ی جەنگە گەرمەکان بووە.

لەم جەنگە کۆرییەی ئێستادا، ئەو لیوا تورکییەی چوو بۆ ئەوێ، هەمان چارەنوسی هەبوو، هەمان ڕۆڵی گێڕا. چارەنوسی ملیۆنێك بەرخی عەرەبیش، کە گەورەکانی ئێرە پێشکەشی هاوپەیمانییە سروشتییەکانیانی دەکەن، هیچ جیاوازی نابێت لەگەڵ سەربازانی شوێنە داگیرکراوەکان و لیوا تورکییەکە لە جەنگی جیهانیی داهاتوودا، ئەگەر بۆی نوسرابێت کە ڕووبدات.

❊ ❊ ❊

بەڵام بلۆکی شیوعی ڕووی دەمی دەکاتە جەماوەری ڕەنجدەر، ئەم ملیۆنەها کەسە دەدوێنێت، کە هەموو شتێك بەرهەم دێنێت و برسیشە، گەدە بەتاڵەکان و، جەستە رووتەکان دەدوێنێت، ئەو قوربانیانە دەدوێنێت کە لە مێژە فەرامۆش کراون و بێبەشن، وایان لێهاتووە وەڵامی هەرکەسێك دەدەنەوە، کە کولێرەیەکیان پیشان بدات، هەرکەسێك وادەی نەمانی خۆشگوزەرانیی خراپەکاری پێدەدات، ئەو گوزەرانەی لەبەرچاو و گوێچکەی ئەودا، کەسانێکی کەم پیادەی دەکەن، داهاتەکانی بێشومارە، لەکاتێکدا برسیەتی بێویژدان و ستەمکار، ئەو ملیۆنەها ڕەنجدەرە تێك دەشکێنێت، پاشان ئەو تێکشکاوەش لەناو دەبات.

هەروا ئەو بلۆکە، هەڵەو تاوانەکانی داگیرکەر و، ویستی گەلانی ژێر دەست بۆ لادانی ئەو بارە لەسەر شانی و، وەدەست هێنانی ئەو ئازادییە سروشتییەی داگیرکەری خراپەکاری تاوانبار، بە یارمەتی ناپاکە هەلپەرستەکانی ئەو وڵاتە زەوتی کردووە، بەکاردەهێنێت، هەروەك سود لە بەرگریی خاچپەرستیی ڕۆژئاوایی و سەرمایەداری ناوخۆی دژ بە هەموو بانگەشەیەکی ئیسلامی ڕاستەقینە و، هەمو دادوەرییەکی کۆمەڵایەتی ئیسلامی وەردەگرێت.

هەرچۆنێك بێت، هەردوو بلۆکەکە هەوڵ دەدەن وا لەو بەشە ماوەیەی جیهان بگەیەنن، کە مرۆڤایەتی هیچ چاری نیە دەبێ یەکێك لەو دوو ڕێگایە بگرێتە بەر و، بچێتە پاڵ یەکێك لەو دوو بلۆکە، هیچ چارەسەرێکیش نیە تەنها ئەوەی بەرەی ڕۆژئاوا، یان بەرەی ڕۆژهەڵات سەربکەوێت، تا ئاشتی بەرقەرار بێت و مرۆڤایەتی بە ئاسایش شادبێت و، ئادەمیزاد بگات بە دڵنیایی؛ چوونە پاڵی بەشە ماوەکەی جیهان، تاکە ڕێگایە بۆ زاڵبوونی یەکجارەکی یەك لەو دوو هێزە بەسەر ئەوی دیکەدا، تا باری شلۆقی و ئەوسەر و ئەوسەر و سەرلێشێوان کۆتایی پێبێت.

جا ئایا ڕووی ڕاستی لەم بانگەشەیەدا چیە؟ ڕووی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی لەو بانگەشەیەدا چیە؟

نە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە و، نە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدایە، کە یەکێك لەو دوو بلۆکە بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێت و بوونی بسڕێتەوە؛ ئێمە لەژیاندا لە

قۆنـاغی تەواوکـردنی بوونـی سروشـتی خۆمـانین، لـە قۆنـاغی رزگارکـردنی بەرژەوەندییـەکانمانین لەدەسـت داگیرکـەران، لـە بـەرژەوەندی ئێمە نیە، کە بلۆکی رۆژهـەلاتی بـە یـەکجاری شکسـت بێنێت، هەروەك لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیشدا نـیە.. بـێگومان بوونـی ئـەو بلۆکـە بـەو هـێزەوە لـەم ماوەیـەدا، یەکـێکە لـە دابینکاریـیەکانمان، تـا ئـەو مافانـە ڕۆژ بەڕۆژ رزگار بکەین، هەروەك دابینکاریی کـاتی بـۆ مـرۆڤایەتی، کـە هـێزەکانی داگیرکـەری سـتەمکاری زۆرداری مەکرباز بەسەریدا زاڵ نەبێت.

ئەگـەر لـەناوماندا هەبێـت گومانی بە ئەمریکا باش بێت، وا گومان ببات کە دەسـەلاتداریەکەی چاوچـنۆکیی داگیرکـەر سـنوردار دەکات، با سەرنج بدات، کە چۆن لە ڕیزی ئەو داگیرکەرانەدا دەوەستێت، چۆن لەکاتی پێویستدا بە ئاسن و ئاگر یارمـەتی دەدات. بـەلام مـن پەنادەگـرم لـەوەی مـرۆڤایەتی بکەوێـتە بەردەستی ئەمـریکای هەلێـت و پەلێـتی لـەخۆبایی. هـەتا بەریتانیی لەخۆباییش لە زەوییە داگیرکراوەکانـیدا لەگـەڵ ئەو ناپێورێت.. دژایەتی ئەمریکیی بۆ ڕەنگ جیاوازەکان دژایەتیـیەکی بۆگـەن و بـێزراوە، ڕێنمایـیەکانی نازیـەکان بەرامـبەر بـە ڕەنـگ جـیاوازەکان لـە تـەك رك و قیـنی ئەمـریکی بـۆ ڕەنـگ جـیاوازەکان زۆر کەمە، لەخۆباییبوونی پیاوی سپی لە ئەمریکا زیاترە لە هەموو ئەوەی هیتلەرییەکان بۆی دەچـوون. قـوڕ بەسەر مرۆڤایەتی لەو رۆژەدا، کە بەدبەختیەکەی دەیخاتە بەردەست لـەخۆباییبوونی ئەمـریکی، بـەبێ بوونـی هـێزێك لـە زەویـدا، کە لێی بترسێت و حیسابی بۆ بکات.[1]

هـەروەها ئێمە پێویستییەکی کاتیمان بە بلۆکی ڕۆژهەلاتی هەیە، بۆ ترساندنی دەسـتدرێژکار و چەوسـێنەران و، گـێڕانەوەی مافـە داگیرکـراوەکانی جـەماوەر، لەسـێبەری ئەو ترساندنەدا! ئێمە قەرزاری بوونی ئەو هێزەین بە زۆر لە هەوڵەکانی

---

[1] هەروەك حاڵی ئەمڕۆ کە ئەمریکا تاکە هێزی جیهانە و ئە ئارەزووی خۆی بەڕێوەی دەبات. (محمد الحسناوی)

بەدیهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لەبەر ترسی شیوعیەت نەبوایە زۆر کەمی دەهاتە دی!

بەڵام هەموو ئەمانە مانای ئەوە نیە، کە باشی ئێمە و چاکەی مرۆڤایەتی لەوەدا بێت، سەربازگەی ڕۆژهەڵاتی سەرکەوتنێکی یەکجارەکی تەواو بەدەست بێنێت و، ئەو خەونە خەیاڵییەی شیوعیەت بێتە دی و، هەموان قەرزاری شیوعیەت بن.

ئەم سەربازگەیە چاکەی بۆ ئێمە ناوێت، بەرگەی ئەوە ناگرێت کە ئێمە لەسایەیدا ڕێزێکمان هەبێت، دەیەوێت سەرباز و کۆیلەی بین، نەك خاوەنی بوونێکی خودی و قەوارەیەکی ڕێزدار بین. ئەزمونی فەلەستین، هەقیقەتی ناخی ڕوسیای شیوعیی بەرامبەر بە ئێمە ئاشکرا کرد.

لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەڵوێستی دژایەتی ئێمەی وەرگرت[1] هەروەك چەکەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بوو لە دەست جولەکە لە فەلەستین لەڕووی ئێمە وەستا، ئەمە لەبەر ئەوەی ڕوسیا حەزناکا هەموو عەرەب قەوارەیەکیان هەبێت، ترسا لەوەی بلۆکی عەرەبی لە داهاتوودا ببێتە هێزێکی ڕاستەقینە و لە دەسەڵاتی شیوعیەت هەڵگەڕێتەوە، وای بەباشتر زانی کە هەموو بانگەشەکانی بۆ مافە سروشتیەکانی گەلانی چەوساوە ببێتە هەڵم و، یەکێك لە بنەماکانی پڕوپاگەندەی دژ بە داگیرکەر لەدەست بکات و، ڕێگا بدات دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر بنەمای ئاکە ئایین دابمەزرێت -کە ئەمە گەورەترین شتێکە شیوعیەت ڕەتی بکاتەوە-، هەموو ئەمانەی بە باشتر زانی لەوەی بلۆکی عەرەبی بەهێز بکات، ئەو لێدانەشی لێدانێکی ستەمکارانەبوو، تا ئیسرائیل لە ناخیدا وەك دڕك دابمەزرێت، یەکێتیە جوگرافیەکەی لەت بکات، سنورەکانیان لێك جودا بکاتەوە، لە یەکگرتن و هێز و کەسایەتی بێبەرییان بکات.

---

[1] (ئەندریە گرۆمیکۆ) مزێمورە نوێنەری ئەوکاتەی یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دووەم کەس بوو لەدوای ئەمریکا بەناوی وڵاتەکەیەوە دانی بە قەوارەی زایۆنیدا نا..
(محمد الحسناوي)

روسیا دژی یەکێتی و هێز و بوونی خودیی ئێمەیە، هەموو ئەوانەی پڕوپاگەندەی شیوعی کاوێژی دەکات، تەنها چەکێکە، لە ململانێکەیدا لەگەڵ بلۆکی ڕۆژئاوایی بەکاری دەهێنێت، بەرامبەر بە پروپاگەندەکانی دژ بەو بلۆکە.

لە دیدی شیوعیەتی ڕوسیدا چی تێدا نیە، کە ڕێ نەدەین بە بلۆکی ڕۆژئاوایی داهاتەکانی ئێمە لە جەنگی دژ بەو بەکار بێنێت، بەڵام ئەوەی ببینە خاوەن قەوارەیەکی خودی و، هێزێکی تایبەتی و، بوونێکی نەتەوەیی، ئەوە نابێت! بانگخوازەکانی شیوعیەت لە وڵاتەکانمان دەتۆقن، وەك ئەوەی مار پێوەی دابن، ئەگەر گوێیان لە بانگەشەی کۆمەڵبوونیان گوێ لێبێت کە کەسایەتیەکی بەهێزمان بۆ دروست دەکات. ئەوان دەیانەوێت تەنها کلکی شۆڕ بین و دروشمی شیوعیەت بلێینەوە، لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگدا، لە سەر زەویەکانمان ئاسانکارییان بۆ بکەین! ئەمەش حاڵەتێکە، بەرژەوەندیەکانمان قبوڵی ناکات، بەڵکو تەنها هەستکردنمان بەوەی، کە مرۆڤین و ئاژەڵ و کەلوپەل نین، قبوڵی ناکات!

لەوانەیە ئەمڕۆ شیوعیەت لەبەرچاو زەحمەتکێشە بێبەشەکان زۆر جوان و بریسکەدار بێت، ئەو زەحمەتکێشانەی خوێنیان دەکرێتە یاقوت بۆ سینگ و ملەکان و، ئارەقەیان دەکرێتە شەرابی ئارەقخۆر و سەرخۆشەکان. بەڵام وێنەیەك بهێنە بەرچاوت، کە تیایدا مرۆڤایەتی هەرهەمووی لەناو تاکە قالبی شیوعیەت دا بێت، ڕێ نادرێ یەك فکرتان بێت، ڕێ بە دڵێك نەدرێت بە لێدانێك لێبدات، کە لینین و ستالین بەدڵیان نیە... تەنها ئەم تێڕوانینە موچڕك بە لەشدا دێنێ، هەموو هەستێکی ئادەمیی ساغ دەترسێ بەدی بێت.!

سروشتی ژیان نایەوێت یەکێك لەو دوو هێزە ماددیە سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بێنێت، ئەو دوو هێزەی، کە جیاوازی نێوان سروشتەکەیان، تەنها جیاوازیی بەرژەوەندی و چاوچنۆکیە، شکستیش لە جەنجاڵیی سەرکەوتندا شین دەبێت، هەروەك سەرکەوتنیش لەسەر خاك و خۆڵی شکست شین دەبێت.

ئـێمەش وا دەبیـنین کـە هاوپەیمانـەکان ئـەوەندە کۆششـەیان کـرد بۆ شکست پێهێنانی ئەڵمانیاو ژاپۆن، ئیمڕۆ لەبەردەم وێرانە و مەیتەکان سەر دادەنەوێنن، تا ئـەو گەورەپـیاوانە رزگـار بکـەن، کە دوێنێ کوشتیان، تا پشتی پێ ببەستن لەدژی گەورەپـیاوێکی نوێ.. هەمان ئەوەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم کردیان.. ئەگەر بـەیانی بەسـەر بـەرەی رۆژهـەڵاتدا سـەرکەون، هـەر لەخۆیدا دوژمنێکی بۆ پەیدا دەبێـت، بـەهۆی ئـەو فشـار و خەفەکردنەی، کە مرۆڤایەتی ناتوانێت زۆر بەرگەی بگرێت.

ئـەوا یۆغسـلافیا دەسـتی پـێکرد، هەتا پێش ئەوەی جەنگەکە ڕوویدات، دوای ئـەویش لەتلـەت بوون لە سەربازگەی شیوعی ڕوودەدات،[1] لەبەر هەمان هۆ، یان بـەهۆی مـەیین و ڕاوەسـتان، کـە لـە ئەنجامی دارشتنی مرۆڤایەتی لە یەك قالبدا دروسـت بوون، کە تەنها یەك بیرۆکە بەسەریدا زاڵە و، لەدوای قۆناغی شیوعیەت، ڕێگە بە هیچ پەرەسەندنێك نادات، کە بە کۆتایی خەونی مارکسی دادەنرێت و لێی تێـپەڕ نابێـت! ئەمـەش نەفرەتێکە، ئەگەر تووشی مرۆڤایەتی بوو، ئەوە بەڵایەکی مەزنی بەدواوەیە.

سـادەو سـاکار و سـاویلکەین، گـەر واتێبگەین ئێمە دەتوانین لەپشت لێکدانی هەردوو بلۆکە مەزنەکە لە جەنگێکی یەکجارەکی کۆتاییدا، ئاشتییەکی جیهانیمان دەسـت دەکەوێـت. زۆرکەسـی چـاك و بێتـاوان لەجـیهان لـە هەردوو جەنگەکەی ڕابردوودا، خەیاڵی ئەم بەروبومە بەتامە پێگەیشتوەیان دەکرد؛ کەچی داری جەنگ تـەنها بـەری تاڵی دا، ئەو پیاوە چاکە بێتاوانانە تاڵیان چەشت؛ بەرە شیرینەکەشی هەمووی بۆ زۆردار و چەوسێنەرەکانی ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوا بوو.

---

[1] بەراسـتی ئەم لەتلەت بوونە لە سەربازگەی رۆژهەڵاتی روویدا، یەکێتی سۆڤیەت لێك ترازا، لەسـاڵی ١٩٩٢ شـیوعیەت رووخـا، بـەبێ ئـەوەی هیچ سودێك لە کێشەی دوو جەمسەرەکە وەربگـرین، بـەڵکو تەنها گوێگر بووین بۆ ئەم و ئەو، جەنگی ئەوانمان دەکرد نەك هی خۆمان، هـەلی زێڕیـنمان لەدەست دا کە دەمانتوانی یەکێتیمان و هێزی خودی خۆمان بنیات بنێین.. (محمد الحسناوی)

ڕێگای ڕزگاریی

ڕێگـای ڕزگـاریی مرۆڤایەتی بەدبەخت ئەوە نیە پاڵداتە ئەم سەربازگە، یان ئەو سەربازگە، تا یەکێکیان ئەوی دیکە تێك بشکێنێت و ڕووی جیهانی بۆ چۆڵ ببێت، بە تەنها بەسەریدا زاڵ بێت و بە ئارەزوی خۆی بیبات بەڕێوە.

جەنگەکـە لـە نـاخی خۆیـدا لـە زەویـیەکی دەرەوەی زەویـی ئـەو دوو بلۆکـە ڕوودەدات. لـە تورکـیا و، ئێران و، عێراق و، سوریا و، میسر و، باکوری ئەفریقیا و، لـە پاکستان و ئەفغانستان ڕوودەدات. لە سەرچاوەکانی نەوتی ئێرانی و عەرەبی لـە (عبادان) و (ظهران).. ئەو جەنگە، داهاتەکانی ئێمە لەناو دەبات، ژیانی ئێمە تێك دەشکێنێت، زەویەکانمان کاول و وێران دەکات.[1]

جـا ئەگـەر ئەمـیان سـەرکەوێت یـان ئەویان، ئێمە لە وێرانی و تێکشکاوی لە جەنگەکـە دەردەچین. نەك وەك ئەوەی لەئەوروپا لە جەنگی ڕابردوو دەرچوو، بەڵکو وەك نەتەوەیەك، کە هەرگیز لەجەنگ دەرنەچوبێت.

بـۆ نمونـە ئەگـەر هیرۆشـیما بەهۆی بۆمبێکی ناوکیی بچووکەوە ڕۆیشت، ئەوا ئـێمە دەبیـنە ئـەو مشـکە بچـوکانەی بۆ تاقیکردنەوەی بۆمبی ناوکی و، بۆمبی هیدرۆجیـنی و، گـازی مـردنی لەسەرخۆ و، تیشکی مردنی ئەفسوناوی و، جەنگی ڤایرۆسـە سەرکەشـەکان و، هـەموو ئەوانـەی لـە مێشکی کافر لە دونیای ویژدانی پیسی ڕۆژئاوادا هەیە، بەکاردێن.

لـێرە بـانگخوازانی بلۆکـی ڕۆژئـاوایی بـە چارەسـەرکردنی کێشـە هەڵپەساردراوەکانمان لەگەڵ داگیرکەر منەتمان لەسەر دەکەن، ئەگەر ئێمە بچینە پاڵ سـەربازگەی سەرمایەداری، کە ناویان ناوە سەربازگەی دیموکراسی! وەك ئەوەی دوو جار لەسەر یەك نەچووبینە پاڵی، وەك ئەوەی دووجار لەو کونەوە مار پێوەی نەدابین.

مـن دەزانم هـۆی ئـەم هەڵوێستە سنەیرە گومانـاویـە چـیە.. ئەو هاوپەیمانییە سروشـتیەی نـێوان سـەرمایەداریی نـاوخۆ و داگیرکـەری ڕۆژئاوایـە، ئـەوە بەرژەوەندییەکی هاوبەشە لەنێوان داگیرکەران و چەوسێنەران. زۆردار و چەوسێنەران

---

[1] هەر ئەمەبوو لە هەردوو جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەمی ڕەش ڕوویدا (محمد الجسناوی)

لـێره نـاتوانن کەمـێك لـەو چەوسـاندنەوە و زۆرداریـەی لەسـەری ڕاهـاتوون کەم بکەنـەوە؛ دەشـزانن کـە داگیرکـەر پشـتیوانی سروشـتیی ئەوانـە، ئـەو ئـەمانی هێـناوەتەبون و دروسـتی کـردوون، دەسـەڵات و دەوڵەمەندی پێبەخشیون. ئەوبوو پاداشـتی دایـە ئەوانـەی سوپای (عـورابی)یان هەڵخەڵەتاند[1] و، لەمیسر یارمەتی سـوپای داگیرکـەریان دا و؛ زەوی و سـامانیان پێشکەش کردن، هەتا وایان لێهاتووە ئەمـرۆ بـە مـندالی مالـە گـەورەکان دادەنرێن، بە نازناوی خێزانە بەرێزەکان ناو دەبـرێن![2] داگیرکـەریش لـە هـەموو شـوێنێك ئەمـە دەکـات، نزیکترین نمونەش (جـلاوی)ی ناپاکـە لـە مـەراکش، کـە شـەرم ناکـات شانازی بە مردنی کوڕەکەی دەکات لە هەڵمەتی فەڕەنسی بۆ سەر مسوڵمانانی وڵات!.

گەورەکان چی بکەن، کە جەماوەر ببێتە سوتەمەنی جەنگێکی نوێ؟ جەنگەکان سـامانیان چـەند قـات دەکات؛ ئەو قەرزانەیان بۆ دەدات، کە لەسەر زەوی و زار و کۆمپانیاکانـیان قـورس بـووە، ئەگـەریش زیادەمەسـرەفیان بـۆ خۆیان کردووە لە دۆڕانـی لگاو(قمار)، یان ڕابواردنی خراپەکاریی و بێڕەوشتی، کە سامانی زۆر لوش دەکـات، دڵنیاشن کە لەژێر سایەی ڕەوشی کاتی(احکام عرفية)، کە لەگەڵ جەنگدا هاودەمـە، خۆیـان لـە ئابڕوچـوون دەپارێـزن و، دەمـەکان دادەخەن و، قەڵەمەکان دەشـکێنن و، بەتوندی لەو ئازادیخوازانە دەدات، کە جەماوەر لە مافەکانیان بەئاگا دەهێـنـنەوە. ئـەوان دڵنـیان کـە خۆیـان لـەو جەنگانـەدا تیاناچـن، هـەروەك لـە سامانەکانیشـیان دڵنـیان؛ چـونکە لـە ڕۆژهـەڵات بـاجی خوێـن تەنها هەژارەکان دەیـدەن! بینـیمان لـە جەنگـەکانی فەلەسـتین چـۆن ئەفسـەرەکان -کـە کـوڕی پـیاوەگەورەکان بـوون- لە بەڵاکانی گۆڕەپانی جەنگ دوردەکەوتنەوە، دوای ئەوەش مەدالـیای ئازایەتـیان پێ دەبەخشرا، لەکاتێکدا ئەوان لە قاهیرە لە باڕ و مەلهاکان نقوم بوبوون!

---

[1] لە جەنگی (تل الكبير) ساڵی ١٨٨٢ (محمد الحسناوی)

[2] ئـەم وتانـە لـە سـەردەمی مەلـیکی لابـراو نووسـراوە، لەم چاپەدا وەك تۆمارێکی مێژوویی هێشتمانەوە. (محمد الحسناوی)

گەورەکان چی بکەن تا وڵاتەکەیان بە ڕەوڕەوەی سەرمایەداریەوە ببەستنەوە -کە هاوپەیمانێکی سروشتییانە- لەکاتێکدا خۆیان لە هەموو زیانێك پارێزراون؟ سەرمایەداری ڕۆژئاوایی چی بکات، تا لە هاواری گەلان بۆ ئازادی خۆی کەڕ بکات، لەکاتێکدا خۆی جڵەوی ئەو گەورانەی بەدەستە، کە لەڕاستیدا دەزانن کێیە نیعمەتیان پێدەبەخشێت و دەیانپارێزێت؟!

بەڵام بانگخوازانی شیوعیەت، منەتی نان و ئاشتیمان لەسەر دەکەن، ئەگەر بچینە ڕیزی شیوعیەتەوە، تا شیوعیەت سەرکەوێت.

ئێمە بەڕاستی پێویستمان بە نان و ئاشتی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە هێز و کەرامەت هەیە. شیوعیەتیش نایەوێ بونێکی خود(ذاتي)مان هەبێت، یان وەك مرۆڤ سەرمان بەرزکەینەوە. ئەوەتا نمویەکمان پیشان دەدات لە هەڵوێستی لەگەڵ پەروەردەکراوی یەکەمی، کە یوغسلافیایە، کاتێك ویستی بوونێك بۆ خۆی پێکەوە بنێت.[1]

لەوانەیە لە ئەوروپای مەسیحیدا، شیوعیەت تاکە ڕێگا بێت بۆ بەدیهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتی ماددی؛ بەڵام لە وڵاتی ئێمە تاکە ڕێگە نیە، چونکە ئێمە شێوازی دیکەمان هەیە بۆ بەدیهێنانی دادوەریی کۆمەڵایەتی، کە گشتگیرتر و ڕێزدارانەترە لە دادوەریی شیوعیی ماددی، بونی خودیمان لێ ناسەنێت، دژایەتی حەزی سروشتیمان ناکات لە بوونی کەرامەت، ئەوە لای ئێمە ڕێزدارانەتر و لەپێشترە.

ڕێگای ڕزگاری ئەوەیە، کە لە زەویی جەنگە چاوەڕوانکراوەکەدا، بلۆکێکی سێیەم بێتە بوون، بە ئەوان و ئەوان بڵێت: نەخێر! ئێمە ڕێگا نادەین لەسەر لاشە و وێرانەی ئێمە جەنگەکەتان بەڕێوە ببەن. ئێمە لێ ناگەڕێین داهاتەکانمان خزمەتی

[1] لەگەڵ (مجر) ساڵی ١٩٥٦ و، چیکۆسلۆفاکیا ساڵی ١٩٧٢ هەر وای کرد، وڵاتەکەی داگیر کرد و حکومەتە نیشتمانیەکەی روخاند، ئەگەرچی ئیشتراکی بوون.
(محمد الحسناوي)

چاوچنۆکیەکانتان بکات، لێناگەڕێین جەستەکانمان کێڵگەی مینتان بۆ خاوێن بکاتەوە، وەکو مەڕ و بەرخ ملمان نادەینە دەستتان.

تەنها ئەمەیە هێمنییەکی کەم دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرگەرمەکان؛ هاوسەنگییەکی کەم دەدات بە هەنگاوە شێتانەکان. پاشان ئەوان و ئەوان هەست دەکەن، کە لەم پارچە زەویە فراوانە مەزنە گرنگەدا، خەڵکانێك هەیە حیسابیان بۆ بکرێت، نەك کەلوپەلێکی فڕێدراو بن، یان ئاژەڵ و کلك بن.!

ئەوانەی پڕوپاگەندەی دوو بلۆکەکە ڕۆحیانی داگیرکردووە دەڵێن: ئەمە مەحاڵە، هیچ چارەمان نیە، ئێمە ئەو هێزەمان نیە، کە لەنێوان دو بلۆکەکە ببینە بەربەست؛ لێرەولەوێ بەپێیەکانیان پاممان دەکەنەوە، ڕاگەیاندنی بێلایەنی دادمان نادات، بکەوینە دوای ئەم یان ئەو.

من دەزانم چۆن پڕوپاگەندە ڕۆح و مێشکەکان داگیر دەکات؛ بەڵام نازانم خەڵك چۆن بەو ئاستە خۆیان بە کەم دەزانن، چۆن شەرم ناکەن بە ویستی خۆیان ببنە کۆیلە و شت و مەك!

سوپاکەمان دڵنیا نیە، کە جەنگەکە لە زەویی دوژمن بەڕێوە ببات، دەورووبەر بۆی لەبۆسەدان؛ تەقەمەنی و خۆراکەکەی لەکار دەخەن؛ ڕێگای هاتوچۆ و پەیوەندیی لێ دەبڕن؛ سیخوڕی بەسەردا دەکەن، لە ئارامی و ئاسودەیی بێبەشی دەکەن، جا ئەگەر لێیان بگەڕێت چی دەکەن بیکەن، یان هەڵمەتیان بکاتە سەر، ڕوبەڕووی شۆڕشێکی ناوخۆیی دەبێتەوە، لەهەمان ئەو کاتەی کە لە گۆڕەپان ڕوبەڕووی دوژمن بۆتەوە.

سوپای ئەڵمانیی سەرکەوتوو، پێش ئەوەی لە گۆڕەپانی جەنگدا بشکێت، دوو جار بەهۆی شۆڕش و ڕاپەڕینی ناوخۆییەوە شکا. لە جەنگە کۆنەکان یان تازەکاندا، هیچ سوپایەك نیە ڕوبەڕووی دژایەتی گەلان بێتەوە و لە دڵنیاییدا بێت. کەس بڕوای بەمە نیە تەنها خۆ گێلکەرە سەرشۆڕەکان نەبێت.

ئەو گەلانەی بە سەدان ملیۆن دەژمێردرێن، کە شوێنە ستراتیژیەکانیان، بڕیاری ئەنجامەکانی هەر جەنگێکی جیهانی دەدەن، داهاتە سروشتیەکانی بڕیاری

سەرکەوتن و شکست دەدەن.. ئەو گەلانە ئەگەر شتێکیان بوێت دەستەوسان نابن، بێجگە لەمە هەرچی بوترێت قسەی بێ‌مانایە!

وتەی ئیسلام

ئەمەیە ئەوەی واقیع دەیدرکێنێت، ئەوەی تێڕوانینی زانستی بۆ بارودۆخەکان و شتەکان دەیگاتێ، ئەی وتەی ئیسلام لە هەڵوێست لە واقیعی بارودۆخ و شتەکاندا چیە؟

١-ئەم ئیسلامە بە مەبدەئە گشتیەکانیەوە دەربارەی ژیان و، بە بیرۆکە گشتیەکەی دەربارەی ئاشتی.. نەفرەت لەو جەنگانە دەکات، کە مرۆڤایەتی لەم ڕۆژگارە ئەنجامی دەدات، نەفرەت لەو هۆیانە دەکات، کە دەیهێنێتە بوون، نەفرەت لەوانە دەکات، کە بانگەشەی بۆ دەکەن و بەشداری تیا دەکەن.. ئەوە جەنگێکە پاڵنەرەکانی نەفرەت لێکراوە، ڕوداوەکانی نەفرەت لێکراوە، ئەنجامەکانی نەفرەت لێکراوە، لەبەر ئەوەی هەمووی جەنگێکە دژ بە وتەی خوا لەسەر زەوی، جەنگێکە دژ بەو بنەما بەرزانەیە، کە دەیەوێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام لەسەرمان حەرام دەکات، کە بچینە پاڵ هێزە زۆردارەکانی سەر زەوی، هاوکاریی خراپەکاری و دوژمنایەتی بکەین: ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوت: ئەوانەی بڕوادارن لەڕێگەی خوا دەجەنگن، ئەوانەش کە بێ‌بڕوا بوون لەڕێگای تاغوت شەڕ دەکەن.﴾النساء/٧٦. هیچ گومانی تێدا نیە کە هاندەری ئەم جەنگە و ئامانجەکانی بەشی وتەی خوای تێدا نیە، لەهیچ حاڵەتێکدا لەڕێگای خوا نیە.

٢- ئیسلام قەدەغەی کردووە، کە دەستی یارمەتی بۆ ئەوانە درێژ بکەین، کە ئازاری مسوڵمانان دەدەن و لە وڵاتی خۆیان دەریان دەکەن و پشتیوانی لە دەرکردنیان دەکەن: ﴿إِنَّمَا يَنْهَاكُم اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَنْ تَوَلَّوْهُمْ: بەڵکو ڕێگەتان نادا لەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست، کە لەسەر ئایین شەڕیان لەگەڵتان کرد و ئێوەی لە زێدی خۆتان ئاوارەکرد و پشتیوانییان لە دەرکردنی ئێوە کرد.﴾الممتحنة/٩.

کەچـی ئینگلـتەرا و ئەمریکا و ڕوسیاش لەگەڵیان هاوبەش بوون بە دەرکردنمان لـە ولاّتـان لە فەلەستین. کە هەموو ماڵێکی مسوڵمان لەسەر زەوی ماڵی ئێمەیە. فەڕەنسا هاوبەش بوو لە ئازاردان و جەنگی ئێمە لە باکوری ئەفریقی هەر هەمووی و ئێسـتاش بەردەوامـە، هـەموویان لـە ئاییـندا دژایەتـیمان دەکـەن و هێشـتاش بەردەوامن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پەیمان بەستنێك، یان هاوکارییەك لەگەڵ یەك، یان زیاتر لەو دەوڵەتانە، ئیسلام بە تەواوی حەرامی دەکات؛[1] ئەو دەوڵەتەش کە ئەم پەیمانە دەبەسـتێت لـە دەقـی ئیسلامیی ڕاشکاو دەرچوە، بۆیە گوێڕایەڵی بۆ ئەو دەوڵەتە لـەو کـارە خـراپەدا لەسـەر گەلەکـەی نامێنێ؛ بەڵکو پێویستە لەسەر ئوممەت بە هەمو شێوازێك و بە هەموو ڕێگایەك، دەوڵەتەکە لەو خراپەیە بگێڕێتەوە.

٣-ئـەم ئیسـلامە لەسـەرمان پێویسـت دەکـات، کـە ستەم لەسەر مرۆڤایەتی لابـەرین و، دەبـێ لـە خۆمانەوە دەست پێبکەین بە لابردنی ستەم لەسەر خۆمان. هـیچ سـتەمێك لەسـەر زەوی لـە داگیرکـەر خراپتر نیە. کە ئەمڕۆ بە پێوەر لەگەڵ ولاّتـی ئیسلامی، سێ دەوڵەتە ستەمکارە دەستدرێژکارەکەیە: ئینگلتەراو فەڕەنسا و ئیسرائیل.[2]

پاشـان ئیسـلام بانگمـان دەکـا بـۆ تێکۆشـان دژی ئـەو دەوڵەتانـە لە هەموو گۆڕەپانـێکدا؛ هەرکاتـێك یەکـەمین هـەلمان بـۆ هەڵکـەوت، شمشـێری لەڕوو بەرز بکەیـنەوە؛ خۆمان وادابنێین کە لە حاڵەتی جەنگداین لەگەڵیدا، تا لە دوژمنکاری وازدەهێنێـت؛ ﴿وَقَـاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ: ئـێوە لەگەڵ ئەوانەدا کە شەڕتان پێدەفرۆشن، لەڕێگای خوا بجەنگن.﴾البقرة/١٩٠.

---

[1] ئەمە ئەگەر پەیمان بەستنەکە یان هاوکارییەکە بۆ ئامانجی جەنگیی یان سەربازی بوو، بەلاّم ئـەوەی پـەیوەندی بـە کاروبـاری تەندروستی و زانستە جێبەجێکاریەکان و هاوشێوەکانیانەوە هەیە، ناکەوێتە ناو ئەم حەرامیەوە. (محمد الحسناوی)

[2] ئەمـە لـە سـەردەمی دانانی کتێبەکە بوو، ئەو دەوڵەتانە بوون کە لە ساڵی ١٩٥٦ هێرشی سـێقوۆڵییان کـردە سـەر میسـر، بـەلاّم ئێسـتا سەری دەوڵەتە ستەمکارە دەستدرێژکارەکان ئەمریکایە. (محمد الحسناوی)

٤-لەم بوارەدا ئەوەی لەسەر دەوڵەت و حکومەت جێبەجێ دەبێت، لەسەر کۆمەڵ(جماعة) و تاکەکانیش جێبەجێ دەبێت. هەموو کۆمپانیا، یان دامەزراوێکی دارایی، یان بازرگانی و هەموو تاکێك، ئەگەر هاوکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکات، جا هەر جۆرە هاوکارییەك بێت، ئەوە لە ئیسلام دەرچوە، پێچەوانەی فەرمانی خوایە، لە ئوممەتی ئیسلامی دەردەچێت، لە هەرکوێ بن زیان بە مسوڵمانان دەگەیەنێت.

ئەو بەڵێندەرانەش، کە خۆراك و شتە گرنگەکان بۆ سوپای ئەو دەوڵەتانە دەهێنن لەهەر کوێ بن، ئەو کرێکارانەی لە سەربازگەکانیان کاریان بۆ دەکەن، یان لە بەندەر و شوێنەکانی دیکە شتیان بۆ بار دەکەن؛ یان ئەو زانایانەی دین دەکەن بەپیشە، کە کۆمپانیاکانی داگیرکەران بەکاریان دەهێنن، تا لەکێشەکان رزگاریان بکەن.[1] ئەوانە ناپاکیی لە خوا و پێغەمبەرەکەی و ناپاکی لە مسوڵمانان و ناپاکی لەخۆیان دەکەن و، سەرپێچی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دەستی پاروویەك، یان خزمەتێك یان یارمەتیەك، یان فەتوایەکیان بۆ درێژ دەکەن!

ئیسلام لەسەر هەموو تاکێك و، هەموو دەستەیەك و، هەموو حکومەتێك و، هەموو دەوڵەتێك لە وڵاتێکی ئیسلامی پێویست دەکات، کە دژی ئەو فەتوا زۆردارە جیهاد بکات و تێبکۆشێت و، بەو رێگایەی بۆی دەکرێت، گورزی لێ بوەشێنێت. ئێمە لە حاڵەتی جەنگێکی بەردەوامداین لەگەڵیا، تا ئەو کاتەی واز لە دوژمنایەتی ئێمە و، دەستدرێژی لە هەموو زەوی دەهێنێت.

---

[1] هەروەك شێخ محمد نور-شێخ رواق الجبارته لە ئەزهەر- کردی، کە بەرگریی لە داگیرکاریی ئیتاڵی بۆ لیبیا کرد و باسی دەستکەوتە شارستانیەکانی داگیرکەری کرد و، بەتوندی هێرشی کردە سەر سنوسیەکان کە لە لیبیا سەرکردایەتی جیهادی ئیسلامییان کرد.
(محمد الحسناوی)

ئەمەیە وتەی ڕاشکاوی ڕوونی ئیسلام، وتەیەکی بەرز و دەنگدەرەوەیە، ڕێگای ڕزگاربونمان بۆ دەکاتەوە، ڕێگای ئاشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەکێشێت. ئاشتیەکی تەواو و گشتگیر، دوور لە ستەم و خراپەکاری و دوژمنکاریی.

بەڵام چۆن ئەم وتەیەی ئیسلام لە واقیعی ژیاندا دێتە دی؟ وەڵام ئەوەیە کە لە ڕەوشی جیهانیی ئێستادا نایەتە دی، مەگەر ئوممەتی ئیسلامی دووهەنگاوی هاودەم هەڵبگرێت:

هەنگاوی یەکەم: گەڕانەوە بۆ حوکمی ئیسلام لە ناو هەموو دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی و، هەڵێنجانی یاسا و دەستورەکان لە شەریعەتی ئیسلامی و، جێبەجێکردنی بنەما ڕەوشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە هەڵێنجراوەکانی ئەم شەریعەتە و، داڕشتنەوەی پرۆگرامەکانی فێرکردن و پەروەردە و بەرنامەکانی لە سایەی بیرۆکەی ئیسلامی بۆ ژیان.

هەنگاوی دووەم: ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە لەژێر بەیداغی ئیسلامدا کۆببنەوە، کۆبونەوە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و، لە بواری ئابووری و، لە بواری جەنگی.. کۆبونەوەکە لەسەر ئەو بناغەیە بێت کە یەکەم: داوای سەربەخۆیی و ئازادیی تەواوی خۆی و هەموو خەڵکەکەی دەکات، جەنگێك دەبێت دژ بە هەموو دەستدرێژکارێك بۆ سەر ئەم سەربەخۆییە، دووەمیش: دژی هەموو دەستدرێژکارێك و، هەموو داگیرکەرێك دەوەستێت، هەر جۆرێك بێت و لە هەر لایەکی ئەم زەویە بێت.

ئەم بلۆکە هاوچەشن و چون یەکەیە، کە بۆی هەیە پەیداغێکی نوێ هەڵبکات، کە بیرۆکەی نوێی مرۆڤایەتی دەنوێنێت و؛ دەبێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ مرۆڤایەتیی گومڕای ئەشکەنجەداری بەدبەخت.

ئەم بلۆکە سنورە هاوبەشە لە کەنارەکانی (ئەتلەنتی) تا کەنارەکانی (باسفیکی)[1] کە مەراکش و تونس و، جەزائیر و لیبیا و، دۆڵی نیل و سوریا و،

---

[1] ئۆقیانووسی هێمن : (محمد الحسناوی)

لبنان و عێراق و، ئەردەن و دورگەی عەرەبی و، یەمەن و تورکیا و، ئێران و ئەفغانیستان و، پاکستان و ئەندەنوسیا لەخۆ دەگرێت.

ئەم بلۆکە کە ژمارەیان زیاد لە (٣٠٠) ملیۆن دانیشتوان دەبێت،[1] کە خاوەنی دەوڵەمەندترین سەرچاوەکانی نەوت و مادده خامەکانن و، بە شوێنە ستراتیژیەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر هاتوچۆی جیهاندا دەبێت.

ئەم بلۆکە دەتوانێ سەنگێك بۆ خۆی دابنێت، ئەگەریش لەچەك داماڵرابێت؛ دەتوانێت وا بکات هەریەك لە دوو بلۆکە ناکۆکەکان دوو جار بیربکەنەوە، پێش ئەوەی دەست بە جەنگ بکەن، کە تیایدا ئەو ناوچە فراوانە ببڕێت، کە بەربەستێکە لەنێوان هەردوو بلۆکەکە و پێك ناگەن، تەنها بە بڕینی ئەو ماوەیە نەبێت؛ چەندین جار بیر بکاتەوە پێش ئەوەی لەسەر سیاسەتە داگیرکاریە ستەمکارەکەی بەردەوام بێت لەم زەویە داماوە، بەر نەفرینی داگیرکەر کەوتووە.

ئەم بلۆکە هەموو ئەمانەی بەدەستە، ئەگەر پلەی وشیاری تیایدا گەیشتە ئاستێك، کە دژی پڕوپاگەندە درۆینەکان بوەستێت، ئەوانەی بانگخوازانی هەریەك لەو بلۆکانە پێی هەڵدەستن. ئەگەر ئەو بلۆکە توانی چۆن فەرمانڕەوا و چەوسێنەرەکانی ناچار بکات پەیڕەویی سیاسەتی ئیسلامی بێگەرد بکەن، ئەگەر ئابووری و تواناکانی خۆی ڕێکخست و لە داگیرکاریی ئابوری ڕزگاری کرد، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی دەبێت بەسەر فەرمانڕەوا و سەرمایەدارە چەوسێنەرەکان و، ئەوانەی گوێ بە نیشتمان، یان نەتەوە یان ئایین نادەن.

من بۆ گەلان دەنووسم نەك بۆ حکومەتەکان، بۆ جەماوەر دەنووسم، نەك بۆ چەوسێنەران، من بڕوام بە گەلان و جەماوەر هەیە لەو پارچە فراوانەی زەویدا. هۆکارەکانی لاوازی و جودایی هەرچی بێت، هۆکارەکانی فشار و خەفەکردن هەرچی بێت، پێویستە بانگخوازان بڕوایان بە گەلان لەدەست نەدەن؛ گەلانێك بیانەوێت دەتوانن ببنە هۆی سەرئێشە بۆ بەهێزەکان و هاوپەیمانەکانیان لە خەڵکی

---

[1] ئەمڕۆ ژمارەی موسڵمانان گەیشتە (٢٠٠٠) ملیۆن، چارەکی دانیشتوانی گۆی زەوی.
(محمد الحسناوی)

ولأت. دەتوانن ئەوان و ئەوان دووچاری دەردی بەردەوام بکەن، لەگەڵیدا لە هەڵچوون بەدور نابن، پشتیان لە شێوان و داڕوخان ناپارێزن.

کاتی ئەوە هاتووە گەلان سنورێك بۆ ئەو دەستە خراپەکارە دابنێن، ئەوەی فەرمانڕەوا و چەوسێنەرەکان ئەنجامی دەدەن؛ هەروا بڕیاری چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان بدەن و، هەموو دەستێك ببڕن، کە دەیەوێت یاری بە چارەنووسەکان بکات بۆ مەبەستێکی تایبەت، کە هیچی بۆ ئەو گەلانە تیا نیە.

فەڵەستین لەسەر قەسابخانەی پێشبڕکێی نێوان چەندماڵێکی دەسەڵاتداردا، لەدەست چوو، نەك لەبەر ئەوەی هێزەکانی نەتەوەی عەرەب-هەرچەند لاواز بن-نەیانتوانی بەرامبەر کۆمەڵە جولەکەیەك خۆڕاگرن. هەرچەند یارمەتییان لە بلۆکی شیوعی و بلۆکی سەرمایەداری بۆ بهاتایە، ئەگەر کۆمەڵەی گەلانی عەرەبی ئەو چالاکیەیان تیابوایە، کە چاوچنۆکیی چاوچنۆکان تێك بشکێنێت و، لەو دەستانە بدات کە یاریی پێدەکەن، هەرگیز ئەم کارەساتە رووی نەدەدا.

کارەساتەکە ئەو کاتە ڕویدا، کە بەیداغەکان پەرتەوازە بوون، بەیداغی نەتەوەیی لەرزۆك، وای کرد کە چاوچنۆکیی دەوڵەتەکان و ماڵە دەسەڵاتدارەکان، پایەی یەکەمیان هەبێت و وتەیان زاڵ بێت.

جا گەڕانەوە بۆ یەك بەیداغی ئیسلام تاکە ڕێگایەکە ماوە، ئەم بەیداغە نیشانە و مەدالیای رزگارییە. وتەی ئیسلام دوا وتەیە، کە مسوڵمانان بۆ ڕزگاری بانگهێشت دەکات، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی بۆ ئاسایش و ژیان بانگهێشت دەکات.



ناوەڕوك

پەیڤێکی کۆتایی

دانیشتن و گوێگرتن لە دانایان و بیریاران، تام و چێژێکی بێهاوتای هەیە. بەرهەمەکانیشیان لەدوای خۆیان بەهەمان شێوە.. هەرکە دەستت پێکرد، تا کۆتایی ناتوانی دەستبەرداری بیت، هەست بە ماندوبون ناکەیت، واهەست دەکەیت خۆراکێکەو هەموو جەستەو گیانت داوای دەکات.. لەوانەیە هۆکاری ئەمە بۆ ئەو هزرە فراوانە بگەڕێتەوە، کە پەروەردگاری باڵا پێی بەخشیون.. کە لە خزمەتیانـدا دەبیت، واهەست دەکەیت لەجیهانێکی باڵادایت، لەجیهانی پاك و بێگەردیـدایت، جیهانێك هەموی ڕاستی و پاکی و ڕونییە.

من بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم وەسفی ئەو چێژە بکەم، کە لە خزمـەت ئـەو زانـا و بیریایانەدا هەستی پێدەکرێت، تـەنها دەتـوانم بڵـێم وەك چـیرۆکێك وایـە، لەگـەڵ هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەك، تامەزرۆی لاپەڕەکەی دواتر دەبیـت، تـا کۆتـا بەشـی ناتوانیت دەستی لێ هەڵگریت، ئەوسا هەست بە ئاسـودەییەك دەکـەیت، کـە زۆر جیاوازە لە هەموو هەستەکانی دیکە.. ناخۆشترین کارەساتیش لەو کاتەدا ئەوەیە، کە لە سەرەنجامی چیرۆکەکە دابڕێیت.

(ئاشتی جیهانی و ئیسـلام) یەکێکـە لـە شـاکارەکانی بیریـاری مـەزنی جیهـانی ئیسلامی، مامۆستا (سید قطب)، خوا بە شەهیدی قەبوڵ بکات. تا نەیخوێنیتـەوە نازانیـت چـیە، چـونکە لەخوێندنەوەیـدا، تـام و چـێژێکی تایبـەتی هەیـە، لـە بیرلێکردنەوەیدا جیهانێکی فراوانی ڕوناك هەیە، نوسەر زۆر لێبڕاوانە خـاڵ لەسـەر وشەکان دادەنێت و چەمکەکان ڕاست دەکاتـەوە و، گرێکوێرەکـان دەکاتـەوە، لـەو بڕوایەدام هەرکەسێك دەستی بە خوێندنەوەی چەند دێرێکی کردبێـت، تـا کۆتـایی دەستبەرداری نەبووە. وابزانم زۆربەی ئەوانەی خوێندویانەتەوە، بە کۆتـایی هـاتنی کتێبەکە تینویەتیان نەشکاوە، چونکە لەناخیاندا ئەو هەسـتە هـەبوە، کـە ئەمـە کۆتایی نیە!

هەتا پەروەردگاری دانا پەردەی لەسەر ئەو نهێنیە هەڵدایەوەو، دڵسۆزانێکی هاندا بۆ ئەوەی ئەو بەشەی بەناوی (والآن- ئەی ئێستا)، کە لە چاپی یەکەم و دووەمی کتێبەکەدا هەبووەو دوایی لێی لابراوە، بڵاوی بکەنەوەو بیخەنە بەردەستی خوێنەران، ئەگەرچی بەشێوەی نامیلکەیەکی جودا لە کتێبەکەش بوبێت.

بۆیە منیش وەك خوێنەرێکی ئەم کتێبە، هەستام بە وەرگێرانی بۆ سەر زمانی کوردی و بەشە لابراوەکەشم خستەوە سەری، بەو هیوایەی توانیبێتم هزر و تێڕوانینەکانی نوسەرم بە خوێنەرانی کوردزمان گەیاندبێت.

داواکاریشم پەروەردگاری بەخشندە لە هەڵەکانم ببورێت و بیخاتە تەرازووی چاکەکانمەوە و، بە بەرەکەتەکەی بەهرەوەرم بکات.

وەرگێڕ

٢٠٠٦/٣/٣٠